# گزینگ

گۆڤـــــــارێکی وەرزانەی فـەرهـەنگــی ـ ئەدەبــــــی یە

هاوینی ـ ١٣٧٥(١٩٩٦)

١٢

- ئەوەی ئەورۆ سیاسەتە سبەینێ مێژووە(وتووێژ )
- مافی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا(٥)
- گەلی کوردو دەسەڵاتی سیاسی لە«مەم و زین»ی خانیدا
- ناسیۆنالیزم لە ڕوانگەیەکی دیکەوە
- داستانی قارەمانیەتی خانی لەپ زێڕین ـ دمدم
- ئای چ مەزن بوو، تابووتی حیزبی شکاند
- یاداشتێک لە سەر کاسێتی شارەکەم سنە!



حافزی شیرازی:

چاکە نابینم لە کەسدا، چاکە کاران بوونەچی؟
بۆ نەما دۆستایەتی، هاواڵ و یاران بوونەچی؟
لێڵ بوو سەرچاوەی ژیان، کوا خدری زیندەی خۆشقەدەم؟
خوێن تکا تک تک لە گوڵ، هەوری بەهاران بوونەچی؟
سەد هەزاران خونچە پشکووت و مەلێک دەنگی نەهات،
عەندەلیبان چیان بە سەرهات و هەزاران بوونەچی؟
ساڵەهایە، دەرنەچووە لەعلێک لە کانگەی پیاوەتی،
تیشکی خۆر و هەوڵی با و هاتی باران بوونەچی؟
زوهرە سازێک ناژەنێ خۆش، یانی سووتا عودەکەی؟
نێتی هیچکەس هەستی مەستی، مەیگوساران بوونەچی؟
هیچکەسێ ناڵێ کە ،مافی دۆستی ناشێ ون ببێ»،
چیان بە سەرهاتووە ئەمەگناسان و یاران بوونەچی؟
شاری یاران بوو و جێگەی مێهرەبانان بوو وڵات،
مێهرەبانی کەی بەسەرچوو، شاریاران بوونەچی؟
کەوتووە لەو نێوەدا، گۆی سەرفەرازی و گەورەیی،
نایەتە مەیدانێ هیچەکەس، شۆڕەسواران بوونەچی؟
حافز، ئەسراری خودایی کەس نییە بیزانێ، وستا۔
کوانێ جێی پرسە کە دەوری ڕۆژگاران بوونە چی؟

وەرگێڕانەوە: هێرش

# گزینگ ـ ژماره ۱۲

هاوینی ـ ۱۳۷۵(۱۹۹٦)

## نێوەرۆک


| بابەت | نووسەر | وەرگێڕ | لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| ۱) ئەوەی ئەورۆ سیاسەتە سبەینێ مێژووە، وتووێژ دەگەڵ: د. بورهان یاسین | | | ٤ |
| ۲) مافی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا، ..... «ژیلا. ف» و«تەیفور» | | | ۹ |
| ۳) گەلی کوردو دەسەڵاتی سیاسی لە«مەم و زین»ی خانیدا، د. حەسەنپوور | | | ۱۵ |
| ٤) ناسیۆنالیزم لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، ...... د. عەبباسی وەلی | | | ۲۱ |
| ٥) داستانی قارەمانیەتی خانی لەپ زێڕین ـ دمدم، د. جەلیل، ...ج. حەیدەری | | | ۳٥ |
| ٦) ئای چ مەزن بوو، تابووتی حیزبی شکاند، ....... پشکۆ نەجمەددین | | | ٤۲ |
| ۷) لێکۆڵینەوە و ڕەخنە یا شێواندنی ڕاستی، ... مەحمود مەلا عیززەت | | | ٤٤ |
| ۸) دۆزەخ وحەوا(شیعر)، ....... مەهاباد قەرەداغی | | | ٤۷ |
| ۹) ئەوینی شیعر: حەمەسەعید حەسەن، حەز: هێدی، هەرچی کە هەم : هێرش | | | ٤۹ |
| ۱۰) شارەکەم سنە! یادداشتێک لە سەر کاسێتی...، ئەنوەر سوڵتانی | | | ٥۰ |
| ۱۱) کورتەچیرۆک: وەرە وەگەڕێ، ............... کوردان | | | ٥٤ |
| ۱۲) کورتەچیرۆک: بێری، ............ ع. دیاکۆ | | | ٥۸ |
| ۱۳) کورتەچیرۆک: ئەوینی ڕۆژانی شەڕ، .... سەلاح گوڵنەندامی | | | ٦٤ |
| ۱٤) مەسەلەت یا پەندی پێشینان(دیالێکتی گۆرانی)، .... سیامەک | | | ٦۷ |
| ۱٥) ناساندنی هونەرمەندی لاو: پەرویز خالدی، ..... س.ج | | | ٦۹ |
| ۱٦) کتێب ناساندن و چاپەمەنی ....................... | | | ۷۰ |



بەرکار و بەرپرسی نووسین :
س .ج . هێرش



ناو و نیشان :

Gzing
Box. 327
82427 Hudiksvall
SWEDEN

ژمارەی فاکس:

Faxnr: +44 - 650 - 94029

ژمارەی پۆستگیرۆ:

Postgironr: 443 5022-1


• ،گزینگ، خاوەن ڕێبازێکی گشتی سەربەخۆیە، هەر چەشنە بیر و بۆچوون و نووسراوەیەک وەخۆ دەگرێ کە لە مافی مرۆڤ بە تێکڕایی و لە بەرژەوەندیی گەلی کورد بە تایبەتی داکۆکی بکات.

• ،گزینگ، خۆی بە نوێنەری فکری هیچ نووسەرێک نازانێ و ئەرکی بەرپرسێتی هیچ نووسراوەیەک وەئەستۆ ناگرێ. دیارە هەر نووسراوەیەک نێوی لەسەر نەبێ، ئۆباڵی وەملی گزینگە.

وێنەی ڕووبەرگ: جلدی کاستێی شارەکەم سنە! دیاری کاک ماجد مەردوخی ڕوحانی، لە کوردستانەوە.

وێنەی پشت بەرگ: دیاری هونەرمەندی لاو: پەرویز خالدی، لە کوردستانەوە.


چاپی سوێد: ژوئیە(یونی)ی ۱۹۹٦

ISSN 1104 - 3473

وتووێژێک دەگەڵ:
د. بورهان یاسین

# «ئەوەی ئەورۆ سیاسەتە، سبەینێ مێژووە»



**گزینگ: پێش هەموو شتێک، بە پێویستی دەزانم بەناوی «گـــزینگ»ەوە بۆ ئەو وتووێژە سوپاستان بکەم. دیارە بەر لەوەی بچینە سەر باسەکەمان، خۆشحاڵ دەبین ئەگەر لە سەرچالاکی و ژیانی ئەکادیمی خۆتان کورتەیەکمان بۆ باس بکەن.**

ـ بەڵێ، ئەمن لە دایکبووی کوردستانی باشوورم، ساڵی ١٩٥٦ هاتوومەتە دونیاوە. خوێندنی زانکۆم لە عێراق ئەنجام داوە. ساڵی ١٩٨٣ هاتم بۆ سوێد و پار(١٩٩٥)، لە زانکۆی لوند بە پێشکەشکردنی نامەی دوکتورا دەربارەی **«کورد لە سیاسەتی زلهێزەکاندا»**، خوێندنی باڵام تەواو کرد. ژمارەیەک وتارم نووسیوە و بەشداری ژمارەیەک کۆنفرانسی ئەکادیمی بووم لە سوێد و، هەروەها لە دەرەوەی سوێدیش.

**گزینگ: ببوورە، بەر لەوەی بچینە سەر پرسیارێکی تر، ئایا دەکرێ ڕوونی بکەنەوە کە چ کۆسپ وئاستەنگێک هاتە ڕێگات بۆ نووسینی نامەی دوکتوراکەتان؟**

ـ بە گشتی دەتوانم ئاماژە بۆ ژمارەیەک کۆسپ و تەگەرە بکەم کە هاتوونەتە ڕێگام. یەکەمیان کارێکی ئاسان نەبوو کەوا سەرپەرشتکەرێک بدۆزمەوە بۆ ئەوەی سەرپەرشتیم بکات لە کاتی نووسینی نامەکەمدا. بەهەرحاڵ دوای هەوڵێکی زۆر توانیم پرۆفیسۆرێک کە تایبەتمەندە بە ململانێ ئەتنیکەکان، ڕازی بکەم ببێ بە سەرپەرشتکەرم. دووهەمیان مەسەلەی سەرچاوەی ئەسڵی ودەستی یەکەمە، کە لە بەر نەبوونی دامەزراوی ئەکادیمی بەتوانا و بەگشتی نەبوونی ئەرشیڤی کوردی، زۆر مەسەلەی ئاستەنگی هێنایە پێشەوە. دیارە بۆ کاری دوکتوراکەم توانیم سوود لە سەرچاوەی بریتانی کە ماتریاڵە دیپلۆماسییەکەی لە Public Record Office کۆکراوەتەوە وەرگرم، هەروەها بە سەردانێکی دوو حەفتەیی بۆ ئەرشیڤی ئەمریکی کە ناوی (National Archives)ە، زۆرم سوود وەرگرت. جگە لەم دوو ئەرشیڤە سوودم لە سەرچاوەی کوردی و فارسی و عەرەبیش وەرگرتووە. سێهەم ئاستەنگ، دیارە زۆر پێویست بە ڕوونکردنەوەی ناکات، ئەویش مەسەلەی زمان و شارەزابوونە لە سیستمی خوێندن و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لەم وڵاتەدا.

**گزینگ: کاک بورهان، ئەگەر ئیجازە بدەن، یەکەم پرسیارمان با لە سەر«مێژوو»دەست پێبکەین. بە ڕای جەنابت مێژوو وەکوو زانست زیاتر لە سەر چ فاکتۆرگەلێک پێدادەگرێ و گرینگی ئەم زانستە چۆن دەبینێ؟**

ـ ئەم پرسیارەتان دیارە زیاتر لایەنی تیۆری ومیتۆدیک دەگرێتەوە و زیاترئەوە دەگەیێنێ کە ئایا مێژوونووس لە مەسەلەی فەلسەفەی مێژوودا لە کوێ دەوستێ و چ هەڵوێستێک وەردەگرێ. دیارە لە زانستی مێژوودا پێ لە سەر زۆر فاکتەر دادەگیرێ، وەکوو: ئایدیۆلۆژی؛ ململانێی چینایەتی؛ کولتوور و شارەستانی؛ شێوازی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی؛ ئایین؛ ناسیۆنالیزم؛ چالاکییە ئابوورییەکان؛ تاکەکەس و دەوری فکری یا پراکتیکیان؛ جوغرافیا و بەتایبەتی ژیۆپۆلیتیک؛ وە هەر نەبێ لە دوو سەد ساڵی دواییدا دیارە دەوری دەوڵەت و دەوڵەتی نەتەوەیی وەک فاکتەرێکی گرینگ تەماشا کراوە. زۆر جار وا دەبێ کە مێژوونووس جەخت لە سەر فاکتەرێک دەکات ودەیکاتە چوارچێوەی تیۆری ومیتۆدیکی لێکۆڵینەوە. ئەم هەڵبژاردنە دیارە هێندێ جار لە سەر بنچینەی قەناعەت و بۆچوونی ئایدیۆلۆژییەوە دێت و هێندێ جاریش لە بەر ئەوەیە کە مێژوونووس بیروباوەڕی بە مەدرەسەیەکی مێژوویی تایبەت هەیە وجاری واش هەیە کە بابەتەکە و شێوەی ئەوەی پێی دەڵێن پرۆبلێماتیزەکردن و پرسیارە سەرەکییەکانی باس، وە یا خود چوارچێوەی زەمەنی لێکۆڵینەوەکە وادەکەن کە هێندێ فاکتەر جەختیان لەسەر بکرێ و پێی لەسەر دابگیرێ. بەلای خۆمەوە هەوڵی ئەوە دەدەم کە کراوە بم بەرانبەر هەر فاکتەرێک کە لە کاتێک،

←

شوێنێک، یا ڕووداوێکی تایبەتیدا دەوری خۆی دیتبێ. وە هەوڵی ئەوە دەدەم کە ڕووداوی مێژوو بە دابڕاوی نەبینم، بەڵکوو بەستراوە بێت، بە پێی ئەوەی پێی دەڵێن قانوونی پێوەندییە تەریبییەکان(واتە پێوەندی ڕووداو و دیاردە مێژووییەکان بە ڕووداو و دیاردەی پێشتر لە زەمەندا)، وە قانوونی پێوەندییە ئاسۆییەکان واتە پێوەندی دیاردە و ڕووداوەکان لە هەمان کاتدا. دیسان دەخوازم پێشوە چوونی مێژوویی لە ئاستی جیاجیادا تەماشای بکەم، بۆ نموونە بە گۆڕان و ڕۆڵی ئەکتەرەکانی تێکەڵ بە ڕووداو و پێشوەچوونەکە.

لە وەڵامی بەشی دووهەمی پرسیارەکەتدا، دەمەوێ بڵێم کە بەڵێ مێژوو زانستێکی گرینگە. مێژوو دەتوانرێ وەکوو سەرچاوەی ڕابوردووی مرۆڤایەتی تەماشا بکرێ. لەم ڕابوردووەش دیارە سوود وەردەگیرێ بۆ هەرنەبێ دووپات نەکردنەوەی هەڵەکانی ڕابوردوو، بۆ ڕێگرتن لە دووپاتبوونەوەی هەرەس وکارەسە مێژووییەکان کە تیایاندا مرۆڤ دەوری سەرەکی هەبووە. بە ڕاستیش لە مەدرەسە فەلسەفییە جیاجیاکاندا، جەخت کراوەتە سەر شتی جیاجیا لە پێناسەی مرۆڤ: بۆنموونە دیکارت و بیر کردنەوە، شوپنهاور و زمان و توانای قسەکردن، مارکس و توانای دروستکردنی ئالەت و کەرەسەی بەرهەمهێنان، ئەرەستۆتالیس ولایەنە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ. بەڵام پێناسەیەکی تری مرۆڤ ئەوەیە کە مرۆڤ زیندەوەرێکی خاوەن مێژووە واتە جیاوازیی مرۆڤ لەگەڵ جیهانی ئاژەڵ ئەوەیە کە توانای سوودوەرگرتنی هەیە لە ڕابوردووەکەی بۆ باش کردنی ژیانی. دوو، لایەنێکی تری مێژوو ئەوەیە کە مێژوو وەک سەرچاوەی بۆگەڕانەوە(Reference) بۆ ئەو کەسانەی کە بڕیاری سیاسی وەردەگرن یا لە هەنگاوێکی سیاسیدا پێ هەڵدەگرن. بە ڕاستیش گوتراوە کە سیاسییەکی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە مێژوو باش بزانێت. جاری وا هەیە گەڕانەوە بۆ ڕابوردوو و ڕووداوی مێژوویی پێویست دەبێت بۆ وەرگرتنی بڕیارێ یا هەڵسوکەوتێ کە پێوەندی بە ئەمڕۆ یا داوارۆژەوە هەیە بۆ ڕەوایی دان بە بڕیار یا هەڵسوکەوتەکە. سێ، مێژوو بەکاردێت بۆ دروستکردنی بیروڕای سیاسی واتە ئەوەی پێی دەگوترێ(Opinion). تا ئەو ڕادەیەی مەسەلە سیاسەت ومێژوو دەگرێتەوە ئەوا دەتوانرێ بگوترێ سیاسەت بەردەوامیی مێژووە، ئەوەی ئەوڕۆ سیاسەتە سبەینێ مێژووە. چوار، مێژوو بەکار دێت وەکوو کەرەسەیەکی دروستبوون یا دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی بۆ کۆمەڵێکی ئیتنیکی. دروست بوون مەبەستم لە ڕۆڵی کاری مێژوویی و ڕووداوی مێژووییە لە دروستبوونی ناسنامە(Identity)ی نەتەوەیی وەکوو شتێکی خۆڕسک و بەبێ بەرنامەکردن. وە مەبەستم لە دروستکردنیش ئەوەیە کە هێز ورێکخراو و کەسایەتییە سیاسییەکان و ڕۆشنبیران ڕۆڵی خۆیان ببینن لە بەرهەمهێنانی مێژووی نووسراو و جەخت کردنەسەری لە گەشەپێدان و بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی؛ ئەوەش پێی دەڵێن بە مێژووکردن(Historicism)لە پرۆسەی «ناساندن»دا واتە (Identification).

**گزینگ: زانستی «مێژوو» لە ڕوانگەی سیاسەتی نێونەتەوەییەوە چۆن سەیری «نەتەوە»دەکا؟ بە تایبەت بە سەرنجدان لەو گۆڕانکارییانەی کە لەم دواییانەدا ڕوویان داوە.**

ـ دیسان وادەزانم کە پرسیارەکەتان زیاتر لایەنی تیۆری دەگرێتەوە. لێرەدا وەڵامەکەم دوو لایەنی هەیە: یەکەمیان مەسەلەی پێوەندی زانستی مێژووە لەگەڵ زانستی سیاسەت وەکوو دوو دیسیپلینی باس ولێکۆڵینەوەی جیا لە یەکتر، بەڵام لە هەمان کاتدا لە یەکتر نزیک. مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە ئەگەرچی مێژوو و سیاسەت، بەتایبەت سیاسەتی نێونەتەوەیی وەکوو دوو دیسیپلینی سەربەخۆ تەماشا دەکرێن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لە ڕووی تیۆری و میتۆدیک و چەمک(concept)ە بەکارهاتووەکان هاوبەشییێکی زۆر هەیە. لایەنی دووهەم ئەوەیە ئایا لە پرۆسەی مێژووییدا نەتەوە و دەوری لە گۆڕانکاری و پێشوەچوونە مێژووییەکان چۆن دەبینرێن. لێرەدا گرینگە ئەوە بزانین کە پێناسەی نەتەوە لە لای هێندێ لێزانی ناسیۆنالیزم دەبەسترێتەوە بە بوون و پێشکەوتنی دەوڵەت، بەڵام لای هێندێکی تر بە بنچینە و هۆکارە ئیتنیکییەکانەوە دەبەسترێتەوە. مەسەلەیەکی تری گرینگ لەم ڕوانگەیەوە ئەوەیە کە ئایا ئەکتەر کێیە لە سیاسەت و پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا. ئایا دەوڵەت و نەتەوەی خاوەن دەوڵەت تەنها ئەکتەری سەر مەیدانی سیاسییە یا نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتیش دەتوانێ ئەکتەر بێ لە سەر مەیدانی سیاسەتی نێونەتەوەییدا؟ ئەم پرسیارانە بۆ مێژوونووس و سیاسەتزان وەکوو یەک گرینگە. تەنها فەرقیان لەوانەیە فەرقی کاتی یا زەمەنی و یاخود میتۆدیک بێت.

لەم بواری لێکۆڵینەوەیەدا، دوو مەدرەسەی جیاواز هەن: یەکەمیان کە مەدرەسەی تەقلیدییە. دیارە تەنها دەوڵەت و نەتەوەیەکی خاوەن دەوڵەتی دیاریکراو وەکوو ئەکتەر لە سەر مەیدانی سیاسەت و پێوەندییە نێونەتەوەییەکان دەناسێنێ. بیانووی ئەم مەدرەسەیەش بۆ ئەم بۆچوونە زۆرە. دیارە لێرەدا دەرفەت کەمە بۆ شی کردنەوەی. مەدرەسەی دووهەمیان، دیارە نەتەوە گەر خاوەن دەوڵەتیش نەبێ، بەڵکوو وەکوو کەمایەتییەک لە دەوڵەتێک یا لە ناو چەند دەوڵەتێکدا دەژێ، وەکوو ئەکتەری نێو نەتەوەیی تەماشای دەکا. بیانووی ئەم مەدرەسەیەش لەم ڕووەوە زۆرن؛ وەکوو: نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت دەتوانێ تەئسیر بکاتە سەر سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوە و ئەمنی نەتەوەیی ئەو دەوڵەتانەی کە تێیاندا دەژیت. تەئسیری نەتەوە لەم بوارانەدا زیاتر دەبێ ئەم نەتەوەیە ڕێکخرابێ لە جووڵانەوەی سیاسیدا. هەڵبەت ئەو نموونانەی کە ئاماژەیان بۆ کراوە لەلایەن ئەو لێزانانەی خاوەنی ئەم ڕایەن، نەتەوەی کورد و فەلەستینی و هێندێ نەتەوەی ترن. دیارە من خۆم ئەو بۆچوونەی دووهەمیان بە پەسند دەزانم و سوودیشم لێ وەرگرتووە وەکوو مۆدێلی لێکۆڵینەوە لە نووسینی نامەی دوکتوراکەم.

**گزینگ: بە گوێرەی ئەو فاکتۆرانەی کە نەتەوە»یان پێ تاریف کراوە، ئێوە بە تێکڕایی لەسەر گەلی کورد وەک نەتەوە چ ڕا و بۆچوونێکتان هەیە؟**

ـ بەڵێ، دیارە فاکتەری زۆر هەن باسیان لێدەکرێ لە کاتی پێناسەکردنی نەتەوە. لە زۆربەی حاڵەتدا، دوو لایەنی مەسەلەکە دەخرێتەڕوو. مەبەستیشم ئەوەیە کە نەتەوە وەکوو دیاردەیەکی مێژوویی ـ سیاسی، لە ناوەڕۆک و شێواز و پێشوەچوون ودەربڕینیدا، دوو لایەنی هەیە: یەکەمیان لایەن و فاکتەرە بابەتییەکان، ئەوی تریشیان لایەن وفاکتەرە خۆییەکان. دیارە بەشی یەکەمیان زمان و کولتوور و تەقلید و خاک و مێژوو وهەستی هاوبەش دەگرێتەوە. لایەنی دووهەمیان دیارە بە سیاسی کردنی دیاردەی نەتەوە دەگرێتەوە. لێرەشدا وەعی

نەتەوەیی، ڕادەی خۆ ڕێکخستن، پرۆژەی نەتەوەیی ودروست کردنی تەبایییەکی(solidarity) نەتەوەیی و کۆبوونەوە لە دەوروبەری پرۆگرامێکی سیاسی یا پرۆژەیەکی نەتەوەییدا. لێرەدا هەڵبەت ڕێکخراو و کەسایەتی ڕۆشنبیری و زۆر لایەنی تر ڕۆڵی خۆیان دەبینن. تا ئەو ڕادەی مەسەلەکە پێوەندی بە کوردەوە هەبێ، دیارە نەتەوەی کورد لایەنە بابەتییەکانی پێکهاتنی نەتەوەی زۆر بە هێزن، وە لەم ڕووەوە نەتەوەی کورد مەترسی لە سەر نییە کە لە فاکتەرە بنەڕەتییەکانەوە لێی بدرێت بۆ لە ناو بردنی، هەرچەند هێندێ هەوڵی شۆڤینیستی تا ئێستا لە کاردا هەبوون وهەن بۆ تواندنەوەی نەتەوەی کورد، بەڵام بێگومان تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو نەبوون. دیارە بێهێزی لە ڕووی فاکتەرە خۆییەکانەوە هەیە، ئەمەش شتێکی بەرچاوە.

لێرەشدا دەمەوێ بڵێم کە بەڵێ ڕاستە دابەشبوونی کوردستان هۆکارێکی گرینگە لە دابەشبوونی نەتەوەی کورددا، بەڵام جووڵانەوەی سیاسی کوردستان یا ڕاستتر وایە بڵێین کە جووڵانەوە سیاسییە کوردستانییەکان وەکوو فاکتەری خۆیی تا ئێستا دەربڕی ئەم ڕاستییە ژیۆپۆلیتیکییە بوون، کەچی بە پێویست دەبێ جووڵانەوەی سیاسی لە کوردستان ئەگەرچی لە ئاستی فکریشدا بووایە پێویست بوو پرۆژەی نەتەوەیی کوردستانی بخستایە ڕوو، کە ئەویش بەپێویست دەبووایە ڕەدکردنەوەی ئەم دابەشبوونە بێت. کە ئەم باسە دەکەین دەبێ بۆچوونی پسپۆری کورد« مێهرداد ئیزەدی*»مان لەبەرچاو بێت کە دەڵێ: «ترسی ئەوە هەیە کە دوای دەساڵی تر باس لە چەند نەتەوەیەکی کورد بکرێ لەبری نەتەوەیەکی کوردی». لەوانەیە مرۆڤ بەتەواوی لەگەڵ مەترسییەکەی بەڕێز مێهرداد ئیزەدی دا نەبێ، بەڵام هەرنەبێ تائێستاش دیارە لە ناو پرۆسەی جووڵانەوەی ئازادیخوازیی کوردستاندا دیاردەیەکی زۆر نیگەتیڤانە هەبووە، ئەویش ڕەوایی دانە بەدابەشبوونی نەتەوەی کورد بەسەر چەند وڵاتێکدا یا هەر نەبێ لە باشترین حاڵەتدا، خۆ گونجاندن بووە لەگەڵ ئەو ڕاستییە ژیۆپۆلیتیکییەی دابەشبوونی کوردستان نەک کارکردن بۆ ڕەددانەوە و بە ناڕەوایی ناساندنی ئەم واقیعە.

بەڵێ، دیارە بیر و بۆچونی جیاواز هەیە لەمەڕ پێناسەی نەتەوە، هۆکارەکانی دروستبوون و گەشەکردنی، وە هەروەها بەڵکوو بە تایبەتیش، پێوەندی ئەم چەمکە یا تێرمە بە چەمکی دەوڵەتەوە. دیارە لەم بارەیەوە زانستی مێژووش وەکوو هەر دیسپلینێکی زانستی تر هەمەڕەنگیی وجیاوازیی زۆری تێدا بەدی دەکرێ لەم لایەنانەی کە لە سەرەوە ئاماژرم بۆ کردن. دیارە لە ڕووی مێژوویییەوە کە باس دێتە سەر نەتەوە و ناسیۆنالیزم لە پێوەندی(context) ێکی ئەورووپییەوە ئەوا دەتوانین بەگشتی پەنجە بۆ دوو مەفهوومی نەتەوە، کە لە یەک جیان، ڕابکێشین کە ئەوانیش مەفهوومی ئەڵمانی و فەڕەنسەیین؛ کە یەکەمیان جەخت دەکاتە سەر لایەنی ئیتنیکی و زمان و بگرە هاوبەشی خوێنیش، کەچی هی دووهەمیان واتە مەفهوومی فەڕەنسییەکە جەخت دەکاتە سەر دەوڵەت کە تێیدا تاکەکەس خۆی وەکوو هاونیشتمان(citizin)ی وڵاتەکەی تەماشا دەکات و سنوور و ئاڵا و کەسایەتی سیاسیی دەوڵەتەکەی خۆی لەبەرچاوە. بەرانبەر بەمەش هاونیشتمان مافە ئەسڵییەکانی زامن دەکرێت لەلایەن دەوڵەت و دامەزراوەکانییەوە. دیارە مەفهوومی ئەڵمانی تەئسیری خۆی خستووەتە سەر ئەورووپای ڕۆژهەڵات و جیهانی سێهەم بە گشتی، وە مەفهوومی فەڕنسیش زیاتر لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا جێگای خۆی کردووەتەوە. لەم بە گشتی کردن(تعمیم)ەشدا دیارە ئیستیسنا (ئاوارتە) هەیە. لە ناو ئەم زانایانەی کە نەتەوە و مەسەلەی ناسیۆنالیزمیان کردووەتە بابەتی باس و لێکۆڵینەوە، ئەوا جیاوازییەکی زۆر بە دی دەکرێ؛ ئەویش زۆر جار لەسەر مەسەلەی جەخت کردنە لەسەر فاکتەرێ یان فاکتەرێکی تر و گوێ نەدان بە فاکتەرەکانی تر. جاری وا هەیە لایەنی ژیانی ئابووری نەتەوە، کولتوور، بەسیاسی بوونی نەتەوە بە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی خەبات کردن بۆ دامەزرانی دەوڵەتی نەتەوەیی، پرۆسەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، یا مەسەلەی هاوتەبایی سیاسی لە نێوان ئەندامانی نەتەوەکە وەکوو پێوانە تەماشا دەکرێن بۆ بوون و پێشوەچوونی نەتەوە. زۆر بەداخەوە، لێرەدا دەرفەتم نییە بە درێژی ئەم شتانە ڕوونکەمەوە، هیوادارم بە وتارێک بتوانم لە بوارێکی تردا بەتێروتەسەلی لەم شتانە بکۆڵمەوە.

زۆر بەکورتی، من دوو چەمکی نەتەوەی کولتووری(cultural nation) و نەتەوەی سیاسی(political nation) لێک جیادەکەمەوە. وە گواستنەوەی یەکەمیان بۆ حاڵەتی مێژوویی ـ سیاسی دووهەم هەر بە ئەوە ناکرێ کە بە شەو و ڕۆژێ نەتەوەیەک ببێ بە خاوەنی دەوڵەت، بەڵکوو بە پرۆسەیەکی یەکجار ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی، فکری، کولتووری و سیاسی دەکرێ. ئەوکاتە نەتەوە بە سیاسی لە قەڵەم دەدرێ کە پێوەندییەکی ئاشکرا ببینرێ لە نێوان بەشێکی هۆشیاری نەتەوە لەگەڵ پرۆژە نەتەوە سیاسییەکانیدا. جاری وا هەیە پرۆژە سیاسییەکە مەبەست لە دامەزرانی دەوڵەتی ناسیۆنالیش نییە. دەربارەی بڕگەی هەرە دوایی پرسیارەکەتان گەر مەبەستتان لە بیروبۆچوونی نوێ ئەوە بێ کە شتی تازە نووسراوە لە سەر بابەتی نەتەوە و ناسیۆنالیزم، ئەوا بێگومان دەڵێم بەڵێ. بەڕاستیش ئەوەی لەم دە ساڵەی دواییدا دەربارەی نەتەوە و ناسیۆنالیزم نووسراوە، شتێکی یەکجار زۆرە. دەشێ نووسینەکان مێژوویی، سیاسی، ئیتنۆلۆژی، سۆسیۆلۆژی یا سۆسیال ـ ئەنترۆپۆلۆژی بن. ئەوەی سەرنج ڕاکێشەرە کێشەی نەتەوەیی لە گۆشە بۆچوونی ئەم دیسیپلینانە هەموویانەوە بابەتی باسە.

**گزینگ: کاک بورهان، ئێوە لە باسەکەتاندا ئیشارەتان بە وەی کرد کە لایەنە بابەتییەکانی پێکهاتنی نەتەوە لای کورد بە هێزە و لەوبارەوە مەترسی لە سەر نییە، ئایا ئەوە دەگەڵ ئەو بارو دۆخە سیاسییەی کە ئەمڕۆ دەیبینین و بە تایبەت دەگەڵ ئەو قسەی «مێهردادی ئیزەدی» ناکۆکی نابێ کە لە سەرەوە ئاماژەتان پێکرد؟**

ـ دیارە بۆچوونەکانی بەڕێز مێهرداد ئیزەدی بە تەواوەتی ڕەدناکەمەوە. کە دەڵێم لە لایەنی بابەتییەوە، دیارە مەبەستم زیاتر ئەو لایەن و فاکتەرە بابەتییانەن کە بە پرۆسەی هەزاران یا سەدان ساڵ هاتوونەتە بەرهەم یا پەیدا بوون، وە یا هێندێ فاکتەری نەگۆڕاو وەکوو خاک یا نیشتمان. بەڵام لە لایەکی تردوە هێندێک لایەنی بابەتی هەن کە تەمەنی لە حەفتا ساڵێک زیاتر نابێ، ئەویش هاتنەکایەی باری پەیدابوونی ژمارەیەک دەوڵەت بوون کە کوردستانیان بە سەردا دابەشکرا. بە پێوانەی کاتێکی دوورودرێژی

* Izadi,M.(1992), The Kurds: A Concise Handbook,(Washington. Philadelphia. London; Taylor& Francis International Publisher).

هەزاران یان سەدان ساڵ، دیارە حەفتا ساڵ زۆر نییە. بەڵام ئەوەی دەمەوێ دیسان جەختی لە سەر بکەم ئەوەیە کە ئایا ئەم واقیعەی دابەشبوونی کوردستانە بە درێژایی هەمان حەفتا ساڵ ڕەدکراوەتەوە و بە ناڕەوا ناسراوە و خەبات بۆ گۆڕانی کراوە لە لایەن جووڵانەوە سیاسییەکان؟ یا بە پێچەوانەوە ئایا ئەم واقیعە ڕەوایی پێدراوە و وەک ڕاستییەکی نەگۆڕاو هەڵسوکەوتی لەگەڵ کراوە؟ دیارە مەترسی لەوەیە کە لایەنە خۆییەکەی نەتەوەی کورد یان ڕوونتر بڵێین جووڵانەوەی سیاسی کوردستان جورنەتی ئەوەی نەبووە ڕاستی دابەشبوون ڕەدکاتەوە، بەڵکوو زۆر جاریش بوون و بەردەوامی جووڵانەوەی کورد لە پارچەیەکی کوردستان لە سەر حیسابی جووڵاوەکانی تر لە پارچەکانی تری کوردستان یا هەرنەبێ لە پارچەیەکی تری کوردستان بووە. کاتی ئەوە هاتووە کە ستراتیژی ڕەدکردنەوەی واقیعی دابەشبوونی نەتەوەی کورد و وڵاتەکەی ببێ بە ستراتیژی جووڵانەوەی نەتەوەی کورد. دیارە هەر ئەم زەرورەتە مێژووییە بووە کە بووەتە هۆکاری هەرە گرینگ بۆ لە دایکبوونی فیکری دامەزراندنی ئۆرگانێکی نەتەوەیی سەرانسەری کوردستانی. هەڵبەت ئەوەی ڕوویداوە و لە بەردەوامی ڕوودان دایە ئەوەیە کە ئەم ئۆرگانە زیاتر لە ژێر ناوی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە زۆر وڵات لە جیهانی ڕۆژئاوادا دروست بوون بە مەبەستی هێنانە کایەی ستراتیژێکی کوردستانی لە سەر بنچینەی یەکبوونی دۆزی کورد. خۆم لە گەڵ ئەم جۆرە هەوڵانە دام و بە پێی توانا کاریشی بۆ دەکەم.

**گزینگ: ئێوە وەک شارەزایێک بە تایبەت کە تێزی دوکتوراکەتان لە سەر قوناغێکی گرینگی مێژوویی بزووتنەوەی کورد(کۆماری کوردستان)ئاراستە کراوە، دوێنێ و ئەمڕۆی بزوتنەوەی کورد چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

ـ بە ڕاستی دەکرێ ئەم هەڵسەنگاندنە بە گەلێ شێوە بکرێ. ئەم هەمەجۆریی هەڵسەنگاندنەش دیارە بەستراوەتەوە بە، بۆ نموونە ئەم پرسیارانەی کە مرۆڤ دەیەوێ وەڵامیان بداتەوە، وە یاخود ئەم خاڵە گرینگانەی هەڵدەبژێردرێن بۆ هەڵسەنگاندن. زۆر بە کورتی لەم سەدەیەدا، دەتوانرێ جووڵانەوەی کورد لە سێ فەترەی زەمەنی جیاواز، بەڵام لەهەمان کاتدا لە زۆر ڕووەوە لەیەکچوو هەڵبسەنگێندرێ و لەگەڵ یەکتردا موقارەنە بکرێ. یەکەمیان ڕاستەوخۆ دوای تەواوبوونی جەنگی یەکەمی جیهانی، دووهەمیان ڕاستەوخۆ دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووهەمی جیهانی و سێهەمیان ئەم ٥ ـ ٦ ساڵەی دواییە واتە لەگەڵ ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی شەڕی سارد و هەڵوەشانەوەی یەکیەتی سۆڤیەت و لە ناوچوونی ئەوەی پێی دەگوترا بلۆکی ڕۆژهەڵات وەیاخود مەنزوومەی سۆسیالیستی. دیارە ڕووی لە یەکچوونی ئەم سێ فەترە زەمەنییە، هەڵبەتە لە دیدی کوردییەوە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە هەر سێ حاڵەتدا میکانیزم و گۆڕانی نوێ لە ئاستی جیهانی و ئەقلیمییەوە هاتنە کایەوە کە تیایدا دەرفەت و هەلی مێژوویی بەدی دەکرا و دەکرێ بۆ نەتەوەی کورد. لایەنێکی گرینگی ئەم سێ حاڵەتە مێژووییە دیارە دەگەڕێتەوە بۆ تێکشکان و یا هەر نەبێ بێهێزبوونی یەکێ لە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان: لە حاڵەتی یەکەمدا، تێکشکان ولەناوچوونی ئیمپراتوری عوسمانی، لە حاڵەتی دووهەمدا بێهێزبوون وکزیی ئێران کە ئەمەیان زیاتر لە ناو جەنگی دووهەمی جیهانیدا واتە بە هۆی داگیرکردنی ئێران لە لایەن بریتانیای مەزن و یەکیەتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٤١ ڕووی دا. وە لە حاڵەتی سێهەمدا تێکشکانی مەکینەی زەبر وزەنگی عێراق و گەمارۆدانی ئابووری و دیپلۆماسی لە سەر ئەم وڵاتە لەگەڵ شەڕی ئازادکردنی کوەیت. دیسان گۆڕانکارییەکان و دەرفەتە مێژووییەکان دەبێ لە سێ ئاستەوە تەماشا بکەین، یەکەمیان لە ئاستی جیهانی و گۆڕانکاری بنەڕەتی لە هاوسەنگی هێز لە جیهاندا، وە لە ئاستی ئەقلیمی ئەویش گۆڕان لەمەڕ ئەو ناوچەیەی کە کوردستانی تێدا جێگیر بووە؛ ئاستی سێهەمیان ئاستی نەتەوەیی کوردە. بەڕاستیش بۆ ئەوەی ئەم سێ حاڵەتە مێژووییەی کە لە سەرەوە ئاماژەم بۆ کردن، موقارەنەیان بکەین لەگەڵ یەکتردا وە بە پێداگرتن لە سەر هەر سێ ئاست و بە وردی شیکردنەوەیان، دیارە کاتێکی زیاتر و دەرفەتی ترم پێویستە. بەڵام هەر نەبێ دەربارەی ئەمڕۆ واتە حاڵەتی سێهەم مرۆڤ دەتوانێ ئەوە بڵێ کە لە ئاستی جیهانی و ناوچەییەوە، ئەمڕۆ دەرفەتێکی مێژوویی لە ئارادایە، هەرچەندە بەهەمان شێوە و بە هەمان قورسایی ئەم دەرفەتە تەواوی کوردستانی گەورەی نەگرتووەتەوە، بوار بۆ گۆڕانی پۆسەتیڤانە زیاتر لە کوردستانی باشوور ڕەخساوە، بە هۆی بێهێزی عێراق و بوونی پارێزگارییەکی نێونەتەوەیی لە کورد لەم بەشەی کوردستان. بەڵام بە شێوەی گشتی چ لە ئاستی کوردستانی مەزن و چ لە ئاستی کوردستانی باشوور دیارە، بەداخەوە ڕۆڵی ئالقە یا ئاستە کوردییەکە لە گۆڕانکارییەکاندا زەعیفە ـ ئەگەر نەڵێین هەر بەتەواوی غایبە. ئەمەش یارمەتی ئەوە نادات کە دەرفەتە مێژووییەکە بقۆزرێتەوە و سوودی لێ وەرگرێ.

وا دەزانم ئەو گۆڕانکارییانەی لە ڕووی جیهانی وئەقلیمییەوە هاتنە کایەوە لەگەڵ کۆتایی ساڵانی هەشتاکاندا و دەستپێکی نۆهەتەکاندا دەبووایە گۆڕانێکی بەپەلە و پڕ بە پێستی قۆناغە مێژووییەکە بکەوێتە ڕیزەکانی جووڵانەوەی سیاسی کوردستانیدا لە تەواوی کوردستان و لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا و لە ئاستی هەر حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی کوردستانیشدا. دەبووایە گۆڕانکارییەکی بەپەلە لە بیرو بۆچوون و هەڵسوکەوتی ڕێکخراوە کوردستانییەکاندا بکرێ کە گونجاو بێ لەگەڵ قۆناغی نوێ.

ئەوەی کە پیویست بوو دەبوایە لە یەکتر نزیک بوونێک و هاوکاری و هاوتەبایی لە نێوان ڕێکخراوە سیاسییەکان لە تەواوی کوردستان هاتبایە کایەوە. لە لای هەر ڕێکخراوێ نەرمییەکی زیاتر نیشان بدرایە لە ڕووی هەموو مەسەلەکان و بە تایبەت بابەتی هاوکاری لە نێوان ڕێکخراوەکاندا لە هەر پارچەیەکی کوردستان و لە ئاستی کوردستانی گەورە. ئایا نەدەکرا لە ئاستی سەرکردایەتییەکان، میکانیزمێکی ڕاوێژکاری نەتەوەیی و پرس بە یەکترکردن بهاتبایە کایەوە، بۆ باشتر حاڵی بوون لە گۆڕانکارییەکانی قۆناغەکە و بۆ هارمۆنیزەکردنی هەڵوێست و بڕیارەکان. بەڵام ئەوەی کە ڕووی دا و ڕوودەدات نەک هەر بەردەوامی پچڕپچڕی و دابەشبوون بوو لە ناو ڕیزەکانی جووڵانەوەکە بەڵکوو لە هێندێ کاتدا ململانێی ناهەموار وخۆکوژەر و دەرفەتکوژیش سەریان هەڵدا، چ لە ئاستی کوردستانی مەزن و چ لە ئاستی یەک پارچەی کوردستاندا.

دیارە سوود وەرنەگرتن لە دوو دەرفەتی لکاو بە جەنگی یەکەم و دووهەمی جیهانی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارە نێو نەتەوەییەکان. بەڵام لە حاڵەتی سێهەمدا، واتە سوود وەرنەگرتن لە

⬅

دەرفەتی ڕەخساو دوای تەواوبوونی شەڕی سارد و شەڕی ئازادکردنی کوەیت، هۆیەکەی تاڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی تەبایی و هاوکاری لە نێوان بەشەکانی جیاوازی جووڵانەوەی ئازادیخوازیی کوردستان و بەتایبەتی لە نێوان سەرانی کورددا.

**گزینگ:: کاک بورهان وابزانم لەم دواییانەدا سەفەرێکی کوردستانتان کردبوو، ئەگەر دەکرێ تکایە کورتەیەکمان بۆ باس بکەن بە تایبەت بە سەرنجدان و وردبوونەوەتان لەوەزعی خەڵک و هەروەها ڕێکخراوە سیاسییەکانی وڵات، پیاو تا چ ڕادەیێک دەتوانێ بە داهاتووی کوردستان خۆشبین بێ؟**

ـ دیارە مەبەستتان کوردستانی باشوورە..

**گزینگ:** بەڵێ..

ـــ بە گشتی دەتوانم بڵێم وەزعی ئابووری و سیاسی و ئیدارەی خەڵک خراپە و بۆ بەشێک لە خەڵکەکە باری ئابووری گەلێ ناهەموارە. هەموو بوارەکانی ژیان وەکوو خوێندن، مەسەلەی تەندروستی، ڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و زۆر بواری تر، خراپی بار ودۆخەکەی پێوە دیارە. ئەوەی لە هەمووی خراپترە ئەوەیە کە نەوەک ژیانی خەڵک ڕۆژ بۆ ڕۆژە، بەڵکوو سیاسەتی پارتە سیاسییەکانیش بەتایبەتی هی پارتی دێمۆکراتی کوردستان و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان، سیاسەتی ڕۆژ بۆ ڕۆژە. بەڕاستی کاری سیاسی ئەم دوو پارتە، زۆر تەرخان کراوە بۆ مەسەلەی ململانێی نیوانیان. ململانێکە نەک هەر بارە سیاسی و ئابوورییەکەی یەکجار شێواندووە بەڵکوو ململانێکە تەهدیدێکی ڕاستەوخۆیە بۆ دوارۆژی گەلی کورد بە تایبەتی لە کوردستانی باشوور. بە بەستنەوەی ئەم پرسیارەتان لەگەڵ پرسیاری سێهەمتان دەربارەی مێژوو، دەڵێم کە ئەم دوو حیزبە لە شەڕە خۆکوژییەکەیاندا دوو جار تەقدیر بۆ مێژوو دانانێن: یەکێکیان مێژووی نووسراوە و ئەوەی تریان ئەو مێژووەی سبەینێ دەنووسرێتەوە. مێژووی دوێنێ وامان پێدەڵێ کە زۆربەی کات ململانێ و ناتەبایی لە نێوان ڕیزەکانی جووڵانەوەی سیاسی کوردستاندا بە هەموو شێوەکانی بووەتە هۆی لاوازی وکزی ئەلتەرنەتیڤی کوردی وله دەستدانی دەرفەت. دووبارەکردنەوەی ئەم شێوە هەڵە و میکانیزمە بەلای کەمەوە گوێنەدان وکەم بایەخنەدانە بە مێژووی نەتەوەی کورد. لایەنی دووهەمیش ئەوەیە، ئەو مێژووەی کە سبەینێ دەنووسرێتەوە بێگومان لاپەڕەیەکی ڕەش تۆمار دەکات بۆ شەڕی خۆکوژی و ململانێی ئەم دوو حیزبە. ئەگەر هەر یەکێ لەم دوو حیزبەش دڵی بەوە خۆش کردبێ کە بەڵێ سبەینێ«مێژوونووس»ێک دێت و ئەم حیزبە حەق دەزانێ و ئەوی تر ناحەق، ئەوا بە هەڵەیەکی گەورەدا دەچن. پێداگرتنی ئەمڕۆ لە سەر ئەم ململانێیە دەربارەی قەوارە و مەودای ئەو زیانەیە کە ئەم شەڕە دەیگەیێنێ بە ئەزموونی کورد و پێداگرتنی سبەینێش وا دەزانم هەر زیاتر لە سەر ئەوە دەبێ. بە لای جەماوەریشەوە دابینکردنی ژیانی ئەمڕۆ و دوارۆژی سیاسیی کوردستان مەسەلەی ئەساسییە، نەوەک بە حەق زانین یا ناحەق زانینی ئەم لایەنە یان لایەنەکەی تر.

**گزینگ: هەر وەک خۆشتان گوتتان ئەو قۆناغەی ئێستامان کە باشترین دەرفەتی مێژوویی تێدا ڕەخساوە زۆر گرینگە، بە ڕای ئێوە چ بکرێ باشە، بۆ ئەوەی ئەو دەرفەتە بە تەواوی لە کیس نەچێ؟**

ـ دیارە ئەو پرسیارە قورسە و هەر کەس ولایەنێکیش دەکرێ بە شێوەیەک وەڵامی بدەنەوە.

بۆ ئەوەی بزانین کە لە ڕاستیدا دەرفەت هەیە یان نەء، خۆی لە خۆیدا پێویست بە لێوردبوونەوە و لێکۆڵینەوە دەکات. دەرفەت شتێ نییە لە سەر مێزێکی ڕازاوە پێشکەش بە نەتەوەی کورد کرابێ لە بەشێکی کوردستان یان لە سەرانسەریدا. بەڵکوو دەرفەت دەربڕی هێندێ هەلومەرجی سیاسی ـ مێژوویی یە لە کات و زەمانێکدا پەیدا دەبن. بۆ ئەوەش لەم ڕوانگەیەوە لە دەرفەت بگەین، نەک هەر وەکوو قسەیەکی سەرزارەکی، ئەوا قۆناغی چەند ساڵانی دوایی و ئەوڕۆمان پێویستی بە لێکۆڵینەوەی لێزان و شارەزایان هەیە. بۆ ئەوەی ئەم جۆرە شتەش مومکین بێ، ئەوا دەستپێشکەری شارەزا و لێزانی کورد و دۆستانی کورد بەس نییە، بەڵکوو پارتە سیاسییەکان پێویستە جەخت لە سەر ئەم جۆرە پێویستییە بکەن و مەبەستیان ئەوە بێ کە سوود وەرگرن لە بیر و بۆچوونی ئەم شارەزایانە. سەرکردەکانی جووڵانەوەی سیاسی کوردستان دەبێ بگەنە ئەم قەناعەتە کە ئیتر سەرکردەیەک بە خوێندنەوەی ڕۆژنامەیەک یا چەند کتێبێک ناتوانێ بەرەنگاری هەموو ئاڵۆزی و ڕووداو و تێکهەڵچوونەکانی سەردەم ببێ. کاتی ئەوە هاتووە کە بە جیددی میکانیزمی ڕاوێژکاری و پرسکردن و گوێگرتن بۆ ڕای ئازاد، وە بەر لە هەموو شتێ بۆچوونی شارەزایان ببێ بە مێتۆدی کارکردن.

ئەم شێوە گۆڕانە زۆر لایەنی پۆسەتیڤانەی هەیە، هەر نەبێ لێرەدا دوویان دەست نیشان دەکەم: یەکەمیان بەم شێوەیە سیاسەت دەکرێ بە کارێکی پرۆفیسناڵی واتە نەجاتدانی سیاسەت لە مومارەسەکردنی لە سەر ئەساسی حەدس و گومان؛ وە دووهەمیشیان بەم شێوەیە سیاسەت سنوری حیزبایەتی تێکدەشکێنێ، تەواوی نەتەوە و پرسەکانی دەبن بە مەیدانی بیر و بۆچوون و کاری سیاسی؛ وە سەرکردەش ئەوکاتە، هەر نەبێ لەم گۆشەبینینەوە وەکوو سەرکردەی نەتەوە خاوەن دەوڵەتەکان هەڵسوکەوت دەکات. ئەمەش گرینگییەکی زۆری هەیە لەو ڕووە کە عەقڵیەتی بە دەوڵەت بوون و دامەزراوی دەوڵەت دەهێنرێتە ناو جووڵانەوەی سیاسی کوردستان، وە بیرو بۆچوونی سیاسی لە هێندێ قالبی ئامادەکراوی ئایدیۆلۆژی ـ سیاسی دەردەکات و دەیکات بە دەربڕی بیرو بۆچوونی پسپۆڕ و لێزانان. ئەوی دەمەوێ دیسان جەختی لە سەر بکەم ئەوەیە کە وشەی دەرفەت نابێ دەربڕێکی خۆشبینانە بێ و بەس، بەڵکوو ئاکامی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ئەم قۆناغە بێ لە هەموو هەلومەرجەکانیدا، وە لەسەر هەر سێ ئاستی نێونەتەوەیی و ئیقلیمی و نەتەوەیی کوردیدا دەبێ تێگەیشتنێکی قووڵ بەدی بێت لە میکانیزمی ژیانی هاوچەرخ بە هەموو لایەنەکانییەوە.

لای تری وەڵامەکەم ئەوەیە کە ڕێکخراو و پارتە سیاسییەکانی کوردستان دەبێ کار بۆ ئەوە بکەن کە چوارچێوەی حیزبایەتی و جەماعەتگەری تێکبشکێنن، وە کوردایەتی بە مانا هەر فراوانەکەی بکەن بە چوارچێوەی بیرکردنەوە و داڕشتنی ستراتێژیان و کاری سیاسییان. بۆ ئەم مەبەستەش گۆڕانی بەپەلە پێویستە لە ناو ڕێزەکانی جووڵانەوەی سیاسی کوردستاندا. وە بەر لە هەموویانەوە پێویستی هێنانەکایەی میکانیزمی پرس بە یەکترکردن و گوێ لە یەکترگرتن لە ئاستی حیزبە سیاسییەکان لە سەر ←

ئاستی کوردستانی گەورە. هەر ئەمڕۆ زۆر شت لە ئارادا هەن وەکوو بارودۆخی عێراق و دوا ڕۆژی ئەو وڵاتە وەکوو دەستپێشخەری شاحوسێن بۆ دامەزرانی سیستمی فیدراڵی لە نێوان عێراق و ئوردن دا وە هاوپەیمانیی نێوان ئیسرائیل وتورکیا وەکوو دوارۆژی ئێران. ئەمانە هەمووی و زۆر شتی تر پێویست بە بیرو بۆچوونێکی کوردی/ کوردستانی دەکات. پرسیار ئەوەیە ئایا سەرانی کورد لە سەر ئەم مەسەلانە و زۆر مەسەلەی تر وتووێژ دەکەن و هەوڵی هێنانەکایەی تەسەورێکی کوردستانی دەدەن؟

لایەنێکی تری وەڵامەکە ئەوەیە کە دەبێ جووڵانەوەی سیاسی کوردستان لە بنەڕەتەوە بەدێمۆکراسی بکرێ. ئەم بەدێمۆکراسی کردنەش دیارە ئاستی عەقڵیەت، کولتووری سیاسی، شێوەی ڕێکخستن لە ناو ڕێکخراوە سیاسییەکان، پێوەندی لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان و پێوەندی لە نێوان جووڵانەوەی سیاسی کوردستان لە هەموو پارچەکانی کوردستان دەگرێتەوە.

دیارە بەشێکی وەڵامەکەش ئەم مەسەلانە دەگرێتەوە کە دەبێ بە زووترین کات، بە ڕوحی کوردایەتی و لە سەر بنچینەی بەرژەوەندییەکانی گەل کاری لە گەڵدا بکرێ. دیارە مەسەلەیەکیش چارەکردنی ململانێی پارتی دێمۆکراتی کوردستان و یەکیەتی نیشتمانی کوردستانە و گەڕانەوەی ڕەوایییە بۆ پەرلمان و حکوومەتی ئیقلیمی کوردستان. هەرچەند من وا دەزانم چارەی کێشەی ئەم دوو حیزبە لە سەر دۆینێ یە زیاتر لەوەی کە لە سەر مەسەلەکانی ئەمڕۆ و سبەینێ بێ. ڕاستە مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی لایەنێکی زۆر گرینگە لەم ململانێیەدا، بەڵام ڕابوردووی دوورودرێژی ئەم دوو هێزە پڕە لە ئالقەی تراژیدیاوی و دوژمنایەتی.

هەڵبەت شەرتێکی گرینگ بۆ پێکهاتنی ئەم دوو هێزە ئامادەییانە بۆ ئەوەی بەشێکی زۆر لە مێژووی پێوەندییەکانیان لەبیربکەن و ئەو بەشەی دەشمێنێتەوە، بۆ یەکتر و بۆ جەماوەر ساغی بکەنەوە. با ئەم هێزانە چیتر لە جیاتی دوێنێ و بۆ دۆینێ لە دژی یەکتر نەجەنگن، با باس لە دەرفەتی ئەمڕۆ و سبەینێکی باشتر بۆ نەتەوەی کورد ببێ بە بابەتی باسلێکردن وکاربۆکردن.

**گزینگ: دیسانیش سوپاس لە وەیکە وەختمان گرتن.**

ـ منیش زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ڕەخساندنی ئەم دەرفەتە. ■

# مافی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا

## باسێکی مێژوویی لە سەر ژن

ژیلا.ف
و
تەیفور

- ٥ -

### یاسای (زەردەشتی) دەورەی ساسانی (٢٢٤-٦٥٢زایینی)

باسی دەورەیەکە کە لە هەموو شارستانییەتە ناسراوەکانی ئەو سەردەمەدا کوێلەتی و کوێلەداری لەوپەڕی گەشەی خۆیدا بووە و باوکسالاری تا ئەو ڕادەیە لە کۆمەڵدا جێ کەوتوو بووە کە پێشتر وێنەی نەبینراوە. تا ئەو ڕادەیە کە لە یاسادا هاتووە:

ـ ئەگەر کوڕ سێ جار وەڵامی بابی نەداتەوە وفەرمان نەبا دەبێ بکوژرێ.[١]

لەو ناوچەی کە باسەکەی ئێمە دەگرێتەوە گەرچی تاک و تەرا لە میتولۆژیدا نێوی خوداژنەکان هەر مابۆوە، بەڵام جگە لە ئاناهیتا باقیان لەبیر چونەتەوە، بڵاو بوونەوەی ئایینی جوو و پاشان مەسیحی کۆتایی بە ئەفسانەی ئاسمانی بوونی ژن هێنا و بۆ هەمیشە پیاوی کردە تاکە سواری ئاسمان و زەوی. هەروا کە باسمان کرد لە ئایینی زەردەشتیدا سەرەڕای باوەڕ بە بوونی خوداژنەکان ئەم ئایینە سەبارەت بە ژن زۆر بێ بەزەیی بووە و ئەمە لە یاساکانی دەورەی ساسانیدا ڕوونتر خۆی نیشان دەدا و ئەوە دەردەخا کە یاسای کۆمەڵ جیا لە بیر و باوەڕی دینی خۆی بەسەر ژیان و کردەوەی کۆمەڵایەتی مرۆڤ دا دەسەپێنێ. شەریعەتەکانیش بە پێی ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییە دیاری دەکرێن.

لەم دەورەدا دەستنیشانکردنی دوو شت گرینگە: یەک ئەوە کە ئایینی زەردەشتی بە ئایینی نەتەوایەتی زانراوە و زۆر بایەخی پێدراوە. دووەم هەروا کە دەزانین پێتەختی ئیمپراتوری ساسانی "مەداین" [سی کیلومێتری بەغدا] بووە و سنوورەکانی دەسەڵاتیان لە ڕۆژئاواوە هاوسێی ڕۆم بووە و لە ڕۆژهەڵاتەوە جیرانی هیندوستان، لە باکووریشەوە لەگەڵ ئەومەنستان شەڕیان هەبووە. کە وابوو کوردستان بە هەموو بەشەکانی ئێستایەوە لە نێو جەرگەدا و نزیکی پێتەختی ئەم ئیمپراتورییە بووە. یەکێک لە پاراستانە هەرە گەورەکانی ئەو سەردەمە بە نێو "ئازەرگوشەسب" لە شاری "شیز"دا بووە کە شاکانی ساسانی هاتوون لەوێ ئەوکی دینییان بە جێ هێناوە[٢]. ئاسەواری ئەم پاراستانە لە تەختی سلێمان سێ سووچی نێوان دیواندەرە، سەقز و تیکاب لە نزیک ئەشکەوتی کەرەفتوودا هەر ماوە. هەروەها ناوەندی مویدەکان ئاتروپاتن[ئازەربایجان] بووە و ئەوێ مەوقووفەی ئەوان بووە. گرینگی ئەم خاڵە لەوەدایە کە بە وتەی "کریستێن سێن" «هەموو کەسێک لە لانکەوە هەتا گۆڕ لە ژێر چاوەدێری و سەرپەرستی مویدەکاندا بووە... هیچ شتێک قانوونی نەبوو مەگەر مویدەکان (مەغەکان)

←

بڕیاریان لەسەر دابا. ئەوان مافی قەزاوەت و نووسینی ڕۆژی لەدایکبوون و زەماوەند و تەبەڕوک کردن و قوربانی کردنیان هەبووە و هەموو جۆرە فێر کردن و ئەمر بەچاک و خراپی بە دەست ئەوان بووە»٣.

بە پێی ئەم خاڵانە دەکرێ بڵێین بێ هیچ گومانێک کوردەکان لەم دەورەدا زەردەشتی بوون و کوردستان بە پێی یاساکانی (زەردەشتی) دەورەی ساسانی بەڕێوە براوە، زۆربەی ئەم یاسایانە کە لە کتێبی "وەندیداد" و "ماتیکانی هەزار دەستان"دا نووسراوە، ئەوڕۆ بەدەستەوەن.

هەموو داب و باوەڕەکانی پێشوو لەم دەورەشدا زۆر توندتر لە پێشوو درێژەی پێدراوە.وەکوو:

**فرە ژنی:** «لە سەردەمی ساسانییەکاندا بۆ ژن هێنانی پیاو بە پێی یاسا ژمارە دیاری نەکراوە. ژمارەی ژنان دەوڵەمەندیی پیاوی دیاری دەکرد. بۆ وێنە «بە وتەی مێژووزانانی ڕۆژهەلاتناس خەسرەو پەروێز سێ هەزار ژنی بۆ لەگەڵ نووستن لە خەڵوەتیدا هەبووە و بە گشتی دوازدە هەزار ژن لە بارەگای دا بوون[٤]» یان بە پێی چیرۆکێک بەهرامی گۆڕ بە جارێک چوار خۆشکی ناردۆتە خەڵوەتی خۆی»[٥]

**هاوسەری لەگەڵ خوێشان و لە نێو بنەماڵەدا:** گوتمان کە ئەم جۆرە هاوسەرایەتییە لە ئایینی زەردەشتیدا بە پیرۆز زانراوە. لە سەردەمی ساسانییەکاندا مانایەکی دیکەشی پەیدا کردووە چونکە لەو دەورەدا زۆر بایەخ دراوە بە خوێنی پاکی بنەماڵەی بە نێو ئەشرافی و ئەمە بۆ خۆی بۆتە هۆی هاوسەری بنەماڵە، لەبەر تێکەڵ نەبوونیان لەگەڵ چینەکانی تر، واتە کۆمەڵی ئەو سەردەمە کۆمەڵی "کاستی" بووە و چینی خوارتریان بە نزم و سپڵۆت داناوە. بۆیە دەبووا ژن و مێرد لە باری پێگەی کۆمەڵایەتییەوە هاوپەرا بن. ئەم یاسا تەنیا بۆ ژنی یەکەم (شا ژن) دەبوو. وێنە بۆ هاوسەرایەتی نێو بنەماڵە زۆرن، وەکوو "یەزدگردی سوەم کە کچی خۆی "شیرویە"ی هێناوە یا "بەهرام چوبینە" خۆشکی خۆی "گەردیە"ی هێناوە.[٦]

**سپڵۆت بوونی ژن لە کاتی خوێن لەبەر چوندا:** پێشتر باسمان کرد کە چ دابێکی دژوار بۆ ژنێک کە لە کاتی پۆن دا بایە و گوتمان لە جێگایەکی تەریک کە لە هەموو لایەکەوە پازدە هەنگاو لە هەموو شتێکی پیرۆز وەکوو ئاو و ئاگر و خۆر ... دوور بێ ڕادەگیرا و کەس بۆی نەبوو لە سێ هەنگاویەوە بچێتە پێشەوە. لووتکەی ئەم ئەشکەنجە بۆ ئەو ژنانە بوو کە منداڵی مردوویان بە دنیا هێنابا، «ئەمانە دەبووا پاک بکرێنەوە چونکە دێو چووبووە زگیانەوە. بۆ ئەم کارە دەهاتن تێکەڵاوێک لە مێزی گا و خۆڵەمێشیان چەند جار لە منداڵدانی دەکرد، [لە هێندێ سەرچاوەدا گوتراوە دەرخواردیان دەدا] ئەم ژنە هەتا کۆتایی هاتنی دابی پاک بوونەوە نەدەبووا ناو بخواتەوە چونکە ناو پیرۆز بوو. نەدەبووا لە هیچ کەس نزیک بێتەوە و لە کۆختێکی چکۆڵەی دوور لە ئاوەدانیدا بە خواردنێکی زۆر کەمەوە زیندانی دەکرا. پاش دوازدە ڕۆژ موبدێک دەهات بە مێزی گا "غوسڵ" ی دەدا، ئەوجا ئیزنیان دەدا بگەڕێتەوە ژیانی ئاسایی.»[٧]

**بێ دەسەڵات بوونی ژن لە بڕیاردانی کۆمەڵایەتیدا:** لە هەموو چوارسەد ساڵی دەورانی ساسانیداحێوی دوو ژن هەیە کە دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرتووە، ئەویش لە ئاخر و ئۆخرەکانی تێکشکانی زنجیرەکەدا "پوراندۆخت" و "ئازەرمیدۆخت" بە سەر یەکەوە دوو ساڵ، بە نێو پادشای ساسانی بوون، بەڵام چەندیان دەسەڵات هەبووە و شا ناوچەییەکان چەندەیان بە گوێ کردوون باسێکی دیکەیە. وا دەردەکەوێ تا کە هاتوون جێی خۆیان خۆش کەن لایان بردوون.

دەسەڵاتدارێتی وڵات بە دەم و دەزگای ئایینی بووە و پادشا بۆ خۆی بە گەورە پیاوی ئایینی زانراوە و نوێنەری خودا بووە. زۆر بە ناوبانگە کە ئایینی زەردەشتی بە سێ دروشمی "بیری باش - گوتاری باش و کرداری باش" دەناسێن، بەڵام لە پێشدا ناڵێن ئەم "باش"ە چییە و کێ دیاری دەکا؟ دیارە وەک هەموو ئایینێکی دیکە مەلا و موبد و قەشە و... بە لێکدانەوەی ئەو گوتانە کە پێی دەڵێن گوتە ئاسمانییەکان دیاری دەکەن و بڕیاری چۆنییەتی شەریعەتی سەردەمی خۆیان دەدەن و لە ڕەوتی زەماندا بە پێی هەلومەرج دەیگۆڕن. دیارە گۆڕانکارییەکە ئەوەندە نییە کە فەلسەفەی بنەڕەتی دانەرەکان بشارێتەوە. لە دەورەی ساسانیشدا ئەو شەریعەتە کە موبدەکان دایان نابوو مافی ژنی بەم جۆرە دیاری دەکرد.

ـ بە منداڵی هەژدە مانگ شیریان دەدا بە کوڕ و پازدە مانگ بە کچ[٨] [دەسپێکردنی جیاوازی هەر لە کۆرپەییەوە]. بۆ گەورە کردنیشی دەتوانێ لە کۆڵ خۆی بکاتەوە:

ـ باوک دەتوانێ منداڵی خۆی گەرچی یەک منداڵیش بێ بە هۆی هەژارییەوە بدا بە یەکی دیکە تا گەورەی بکا [ئەم کارەیان زیاتر لەگەڵ کچان کردووە، چونکە چاوە قانوونەکانی دیکە زیاتر سەبارەت بە مافی ئەو کچەیە کە دراوە بە یەکی دیکە گەورەی بکا] «بەشی ٣٢ چاوەی ١٠»[٩]

هێشتا کچە زاری بۆنی شیر دەدا کە کاتی مێرد کردنی دەگا. لە کتێبی شایست و ناشایست دا تەمەنی مێرد کردن بەم شێوە دیاری کراوە:

«پرسیان شوو کردنی ژنان چ کاتێک ڕەوایە؟ بزانن کە لە دین دا ئاوا دیاری کراوە کە کچ کاتێک بوو بە نۆ ساڵان دەبێ دەزگیران بکرێ، کاتێک بوو بەدوازدەساڵان بیدەن بەشوو. ئەگەر کاتی شۆردنی گەیشت (پۆن) وخۆی سزاواری مێرد کردن زانی ونەیاندایە شوو، ئەگەر بابی نەیدا هەرجار کە پۆن بێ وسەر بشوا بابی لەو دنیا لەسەر پردی چینود [پردی سەڵات] دەبێ هەزار ودووسەد دراوی بەرد تاوان بدا، ئەگەر دایک ڕەزای نەبێ ئەوە تاوانی دایکە، ئەگەر برا ئیزن نەدا دەبێتە تاوانی برا، ئەگەر سەرۆکی بنەماڵە بەرگری بکا گوناهی ئەو دەبێ. ئەگەر کچەکە بۆ خۆی نەیەوێ مێرد بکا لەسەر پردی چینود دەبێ ببژێرێ. ئەگەر قەت مێرد نەکا لە حاڵێکدا بۆ مێردکردن دەشێ، کاتێک بگاتە هەشتاد ساڵ و بمرێ ئەگەر سەدهەزار چاکەی لەدنیا دا کردبێ ڕزگاری نابێ ورۆحی ناچێتە بەهەشت وهەتاهەتایە لە دۆزەخ دا دەمێنێتەوە.»[١٠]

لە جێگای دیکە دەڵێ:

« بەپێ دین ئاوایە کە کچ وکوڕ لە تەمەنی چواردە ساڵیدا باڵق دەبن یا لە دوازدە کەمتر نەبن. لەوکاتەدا ژن وشوو بوونیان ڕەوایە.»[١١]

لە کورددەواریدا گوتەیەک هەیە کە تەمەنی مێرد کردنی کچ ئاوا دیاری دەکەن. دەڵێن: "ئەگەر بە پێچەوکلاو لێت دا و نەکەوت ئەوە کاتی مێرد کردنی گەیشتووە!"

دیارە مێرد کردن بەو هاسانییەش نەبووە بۆیە گوتراوە: «کچان بۆ پەیداکردنی مێردی باش یارمەتی لە یەزدان بخوازن!»[١٢]

ـ ئەگەر کچێک بێ ڕەزامەندی بابی مێردی بە پیاوێک کرد، مافی لە ماڵی بابی نامێنێ و دەبێ لە ماڵی مێردەکەی بژی « ب ١٩چ١»[واتە میرات نابا وناشتوانێ بگەڕێتەوە ماڵی بابی]

ـ باب مافی ئەوەی نییە کچەکەی بە زۆر بە مێرد بدا.«ب ١٩ چ ٣»

ـ کچ لەکاتی مێرد کردندا تەنها ئەو شتەی پێدەبڕدرێ کە بابی وەکوو خەڵاتی بۆی دیاری

کردووە. «ب٣٥ چ٢»

ـ مێرد ناتوانێ دەست بەسەر ماڵی ژندا بگرێ. «ب٣٥چ٤»

مێرد کردن و ژن هێنان یەک شێوە نەبووە و ژن داراییەک بووە کە سەودای جۆر بەجۆری پێوە کراوە. شێوەکان ئەمانەن کە لە نێو زەردەشتی دواتریش دا باو بوون و هەن.١٣

**سەرۆک ژن(شاژنی):** کچێکی باکێرە کە بە ڕەزامەندی خۆی مێردی کردبێ، سەرۆک ژنی پێ گوتراوە، یانێ لە هەموو ژنەکانی دیکەی شووەکەی سەرتر بووە و خاتوونی ماڵ بووە. منداڵانی ئەم ژنە لە دنیا و ئاخیرەت دا هی شووەکەین. دەکرا پیاوێک دوو سەرۆک ژنی هەبێ، بەڵام فرە ژنی زیاتر لە شێوەی چاکر ژنیدا بووە. خەرج دان و ئاگاداری لێکردنی ئەم ژنە هەتا ئاخر عومر ئەوکی سەرشانی شوو بووە.

ـ سەرۆک ژن مافی ئەوەی هەیە بۆ دابین کردنی خەرجی خۆی ومنداڵەکانی لە داهاتی زەوی وچاوکە وخانوو وکوێلەکانی مێردەکەی کەڵک وەرگرێ بەو مەرجەی لە لایەن مێردەکەیەوە نیزن درابێ وبێبەش نەکرابێ. [یانێ شوو دەیتوانی ژن بێ بەش بکا]. «ب١٧چ٨»

**ئێوەک ژن:** کچێکی باکێرە کە تاقانەیە و بابی منداڵی دیکەی نییە کاتێک مێرد بکا ئێوەک ژنی پێدەگوترێ. ئەو دەبێ یەکەم کوڕی خۆی بە نێوی بابی خۆی بکا و میراتی باوکی کچە بەو کوڕە دەگا.لەوە و بەدوا دەبێتە سەرۆک ژن. ئەگەر لە مێردی یەکەم کوڕی نەبوو دەبێ تەڵاق بستێنێ و مێرد بە یەکی دیکە بکا کە کوڕی لێ بێ و بیکا بە میرات بەری بابی. ئەگەر بابی کچە بەر لە مێرد کردنی بمرێ کچە هەر دەبێ بۆ خۆی ئەو ئەوکە بە جێ بێنێ. «ب١٤ چ ١»

**سەتەر ژن:** ئەگەر کوڕێک لە تەمەنی پازدەساڵ بەولا بمرێ و ژن ومنداڵی نەبووبێ، باب و دایکی خەرج و خەڵاتی کچێک دەدەن بۆ پیاوێک (یانێ بە شێوەیەک کچەکە دەکڕن) ئەم ژنە پێی دەگوترێ سەتەر ژن و نیوەی منداڵەکانی دەدرێ بە کوڕە مردووەکە و ئەو نیوەکەی بۆ مێردەکەی دەبێ. خودی ژنەکەش لەو دنیا بۆ کوڕە مردووەکە دەبێ. [گرینگی وەجاخ کوێرنەبوون لای زەردەشتییان لەبەر ئەوەیە کە منداڵان لەو دنیا شەفاعەتی باب و دایک دەکەن. لە لایەکی دیکەوە ئەم شێوە ژن و مێردایەتییە نیشان دەدا کە نرخی ژن تەنیا لەبەر منداڵدار بوون بووە. بۆ وێنە، لە بوندهش دا دەڵێ : پرسیان ژن هێنان چەندە سەوابە. بزانن کە هێندە زۆرە کە ناژمێردرێ چون ئەگەر ئەو ژنە منداڵێکی ببێ، هەر چاکەیەک کە ئەو منداڵە لە دنیادا بیکا وەکوو ئەوەیە باب بەدەستی خۆی کردبێتی، و ئەگەر منداڵی منداڵەکەی چاکە بکا هەر وایە هەتا دنیا دنیایە. لەو دنیاش شەفاعەتی منداڵ بۆ باب لە لای خودا قەبوڵ دەکرێ.١٤

ـ ئەگەر پیاوێک ژنەکەی سەتەرژن بوو پاش مردنێ میراتەکەی دەکەوێتە ژێردەست براکەی ونادرێ بە سەتەرژنەکەی. «ب٢٣ چ ٢١»

- پیاوێک کە بێ منداڵ بمرێ دەتوانێ وەسییەت بکا کە ژنەکەی بە سەتەرژنی مێرد بکا بە پیاوێکی دیکە. «ب٢٣چ٥٥» [بۆ ئەوەی منداڵەکەیان بە نێوی ئەو بکەن].

- ژنێک کە بە مەرجی سەتەر ژنی بە مێردی دراوە مافی ئەوەی نییە میراتی بابی یا برای لە ماڵی مێردەکەی خەرج بکا. «ب٢٣ چ١»

- ئەگەر ژنی سەتەر ژن تەنیا یەک کچی هەبوو وکوڕی نەبوو دەبێتە میرات بەری باب یا برا. ئەگەر دوو کچی هەبوو کچە گەورەکە ئەو مافەی هەیە. «ب٢٣چ٥»

**چغر(چاکر) ژن:** بێوە ژنێک کە سەرلەنوێ شووی کردبا، بە چاکر ژن دەژمێردرا، ئەگەر لە مێردی یەکەمی منداڵی نەبوایە وەک سەتەر ژن چاوی لێدەکرا، یانێ نیوەی منداڵەکانی بە نێوی مێردی پێشووی دەکرا و لەو دنیاش خۆی بە مێردی یەکەم دەگەیشت. کەنیزە زێڕکڕاوەکان و بەدیل گیراوەکان بە چاکر ژن دەژمێردران، کە بە مانای ژنی خزمەتکار بووە و لە ژێر سەرپەرستی سەرۆک ژن دابوون. تەنیا کوڕەکانی چاکر ژن بە منداڵی باب دەژمێردران و کچەکان میرات بەر نەبوون. چاکر ژن مارەییەکی دەدرایێ و هەتا تەمەنی حەفتا ساڵگی کە لە ماڵ و لەبەردەست سەرۆک ژندا کاری دەکرد و مزەیەکی ساڵانەشی وەردەگرت. جار ڕێک کەوتووە کە چاکر ژنێک پاش مردنی سەرۆک ژن بە دڵخوازی مێرد بۆتە سەرۆک ژن. ئەم گۆڕانە دەبووە هۆی گۆڕانی مافی منداڵەکانیشی.

**سەربەخۆ ژن:** یانێ ژنێک کە خۆی بەرپرسی خۆیەتی و ئەوە ژنێک بووە کە بەبێ ئیزنی باب و دایک مێردی کردووە. ئەو لە میراتی باب و دایک بێبەری دەبوو، مەگەر ئەو کاتەی کە کوڕەکەی گەورە با و دایکی لە بابی مارە کردباوە. [دیارە ژن ئەگەر وێرابێتی خۆی بڕیاری شوو کردنی خۆی بدا، وەها غەڵەتێکی کردووە کە لە داهاتوودا دەبوو کوڕەکەی بۆی بشواتەوە، لە لایەکی ترەوە کوڕ مافی بە شوودانی دایکی هەبووە بەڵام ژن مافی بە شوودانی خۆی نەبووە.]

**هاوسەری ئەبداڵ:** بە پێی باوەڕی دینی لەو دنیا کوڕ، دێ دەستی باب و دایک دەگرێ لە پردی چینود دەیان پەڕێنێتەوە، دیارە ئەم باوەڕە بۆ ئەوە پێکهاتبوو کە کوڕ زۆر بێ و جگە لە لەشکر، وەکوو هێزی کاریش (هەروا کە دەزانین ژنان لە کاری کۆمەڵایەتی بێ بەش کرابوون) گرینگی هەبووە. بۆیە پشت تەنیا و تەنیا بە باوک ژمێردراوە و خوێنی بنەماڵە تەنیا لە لەشی کوڕەکاندا بووە. (لە کوردەواری ئێمەشدا هەر ئێستاش ئەم بڕوایانە بە توندی ماون). هەر چۆنێک بێت ئەم بڕوایە ببووە هۆی ئەوە کە ئەگەر کەسێک بمردایە و منداڵی نەبوایە، ژنەکەی دەدرا بە نزیکترین کەسی پیاوەکە [وەک برا یا باب و...] ئەگەر ژنی نەبا کچەکەی و ئەگەر کچی نەبا یەکێک لە خزمەکانیان دەدا بە خزمێکی دیکەی و ئەگەر هیچکام لەمانە نەبا لە میراتی پیاوەکە خەرجی شوو کردنی ژنێکیان دەدا ، هەموو ئەمانە بۆ ئەوەی کوڕ یا کوڕەکانی بکەن بە نێوی ئەو پیاوە کە لەو دنیادا لە سەر پردی سەڵات دەستکێشی بێ. ئەگەر خزمانی پیاوە مردووەکە ئەم ئەوکەیان بە جێ نەهێنابا وەکوو ئەوە بوو کە ژمارەییەکی زۆر خەڵکیان کوشتووە، چونکە بەرەی داهاتووی بنەماڵەکەیان لە نێو بردووە. [دیارە ئەم سەودایانە هیچیان پێ خۆش بوون یا نەبوونی ژنی لا گرینگ نەبووە و هەر لە باسیشدا نەبووە.]

زۆر جار پیاوی بێ منداڵ بۆ ئەوەی خەیاڵی پاشە ملەی خۆیان ئاسوودە بکەن منداڵیان بە پارە کڕیوە و بە نێوی خۆیانیان کردووە.

**هاوسەری قەرزی:** مێرد کردنی کاتی بە پیاوێک هەر لەو کاتەدا کە ژنی پیاوێکی دیکەیە. لەم شێوە هاوسەرییەدا کە زیاتر بۆ سەرۆک ژن بوو (چونکە چاکر ژن هەموو کاتێک دەکرا بفرۆشرێ یا بە کرێ بدرێ و منداڵەکانیشی هی خاوەنی ئەسڵی بوون) پیاو مافی ئەوەی هەیە ژنەکەی بدا بە پیاوێکی دیکە بۆ بە خێو کردنی منداڵەکانی خۆی. ئەم کارە نیازی بە ڕەزامەنی ژنەکە نییە و ناشتوانێ مل کەچ نەبێ. ماڵ و دارایی ژنەکە نادرێ بە پیاوی دووەم. پیاوی دووەم دەبووا خەرجی ژن و منداڵەکانی بە ئەستۆ بگرێ، هەتا پیاوی یەکەم پێی دەکرێ ←

دیسان ژنەکەی وەر بگرێتەوە. ئەو منداڵانەی کە لە پیاوی دووەم دەبوون بە نێوی مێردی یەکەم دەبوون نەک بە نێوی باوکی خۆیان. [ئەم شێوە زۆر بە ڕوونی نیشان دەدا کە ژن تا چ ڕادەیەک تەنیا و تەنیا وەکوو کەرەسەیەک چاوی لێکراوە و وەکوو مرۆڤ بایەخی پێی نەدراوە.]

دەکرێ وا بیر بکەینەوە کە ئەم یاسا یارمەتی دەری ئەو پیاوانە بووە کە نەیانتوانیوە خێزانەکەیان بەڕێوە بەرن، دەشکرێ وای دانێین کە کەس خاوەنی ژن و منداڵی خۆی نەبووە و هەر کاتێک دەسەڵاتداران ویستبێتیان بەم بیانووە ژنی جوانی یەکێک بەرنەماڵی خۆیان. بە پێ هێندێ سەرچاوە دەڵێن کە ئەگەر کەسێک ژنی جوانی هەبا دەبووا کون بە کون بیشارێتەوە چونکە ئەگەر مۆبدەکان یان پیاوی لەشکری تەنانەت خاوەن مولک و کوێخا زانیبایان ئەو کەسە خاوەنی ژنی خۆی نەبوو و لێیان دەستاند و ڕەنگە بە نرخی گیانیشی تەواو با. تا ئەو ڕادەیە کە لە ئەنەوشیرەوانی (عادڵ!) دەگێڕنەوە کە یەکێک لە سەردارەکانی ژنێکی جوانی هەبوو ئەنەوشیرەوان لە نەبوونی ئەودا چووە سەر ژنەکەی. پاشان ژنە چیرۆکەکەی بۆ مێردەکەی گێڕاوە. کابرا دیتی ژنەکەی هیچ گیانیشی لە مەترسی دایە، گورج ژنەکەی تەڵاق دا. ئەنەوشیرەوان پێی گوت: "بیستوومەباخێکی ڕازاوەت هەبووە و ئێستا بەرەڵات کردووە، بۆ؟ گوتی: جێگای پێ شێرم لە باخەکەدا دیت، ترسام هەڵم درێ. ئەنەوشیرەوان پێکەنی و گوتی ئەو شێرە چی دیکە ناچێتە ئەو باخە.[۱۵]

## پێوەندییەکان

**۱) لە نێو خێزاندا:** ڕادەی دەسەڵات و پێوەندی نێوان ژن و مێرد لە خێزاندا بە پێ یاسا لە کتێبی "ماتیکان هزاردستان"دا بەم شێوە نیشان دراوە:

ــ ژن دەبێ مل کەچی ئەمر وفەرمانی مێردەکەی بێ. «ب ٣٦چ ٦»

ــ ڕادەی ناوەنجی پێکەوە نووستنی ژن و پیاو سێ ڕۆژ جارێکە ولەم کارەدا ژن دەبێ گوێ لە مستی پیاو بێ مەگەر هۆی شەرعی هەبێ. «ب ٢٠چ ٣» [کاتی پۆن، چل شەو دوای زایین]

ــ ژنی «ناریک» [چاک] ئەم نیشانە وخەسڵەتانەی هەیە: بە مێردڕا گەیشتن وئاگاداری ماڵ وسامان. تەمکین بە مێرد کردن [لەگەڵ نووستن] لەشی خۆی وجێگای ژیان خاوێن ڕاگرتن.

ــ هەرکەس ئەم چەند نیشانەیەی هەبێ «جە» [هەرزە]یە. جادووکردن یا هەرزە بوون، بەرگری لە نووستن لەگەڵ مێردەکەی، لەشی خۆی وجێ ژیان خاوێن ڕانەگرتن.[۱٦]

بەرەنگاری کردن وئازاردانی شووی (باش!) وەکوو ئازاردانی فریشتەی پارێزەری زەوییە وئەو لە ڕێگا ڕۆیشتنی ژنێکی ئاوا بەسەر زەوی دا ڕەنج دەبا.[۱۷]

ــ سەرکردەی ماڵ بەرپرسی ژن وکوێلەی ماڵە و ئەگەر ئەوانە خەتایەک بکەن نیوەی سزاکە سەرکردە دەیدا ونیوەی خۆیان دەیدەن. [جێگای سەرنجە کە هەموو کاتێک ژن لەگەڵ کوێلە و ئاژەڵ و ماڵ دەخرێنە یەک ڕیزەوە.]

ــ کوڕ هەتا باڵق دەبێ، کچ هەتا مێرد بکا و ژن هەتا زیندووە خەرجیان لەسەر بابە و ئەگەر باب مرد لە دارایی باب ئەو خەرجە دەدرێ.[۱۸]

ــ باب مافی فرۆشتنی خێزانەکەی هەیە. بەو شەرتە نەتوانێ خەرجیان بدا. دەتوانێ یەکیان بفرۆشێ بۆ خەرجی ئەوانی دیکە. ئەگەر کەسێک دەستدرێژیان پێ بکا وسزا بدرێ پارەی سزاکە بە باب دەگا. [لە کاتی شەڕی ئێران و عێراق دا زۆر بنەماڵەی هەژار منداڵێکیان دەنارد بۆ شەڕ بەو هیوایە کە بکوژرێ و بە پارەی شەهیدانەکەی منداڵەکانی دیکەیان بەخێو بکەن.

ــ ژن نوێژ کردنی بۆ نییە، نوێژی ئەوەیە کە ڕۆژێ سێ جار کاتی نوێژی بەیانی ونیوەڕۆ وئێواری، دەست بە سینگ لە پێش مێردەکەی ڕاوەستێ بڵێ: تۆخوا چ بیردەکەیەوە تا منیش وا بیر بکەمەوە. چت دەوێ تا وا بڵێم. چ دەفەرمووی تا وا بکەم. هەرچی شوو گوتی ئەوڕۆژە بەو کرداره دەبێ. بێ ڕەزامەندی شوو هیچ نابێ بکا هەتا خوا لێی ڕازی بێ. هەرکەس لەسەر فەرمانی مێردی خۆی بێ ژنی "ئەشو"[دیندار] ە وهەرکەس نەبێ "جە" یە.[۱۹]

ــ پرسە وعەزا بۆ ژن و پیاو وەک یەکە یشت کردن [جۆرێک دۆعاکردن] بۆ هەردووکیان واجبە. تەهارەت وپارێز وبەڕێوەبردنی دابی تایبەتی مردووان بۆ هەر دووان وەک یەکە.[۲۰]

ــ ژن مافی ئەوەی هەبوو کە مولک وداهاتی تایبەتی خۆی هەبێ. ئەگەر کاری کردبا، دەیتوانی مزەکەی بۆ خۆی ڕاگرێ. یا بیدا بە مێردەکەی، ئەگەر ژن و پیاوەکە قەرزیان وەرگرتبا بە جوێ حیسابیان لەسەر دەکرا ودەیانتوانی بەشە قەرزی ژنەکە بە جوێ لە خۆی بستێننەوە.[۲۱]

ــ ژن مافی ئەوەی هەیە بێ دەست تێوەردانی مێردەکەی ماڵ ودارایی خۆی سەرپەرستی بکا و داوبەستەتی پێوە بکا. «ب٧چ ٩»

ــ ئەگەر سەرپەرستی بنەماڵە بێ هۆی شەرعی خەرجی بنەماڵەی خۆی نەدا، ژنی ماڵ دەتوانێ داوای دادخوازی لە دادگا بکا. «ب١٢چ ٩»

ــ ژنی ماڵ دەتوانێ داوا بکا کە سەرپەرستی ماڵ لە مێردەکەی کە ماڵەکە خراپ ئیدارە دەکا، بستێندرێ و بدرێ بە یەکی دیکە. «ب١٢چ١٢»

ــ ئەگەر برایەک لە تەمەنی بلۆق تێپەڕیبێ بەڵام بەر لە ژن هێنان بمرێ، خوشکی دەبێ بە مەرجی "سەتەر ژنی" شوو بکا، ئەگەر دوو برای هەبوو و هەردووک مردن بە نێوی برا چکۆلەکەی مێرد دەکا. «ب١٤چ١٥»

ــ ئەگەر پیاوێک قەبوڵ بکا کە بەشێک لە شتێکی دیاری کراوی بۆ ژنەکەی تەرخان کردووە، ئیتر خۆی مافی دەست بەسەراگرتنەوەی نییە. «ب٣٥چ٢٦»

ــ ئەگەر پیاو داراییەکی دیاریکراوی بە ژنەکەی بەخشی بێ، خۆی مافی کەڵک وەرگرتن لەو داراییەی نییە، ژنەکەشی مافی ئەوەی نییە بێ ئیزنی مێردەکەی بیدا بە یەکی دیکە. «ب٣٥چ١٤»

ــ پیاو تەنیا بە نووسینی پەیمان نامە دەیتوانی ژنەکەی بکا بە شەریکی خۆی، ئەوجا ژن دەیتوانی سەودا و کڕین و فرۆش بکا. ئەگەر پیاو ژنەکەی تەڵاق دابا، ژنەکە دەیتوانی داوای بەشی خۆی بکا.[۲۲]

ــ ژن ناتوانێ داوای داراییەک بکا کە بە مێردەکەیان بەخشیوە. «ب ٣٧چ٦»

ــ ئەگەرژنێک جەواهێرێکی لە لایەن مێردەکەیەوە پێ بەخشرا، ئەگەر مێردەکەی هەتا سێ ڕۆژ داوای نەکردەوە ئەوە دەبێتە هی خۆی. «ب٣٧چ٢٦» [سێ ڕۆژ ئەو ماوەیە کە بۆ هەر سەودایەک وەکوو کات پەشیمانی دانرابوو].

ــ ئەگەر کەسێک لەگەڵ ژنێک کە چلەی زایینی تەواو نەبووە بنوێ و ژنە لەبەر ئەوە بمرێ پیاوەکە دەکوژرێ.[۲۳]

ــ تالیمی ئایینی کچ لە ئەستۆی دایکی بووە.

ــ ژن و پیاو لەو دنیا پێکەوە دەژین وهەر کەس لەگەڵ هاوسەری خۆی، کەیفێک کە لەم دنیا ناتەواو بووە، لەو دنیا بەتەواوی دەبێ.[۲٤]

**۲) لە باری کۆمەڵایەتییەوە:** ــ ڕفاندنی ژن

به زۆر کاری ناپاکانه، بەڵام بە دوویدا ڕۆیشتن کاری گەوجانە و لەبیر بردنەوەیان کاری ژیرانە. چونکە ئەگەر ژنان بۆ خۆیان ڕازی نەبن کەس کاری وەهای پێناکرێ.[٢٥] [ئەمەش یاسای ڕەدو کەوتنەکەی خۆمان]

ـ کچێک کە بە بێ شوو کردن منداڵی بوایە ڕەنگە بەخشرابا، خەرجی منداڵەکەشی لە ئەستۆی بابی کچەکە دەبوو، بەڵام ئەوەی منداڵی لەبەر چواندبا دەکوژرا.[٢٦]

ـ ژن و پیاو پێکەوە دەتوانن لە دادگا پارێزەرێکی(وەکیل- مەحامی) هاوبەشیان هەبێ، بەڵام ژن گەرچی سەرۆکی بنەماڵەش بێ مافی هەڵبژاردنی پارێزەری بە تەنیایی نییە چونکە خاتوونی ماڵ ناتوانێ بەتەنێ خاوەنی دەسەڵاتی تەواو وبەرپرسی ماڵ بێ. «ب٢چ١٠»

ـ ئەم سێ کەسە بۆ شایەتی لە دادگا نابێ قەبوڵ بکرێ: ژن ومنداڵی نابالغ وکوێلە.[٢٧]

ـ لە کتێبی دینکرد دا ژنان شایانی دادیاری زانراون و بە ڕاشکاوی گوتراوە "ئەو ژنانەی کە دەرسی یاسایان خوێندووە لەو پیاوانەی کە ئەو دەرسەیان نەخوێندووە بۆ دادیاری باشترن. [دەزانین کە دادیار و مەحکەمەی ئەو کاتە لەدەست مویدەکاندا بووە، کە وابوو ئەو دەرسە تەنیا ژنێک توانیویە بیزانێ کە موبد بووبێ کە ئەوە بەم شێوە بووە،] بە پێ هێندێ شەرت ژنان پاش ئەوەی گەیشتنە تەمەنی ئەشۆر بوون (یائسە بوون) توانیویانە ببن بە نگابانی ئاوری پیرۆز.[٢٨]

ـ پیاو ناتوانێ بۆ زەمانەت کردنی خۆی لە دادگادا زێڕ وزیوەری ژنەکەی بەگرێو دابنێ. «ب٨چ١٩»

ـ ئەگەر سەرپەرستی بنەماڵە لە ئەستۆی کوڕ بێ، خاتوونی ماڵ ناتوانێ دەست لە دارایی بنەماڵە بدا. «ب١٢چ٤»

ـ ژنێک کە لە کردەوەی خراپی مێردەکەی داوای دادخوازی کردوە هەتا ڕوون بوونەوەی ڕای دادگا لە ژێر دەسەڵاتی مێردەکەدا لادەبردرێ. «ب١٢چ١١»

ـ ئەگەر بێوەژنێک کە سەرپەرستی منداڵەکانییەتی کارێکی بێ ئابڕوویی بکا، سەرپەرستی منداڵەکانی لێ دەستێندرێتەوە وبۆ منداڵە سەغیرەکانی سەرپەرست دەگیرێ. «ب٣٨چ٨»

ـ تاوانی زینا سێسەد درهەمە. «ب٣٨چ٢٧»

ـ ئەگەر پیاوێک بچێتە سەر کچێک، کچەکە چ خزمی سەرۆکی بنەماڵە بێ چ نەبێ (کەنیز) چ بەمێرد درابێ، چ نەدرابێ. ئەگەر لە پیاوەکە منداڵدار ببێ، نابێ لەترسی خەڵک منداڵەکەی بخا. دەنا هەم خۆی وهەم بابی دەبێ سزای کوشتنی بەئەنقەست بدرێن. ئەگەر کچەکە بە پیاوەکە بڵێ وئەویش بۆ لەبەر خستنی منداڵەکە بیباتە لای ژنە جادوو[ئەم نێوەیان بە ئەنقەست لەو ژنانە ناوە] هەرسێکیان تاوانبارن. ئەو پیاوە دەبێ ئەو کچە سەرپەرستی بکا هەتا منداڵەکە دێتە دنیاوە [تا ئێرە باسی ئەوە نەکراوە کە دوایە دەبێ بیهێنێ یانە] ئەگەر پیاوەکە ژنەکە ڕانەگرێ ومنداڵەکە بمرێ، کوشتنی بە ئەنقەستە لە ئەستۆی پیاوەکەیە.[٢٩]

ـ هەرکەس لەگەڵ ژنی زگ پڕ یا ئەوەی کە منداڵی شیرەخۆری هەیە بنوێ. هەر ئازار و زیانێک بە منداڵەکە بگا لە ئەستۆی ئەوە. ئەگەر منداڵەکە لە شیر بتۆرێ یا بریندار ببێ و بمرێ سزای ئەو کەسە مەرگە، ئەگەر بە ئیزنی سەرۆکی بنەماڵە بووبێ، ئەو گوناباره.[٣٠]

ـ ژنی کوێلە.ئەگەر لەکاتی زگ پڕبووندا بفرۆشرێ منداڵەکەشی لەگەڵ دەفرۆشرێ. ئەگەر درا بە پاراستان منداڵەکەشی لە خزمەت پاراستاندا دەمێنێتەوە.

ـ هەر ژنێک لەگەڵ پیاوێکی دیکە بنوێ دەبێتە "جە" وگوناهی بە قەت جادووکردنە، ئەگەر لەگەڵ دوو پیاوی بێگانە بنوێ ڕەبج بە ئەهورامەزدا دەگا و دەبێ هەرچی زووتر بکوژرێ.[٣١]

ـ ئەگەر پیاوێک تۆمەتی زینا لە ژنەکەی بدا و ژنەکەی منداڵی لە زگدا بێ ومنداڵەکە بێتە دنیاوە هەتا تۆمەتەکە لە دادگا دەسەلمێندرێ، پیاو دەبێ خەرجی ژن ومنداڵەکەی بدا، دوایە ئەگەر زیناکار بوونی ژنەکە سەلمێندرا تەواوی مافەکانی لێ دەستێندرێتەوە. «ب٣٦چ١٥»

ـ هەر ژنێک چوارجار لەگەڵ کەسێک جگە لە مێردەکەی بنوێ بە مێردەکەی خۆی حەرام دەبێ.

ـ نوستن لەگەڵ ژنی هەرزە گوناهە ولە ڕادەی نووستن لەگەڵ ژنی پۆن ومێرد بازی ولە دواوە لەگەڵ ژن جووت بووندا هاتووە.[٣٢]

تەڵاق: تەڵاقی سەرۆک ژن ئاوایە کە پیاو دەبێ بڵێ کە پادشا ژنێک کە بووەتە ژنی من بە ڕەزامەندی خۆی تەڵاقم دا. ئەگەر وا نەبێ یا کچە ڕەزای نەبێ تەڵاقی ناکەوێ.[٣٣]

ـ ژن تەڵاقی ناکەوێ مەگەر بە چوار شت: ١)تەرکی نووستن لەگەڵ مێردەکەی بکا، ٢) کاتی پۆن بە مێردەکەی نەڵێ و لێ بشارێتەوە، ٣) جادووگەری بکا یا فێری بێ، ٤) منداڵی نەبێ. ئەگەر ئەمانە نەبێ، تەڵاق دان گوناهە و بۆ کوشتن دەبێ.

ـ هەر ژنێک کە چوار جار بە مێردەکەی بڵێ من ژنی تۆ نیم و شەو و ڕۆژێک لەم قسە تێ پەڕێ ژنەکە دەبێ بکوژرێ.[٣٤]

ـ داوای تەڵاق لە لایەن هەر کامیان ژن یا پیاوەوە بێ، دادگا ئەو داوایە قبوڵ دەکا.«ب٧چ١»

ـ ئەگەر دادگا، هۆی جیابوونەوە بە تەواو نەزانێ، بڕیار بە جیابوونەوە نادا، گەرچی هەر دوو لایەن ڕازی بن. «ب٧چ٢»

ـ ئەگەر پیاوێک سەرۆک ژنی بێ و منداڵی خۆی تەڵاق بدا و ئەو ژنە پاش مێردەکەی منداڵی بێ، یەکەم منداڵی بە ناوبراوی پیاوی یەکەم دەژمێردرێ ولەودنیاش بە ژنی پیاوی یەکەم دەبێ.«ب٧چ٣»

ـ ئەگەر ژن و پیاو لە داراییەکی دیاریکراودا شەریک بن و لێک جوێ بوونەوە، پیاو ناتوانێ بێ ڕەزامەندی ژنە تەڵاق دراوەکەی ئەو داراییە خەرج بکا یا بیدا بە یەکی دیکە. «ب٧چ٥»

ـ ژنی تەڵاق دراو تەنیا حەقی وەرگرتنی ئەو دارایەی هەیە کە خزم وخوێشی خۆی وەکوو خەڵاتی پێیان داوە. «ب٧چ٧»

ـ ئەگەر پیاو داراییەکی بەژنەکەی بەخشی بێ، دوایە بە ڕەزامەندی ژنەکە جیابووبێتەوە. ژن مافی وەرگرتنی ئەو داراییەی نییە ودەگەڕێتەوە بۆ پیاوەکە. «ب٧چ٨»

ـ مێردێک کە مافی دەست بەسەرا گرتنی ماڵی ژنەکەی هەبێ. ئەگەر تەڵاقی بدا ئەو مافەی نامێنێ. «ب٧چ١٨»

ـ سەرپەرستی ژن پاش تەڵاق وهەتا مێردێکی دیکە بکا لە ئەستۆی باب ودایکیەتی. «ب٧چ١٤»

ـ ئەگەر ژنێک بە فەرمانی مێردەکەی نەبێ مێردەکەی دەتوانێ خەرجی نەداتێ.[٣٥][کە ئەمەش بۆ خۆی جۆرێک تەڵاق دانە]

**میرات:** باب بۆ خۆی هەرچەندە بیەوێ دەتوانێ میرات دیاری بکا. بەڵام ئەگەر دیاری نەکرد و مرد، ئەوە کوڕی سەرۆک ژن دوو بەش دەبا وکچ یەک بەش کوڕی چاکر ژن بەشێک (نیوەی کوڕی سەرۆک ژن و کچی چاکر ژنیش نیوەی براکەی.

بەشی سەرۆک ژن وەکوو کوڕەکەیەتی وتەنانەت بە وەسییەت لەو مافە ناکەوێ،. چاکرژن هیچ مافی بە میراتەوە نییە مەگەر بەپێ قەرارێک کە لەپێشدا دانرابێ.٣٦

ــ هەر بەوشێوە کە دارایی وداواکردنەوەی قەرزی بابێک کە مردبێ لە ئەستۆی کوڕەکەیەتی، دانەوەی قەرزەکانیشی لە ئەستۆی ئەوە چون ئەو جێگری ڕاستەقینەی بابیەتی ومیراتەکەی بەو دەگا. «ب٥ چ٢»

ــ پاش مردنی باب ودایک سەرپەرستی برا و خۆشک لە ئەستۆی براگەورەیە. «ب٥چ١٩»

ــ ئەگەر باب ودایک هەر دوو مردن خۆشکی گەورە دەبێتە سەرپەرستی خۆشکی بچوک. «ب٢٣چ٨،٩»

ــ سەرپەرستی بنەماڵە پاش مردنی سەرۆک بە یەکێک لەم چوار کەسە دەدرێ. ١) کوڕی گەورەی حەق[هی خۆی]؛ ٢) کوڕی ناونراو[بە کوڕی خۆی ناو ناوە یا گەورەی کردووە]؛ ٣) ژنەکەی؛ ٤) برایەک کە لە دارایی دا لەگەڵی شەریکە بەش بووە. «ب١١چ١٦»

ــ ئەگەر پیاوێک ژنەکەی خۆی (پاش مردنی) بە سەرپەرستی بنەماڵە هەڵبژاردبێ، پاش ئەوەی یەکێک لە کوڕەکانی گەیشتە تەمەنی بلۆق ژن دەبێ ئەو مافەی خۆی بدا بە ئەو. «ب١٥چ١٢»

ــ ئەگەر پیاو تەنیا یەک کچی هەبێ، ئەو کچە دەبێ شوو بکا بە پیاوێک بە مەرجی "ئێوەک"ژنی «ب١٤چ١» [بڕوانە ئێوەک ژنی]

ــ کچێک کە پێش مردنی بابی منداڵی نەبێ میراتی بابی پێ نابڕێ. «ب١٤چ٤»

ــ خوشک ڕەنگە دوای مردنی برای ببێ بە سەرپەرستی بنەماڵەکەی ومیراتی پێ ببڕێ بەڵام ناتوانێ جێگری پلەی کۆمەڵایەتییەکەی بێ. «ب١٤چ٨»

ــ تا کاتێک کە دایک زیندووە کوڕ حەقی بەمێرد دانی خۆشکی نییە. «ب١٤چ٩»

ــ ژن مافی ئەوەی نییە جگە لە وەسییەتی شووەکەی داراییەکەی بە جۆرێکی دیکە خەرج بکا. «ب١٥چ٢٨»

ــ ئەگەر پیاوێک سەرپەرستی بنەماڵەکەی دوای مردنی خۆی بە یەکی دیکە بدا ژنەکەی ناتوانێ بێ ڕەزامەندی ئەو کەسە کچەکانی بە مێرد بدا. «ب١٥چ٣٢»

ــ ئەگەر میرات بەری پیاو تەنیا ژنەکەی بێ، هەموو داراییەکەی پێ دەبڕدرێ. «ب٢٤چ٦»

ــ ئەگەر ژنەکە منداڵی لە زگ دا بێ و پیاوەکە بمرێ، ئەو منداڵە کە دێتە دنیاوە کوڕبێ، ژن هەر ئەوەندەی پێدەگا کە پیاوەکە بەپێ وەسییەت بۆی داناوە و باقییەکەی دەدرێ بە کوڕەکە. ئەگەر دوو کچ وکوڕێکی هەبێ، پاش لابردنی بەشی دایک باقییەکەی دەکرێ بە دوو بەشەوە بەشێکی دەدرێ بە کوڕەکە وبەشەکەی دیکە بۆ دوو کچەکە. «ب٢٤چ٩»[یانێ کچ نیوەی کوڕ دەبا].

ــ باب دەتوانێ پێش مردن وەسییەت بکا بڕێک لە داراییەکەی بدەن بە کچەکەی کە مێردی کردووە. «ب٢٤چ١٦» [واتە بە ئاسایی کچی مێرد کردوو میرات بەری بابی نییە]

ــ ئەگەر پیاو تەنیا کوڕێکی هەبێ هەموو داراییەکەی (میراتەکەی) بەکوڕەکەی دەگا. «ب٢٨چ٣»

ــ ئەگەر ژنێک لە پیاوێکی دیکە منداڵی هەبێ منداڵەکانی پیاوەکەی دیکە میراتی ئەم مێردەیان پێ نابڕێ. لەم کاتەدا ژنەکەشی بەشێک دەبا، کوڕەکانی هەرکام دووبەش و کچەکەی بەشێک. «ب٣٠چ٨»

ــ ئەگەر کەسێک وەسییەتی کرد کە کوڕو کچەکەی بە قەت یەک میرات بەرن دەبێ وەک یەکیان بدرێتێ. «ب٣٩چ٢٢»

ــ هەرکات ژنێک کە سەرپەرستی بنەماڵەیە زینا بکا لە سەرپەرستی دەکەوێ. «ب٣٩چ٨»

ــ بەشە میراتی کچان دەکرێ لە دارایی هاوبەشی بنەماڵە جوێ بکرێتەوە بەڵام بۆ بەشی کوڕان ئەم کارە نابێ بکرێ. «ب٤٤چ٥»

ئەم یاسایانە و بێ ژمار یاسای سەرەڕۆیانەی دیکە بوون کە خەڵکی هەژاریان کردووە بە لایەنگری "مەزدەک" و کاتێک ئەو جووڵانەوەیە تێکدەشکێ، باوەشیان بۆ ئیسلام دەکەنەوە بەو هیوایە کە بەڵکوو یاسایەکی چاکتری پێ بێ! بەم جۆرە گەورەترین و بە هێزترین ئیمپراتوری ئەو سەردەمە بە چۆکدا دێ.

**سەرچاوەکان:**


١) *حیات اجتماعی زن در تاریخ ایران*، وهاب ولی، دفتر پژوهشهای فرهنگی، ل٨٦.
٢) *سەفەرنامە* جکسون، ترجمە منوچهر امیری، انتشارات خوارزمی، ل ١٤٥-١٦١.
٣) *تاریخ اجتماعی ایران*، مرتضی راوندی، جلد ١، ل٦٣٤.
٤) *زن بە ظن تاریخ*، بنفشە حجازی، انتشارات شهرآب، ل١٥٨.
٥) *دین زرتشت و نقش آن در جامعە ساسانیان*، فرشتە عبدالهی، انتشارت ققنوس، ل ٢٠٦.
٦) سەرچاوەی٤، ل١٥٠-١٥١.
٧) سەرچاوەی ٥، ل١٨٢-١٨١.
٨) سەرچاوەی ١، ل ١٠٥.
٩) هەموو ئەو بڕگانە کە ژمارەی بەش (ب) و ژمارەی چاوە (چ) یان هەیە، چاوە یاسان کە لەم سەرچاوە وەرگیراوە: گێڕانەوە لە "**ماتیکان هزاردستان**" "قانون مدنی زرتشتیان در زمان ساسانیان" گرد آورندە و ترجمە: "موبد رستم شهرزادی " بڵاو کراوەی "انجمن زرتشتیان تهران".
١٠) سەرچاوەی ١، ل ٥٩، گێڕانەوە لە شایست و ناشایست بەشی ١٠ بڕگەی ١٩
١١) سەرچاوەی١، ل٦٠
١٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠
١٣) پێشوو، ل٦١، گێڕانەوە لە «**بوندهش**» بەشی ٢٩، بڕگەی٨و٩
١٤) بۆ شێوەکانی هاوسەری بڕوانە سەرچاوەی٤، ل١٨٠-١٨٤
١٥) پوشاک باستانی ایرانیان، ضیا ءپور، ل ١٩٤
١٦) « سەرچاوەی ١، ل٥٥، گێڕانەوە لەکتێبی شەشەمی "دینکرد" ل ٤٩٢ .
١٧) سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦
١٨)سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٩
١٩) سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٥
٢٠)سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٦
٢١) سەرچاوەی پێشوو، ل٨٠
٢٢) سەرچاوەی٣، ل ٦٦٢
٢٣) سەرچاوەی١، ل ١٠٠
٢٤) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٦
٢٥) سەرچاوەی٣، ل ٤٣٢
٢٦) پێشوو ل ٤٣٥
٢٧) سەرچاوەی١، ل٨٠، گێڕانەوە لە مینوی خرد، پرسیاری٣٨
٢٨) سەرچاوەی٤، ل ١٠٣
٢٩) سەرچاوەی١، ل٣٨
٣٠) سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣
٣١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٧
٣٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٠
٣٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٨٦.
٣٤) سەرچاوەی پێشوو،ل ٨٧
٣٥) سەرچاوەی پێشوو، ل٨٦
٣٦)سەرچاوەی پێشوو، ل٨٠


***

## داوای لێبووردن

سەبارەت بە نووسراوەی«دەنگی خۆش وڕەنگی خۆش» کە لە ژمارە٨(هاوینی ٩٥)ی«گزینگ»دا، چاپکراوە ــ هەرچەند درەنگ بووە و بەڵام ئێستاش نەچووە بچێ ــ دەبێ ڕابەگەیێنم کە ئەو نووسراوەیە بەگوێرەی ڕێباز و ناوەرۆکی گزینگ، نەدەبوو بێتە چاپکردن... بەم بۆنەوە لە هونەرمەند و شاعیر«گینایاکۆبی» و، هەروەها لەوخوێنەرەوانەی کە ئەم نووسراوەیە بووەتە هۆی ناڕەزایەتیان، داوای لێبووردن دەکەم. سپاسیش بۆ ئەو کەسانەی کە لە لاڕێ نەبوونی گزینگدا ئەوپەڕی دڵسۆزی دەنوێنن.

بەرپرس و بەرکاری گزینگ: س. چ هێرش

# گەلی کورد و دەسەڵاتی سیاسی لە «مەم و زینی» خانی دا

**بەشی یەک: لە بواری مێژوودا**

د. ئەمیری حەسەنپوور - زانستگای کۆنکۆردیا، مونتریال

مرۆڤ مێژووی خۆی دادەهێنێ(دروست دەکا) بەڵام نەک هەر چۆنێکی پێی خۆش بێ. (مرۆڤ مێژووی خۆی) لە شەرت و مەرجێکی وادا کە بۆخۆی هەڵیبژاردبێ داناهێنێ، بەڵکوو لە شەرت ومەرجێکی وادا کە راستەوخۆ لە رابردوو وەرگیراوە و دراوە وگەیێندراوە...

کارل مارکس١

## ئەلف ـ دارشتنی باسەکە

مەم و زین ی خانی، سێسەد ساڵ دوای هاتنە دنیـــــایە، دەورێکی نوێی ژیانی خـــــۆی دەستپێکردووە. چەند ساڵێکە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی ناوەرۆکــــەکــــەی لە روانگەی جۆراوجۆرەوە باو بووە. لە باری فۆرمەوە، مەم وزین تا ئێستە بە تۆێکڵی هونەری شانۆگەری، فیلمی سینەما و نیگارکێشان داهێنراوەتەوە. کتێبەکە لە هەر چوار پارچەی کوردستـان، لە تورکـــــیـــــا(١٩١٩، ١٩٦٨، ١٩٧٨)، سوریا(١٩٤٧)، عێراق(١٩٦٠مەتنی هەژار، ١٩٥٤، ١٩٦٨، ١٩٩٠) و ئێـــــران(١٩٧٩ مەتنی هەژار، ١٩٨٨)، بلاوبۆتەوە. لە دەرەوەی ولاتیش، لە فەرانسە(١٩٨٩) وسوێد(١٩٩٥) مــەتنی تازەی چاپ کــراوە[٢]. لە وەرگــێرانی کـتێـبەکـەشدا، هەنگاوی گەورە بەلام هێـدی هەڵگیراوە ــ لە پێشدا بە رووسی(١٩٦٢) و دوایەش بە تورکی(١٩٦٨) و عەرەبی(١٩٩٥) بلاوبۆتەوە و مەتنی ئەلمانیشی چاوەروانی چاپ بوونە[٣]. مەم و زین وەک زۆر بەرهەمی نووسراوی کـوردی تووشی سـانسـۆر و سـەرکـوت بووە، بەتایبەتی لە تورکیا. پۆلیسی تورکیا سێ هەزار نوسخەی جلد نەکراوی چاپی ١٩٦٨ی سووتاند و دادگـای ئیسـتـامـبـوڵ مـحـەمـەد ئەمین بۆزەرسلان، وەرگێر و بلاوکەرەوەی کتێبەکەی، موحاکەمە کرد[٤].

مەم وزین، وەک گـشت مـەتنێکی ئەدەبی وسیاسی، مەعنایێکی یەکجاریی و نەگۆڕاوی نییـە. خـوێنەرەوە لە هەر خـوێندنەوەیێکدا، بە گـوێرەی کـات وجـێگە و لە چوارچێوەی فکری وسیاسی خۆیداء مـەعنایێکی بۆ دەخـولقێنێ. بەلام هەر لە ئەو مـەعنا جـیـاوازانەدا، چەند هێڵی گشتی لە هەڵسەنگاندنی میراتی سیاسی خانیدا بەدیدەکرێ.

١) لە روانگەی کـوردایەتیـیـەوە، خـانی داهێنەری بیـروباوەری نەتەوایەتیـیـە، لەو بۆچوونەدا کـوردایەتی ئەورۆ، وەک بیـروباوەر و بەرنامـەی سیاسی، درێژەپێدان و گەشـانەوەی فکری خانی یە. بۆ وێنە دوو سـەد سـاڵ دوای مـەم وزین، حـاجی قـادری کـۆیی، کـە خـۆی ئالاهەڵگری بیـری کـوردایەتی نوێیـە، لە باسی بەرهەمی خانیدا گوتی:

> ئەمـان قـەدری بزانن ئەم کـتـێـبـە
> لە دونیا ئێستەکی هەمتای نەماوە...
> لە مـەجـمـوعی دووەل سـۆران وبۆتان
> لە سـایەی ئەم کـتـێـبـە ناسـراوە
> لە کوردان غەیری حاجی و شێخی خانی
> ئەســاسی ئەزمی کـــوردی دانەناوە[٥]

سێ سـەد سـاڵ دوای مەم وزین، سەردێری نووسـراوەیێک لە رۆژنامـەی بۆتان دا، دەڵـێ: «خانی ئۆتۆنۆمی ناخوازە». سەردێری شیـعری شـاعـیـرێک باسی«بروسکا ناگـەهدارێ ژ(خانی)را»[٦] دەکـا. ئاشکرایە خـانی ئەورۆش رێگانیـشـاندەری بزووتنەوەی کـوردایەتی یان بەشێک لەو بزووتنەوەیە. ئەو بۆچوونە کورد وەک نەتەوەییکی(nation) لەمـێژینە چاولێدەکا و پێشی وایە بەڵگەی هەرە گرینگی نەتەوە بوونی کورد مەم وزین ی خانی یە. خانی نەتەوەپەرست (ناسیـۆنالیـست) بوو، داوای دامـەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی(national–state) یان نـــەتـــەوە ـ دەوڵـــەتـــێـــکـــی (nation state) کوردی دەکرد[٧].

٢) بۆچوونێک، کـە بەتایبـەتی لە نێـو حێندێک لە لێکۆڵەرەوەی رۆژئاوادا باوە، بیری خانی وەک فکرێکی نەتەوەیی(ناسیۆنالیستی) چەشنی ناسیـۆنالیـسـمی ئورووپا دادەنێ بەلام پێیوایە بیری ناسیۆنالیستی خانی لە سەدەی حەڤدەدا ــ چ لە کوردستـان و چ لە ولاتانی تری رۆژهەلات- هـەڵـــکـــەوتــــێـــکـــی زەمانبەدەر(anachronistic) بـووە. بـۆ وێـنـە «رۆژێ لێـسکۆ» دەڵێ خـانی شـاعـیـرێکی نەتەوەیی نموونەیە کە « بە راگەیاندنی کەسایەتی کوردان و مـافی سەربەخۆییان، لە زەمـانێکی دا کە ناسیۆنالیسم لە ولاتی ئیسلام نەناسراو بوو، چەند سەدە لە سەردەمی خۆی وەپێش کەوت[٨]». تەنانەت لێکۆڵەرەوەی لێهاتوو وردبین «مارتین ڤـان برۆینێسـن»، لەگـەڵ ئەوەشـدا خـانی بە ناسیـۆنالیست دانانێ، دەڵێ دیباچەکـەی مەم وزین چوارچێوەیێکی[ناسیـۆنالیستی]مۆدێرنی هەیە. ڤان برۆینێسن دەڵێ «خانی سێسەد ساڵ

بەرێ، گوتنێن نەتەوەپەروەرێن سەدسالابیستان ئانیێ سەر زمێن. د ڤێ پێشگوتنێ دا خانی دەولەتەکە کوردیا نەتەوی دخوازە». ڤان برۆینێسن بیری خانی ئەوەندە پێ مۆدێرنە کە شک دەکا ئەو قسانەی لە دیباچەی مەم وزین دا کراوە هینی خانی بن. پێیوایە لەوانەیە خەڵکی تر لە کاتی نووسینەوەی مەم وزین دا ئەو دیباچەیان لێ زیاد کردبێ[٩].

٣) بۆچوونێکی تر پێیوایە کە بیروباوەڕی خانی ئیدەئۆلۆژی ناسیۆنالیستی (نەتەوایەتی) چەشنی ناسیۆنالیسمی نەتەوەکانی ئوڕووپای ڕۆژئاوا نییە. «د. عەبباسی وەلی» دەڵێ خانی یان حاجی قادر ئەو ئەزەرەیان دەربڕیوە کە «کورد میللەتێکە و فەرزەن دەبێ دەوڵەتی خۆی هەبێ یان مەسەلەن شای خۆی هەبێ... بەڵام ئەو جۆرەی کە ئێمە بتوانین بڵێین ئەوە ئیدەئۆلۆژییەکی سیاسی بووە کە لە کوردستاندا هەبووە، بە ڕای من دروست نییە.» خانی ئیدە(idea)ی هەبووە بەڵام ئیدە بە تەنێ نابێتە ئیدەئۆلۆژی. هەلومەرجی تایبەتی بۆ پەیدابوونی ئیدەئۆلۆژی ناسیۆنالیستی «لیبرالیزەبوونی پرۆسەی کولتووری ودێمۆکراتیزەبوونی پرۆسەی سیاسییە. ئەوانە پێویستن، لە دوایە هەبوونی شەبەکەیەکی ئابووری و بوونی -intelligent sia ڕووناکبیرانێکی ئەوتۆ کە بتوانن ئەو هێزە سیاسییەی بهێننە پێشێ». ئاشکرایە کە ئەو شەرت و مەرجانە لە سەردەمی خانیدا، تەنانەت هەتا سەرەتای سالانی ١٩٤٠، لە ئارادا نەبوون. کە وابوو ڕێبازی خانی ناسیۆنالیسم نییە و ڕاستتر ئەوەیە کە، وەک تێڕوانینی فیردەوسی، پێی بڵێین «نیشتمانپەروەری» (patriotism)[١٠].

ئەو تێبینییانە هەر یەکەی ڕووناکاییێکی دەخەنە سەر مێژووی کوردایەتی و دەوری خانی لە پەیدابوونی جیهانبینی بزووتنەوەی کوردایەتی دا. بەڵام هێشتا زۆر لایەنی ئەو باسە باش شینەکراوەتەوە و ڕێگە بۆ لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی زۆرتر ئاواڵەیە. ئەو زنجیرە نووسراوانەی من تێکۆشانێکە بۆ پڕکردنەوەی بەعزە کەلێن و کولێنێک لە زانیاری سەبارەت بە پرۆسەی سەرهەڵدانی گەلی کورد لە سەدەی ١٦ و ١٧دا.

لایەنگری سیاسی و ئیدەئۆلۆژی بەشێک لە ژیانی فکری بەشەرە و بێلایەنی لە مێژوونووسیندا یان تەنانەت لە زانستە تەجروبییەکانیشدا(وەک فیزیک وشیمی)ئیمکانی نییە. گشت مێژوونووسێک، لە هەڵبەژاردن یان داتاشینی فاکتەوە (fact) بگرە هەتا لێکدانەوەی ڕووداو و فاکتەکان، چوارچێوەی تیۆری و ئیدەئۆلۆژی خۆی هەیە. من حەولدەدەم لەو زنجیرە نووسراوانەدا، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەکەم لە چوارچێوەی تیۆری و فەلسەفەیی ماتریالیسمی مێژوویی و جەدەلی(دیالێکتیک)دابێ.

بە بۆچوونی من بیر و ڕای خانی نە بیری ناسیۆنالیستییە(ئەو چەشنەی لە ڕۆژئاوا دەستی پێکرد)، نە نیشتمانپەروەری چەشنی فیردەوسی یە. من لە دوا بەشی ئەو زنجیرە نووسراوەدا، دەگەڕێمەوە سەر ئەو بابەتە و لێرەدا هەر بە کورتی ئیشارەیێکی پێدەکەم. لە لاییێکەوە ڕێبازی خانی ناتوانێ ناسیۆنالیستی بێ چونکە ناسیۆنالیسم وەک کۆڵەکەیێکی ئیدەئۆلۆژی چینی دەسمایەداری ئوڕووپای ڕۆژئاوا سەریهەڵێنا و ئەو چینە لە کوردستانی سەردەمی خانیدا هێشتا نەهاتبووە گۆڕێ. خانی نوێنەری ئەدەبی و سیاسی چینی دەرەبەگی دەسەڵاتدار(خان و حاکم)ی کوردستان بوو. لە سەردەمێکدا بورژوازی (چینی دەسمایەدار)ی ئوڕووپا دەیەویست دەوڵەتی پاشایەتی (دەسەڵاتی چینی دەرەبەگ) سەرنەخوون بکا و دەسەڵاتی چینی خۆی دابمەزرێنێ، خانی ئارەزووی دەکرد دەسەڵاتی پاشایەتی دابمەزرێ و کوردستان و وردە دەوڵەتەکانی لە ژێر ئاڵای چینی دەرەبەگدا یەکبگرن و سەربەخۆبن. لە لایێکی ترەوە، خانی لەگەڵ ئەوەشدا کە نیشتمان و گەلەکەی خۆشدەویست، ڕێباز و بەرنامە سیاسییەکەی لە چوارچێوەی نیشتمانپەروەریدا جێی نابێتەوە. لە زەمانی فیردەوسیدا، دەوڵەتی ئێرانی(عەجەم) دامەزرابوو و فیردەوسی ئارەزووی دامەزرانەوەی پاشایەتیێکی خەیاڵی و ئەفسانەیی کۆنی دەکرد. بەڵام خانی، کوردی وەک گەلێکی «مەحکووم »و «مەحرووم» چاولێدەکرد کە «هەتیو»بووە و، لە بەر نەبوونی «جیهانپەنایێک»، بۆ قازانج و بەرژەوەندیی ڕۆم وعەجەم «لە خوێنی خۆیدا دەگەوزێ».

## ب ـ بارودۆخی سەردەمی خانی

لەو بەشەدا باسی ئەو شەرت ومەرجە مێژووییە دەکەم کە، مارکس گوتەنی، خانی بۆخۆی هەڵنەبژاردبوو و ڕاستەوخۆ لە ڕابردووڕا بە میرات وەریگرتبوو. خانی لە ساڵی ١٠٦١ک (١٦٥٠-٥١)لە دایک بوو. لێرەدا من باسی بارودۆخی کوردستان لە دووسەدەی پێش هاتنە دنیای خانی دەکەم، لە ناوەڕاستی سەدەی پانزدەوە هەتا ناوەڕاستی سەدەی حەڤدە.

**.سەرهەڵدانی ئابووری، کۆمەلایەتی، سیاسی وکولتووری (سەدەی ١٥و ١٦).**

کوردستان، سەرباقی پەرژینە شاخ وداخاوییە پتەوەکەی، لە هێرشی عەشایری تورک و مەغولدا (سەدەی١١ هەتا١٤) وێران بوو و بەشێکی زۆری خەڵکەکەی کوشتارکران و بەشێکیان پەرەوازەی سوریا و میسر و ئەلجەزیرە بوون. مەغولەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٣دا، دیاربەکر، کرماشان، شارەزوور، هەولێر، جزیرە، میافارقین و ماردینیان وێرانکرد و خەڵکەکەیان قەلاچۆکرد. سوپای مەغول لە هێرشی ساڵی ١٢٥٩ بۆ سوریا تەواوی کوردی حەکارییان بە شیر سەربڕی[١١]. مەنگووخانی مەغول، کاتێکی براکەی هولاگوخانی دەنارد بۆ داگیرکردنی ئاسیای ڕۆژهەلات و سەرنەخونکردنی خەلافەتی عەبباسی، فەرمانی دایە کە «لوڕ و کوردان لەناوبەرە و بنکەکانیان.. وێران بکە[١٢]». دوای لەبەریەکترازانی دەسەلاتی مەغول، دوو عەشیرەتی تورکمان ـ قەرەقوینلوو(١٣٧٥-١٤٦٥)، ئاق قوینلوو(١٣٧٨-١٥٠٨) ـ دەوڵەتی خۆیان دامەزراند و کوردستانیان کردە شەڕگەی خۆیان.

سەرباقی کوشتار و وێرانی و ئاژاوەی لەڕادەبەدەری سەدەی ١٣ و ١٤، کوردستان لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٥بەولاوە وردەوردە بووژاوە. دەکرێ بڵێین ئاخر وئۆخری سەدەی ١٥ و سەدەی ١٦ سەردەمی گۆڕانێکی ئابووری و کۆمەلایەتی گرینگە لە سەرانسەری کوردستاندا. شێوەی ژیانی عەشیرەتی و نیوەکۆچەری بەکاوەخۆ ←

دەگۆڕدرا و ژیانی نیشتەجێیی، لە سەر بنچینەی کشتوکاڵ، پەرەی دەستاند. بە گەشانەوەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، گوندەکان ئاوەدان دەبوونەوە و ئاوایی تازە دادەمەزرا.

پەرەسەندنی ئابووری کشتوکاڵ، بوو بە هۆی بووژانەوەی ژیانی شارنشینی. فرەبوونی بەرهەمی دەغڵودان ڕێگەی خۆشکرد بۆ ئەوەی نفووسێکی زۆرتر، بەبێ کارکردن لە سەر زەویوزار، لە شارەکاندا کۆببنەوە و بە بەرهەمی لادێ بحاوێنەوە و خەریکی کەسبوکار و پیشەسازی بن. لە سەدەی ١٦ بەولاوە ئاڵوویری نێوان شارودێ و نێوان شارەکان و تەنانەت تیجارەتی کوردستان و وڵاتی تر بڕەوێکی زۆری بوو[١٣].

بۆ وێنە، لە ساڵی ١٠٠٥ک(١٥٩٧)دا، پیشەوەر و کاسبکار (اهل صناع و محترفه) لە شاری بدلیسدا نزیکەی ٨٠٠ دوکانیان داناوو و شارەکە شازدە گەڕەک، هەشت حەمام، چوار مزگەوتی جامیع و ٢١ پردی بەردینی هەبوو و نزیکەی ٥٠٠عالم و مەلا و فەقێ لە مزگەوت و تەکیە و خانەقاکاندا دەحاوانەوە[١٤]. نزیکەی شێست ساڵ دوایە، بە قسەی ئەولیا چەلەبی، کە لە ساڵی ١٦٥٥ و ١٦٥٦ چەند مانگ لە بدلیس ڕایبوارد، ئەو شارە ئەوەندەی دی ئاوەدان ببۆوە و ١٢٠٠ دوکان، چەند بازاڕی گەورە، بازاڕێکی بەزازان، دوو بازاڕی دەباغان و بازاڕێکی ڕەنگرێزانی هەبوو. بدلیس هەروەها پێنج هەزار «خانووبەرەی بەشکۆ»ی تێدابوو و ١٧ گەڕەکی هەبوو. بوونی ٩ کاروانسەرا کە یەکیان تایبەتی تاجران بوو ئەوە ئاشکرا دەکا کە ئاڵوویرێکی بەرین لە ئارادا بووە. ژمارەی میحرابەکان ١١٠ بوو کە لەوانە پێنجیان مزگەوتی جامیعی گەورە و بیست وشەشیان مزگەوتی گەورە (مساجد عظیملر) بوون. هەر یەک لەو مزگەوتانە مەدرەسە (دارالتدریس) و دارالقران و دارالحدیثی هەبوو و بێجگە لەوانە پێنج مەدرەسەی (دارالتدریس)سەربەخۆ و حەفتا مەکتەبی منداڵان (مکتب صبیان)و ٢٠ تەکیە بدلیسیان کردبوو بە ناوەندێکی گرینگی زانستی دینی و غەیری دینی. نفووسی شاری دەگەیشتە ٤٠ هەزار کەس. ئەولیا چەلەبی دەڵێ بدلیس «شانازی(آبرو)وڵاتی کوردستان و باغی ئیرەمی بوو»[١٥].

گەشەکردنی ئابووری کشتوکاڵ و ئابووری شار دەورێکی گرینگی گێڕا لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستاندا. لە باری سیاسییەوە، دەرەبەگە بە هێزەکانی کوردستان دەسەڵاتی خۆیان پەرەپێدا و هەریەکەی لە ناوچەیێک دەزگای حکوومەتی خۆیان دامەزراند و بوونە میر و حاکم و خان. سەرهەڵدانی دەسەڵاتی سیاسی ئەوەندە خێرا بوو کە ئاخر وئۆخری سەدەی ١٦، کە شەرەفخان مێژووی کوردستانی دانا، زۆربەی وڵات لە ژێر دەسەڵاتدارێتی ئەمارەتە کوردەکاندا بوو. حێندێک لەو وردە دەوڵەتانە سەربەخۆ بوون و پێوانەی سەربەخۆییشیان خوتبە خوێندنەوە بە نێوی حاکمی ئەمارەت و سکە لێدان بوو. ئەمارەتەکان دەم و دەزگای دەوڵەتی، ئاڵا، سنوور و سوپایان هەبوو و حکوومەت پشتاوپشت لە بابەوە دەگەیشتە کوڕ.

لە گەڵ ئەوەشدا سەرهەڵدانی دەسەڵاتی سیاسی کورد پێوەندی بە گۆڕانی ناوخۆیی گەلی کورد هەیە(کە بە کورتی باسکرا)، باری سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەدەی ١٤ و١٥دا تا ڕادەیێک ڕێگای بۆ دامەزرانی ئەمارەتەکان خۆشدەکرد. مەغولەکان، دوای گرتنی بەغدا لە ١٢٥٨دا، دەزگای خەلافەتی ئیسلامییان سەرنخوون کرد بەڵام نەیانتوانی دەسەڵاتی خۆیان لە ئاسیای ڕۆژئاوادا پتەوبکەن. شەڕ و هەڵلا و ئاژاوەی ئەپساوە لە سەدەی ١٤و١٥دا، فەزا یان بۆشاییێکی سیاسی لەباری بۆکورد و غەیری کورد پێکهێنا بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی بەهێز ومەزن دابمەزرێنن. لە ماوەی ئەو دوو سەدەدا، زۆر هێزی جۆراوجۆر هاتنە گۆڕێ و بەرز ونەوی بوونەوە. لە ئەنجامدا دوو ئەمارەتی سەفەوی(١٥٠٢-١٧٣٦) و عوسمانی(١٣٠٠-١٩٢٢)وەک دوو زلهێز دامەزران و ناوچەیێکی گەورەی دنیایان لە باکووری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ئورووپاوە هەتا هیندووستان، لە نێو خۆیاندا دابەش کرد.

لە پڕۆسەی ئەو گۆڕانە مێژووییەدا کە لە پێشدا باسکرا، پێوەندی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا ئاڵۆزترر دەبوو. نیشتەجێ بوونی عەشیرەتەکان و کزتربوونی دابی نیوەکۆچەری، داپچڕانی چینایەتی بەرینتر کرد و چینی وەرزێر و دەرەبەگی بەرەنگاری یەکتری دەکرد. لە شارەکانیشدا کاسبکار و سەنعەتکاری هەمە چەشنە و حەکیم وشێخ و مەلا و فەقێ و تاجر و بەشێک لە بنەماڵەی دەرەبەگ و (لە پێتەختی ئەمارەتەکاندا) سوپا و ئەندامانی دەوڵەتیی خانەکان دەژیان و جیاوازی و ناکۆکی کۆمەڵایەتی لە ڕادەیێکی بەرز دا بوو. لەو سەردەمەدا سێ شێوەی بەرهەمهێنان و سێ شێوەی ژیان ـ عەشیرەیی ونیوە کۆچەری، دەرەگی و شارنشینی ـ لە پاڵ یەکدا، لە کۆکی و ناکۆکیدا، لە ئارادا بوون. *شەرەفنامە* و *سەیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی*، لە گەڵ ئەوەشدا لە ڕوانگەی چینی دەسەڵاتداری دەرەبەگی کورد و عوسمانی نووسراون، وێنەیێکی ڕوونیان لە ئاڵۆزبوونی ساختی کۆمەڵایەتی کوردستان کێشاوە. بەپێچەوانەی بۆچوونێکی زۆر باو و ساویلکانە، ئەو زانیارییەی کە لە بەر دەست دایە ئاشکرایدەکا کە گەلی کورد لە سەردەمی خانیدا، کۆمەڵە عەشیرەتێکی پرژ و بڵاو نەبوو. لە کوردەواری سەدەی ١٧-١٥دا، تەواوی ناکۆکییە مەزنەکانی کۆمەڵی پاش- عەشیرەیی تەقیبۆوە: ناکۆکی چینایەتی(جووتیار ودەرەبەگ لە گونددا، تاجر ودەوڵەمەند و خەڵکی هەژار وکرێکار لە شاردا)، ناکۆکی شار و دێ، ناکۆکی نێشتەجێیی و کۆچەرێتی، ناکۆکی کاری فکری و بەدەنی و زۆر ناتەبایی تر. ئاشکرایە کە تەواوی ئەو ناتەباییانە لە پەنای ناکۆکی سەرەکی نیزامی دەرەبەگایەتیدا ـ ناکۆکی چینی دەرەبەگ و جووتیار ـ لە پێکدادان و ڕێککەوتندا دەژیان.

قووڵایی و فرەلایەنی بوونی گۆڕانکاری سەدەی ١٥ و ١٦ هەروەها لە پەیدابوونی وشیاری سیاسی و زمانی وئەدەبیدا خۆی دەنوێنێ. مەبەست لە وشیاربوونەوەی سیاسی لەو بارودۆخەدا، ئاگادار بوونی کوردان ـ بە لانی کەمەوە ڕێبەران وڕووناکبیران ـ لە جێگە و ڕێ و شوێنی خۆیان و وڵاتەکەیان لە زەمان(مێژوو)و مەکان (کوردستان و ڕۆژهەڵات). پێداویستی وەخۆهاتنەوەیێکی وا ـ خۆ بە کورد دانان یان کوردایەتی ـ وەلانان یان بازدان بە سەر هەستی تایفەگەری، عەشیرەگەری و ناوچەگەری بوو، واتە ئەو هەستانەی کە بە تایبەتی لە کۆمەڵی فیۆدالیدا ڕیشەیان داکوتاوە. ئەو خۆناسین و خۆدیتنەوە لە پێشدا لە گۆڕەپانی زماندا دەستی پێکرد، ئەو کاتەی کە چەند مەلای زانای کورد شیعریان بە کوردی دانا و بەو «بیدعەتە» بەربەرەکانی دەسەڵاتی سیاسی و کولتووری عەرەبی و فارسییان کرد. بەڵگەیێکی تری هەستی خۆ بە کوردناسین، دانانی هەوەڵ مێژووی کوردستان ـ *شەرەفنامە* ـ لە ئاخری سەدەی ١٦ بوو. نووسەری ئەو مێژوویە، کە خۆی حاکمی ئەمارەتی بدلیس بوو، بە دەردی مینۆرسکی

گوتی، وێنەیێکی «کوردستانی گەورە»ی کێشاو وردە دەوڵەتەکانی بە گوێرەی ڕادەی سەربەخۆییان دابەشکرد و لە کتێبەکەیدا لە پێشدا باسی ئەو دەوڵەتانەی کرد کە «ئاڵای سەلتەنەتیان هەڵکردووە».

بە کوردی نووسین، نیشانەیێکی گرینگی خۆناسین وخۆدۆزینەوە بوو. نووسین تەنیا قەڵەم کێشان بە سەر کاغەزدا نییە و بونیادێکی (ئەنستیتوسیۆنێکی) کۆمەڵایەتییە. لەگەڵ ئەوەشدا نزیکەی شەش هەزار ساڵە نووسین لە ئارادایە، هێشتا زۆربەی زمانەکانی دنیا دەستیان نەگەیشتۆتە داوێنی خوێندن ونووسین. نووسین لە سەرەتای ژیانیەوە لە پاوانی (ئینحیساری) پاشایان، چینە دەسەڵاتدارەکان، دەوڵەتان و پیاوان دا بووە. نووسین بە کوردی، کە لە سەرەتادا تەنیا لە مەیدانی شیعردا بووە، لە شەرت و مەرجێکدا دەستی پێکرد کە زمانی عەرەبی و فارسی دەسەڵاتی تەواویان هەبوو. زۆربەی عولەمای کورد پێیان وابوو کە زمانێکی نەنووسراوی وەک کوردی بە کاری داهێنانی ئەدەبی و دینی و زانستی نایا. کۆنەپەرستان دەکارهێنانی زمانی کوردیان لە نووسیندا وەک بەربەرەکانی کردنی زمانی خولا ـ عەرەبی ـ چاولێدەکرد و وەکوو «بدعە»یێک خەڵکیان پێ چاوترسێن دەکرد. ترس لەو تەکفیرە لە ئەدەبیاتی کۆنی کورمانجیدا بە ڕاشکاوی دەربڕاوە. سەرباقی وەش، پێش دانانی مەم وزین، چەند شاعیری مەزنی وەک عەلی حەریری، مەلای جزیری، سەلیمی سلێمان و فەقێ تەیران ڕچەیان شکاند و تاڕادەیێک ڕێگەیان بۆ خانی خۆشکرد.

دەستپێکردنی ئەدەبی کوردی لە ئەمارەتەکانی باکووری کوردستان (بە کورمانجی) و لە ئەمارەتی ئەردەڵان (بە هەورامی) هەڵکەوتێکی سەیر نییە. نووسین وخوێندەواری پێوەندییێکی تەواوی لەگەڵ چلۆنیەتی دابەشبوونی دەسەڵاتدارێتی هەیە. گەشەکردنی ئابووری کوردستان، جیابوونەوەی کاری فکری و بەدەنی توند و تیژتر و بەرینتر کرد. بۆ وێنە، شاری بدلیس لە کاتی دیداری ئەولیا چەلەبی، ٤٠ یان ٥٠ جەراح وحەکیمی لێبوو و ژمارەی عولەما لەو ئەمارەتەدا دەگەیشتە چەند هەزار کەس. چەلەبی لە شاری بدلیس حەوت شاعیری دەناسی کە دیوانی شیعریان هەبوو[١٦]. خان عەبداڵ، حاکمی بدلیس، خۆی زانایێکی گەورە و حەکیمێکی باش و شاعیر بوو. کتێبخانەی عەبداڵ خان چەند هەزار کتێبی تێدابوو و پڕ بوو لە دەستنووسی بێهاوتا و کتێبی چاپی فەرەنگستان. جیابوونەوەی کاری فکری و بەدەنی بە شێوەیێکی وا کە چەند هەزار کەس، بگرە چەند سەد کەس، لە سەر زەوی ئیش نەکەن و تەنیا خەریکی ئەرکی فکری بن بە بێ پشتیوانی دەوڵەتی ئەمارەت و چینی دەرەبەگ و تاجر و دەوڵەمەندانی بدلیس پێکنەدەهات. داهاتی ئەو بونیادە دینییانە (مزگەوت و مەدرەسە و تەکیە و...) بەشێکی زۆری لە مەوقووفەی زەویوزار و گوند و حەمام و دوکان و مولکی تر کۆدەبۆوە. دەرباری خانەکان و دیوەخانی ئاغاوەت کانگایێکی تری ئەدەبی کوردی بوو.

سەدەی حەڤدە، سەرباقی کەندوکۆسپێکی زۆر لە ڕێگەی سەرهەڵدانی کۆمەڵایەتی و ئابووری وکولتووری کوردستاندا، وەک سەردەمی ڕۆنێسانس (ژیانەوە)ی کوردستان چاوی لێکراوە[١٧]. پێویستە ئەوەمان لە بەر چاوبێ کە ڕۆنێسانس (لە دایکبوونەوە)ی ئورووپا لە سەردەمی داکەفتنی دەرەبەگایەتی و بەدیهاتنی نیزامی دەسمایەداری (سەدەی پانزدە هەتا سەرەتای سەدەی حەڤدە) لە ئارادابوو بەڵام بووژانەوەی کولتووری سەدەی حەڤدەی کوردستان لە جەنگەی سەرهەڵدانی نیزامی دەرەبەگایەتیدا وەڕێکەوت.

لەت و کوتی یان پرژاوی دەسەڵاتی ئابووری و کولتووری یەکێک لە تایبەتییەکانی کۆمەڵی دەرەبەگی کوردستان و وڵاتانی ترە. لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەدا، دەسەڵاتی سیاسی بە سەر نزیکەی ٤٠ وردە دەوڵەت وحکوومەتی کورددا دابەشببوو. لە باری کولتوورییەوە، هەر ناوچەی داب و ڕەسم و شێوەی ژیانی خۆی هەبوو. زۆربەی خەڵک لە سەر زەوی ئیشی کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییان دەکرد و بەسترابوونەوە بەو زەوییە و خاوەنی زەوییەکە. چ لە لادێ و چ لە شار، خەڵک لەو جێگەی کە لە دایک بوون دەژیان و هەر لەوێش سەریان دەناوە. هەر ناوچەیەی لەهجە و زاراوەی تایبەتی خۆی هەبوو. ئەدەبی کوردی لە ئەمارەتەکانی باکوور بە کورمانجی و لە ئەمارەتی ئەردەڵان بە هەورامی دادەهێندرا. لەگەڵ ئەوەشدا ئاڵوگۆری شتومەک لە نێو ئەمارەتەکان و وڵاتانی تردا لە ئارادابوو بەڵام داوێنەی ئەو تیجارەتە ئەوەندە بەرین نەبوو کە ڕێگا خۆش بکا بۆ تێکەڵاوبوونی زۆربەی خەڵک. دیارە بارودۆخی وا بۆ پێکهاتنی نەتەوە لە بار نییە.

**ئابووری شەڕ.** لە بارودۆخی پرژاوی دەسەڵاتی سیاسیدا، ناکۆکی و پێکدادانی ئەمارەتەکان شتێکی ئاسایی بوو. شەڕ و بەیەکدادانی بەردەوامی وردە دەوڵەتی دەرەبەگی، ناتەبایی شار ودێ و خەڵکی کۆچەر و نیشتەجێ یەکێک لە خسڵەتەکانی نیزامی دەدەبەگایەتییە. بەڵام لە کوردستاندا، ئەو ناکۆکییە ناوخۆییانە لەگەڵ ناکۆکییێکی دەرەکی ـ شەڕی نێوان سەفەوی و عوسمانی ـ تێکەڵ بوو و ئەو تێکهاڵانە وەها قووڵ و بەرین بوو کە ئاسەوارە سیاسییەکەی تەنانەت لە بزووتنەوەی کوردایەتی ئەوڕۆشدا بەدیدەکرێ.

ئەمارەتی عوسمانی لە سەرەتای سەدەی ١٤دا لە ڕۆژئاوای کوردستان دامەزرا و سەفەوییەکانیش لە ئازەربایجان لە سەرەتای سەدەی ١٦دا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەریان هەڵێنا. هەر دوو لا تەقەلایێکی بێوچانیان بۆ داگیرکردنی وڵاتی تر دەست پێکرد و لە هەرمەنستان و کوردستاندا وێککەوتنەوە و بەرەنگاری یەکتری بوون. بەڵام شەڕگەی سەرەکی ئەو دوو زلهێزە کوردستان بوو. هەر دوو دەوڵەت دەیانەویست ئەمارەتە کوردەکان سەرنخوون بکەن و لە قەزوێن و ئیسفەهان و ئیستامبووڵەوە حاکم بنێرن بۆ ڕووتاندنەوەی کوردستان.

بەڵام بەرنامەی داگیرکردنی کوردستان تووشی کۆسپێکی گەورە بوو، ئەمارەتەکان دەستیان دەکردەوە و بە هیچ کلوجێک نەیاندەویست لە دەسەڵاتدارێتی خۆیان دەست هەڵبگرن.

سەفەوی وعوسمانی بە درێژایی سەدەی ١٦ و سەرەتای سەدەی ١٧هێرشیان دەبردە سەر ئەمارەتەکان و کوشتار و ڕاوەڕووتێکی بێئامانیان دەکرد. بۆ وێنە لەشکری شا عەبباسی سەفەوی (١٦٢٦-١٥٨٨)، دوای سەرکوتکردنی ئەمارەتی برادۆست لە شەڕی دمدم

دا(له نوامبری ١٦٠٩ هەتا هاوینی ١٦١٠)، هێرشی بردە سەر ئەمارەتی موکریان کە یارمەتی برادۆستی کردبوو. مێژوونووسی ڕەسمی شا عەبباس، اسکندر بیگ ترکمان منشی کە لە هەر دوو کوشتاردا حازر بوو لە *عالم آرای عباسی* دا باسی «مغضوب گشتن طایفه مکری و قتل عام آن طایفه» دەکا ودەڵێ:

«بە کورتی لە نێوبردنی ئەو تیرە بەدفەڕ و سەرەڕۆیە کە لە موسڵمانی هەر ناوێکیان هەبوو ئەرکی سەر ئەستۆی شای دادپەروەر بوو. ئاگری ڕق و توورەیی وا لە دڵی خاوێنی شاهانەدا بڵێسەی گرتبوو کە تەنیا بە خوێنی ئەو بێ فەڕانە و وەکارکەوتنی شیری ئاگربار نەبایە نە دەکووژاوە و دانەدەمرکاوە...

بە کورتی قەتڵی عامی ئەو تیرە بە قەڵەمی تەقدیر لە سەر لاپەڕەی ڕۆژگار نووسرا. ئەو چەند ڕۆژەی کە شا لە قەڵای گاودۆڵ ماوە، هەموو ڕۆژێ دەستە دەستە و پۆل پۆل دەیان هێنان و لە سەریان دەدان. بەهرامی خوێنخۆر تاوێک لە تیغ وەشاندن و خوێنڕشتن ڕانەدەوەستا...

بیبرینەوە ئاورگی تیرەی موکری کووژاوە ونێرەوەزەکان هەموو کەوتنە بەر مەودای شیری بە بڕشت و ژن ومنداڵەکانیشیان بە دیل گیران...»[18]

سەرباقی ئەوقەتڵ و کوشتارە بەردەوامە، نە سەفەوی و نە عوسمانی لە سەدەی ١٥ و١٦دا نەیاندەتوانی لەشکری خۆیان لە سەرانسەری کوردستاندا ڕابگرن و دەسەڵاتی خۆیان بە زەبری ئەو لەشکرە بە سەر خەڵکدا دابسەپێنن. جا بۆیە وێڕای سیاسەتی سەرکوتکردن وسەرنخوونکردن، چەند سیاسەتی تریشیان ڕەچاو کردبوو. یەکیان ئەوەبوو کە ئەمارەتەکان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و لە دژی یەکتر و لە دژی خۆیان بە شەڕیان بدەن. ئەوە بەتایبەت سیاسەتی عوسمانی بوو کە دوای شکاندنی سەفەوی لە شەڕی چالدران (١٥١٤) و دەست داگرتن بە سەر بەشێکی گەورەی کوردستاندا، سەربەخۆیی چەند وردە دەوڵەتی کوردی بە ڕەسمیەت ناسی و لە ئەمارەتەکانی تری دەویست کە مالیاتێک بە دەوڵەتی عوسمانی بدەن و بە شەڕکەر و چەک و خەرجی خۆیان لە دژی دەوڵەتی سەفەوی و بۆ مەسڵەحەتی ئیستامبووڵ بەشەڕ بێن. لە ئاکامی ئەو سیاسەتەدا، حەکاری هێرشی دەبردە سەر برادۆست، بابان بەرەنگاری ئەردەڵان دەبوو، سۆران بە گژ بادینان دا دەچوو و موکریان پەلاماری بابانی دەدا.

سیاسەتێکی تر کزکردنی بنەچەکەی کورد لە کوردستاندا بوو. بەشێک لەو سیاسەتە بە ڕاگوێزتنەوەی خەڵکی کوردستان دابین دەکرا. بۆ وێنە شاعەبباس نزیکەی ١٥ هەزار کوردی لە ناوچەی ئەوبەری ڕۆژهەڵاتی بەحری ورمێ ڕا ڕاگوێزتەوە بۆ باکووری خوراسان. گۆشەیێکی ئەو سیاسەتە نیشتەجێ کردنی عەشیرەتی تورک لە کوردستان بوو. بۆ وێنە دەوڵەتی سەفەوی و قاجار عەشیرەتی تورکی هەوشار و قەرەپەپاغیان لە ئەمارەتی برادۆست و موکریان نیشتەجێ کرد بۆ ئەوەی هێزی کورد کز بکەن و بتوانن مەڵبەندی ئاوەدانی ورمێیان بە یەکجاری لە دەست دەربێنن.

ڕقەبەری دوو زلهێز بۆ داگیرکردنی کوردستان کۆسپی خستە بەر سەرهەڵدان و گۆڕانی خوڕسکی گەلی کورد. سەفەوی و عوسمانی بۆ ماوەی سێ سەدە ئابووری شەڕیان بە سەر کوردستاندا داسەپاند. لە ئابووری شەڕدا، خەڵک کە زۆربەیان لادێیی بوون نەیاندەتوانی بە بەردەوامی و بە خەیاڵێکی ئاسوودە، خەریکی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بن. ئابووری کشتوکاڵی ئەو سەردەمە، لەبەر سەرەتایی بوونی تێکنۆلۆژی بەرهەمهێنان(جووت، گاسن، داس، پێمەڕە و عەڕابە و جەنجەڕ)، پێویستی بە هێزی کاری بەرین ــ پیاو و ژن و منداڵ ــ هەبوو. شەڕ هێزی هاندەری بەرهەمهێنانی(کە ئینسانە)لە ناودەبرد یان تەواو بێهێزی دەکرد. زێدە لەوەش، بەرهەمی کشتوکاڵ هەر بە بۆنەی ئەو تێکنۆلۆژییە سەرەتاییەوە و لە بەر چەوساندنەوەی جووتیاران کەم بوو و دەبوو دەرخواردی هێزی شەڕکەر و شەڕفرۆش درابا. ویشکەساڵی و ئاهۆ زۆر زوو قڕی وقاتی دەخستە وڵات. لەو بارودۆخەدا، هێزی کار کە دەبوو تەرخانی بەرهەمهێنان بکرێ، تەرخانی شەڕ دەکرا. جووتیار و ئاژەڵدار لە لایێکەوە دەبوو لە شەڕدا بەشدار بن و لە خۆیان و زەویوزاریان بەرگری بکەن. لە لایێکی ترەوە، ئاژەڵدار لە جیاتی بەخێوکردنی مەڕومالات و گا و گامێش، دەبوو ئەسپ و ئێستر بۆ شەڕ پەروەردەبکا. دەغڵودانیش دەبوو بۆ تێرکردنی شەڕکەرێکی کە دەستی لە کەشتوکاڵدا نەبوو، دابین بکرێ. ئاسنگەر و سەنعەتکار لە باتی جووت وگاسن و شەنە و داس وپێمەڕە، دەبوو شیر وقەڵغان و ڕوب و زرێ و مەتاڵ دروست بکەن. شەڕ، مەزرا و باغ و بێستان و پرد و کەرێزە و بەنداوی وێران دەکرد و ئاژەڵ و یەکسمی بە تالان دەدا و ئەو خەڵکەی کە زیندوو دەمانەوە لە قڕی و قاتیدا تێدا دەچوون. خەڵکی شاریش کە حەموو کاتێ ڕاستەوخۆ ئامانجی شەڕی وێرانکەربوون بە جارێکی قەڵاچۆ دەکران.

بەم چەشنە، شەڕی ئەپساوەی سێ سەدەیی، بە تێکدانی ئابووری کشتوکاڵیی لادێ و، بە لەیەکترازاندنی ئابووری ئاڵوێر و کەسبوکاری شار، ڕێگەی خۆشکرد بۆ بەردەوامبوونی ئابووری نیوەکۆچەری و کۆچەری و ژیانی عەشیرەیی. کەوابوو شاخاوی بوونی وڵات، لەخۆیەوە نابێتە هۆی دواکەوتنی پرۆسەی ژیانی شارستانی و دەسەڵاتی دەوڵەتی. دەکرێ بڵێین بارودۆخی مێژوویی ئەو سەردەمە، زیاتر ڕێگەی لە ژیانی نیشتەجێیی شار و دێ گرت تا شاخاوی بوونی وڵات.

دوای تێکشکانی دەوڵەتی سەفەوی لە شەڕی چالدراندا، دوو زلهێز لە ساڵی ١٠٤٩(١٦٣٩)دا پەیمانیان بەست بۆ دابەشکردنی کوردستان. زۆربەی خاکی کوردستان دوای ئەو شەڕە وەدەست عوسمانی کەوتبوو و ئەو سنوورەی لە ساڵی ١٦٣٩ دایانمەزراند هەتا شکانی دەوڵەتی عوسمانی لە شەڕی هەوەڵی جیهانیدا، هەر بەردەوام بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا، وردە شەڕی دوو زلهێز دوای دانانی سنووری ١٦٣٩ درێژەی هەبوو، بەڵام ئەو سنوورە، خەیاڵی دەوڵەتی عوسمانی ئاسوودە کرد و، مینۆرسکی گوتەنی، «تورکان کە چیدی لە ئێرانییەکان نەدەترسان، بە شێوەیێکی ڕێکوپێک بەرنامەی ناوەندی کردن[ دەسەڵات]یان بەڕێوە برد» و لە ساڵی ١٦٥٠ هەتا ١٧٣٠ زۆربەی ئەمارەتە سەربەخۆیەکانی نێوان (دیاربەکر و وان)یان سەرنخوون کرد[19].

## پ ـ مێژوونووسینی کوردستان و کێشەی ئیدەئۆلۆژی

ئەو ڕابردوویەی کە خانی بە میراتی وەرگرت کوردستانێکی پڕ لە ناکۆکیی ئاڵۆز و تێکهاڵاو بوو. لە جەنگەی گەشانەوەی کوردەواریدا، هێزە

هاندەرەکانی ئەو گەشانەوەیە تەرت و تونا دەکران. لە هەڕەتی دەسەڵاتی دەوڵەتی کورددا، بێدەسەڵاتی و ژێردەستی لە ئارادا بوو. ناکۆکییە ناوخۆییەکانی کۆمەڵی دەرەبەگی کورد، وەها لە گەڵ ناکۆکی دەرەکی (شەڕی عوسمانی و سەفەوی) تێکهاڵابوو کە گرێ وگۆڵەکەی بە کەس نەدەکراوە. خانی لە دیباچەی مەم وزین دا لێکدانەوەیێکی کورت بەڵام ژیرانەی باری سیاسی سەردەمی خۆی پێشکەش کردووە. من حەولدەدەم لەو پێدا چوونەوەی کەلەپووری خانیدا دینامیسمی ناوەکی سەرهەڵدانی گەلی کوردم لە سەدەی ١٧-١٥دا لە بەر چاوبێ.

مێژووی گەلی کورد تا ئێستە زۆرتر وەک مێژووی ناوچەیی(تاریخ محلی یان local history)، وەک پەراوێزێک لەقەراغ ناوەندێک(center/margin)، وەک هەڵلا و بگری کۆمەڵە عەشیرەتێکی شەڕانی و خۆخۆر کە ئاسایش و نەزم وقانوونی دەوڵەتان تێکدەدەن... باس کراوە. لە مێژوونووسینی ڕەسمی ئێران و تورکیادا، ئیسفەهان و ئیستامبووڵ و تاران ناوەندی جیهانن و، کورد یان پارێزەری سنووری ئەو جیهانە خەیاڵییەیە یان کۆسپ ولەمپەری ئەو دنیا بە سامەیە. لە باری ئیدەئۆلۆژییەوە، ئەو چەشنە مێژووداتاشینە تێڕوانین و ڕوانگەی چینی دەسەڵاتداری تورک وفارسە. زۆربەی مێژوونووسینی ئەکادێمیکی وڵاتە ڕۆژئاواییەکانیش هەر لەو چوارچێوە ئیدەئۆلۆژییەدا جێی دەبێتەوە، گەرچی ڕەنگ و بۆی بەرژەوەندییەکانی بورژوازی وڵاتە ڕۆژئاواییەکانیشی لێدراوە. ڕزگاری لە کۆت وزنجیری ئەو مێژوونووسینە پێویستی هەیە بە خەباتی تیۆری و ئیدەئۆلۆژی لە گۆڕەپانی زانست بە تایبەتی مێژوونووسیندا.

مەبەستم لە لەناوەند بەدەربردنی (decentring) ئەو مێژوونووسینە ئەوە نییە کە گەلی کورد ببێتە ناوەندی جیهان و مێژوونووسینی شۆڤینیستی ئێران و تورک و ڕۆژئاوا کورداوی بکرێ. دەمەوێ بڵێم کە لێکدانەوەی دینامیسمی مێژوویی گەلی کورد پێویستی بە تێگەیشتنی ناکۆکییە ناوەکییەکانی ئەو گەلەوە هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا ناکۆکییە دەرکییەکان دەورێکی سەرەکیان لەو گۆڕانەدا گێڕاوە، تێگەیشتنی ئەوانیش بەبێ لێکدانەوەی دیالێکتیکی ئەو کۆمەڵە ناکۆکییە تێکهاڵاوە ئەرکێکی هاسان نییە.

مێژوونووسین گۆڕەپانێکی خەباتی سیاسییە. خانی و حاجی قادر هەر کامەی لە سەردەمی خۆیدا، بەربەرەکانی بۆچوونی مێژوویی و سیاسی دەسەڵاتدارەکانی عوسمانی و ئێرانیان کرد بەڵام لەو خەباتەدا پەنایان بۆ چینی بەدەسەڵاتی کورد برد. ئەوڕۆ لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو خەباتە زۆر ئاڵۆزتر بووە، دەستکەوتی تیۆری و فەلسەفەیی ڕێگەیان خۆش کردووە بۆ ڕەخنەیێکی بەپێز لە مێژوونووسینی کۆن ونوێ. ئەوەش بەشێک لە دیالێکتیکی تاریخە کە ئیسماعیل بێشکچی، زانا و تێکۆشەری تورک، بە چەکی ڕەخنە بە گژ مێژوونووسینی کەمالیستی دا چووە.

پێداویستییێکی لێکدانەوەی مێژوو لە ڕوانگەی چینە چەوساوەکانی گەلی کورد ئەوەیە کە نەکەوینە نێو داوی شۆڤینیسمی نەتەوە دەسەڵاتدارەکان. هەروەها پێویستە کە زوڵمی نەتەوەیی و دەوری دەسەڵاتی ئیمپریالیزم لە چوارچێوەی ناکۆکی چینایەتی لە کوردستاندا لێکبدەینەوە.

لە بەشی دووەمی ئەو لێکۆڵینەوەدا باسی بۆچوونی خانی سەبارەت بە پێکهاتنی دەوڵەتێکی یەکگرتوو دەکەم. هەر وەک لە پێشدا باسم کرد، پچڕپچڕ بوون و پرژاوی دەسەڵاتی سیاسی دیاردەیێکی نیزامی دەرەبەگییە لە مێژووی کوردستان و هەموو وڵاتانی تری دنیایە. بەڵام پرۆسەیێکی تر پەیدابوونی دەوڵەتێکی ناوەندی لە نێو وردە دەوڵەتی فیۆدالیدایە، ئەو پرۆسەیەش لە چین و هیندووستان ڕا بگرە هەتا ئورووپا لە ئارادا بووە. عوسمانی و سەفەویش بە داگیرکردنی وڵاتان و ناوەندیکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتی، بوون بە دوو زلهێز. غەمێکی خانی ئەوە بوو کە پادشایێک یان «جیهانپەنایێک»ی کورد پەیدا نەبوو کە دەوڵەتێکی ناوەندی کورد دابمەزرێنێ.

§§§§


**پەراوێزەکان**

1– Karl Marx, "The Eighteenth Brumaire of Louis Bonapart, " Karl Marx and Frederick Engels, *Collected Works*, vol. 11, Moscow, Progress Publishers, 1979, p. 103.

٢- بۆ زانیاری سەبارەت بە چاپەکانی مەم وزین بنواڕە:
Ehmedê Xanî, *Mem û Zîn*, M. Emîn Bozarslan, Uppsala, Weşanxana Deng, 1995, r. 90-104.
بوزەرسلان باسی چاپی ١٩٩٠ی نەکردووە: ئەحمەدی خانی، مەم وزین، شرۆڤەکرن و ڤەکولینا محەمەد ئەمینێ ئوسمان، بەغدا، مطبعه الجاحظ، ١٩٩٠، ٤٥٤ لاپەڕە.

٣- کاک فەریاد فازیل عومەر، مامۆستای ئەنستیتوتی خوێندنی کوردی لە بەرلین مەتنێکی ڕەخنەیی مەم و زین ی ئامادە کردووە و وشەنامە و ئیندێکسی بۆ داناوە و وەریگێڕاوەتە سەر ئەڵمانی. وەرگێڕدراوی عەرەبی: *دیوان مەم و زین*، تالیف احمد خانی، تحقیق، ترجمە: جان دوست، بیروت ١٩٩٥، ٤٤٤ لاپەڕە (بڕوانە گۆڤاری *çira*، ساڵی١، هژماری ٤، ١٩٩٥، لاپەڕەی ١٠٧).

٤- بڕوانە مەم وزین ی چاپی بوزەرسلان، ١٩٩٥، ل١٠١.

٥- *دیوانی حاجی قادری کۆیی*، ١٩٨٦، ل ١٠٧-١٠٦

٦- باهۆز مزوری، «خانی ئۆتۆنۆمی ناخوازە»، *بۆتان* (ئورگانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان ـ لقی دهۆک)، هژمار ١٠، نیسان ١٩٩٢، ل ٥؛ هزرڤان، «بروسکا ئاگەهدارین ژ (خانی)را»، *بۆتان*، هژمار١٠، ل٤.

٧- بۆ وێنە بڕوانە ئەو پێشەکییەی کە م. ئەمین بوزەرسلان بۆ چاپی ١٩٩٥ی مەم وزینی نووسیوە. هەروەها بڕوانە:
Farhad Shakely, *Kurdish Nationalism in Mem û Zîn of Ahmad-i Khani*, Brussels, Kurdish Institute of Brussels, 1991.

8– Roger Lescot, "Littérature Kurde," *Histoire des Littératures. I. Littératures anciennes, orientales et orales*, Paris, Gallimard, 1977, p. 801.

9– Martin van Bruinessen, "Mem û Zîna Ehmedê Xanî û rola wî ya di neteweperweriya Kurdî de, *Çira*, sal 1, hejmar 4, 1995, r. 5 û 6.
دیارە ڤان بروینێسن ئەوەش دەزانێ کە کۆنترین دەستنووسی مەم وزین کە ڕۆدینکۆ کەڵکی لێوەرگرتووە لە ساڵی ١١٤٤ک(١٧٣١-٣٢)دا نووسراوەتەوە و ئەو زەمانیش ناسیۆنالیسمی مودێرن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەبوو(ل٥). لێرەدا پێویستە لە سەر ئەو باسە بڕۆم و بڵێم کە بنچینەی چاپی ساڵی ١٩١٩ ئیستامبوڵیش دەستنووسێک بوو کە لە ساڵی ١١٦٥(١٧٥١-٥٢)دا نووسرابۆوە. هەروەها ئەو دەستنووسانەی کە لە کتێبخانەی دەوڵەتی ماربورگ لە بەرلین پارێزراون و د. کەمال فوئاد ناساندوونی سەرباقی ئەوەی حێندێکیان چەند لاپەڕەیەکیان فەوتاوە، گشتیان دیباچەیان هەیە. هەروەها تائێستە کەس دەستنووسێکی مەم و زین ی نەدیوە کە دیباچەی نەبێ(مەگەر ئەوەی کە دەستنووسەکە کەم و کوڕی هەبێ وەک دەستنووسی ژمارە ٨٤ کە لە کتێبەکەی د. کەمال فوئاددا ناساندراوە). بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە دەستنووسەکانی کتێبخانەی ماربورگ بڕوانە:
Kamal Fuad, *Kurdische Handschriften*. Wiesbaden, Franz Stiener Verlag


←

GMBH, 1970, s, 81–88, 124–126.
ئەوەشمان دەبێ لە بەرچاوبێ کە پێوەندییێکی قووڵ و بەرین، دیباچە و مەتنی چیرۆکەکەی تێکهاڵاندووە. هەروەها مەبەستی سیاسی دیباچە لە بەرهەمەکەیدا، *نوبارا بچووکان*، بەدیدەکرێ.

١٠- د. عەبباسی وەلی، «سیاسەتی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان» (وتووێژ)، گزینگ، ژمارە٢، زستانی ١٩٩٤. ل٨و٩.

١١- بۆ کورتە باسێکی باری سیاسی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی مەغول و تورکمانان بڕوانە:
V. Minorsky, "Kurds, Kurdistan. iii. – History," *The Encyclopaedia of Islam*, vol, 5, 1986, pp. 453–56.

12– Arshak Safrastian, *Kurds and Kurdistan, London*, 1948, p. 37.

١٣- تا ئێستە بۆ نووسینی مێژووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری کوردستان حەولێکی باش نەدراوە. لەگەڵ ئەوەشدا سەرچاوە بۆ ئەو جۆرە مێژوونووسینە قات نییە (لە ئارشیوەکانی عوسمانی و واتیکان و وڵاتانی تر زانیاری زۆر دەستدەکەوێ)، زۆربەی مێژوونووسان پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە گۆڕانی سیاسیدا کورت دەکەنەوە. ئەوەش تا ڕادەیێک لە بەر نەبوونی چوارچێوەیێکی تیۆرییە کە ددان بنێ بە پێوەندی نێوان سیاسەت، ئابوور، کولتوور، زمان و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی تر.

١٤- امیر شرف خان البدلیسی، *شرفنامە* (چاپی قاهیرە ١٩٣٠ و تاران ١٣٤٣)، لاپەڕەی ٥٦-٤٥٤. ٤٥٢ (وەرگێڕدراوی هەژار، ل ٦٢-٦٦١).

١٥- ئەو زانیارییەم بە کورتی لە کتێبی «ئەولیا چەلەبی لە بتلیس» وەرگرتووە:
RobertDankoff, *Evlia Çelebi in Bitlis*, Leiden, E. J. Brill, 1990, pp. 72, 63–76.
ئەو کتێبە مەتنی تورکی و وەرگێڕدراوی ئینگلیسی و زانیارێکی یەکجار زۆر و بەپێزی سەبارەت بە سەفەرنامە کە و مێژووی بتلیسی ئەو زەمانی تێدایە. مەتنە تورکییەکەی لە دەستنووسی نووسەر وەرگیراوە. بۆ وەرگێڕدراوی کوردی سەفەرنامە بڕوانە: *کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا*: سەیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، وەرگێڕانی سەعید ناکام، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا. ١٩٧٩، ل١٤٨-١٠٣.

١٦- سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥.

17– Ismet Cherif Vanly, *Survey of the National Question of Turkish Kurdistan*, 1971, p. 11.
م. ب. ڕۆدینکۆ، «ئەدەبی کوردی سەدەی حەڤدەیەم»، ڕووناکبیری، ژمارە١، مارتی ١٩٩٢، ل ٨٩-٧٣.

١٨- مامۆستا هێمن ئەو بەشەی *عالم آرای عباسی* کە باسی کوردستان دەکا کردوویەتە کوردی. بڕوانە *تحفه مظفریه* بە زمانی کوردی موکری، گرداوی: ئوسکار مان، بەرلین، ١٩٠٥، پێشەکی و ساخکردنەوە و هێنانە سەر ڕێنووسی کوردی: هێمن موکریانی، بەشی یەکەم، بەغدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٥، لاپەڕەی ٦٥-٦٤، ٥٢. لە گێڕانەوەی ئەو چەند ڕستەدا، کەمێکم دەست لە ڕێنووسەکەی وەرداوە.

19– V. Minorsky, "Kurds, Kurdistan...," p. 461.

******



# «ناسیۆنالیزم لە ڕوانگەیەکی دیکەوە»

د. عەبباسی وەلی

**ئەم نووسراوەیە دەقی ئەو باسەیە کە مامۆستا ،عەبباسی وەلی، لە سمیناری کۆمەڵەی کوردستان لە ئوپسالا ـ سوێد، لە ڕۆژی شەمۆ ١٩٩٦/٤/٢٠ پێشکێشی کرد.**

**باس و پرسیار و وەڵامەکان، لە ڕووی کاسێتی دەنگەوە لە لایەن گۆڤاری ،گزینگ،ەوە پیادە کراوە و پاشان دەقەکە بێ ئەوەی ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی تێدا بکرێ، لە لایەن کاک ،حەسەنی قازی،یەوە هاتووەتە سەر زمانی نووسین. (گزینگ)**

لە پێشدا سپاسی «کومەڵەی کوردستان» لە ئوپسالا دەکەم کە ئەو سمینارەی پێکهێناوە. هەروەها سپاسی کاک هاشم دەکەم کە زۆری زەحمەت کێشاوە. هەروەک دەزانن، لەو حەفتەیەدا کە لە سوێد بووم سێ چوار کووبوونەوەمان هەبووە، بەشی زۆری باسەکانی ئەو کووبوونەوانە لەحەقیقەتدا، باسی تەحلیلی و ئانالیتیکاڵ نەبوون، باس زۆرتر لەسەر ڕەتکردنەوەی سوئی تەفاهوم سەبارەت بەو قسانە بووە کە ئەمن کردوومن، بەتایبەت لای ئەو کەسانەی کە هەڵوێستی ناسیۆنالیستی، یان فکرێکی موتەعاریف و سوننەتیی ناسیۆنالیستییان هەیە؛ ئەوانە هاتوون زۆرتر وەختی کووبوونەوەکەیان گرتووە بۆ ئەوەی بزانن واقیعەن ئەمن بۆ ئەو قسە بێ "مەعنایانە" دەکەم! جا لێرەدا تۆزێک ئەوانە ڕوون دەکەمەوە. دووهەمیش لەو کووبونەوانەدا (وەک دوێنێ لە ڤێستروس یان لە ستۆکهۆڵم) هێندێک کەس ئیراد دەگرن لە توانایی من بەقسەکردن بە کوردی. ئەمن هەمیشە پێش ئەوەی جەلەسەکە دەست پێبکەم عوزر دەخوازم کە کوردییەکەی من زۆر ناقیسە؛ دوێنێ کارەکە وای لێهات کە ئەمن عەرزم کردن پێش ئەوەی بێمە ئێرە، دەبوو چووبامە کورسێکی زمانی کوردی لە دانیشگای لەندەن تا قسەکانم بڕێک ڕێکوپێکتر بایە، بۆ ئەوە کە ئەوانەی ڕەگی ناسیۆنالیستیی فەرهەنگییان زۆر پێ گرینگە نارەحەت نەبووبانایە؛ دیسانیش ئەمن لەوانە عوزر دەخوازم، قەزییەکە ئاوایە و هەر ئەوەندەی دەتوانم. دیارە بۆ من قسەکردن بە کوردی سەبارەت بە مەسەلەی تیۆریک و ناسیۆنالیزم و ئە جۆرەشتانە هێندە سادە نییە، وەکوو قسەکردنی ڕۆژانە لەگەڵ دایک و باب و دۆست و ڕەفیق نییە، ئەوە ئیرادێکە بەتایبەتی لە منی دەگرن، ئەمنیش ئەو ئیرادەی لە ناسیۆنالیستەکان دەگرم کە بێکار دانەنیشن، ئەوانیش ئەگەر عەلاقەیان هەیە با فەرهەنگێکی سیاسی ـ کوردی دروست بکەن تا ئێمەش فیر بین، ئەگەر ئەوان نایکەن بڕێکیش دە ئیراد گرتنەکەیاندا بەئینساف بن. بێ لەوەش ئەمن حازرم وەک تەلەبەیەک بە دوای فەرهەنگ و قامووسەکانی ئەوان دا بگەڕێم و لێیان فێر بم؛ جا ئەگەر نیانە ئەوە موشکیلی من نییە،

موشکیلی خۆیانە، جا لەبەرئەو ئیرادەی کە بۆ خزمەتی ناسیۆنالیزمی فەرهەنگی دەیگرن دەبێ ئەو کارەی بکەن.

ئەمن بەو پێشەکییە دەست بە باسەکەم دەکەم و لە سەر ئەو باوەڕەم بەشی زۆری ئێوە کە لێرە دانیشتوون، ئەساسی ئەو قسانەی کە کراون دەیزانن، بۆیە ئەمن زۆر وەختی ئێوە ناگرم، لەبەر ئەوەی وەخت زۆرتر بمێنێتەوە بۆ باسێکی نوسولی و باسێکی تەحلیلی لەسەر ئەو قسانە، تا ئەوەی کە باسێکی عاتفی و ئیحساساتی و ئەو جۆرە شتانەبێ.

ئەمن نزیکەی سێ ساڵە خەریکی لێکۆڵینەوەیەکم لەسەر ناسیۆنالیزم کە نێوم لێ ناوە «سیاسەتی نەتەوەی بێ دەوڵەت»، لەبەر ئەوەی لەباری ناوەرۆکی تیۆرییەوە زۆر دەقیقتر بێ، بێ ئەوەی کۆنسێپتی ناسیۆن(nation) بێنمە ژوورەوە، یانی بێ ئەوەی پێشداوەرییەکم هەبێ؛ نێوم نابوو: «سیاسەتی نەتەوەی بێ دەوڵەت». وەختێک کارەکە دەستی پێکرد و پێشچوو، ناشرەکەی من لە ئینگلیستان، هێندە ئەوەی پێ خۆش نەبوو، زۆرتریش نەک لە باری عیلمییەوە بەڵکوو مەسەلەکە بۆ ئەوان زۆرتر لە باری تەجارەتییەوە مەترەحە. دەیانەویست ئەوە بۆ ئەوان چاوگیر بێ و بەتایبەتی زیادتر لە سەر مەسەلەی سیاسی ئەورۆ بێ، نەتەنیا ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست یا کوردستان، بەڵکوو بە ئورووپا یا ناوچەکانی دیکەی دنیایە مەربوت بێ. جا لە بەر ئەوە نێوی کتێبەکە گۆڕا بە Kurdish Nasionalism Identity, Sovereignty and Dialectics of Violence in Kurdistan (ناسیۆنالیزمی کورد، هەوێتی، سەروەری و دیالێکتیکی زەبر وزەنگ لە کوردستاندا). ئەو لێکۆڵینەوەی کە ئەمن دەستم پێکرد بە نێوی «سیاسەتی نەتەوەی بێ دەوڵەت»، زۆر زوو ئاکامی بە دەستەوە دا بۆچوونەکەی من بە تەواوی بۆچوونێکی تیۆریک بوو، کتێبەکەش تیۆریکە. ئەمن لە مەسەلەی کوردی ئیستیفادە دەکەم لەبەر وەی کە ئەو ناوەرۆکە تیۆریکییە شیبکەمەوە. کتێبەکە کتێبێکی مێژوویی یان ئیمپێریک بەو شێوەیە نییە. هۆیەکەشی ئاشکرایە ئەمن دەمەوێ لە ڕشتەی ئیختیساسی خۆمدا کە تیۆری سیاسییە بمێنمەوە، ئەمن مێژووزان نیم، کورد مێژووزانی زۆرە. ئەوانەی دەنووسن کارەکانیان بۆ من دەبێتە جێی ئیستیفادە، بۆیە کارەکەی من لایەنی مێژوویی نییە. هەرچی ئەو کارە تەحلیلی - تیۆریکییە دەچووە پێشێ، ئەوە زۆرتر ڕوون دەبۆوە کە بۆچوون و تیۆرییەکۆنەکان یان لایەنی قەبوڵی ناسیۆنالیستەکان نەتەنیا ناقیس بوون، بەڵکوو لە باری تیۆریکیشەوە دروست دانەندرابوون. ئەو میتۆدۆلۆژییەی ئەمن ئیستیفادەی لێدەکەم، زۆرتر ئەوەیە کە پێش ئەوەی واقیعەن تەحلیلەکە دەست پێبکرێ، دەبێ بنەما تیۆریکییەکەی لێی بکۆڵدرێتەوە و ڕەخنەی لێ بگیرێ. جا لەو بارەیەدا مەسایلی ئەساسی کە لە باری تیۆریکییەوە هاتەگۆڕێ، مەسەلەی نەتەوە بوو. ئەوەش ڕوون بکەمەوە کە ئەمن دوو وشەی میللەت و نەتەوە، بە مەعنایەک بەکار دەبەم و ناسیۆنالیزمیش بە مەعنای سیاسەتی نەتەوە و مەسەلەی قەوم و قەومییەتیش بە مەعنای ئیتنیک و ئیتنیسیتەی فەڕانسەیی بە کار دەبەم.

ئەو باسە تیۆریکییە، هەتا دەهات زیادتر لە سەر ساخت و نوسوڵی بوون و پایەی تیۆریک و بنەماکانی نەتەوە و سیاسەتی نەتەوەیی و هەوێتی نەتەوەیی یا میللی و هەوێتی قەومی دەسووڕا. هەرچی زیادتر لە سەر ئەوە کارم دەکرد، بۆم دەردەکەوت کە مەسەلەکە بە پێچەوانە هاتووەتەگۆڕێ؛ یانی ئەو بیر و بۆچوونی موتەعاریفی ناسیۆنالیستی یان تێڕوانینی سوننەتیی ناسیۆنالیستی کە دەڵێ: ئەوە میللەتە کە هەستی میللی پەیدا دەکا و هەڵدەستێ سیاسەتێکی سەربەخۆ پێکدەهێنێ و هەدەفی ئەو سیاسەتەش ئەوەیە کە دەوڵەتی میللی دروست بکا و دەوڵەتی میللیش دەبێتە چوارچێوەیەک بۆ دابینکردنی ئەو ماف و حقووقەی کە بە شێوەیەکی تەبیعی لە قەومیەتی ئەو میللەتە لە تاریخدا بووە؛ ئەمن لە کارەکانی خۆمدا بەو نەتیجەیە گەیشتم(هەڵبەت سەبارەت بەو کارە دەبێ ئەوەی بڵێم کە لەپێشدا چەند نەفەرێکیش ئەوەیان بە شێوەیەک هێنابووە گۆڕێ) کە ئەو نەتیجەیە دروست نییە.

وەختێک تەمەشای تاریخی کوردستان دەکەی، تەماشای تاریخی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکەی، پاشان تەماشای ئورووپا لە دەورانی کلاسیکی ناسیۆنالیزمدا دەکەی، هەرچی زۆرتر ئەوە تەئید دەبێتەوە کە ئەوە نەتەوە نییە کە حەرەکەتی ناسیۆنالیستی دروست دەکا، بەڵکوو حەرەکەتی ناسیۆنالیستییە کە هەم هەستی ناسیۆنالیستی بە وجود دێنێ و هەم ساختومان و چوارچێوەی سیاسی و حقووقی چالاکی و ژیانی نەتەوە پێکدێنێ. ئامانجی ئەو سیاسەتە ناسیۆنالیستییەش ئەوەیە کە هەوێتی حقووقی و سیاسی بدا بە میللەت و ئەو هەوێتی سیاسی وحقووقییە بە شێوەیەکی تەبیعی لە قەومیەتی میللەتەوە سەرچاوە ناگرێ. ئەگەر ئەو کەسانەی کە فکر دەکەنەوە ناسیۆنالیزم بە شێوەیەکی تەبیعی لە هەوێتی قەومی و ئیتنیسیتەی خەڵکێک لە تاریخدا بووە و لەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەوانە لە حەقیقەتدا سیاسەتی بە پێچەوانە دەبینن. نەزەرەکەی من ئەوەیە. جا وەختێک ئەو ئیستیدلالەی کە لە سەر حەق دەکرێ یانی ئەو حەقەی کە پێیدەڵێن (مافی چارەنووسی نەتەوەیی یا میللی)، لە ڕاستیدا ئەوە حەقێکە کە لە سەربنچینەی سیاستێکی تایبەتیی داندراوە و بە وەسیلەی سیاسەتێکی تایبەتی دیاری دەکرێ و لە نێو چوارچێوەیەکی سیاسی و حقووقیشدا سەقامگیر دەبێ. جا ئەوە دەبێ یان نابێ دەقیقەن پێوەندیی بەوە هەیە کە ئەو سیاسەتە چۆن بەڕێوەدەچێ و بە چ ئاکامێک دەگا. کە وابوو، ئەو قسە بەو مەعنایەیە کە نە میللەت لەگەڵ قەومیەتی یەکە، نە هەوێتی قەومی لەگەڵ هەوێتی میللی یەکە، ئەوە یەک نەتیجە. نەتیجەی دووهەمیش ئەوەیە کە میللەت ساختێکی سیاسییە، کۆنسێپتێکی سیاسییە، کۆنسێپتێکی قەومی نییە؛ ئەوە سیاسەتە دروستی دەکا. هەوێتی میللیش هەوێتییەکی تەبیعی نییە، کەس لەباری سیاسییەوە بە کورد لە دایک نابێ، کورد بوون بە مەعنای سیاسی، بە مەعنای هەوێتی میللی پێوەندی بە ئیتنیسیتەی کەسێکەوە نییە. ئێمە هەمووومان هەوێتی ئیتنیکیمان هەیە، هەمووومان بە کوردی قسان دەکەین بەڵام ئەوە بە مەعنای هەوێتی میللی نییە. هەوێتی میللی هەوێتییەکی سیاسییە کە لە سیاسەتێکی تایبەتیدا، لە پرۆسەیەکی تایبەتدا و لە دەورەیەکی تایبەتییەوە سەرچاوە دەگرێ؛ دەنا هەوێتی میللی بەو شێوەیە وجودی نییەکە هەر لەگەڵ هەستی میللی بە وجود هاتبێ. ئەوهەوێتییە بە شێنەیی لە چوارچێوەی سیاسەتێکی نەتەوایەتیدا بە وجود دێ. باشە، ئەوە ئیستیدلالەکەم بوو، جا ئەگەر سەرنج بدەن، ئەو ئاکامانەی کە لەو ئیستیدلالەی وردەگیرێن ←

لەگەڵ شعور و تەعەقول و تیۆری موتەعاریف و سوننەتیی ناسیۆنالیستی جور دەرنایە، چونکە تەعەقولی ناسیۆنالیستی هەموو میللەتێک ئەوەیە کە میللەت بە شێوەیەکی هەمیشەیی و تەبیعی لە تاریخدا هەیە، ئیتنیسیتە و میللەت یەکن و فەرقێک لە نێوان هەوێتی قەومی و هەوێتی سیاسی نابینێ، وا دادەندرێ کە ئەو هەوێتی میللییە هەمیشە هەبووە، تەنیا شتێکی کە هەیە دەبێ ئەو چوارچێوە حقووقی ـ قەزاییەی کە دەوڵەتی ناسیۆناڵ، یان بە تەعبیرێک دەوڵەتی میللییە، ئەوە موحەققەق کا و لەوێرا ببێتە شتێکی دیکە. بیر و بۆچوونی ناسیۆنالیستی قەدیم و سوننەتی ئەوەیە: یەکەم، ئەوانە ناتوانن هیچ دیاری بکەن کە ناوەرۆک و ماهییەتی ئەو سیاسەتەی کە دەبێ ئەو چوارچێوە حقووقی ـ قەزاییەی دانێ چ بێ، چونکە ئەوە بەو مەعنایەیە کە ئەگەر یەکێک هەستی ناسیۆنالیستی پەیدا کرد، دەبێ پێ بنێتە پرۆسەیەکی سیاسی، ئەگەر پرۆسەیەکی سیاسی ئەو هەدەفەی هەبێ کە ئەوحقووقەی بێنێتە دی، ماهییەتی ئەو سیاسەتە دروستە، غەیری ئەوەش نابێ؛ چونکە لەحەقیقەتدا لە سەر هەوێتییەکی ئیتنیک، لەسەر باوەڕێکی سیاسی ـ ئیتنیک داندراوە. ئەمن ئەوەی بە نادروست دەزانم، نە تەنیا لە نەزەر سیاسییەوە، بەڵکوو لە باری تیۆریکەوە ئەوەی بە هەڵە دەزانم. لە نەزەر سیاسیشەوە ئەوەی بە زیان دەزانم. دووهەم، بە نەزەری من لێکبەستنی حەرەکەتی میللی، لە ئیتنیسیتە نەتیجەی جوانی نابێ. ئەوە دەبێتە بنەمای تەواوی ئەو شتانەی کە غەیری دێمۆکراتیک و تەنانەت دژی دێمۆکراتیک و لە بەعزە حاڵەتێکیشدا حەتتا ڕەگەزپەرستانە بوون و زۆر جاریش شۆڤینزمی قەومی لەو جۆرە حاڵەتانەوە سەرچاوەی گرتووە.

سیاسەتی ناسیۆنالیستی دەبێ لە مەسەلەی ئیتنیسیتە جوێ بکرێتەوە. فکر دەکەم سیاسەتێک کە وەدوای دروستکردنی میللەت بکەوێ دەبێ خۆی ئەو جۆرە بسەلمێنێ. مەسەلەی سیاسەتی ناسیۆنالیستی دەبێ لە سەر تیۆری دێمۆکراتیک دابمەزرێ. هۆیەکەشی زۆر سادەیە، ئەو شتەی کە ناسیۆنالیستان وەدوای دەکەون و پێی دەڵێن «مافی چارەنووسی میللی» ئەوە شتێک نییە کە لە حەوای ڕا هاتبێ. ئەوە لەحەقیقەتدا بەشێک لەو تیۆرییە دێمۆکراتیکەیە. باشە ئەگەر ئەتۆ مافەکەت دەوێ، مافێکی کە لەو چوارچێوەیەدا داندراوە دەتەوێ، بۆ تیۆرییەکەی ڕەت دەکەیەوە، بۆ تیۆرییەکەی ناکەیە بنەمای کاری خۆت. جا لە دوایە دێمەوە سەر ئەو مەسەلەیە. عەرزم کردن، دەربڕینی ئەو بابەتە نە لە فەرهەنگی ناسیۆنالیستیدا سادەیە و نە لە فەرهەنگی چەپی و سۆسیالیستی ـ مارکسیستی دا، ئەگەرچی هەردووکیان مافی چارەنووسیان قەبوڵە. بەڵام هەر دووکیان ئەو مافە، یان لە بنەمای تیۆریکی خۆی جوێ دەکەنەوە یان بنەما تیۆریکییەکەی ڕەت دەکەنەوە و هەر مافەکەی قەبوڵ دەکەن. مەسەلەن ئەگەر سەرنج بدەن، لە فەرهەنگی چەپی سوننەتیدا ئەوەی ئەگەر مەتڕەح بکەی، مافی چارەنووسی نەتەوەیی یا پاپیولار (خەڵکی) بە شێوەی ئەسڵێک دەگرن کە دێمۆکراتیکە، بەڵام لە چوارچێوەیەکی دیکەیدا دادەنێن، ئەسڵی تەسەووریان ئەوەیە کە نابێ ئەوی لەو سیاسەتە دێمۆکراتیکە جوێ بکەیەوە، بەڵام ئەو سیاسەتە دێمۆکراتیکە لەگەڵ لیبڕالیزم بە یەک دادەنێن و دەڵێن دەبێ لیبڕالیزم ڕەت بکرێتەوە. هیچ تەوەهومێک لەوەی هەڵەتر نییە. لە نەزەر فەلسەفەی سیاسییەوە، تیۆری دێمۆکراتیک هیچ ڕەبتی بە لیبڕالیزمەوە نییە. ئەو تەوەهومە لە ئێرانێ یەکێک لە ئەساسی ئەو کارانە بوو کە حیزبی توودە دەیکرد. حیزبی توودە هەمیشە تیۆری دێمۆکراتیکی بە نێوی لیبڕالیزم ڕەت دەکردەوە و لیبڕالیزمیشی دەستبەجێ ڕەبت دەدا بە لایەنی چینایەتی بۆرژوایی. بەڵام، لیبڕالیزم و تیۆری دێمۆکراتیک دوو شتی بەتەواوی لێک جیاوازن. لیبڕالیزم لە حاکمیەتی تاکەکەس (فەرد)، لە سەروەری فەرد، لە سیاسەتدا، لە فەرهەنگدا.. لایەنگری دەکا؛ باشە.. ئەوە یانی نابێ هیچ شتێک مانعی ئەو حاکمیەتەی بێ و لە زەبر و زۆریی ئەو حاکمیەتە کەم بکاتەوە.

ئەگەر لە باری فەلسەفەی سیاسییەوە تەماشای لیبڕالیزم بکەی، تیۆری لیبڕالیزم مەفهوومێکی ئازادی تێدایە کە لەنەزەر فەلسەفییەوە پێیدەڵێن ئازادی سەلبی کە بە ئینگلیسی دەبێتە (Negative Freedom)، لە فەلسەفەی ئیسلامی قەدیمدا دەگوترا ئازادی سەلبی. ئەوە بەو مەعنایەیە کە ئەتۆ ئازادی خۆت دادەمەزرێنی، ئەگەر شەرایەتەکەشی ئەبێ. شەرتی ئەسڵی ئازادی لیبڕالیزم هەرچی کەمبوونی قودرەتی دەوڵەتە، دەوڵەت نابێ دەخالەت لە ئوسوڵی پرۆسەی ژیانی تاکەکەس (individual)دا بکا، هەرچی کەمتر دەخالەت بکا باشترە، چ لە مەیدانی سیاسیدا و چ لە مەیدانی فەرهەنگیدا. سۆسیالیزم و مارکسیسمیش ئازادی سەلبییان هەیە، ئەوانیش دەڵێن دێمۆکراسی ئەساسی دانامەزرێندرێ هەتا دێمۆکراسی ئیقتیسادی دانەمزرێ، هەتا چەوسانەوەی ئیقتیسادی لە بەین نەچێ. ئەوانیش ئازادییەکەیان سەلبییە، بەڵام تیۆری دێمۆکراتیک ئازادی سەلبی نییە، ئەو ئازادی ئیجابی هەیە، ئازادی پۆزێتیڤ (positive Freedom)ی هەیە. دەڵێ ئەتۆ بە ئازادییەکانی خۆت دەگەی، ئەگەر ئەو شەرایەتە دامەزرێندرێ، ئەو شەرایەتەش دادەمەزرێندرێ بە رێگەی سیاسەتێکی ڕاسیۆناڵ (Rational)، بە وەسیلەی سیاسەتێکی دروست کە لەسەر تەعەقولی ڕاسیۆنال دابندرێ و بە وەسیلەی ئوسوڵی دێمۆکراتیکیش هیدایەت بکرێ. ئوسوڵی دێمۆکراتیک بەو مەعنایەیە کە ئەو سیاسەتە یان ئەو حکومەت و هێزە کە ڕێبەری ئەو سیاسەتەیە دەڵێ ئەمن قودرەتەکەم لە ئیرادەی گشتی سەرچاوە دەگرێ، قودرەتەکەم نە هەمیشەیی یە و نە موتڵەق، ئەوە ئەساسی تیۆرییەکەیە. لە کاتێکدا، هەم لە مارکسیسم و هەم لە لیبڕالیزمدا، دەبینی سەروەری فەردی و سەروەری تەبەقە (چین) هەم موتڵەقە و هەم داییمییە. تیۆری دێمۆکراتیک لەگەڵ ئەو دووانە فەرقێکی زۆری هەیە. بۆیە ئەمن ئیستیدلال دەکەم کە لە تیۆری ناسیۆنالیزمی دێمۆکراتیکدا دەبێ ئەساسی دێمۆکراتیک دابمەزرێ. باسەکەی دووهەم کە لەوە سەرچاوە دەگرێ ئەوەیە کە ئەگەر ئیستیدلال دەکەی کە هەوێتی سیاسی و هەوێتی میللی یان نەتەوەیی یەکە، ئەوە شتێک نییە کە ئینسان لە زگی دایکی ڕا بیهێنێ تەنیا لەبەر ئەوە کە لە بنەماڵەیەکی کورد لە دایک بووە، لە کوردستان لە دایک بووە و بە زمانی کوردی قسان دەکا، چێشتی کوردی دەخوا، ئاداب و ڕسوومی کوردی هەیە، دەبێ هەوێتی سیاسی کوردیشی هەبێ. ئەوە بەو مەعنایەیە کە هەوێتی سیاسی لە چوارچێوەی سیاسی دایە. بەو مەعنایە ئەوە شەرایەتێکە کە تەزاد و تەقاروب (تناقض و انسجام) لەگەڵ هەوێتییەکانی سیاسی دیکە بەوجودی دەهێنێ.

بۆ ئەوەی ئەمن ڕوونی بکەمەوە ئیشارە دەکەم بە کوردستان. ئەمن باوەڕم ئەوەیە لە کوردستاندا

هەوێتی سیاسی کوردی ئەوەندە قەدیم و کۆن نییە، لە حەفتا هەشتا ساڵی ڕابردوودا هاتۆتە گۆڕێ. هۆیەکەشی ئەوەیە کە هەوێتی سیاسی لەگەڵ تەزاد و تەقاروب(تناقض و انسجام)ی هەوێتییەکانی دیکە بە وجود دێ. ئەو کاتی کە هەوێتی سیاسی لە کوردستان بە وجود هات وەختێک بوو کە هەوێتی سیاسی یا میللی لە فارس و عەرەب و تورکدا پێکهات؛ ئی کوردیش لەحاڵەتێکی تەزاد و تەقاروب، لە حاڵەتێکی ڕەد و ئینکار و تەئیید و تەحکیم و لە پێوەندی لەگەڵ ئەوانەدا پێکهات. لە ئیمپراتوری عوسمانی لە ١٨٣٩ وەختێک تەنزیماتیان دەست پێکرد هەوێتی میللی تورکی نەبوو. هەوێتی میللی کوردیش نەبوو. لە دەورەی سەفەویش هەروا و لە زەمانی قاجاریشدا هەروا. ئەو هەوێتی تورکییە لە ئیمپراتوری عوسمانی سەبر سەبر بناخەی دارێژرا، یانی لە حدودی ساڵەکانی ئاخری سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیست دا. باشە، لە ساڵی ١٩٠٨ لە حەرەکەتی تورکەکانی جەوان دا زۆرتر ئەو مەسەلەیە هاتە پێشێ، تا ئەو دەمی کە تەماشا دەکەی هیچیەک لەوانەی کە پاشان بوونە بیرەوەری ناسیۆنالیزمی کورد، باسی هەوێتی کوردی بەو شێوەیە ناکەن. بەڵام هەرچی کە تورکەکان زۆرتر حەرەکەت دەکەن بۆ لای دروستکردنی هەوێتییەکی میللی جیاوازی تورکی کە زاتی خۆی، ئەساسی خۆی لە موخالیفەت لەگەڵ کورداندا، عەرەباندا، ئەرمەنیاندا، سەرب و کرۆواتاندا و چی و چیدا تەعریف دەکا، ئەوە لەو پرۆسەیە دایە کە ئینتلیجێنسیای کوردیش دەست دەکا بە تەفەکور لەو بارەیەوە. مەسەلەن ئەگەر محەمەد ئەمین زەکی بخوێنینەوە عەینی ئەوەی دەڵێ: وەختێکی مەسەلەی عوسمانی کەم کەم لەبەین چوو، بە جێگای ئەوە مەفهومی تورانی و تورک و تورکبوون هاتە پێشێ، ئەمنیش کەم کەم فکرم لەوەی کردەوە کە من کوردم.. لە ئێرانیشدا وابوو. لە وێش تا ئەو جێگایەی لێی دەزانم، لە شۆڕشی مەشروتیەت(دەستوری)دا مەسەلەی هەوێتی میللی بە هیچ جور مەتڕەح نەبوو. لە ئێراندا بە کوردی نووسین(زمان عامیلێکی عومدەی ئیتنیسیتەیە، دیارە عامیلێکی گرینگی هەوێتی سیاسی و میللیشە) هەتا ساڵی ١٩٣٠ کە سیاسەتی مەرکەزی تەڵەبی(سانترالیزم)ی ڕەزا شای هاتە سەرکار، زمانی کوردی مەسەلەیەکی ئیتنیکی بوو، کەس کاری بە تۆ نەبوو بە کوردی نووسیبات، دەیان کتێبت بە کوردی نووسیبا کەس پێشی تۆی نەدەگرت. دەتتوانی کاغەزەکانت بە کوردی بنووسی. لە زەمانی قاجاریشدا هیچوەخت زمانی کوردی وەک مەسەلەیەکی سیاسی مەتڕەح نەبووە، هەوێتی کوردی هەوێتییەکی میللی نەبوو کە دەوڵەتی لە خەتەر باوێ. بەڵام لە ساڵی ١٩٣٥ لە ئێرانێ لەپڕ دەبینی هەوێتی ئیتنیکی کوردی دەبێتە مەسەلەیەکی سیاسی بۆ دەوڵەتێکی کە دەیەوێ هەوێتی یەکگرتووی ئێرانی دابمەزرێنێ. هەوێتی یەکگرتوویەکی ئێرانی کە دەڵێ تورک وعەرەب و بەلوچ و .. هەموو ئێرانین و دەبێ هەوێتی ئیتنیکی خۆیان بکەنە تابعی وەی کە هەوێتی یەکگرتوو وەرگرن. باشە، ئەو پرۆسەی دروستکردنی هەوێتی تاقانانەی ئێرانیش لە ڕابیتە لەگەڵ تەزاد و تەقاروب(تناقض و انسجام) دا ، لەگەڵ ئایدێنتیتی ئازەری و هەوێتی تورک و عەرەب وکورداندا دەبینێ. ئەو دەمییە کە زمانی کوردی دەبێتە موشکیلەیەکی سیاسی، دەوڵەتێکی کە دەیەوێ هەوێتی یەکگرتووی سیاسی دروست بکا، مەجبوورە ئەو کارەی بکا کە دەڵێم مەجبوورە، ئەوە جەبری سیاسەتەکەیە کە تێیدایە. یانی ئەوە خواستی کەسێک نییە، بەڵکوو مەنتیقی ئەو سیاسەتەیە. چونکە سیاسەتی دروستکردنی هەوێتی یەکگرتوویی ئێرانی نیازی بە دەوڵەتێکی موتەمەرکیز هەیە و ئەو دەوڵەتە موتەمەرکیزەش نیازی بە دوو شتانە، یەکیان ئەوەیە دەبێ هێزێکی یەکگرتووی عەسکەری هەبێ و دووەمیان ئەوەیە دەبێ بورۆکراسییەکی هەبێ. زمانی یەکگرتووی میللی زمانی بۆرۆکراسی دەوڵەتی یەکگرتووی میللییە. ئەوە لەو چوارچێوەی دایە کە زمان دەبێتە موشکلێک کە ڕەزاشا فەرمان دەدا کە کوردی زمانی نووسین نییە. ئەوە لەبەر ئەوەیە کە ئەو هەوێتییە کز و بێ هێزەی فارسی کە ئەوان دەیانەوێ دروستی بکەن، بە ئەرتەشێکی موتەمەرکیز و بۆرۆکراسییەکی موتەمەرکیز دایبنێن و بیپارێزن، هەدەفی ئەو سیاسەتە ئەوەیە. لە تورکیاش هەروایە، دەبینین کاتێک زمانی کوردی وەک مەسەلەیەکی سیاسی دێتە گۆڕێ، کە لە موخالەفەت لەگەڵ ئەو سیاسەتەی دەوڵەتی کەمالیزمیدا ڕادەوەستێ کە دەیەوێ دەوڵەتی واحیدی تورکی بە وجود بێنێ لە ساڵی ١٩٢٣ ـ ١٩٢٤ زمانی کوردی قەدەغە دەکرێ. هێز و قەوەتی قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە تورکیا لە ئێرانێ زۆرترە. هۆی ئەوەیە کە لە ئێرانێ کۆنسێپتی هاووڵاتییان هەیە، لە قانوونی ئەساسیدا، لە ساڵی ١٩٠٦دا، کە دەڵێ تەواوی هاووڵاتییانی ئەو دەوڵەتەی یەکەن. قانوونی ئەساسی ئێرانێ ڕەد و ئینکاری قەومی ناکا، بەڵام قانوونی ئەساسی تورکیا دەڵێ کە ئەتۆ وەختایەک شەهروەندی(هاووڵاتی) تورکیای کە ئایدێنتیتی تورکی وەرگری. بەو مەعنایەی ئەگەر ئەتۆ هەوێتی قەومی خۆت ئینکار نەکەی ناتوانی ببیە شەهروەندی تورکیا. ئەوە فەرقی ئەو دووانە. جا عەرزتان دەکەم ئەوە پرۆسەیەکە کە من ئیستیدلال دەکەم هەوێتی سیاسی کوردی تێدا دروست بووە. ئەگەر ئەتیجەی ئەو قسانە لە جێگایەک خڕ بکەیەوە، ناسیۆنالیستێکی کورد زۆری پێناخۆشە. ئەو سیاسەتەی پێیدەڵێن "ناسیۆنالیزمی کورد" سیاسەتێکی زۆر جەوانە، شێست حەفتا ساڵی زیادتر عومر نییە. بەڵام ناسیۆنالیستێکی سوننەتی بەستراوەتەوە بەوەی کە چەندەی ئینساف هەبێ، هێندێکیان ئەو ناسیۆنالیزمەی دەبەنەوە دەورانی ئادەم وحەوا، هێندێکیان دەیبەنەوە سەر دەورەی هەخامەنشیان، هێندێکیان بڕێک ئینسافیان زۆرترە دێنە سەدەی حەوتەم، کاتێ موسڵمانان حەملە دەکەن بە ئێرانێ، ئەوانی دیکەش کە زۆرتر دەیانەوێ بیکەنە عیلمی دەیبەنە سەر دەورەی خانی لە سەدەی حەڤدە. ئەوانە هیقایەتی ڕۆمانتیکن، ئەوانە بنەمای عیلمییان نییە. ئەوەی ئەورۆ پێی دەڵێن هەوێتی یا ئایدێنتیتی میللی کوردی لە ساڵەکانی سەرەتای ئەو قەرنە دەست پێکراوە، ئێستا لە حاڵی تەحکیم دایە و وەختێکیش موحەقەق دەبێ کە چوارچێوەی حقووقی ـ قەزاییەکەی خۆی لە میللەتی دا وەدیبێنێ. جا ئەو قسانەی کە من کردوومە بەوە تەعبیر بووە دەڵێن ئەو کابرایە( کە وەک لە ستۆکهۆڵم گوتیان) «گۆشتی گای شێتی خواردووە» ، ئەو کابرایە قسەی تیۆریکی دژی کوردی دەکا و دەڵێ هەوێتی کوردی نییە و میللەتی کورد نییە. کاکە ئەمن ناڵێم میللەتی کورد نییە ، ئەمن دەڵێم میللەتی کورد بەشێوەیەکی تاریخی ـ فەرهەنگی، بە هەوێتییەکی قەومی هەیە، ئەوە قابیلی ئینکار نییە. ئەوە ئێمە هەموومان لێرە دانیشتووین ئەمن بەو زمانەی قسان دەکەم کە بەشێک لەو ←

هەوێتییەی ئێمەیە تا ئەو جێگایەی ئەمن دەتوانم بەیانی بکەم، ئێوەش تێیدەگەن. کەوابوو بەو مەعنایەی ئەمن ئەوەی نالێم بەلام دەلێم ئەوە لە نەزەر تیۆری سیاسی ـ فەلسەفییەوە کافی نییە. میللەتی کوردی هەوێتییەکی حقووقی ـ قەزایی کە پێویست بێ بۆ دروستکردنی میللەت بە عینوانی واحیدێکی حقووقی سیاسی، ئەوەی لازمە، کورد ئەوەی نییە، ئەمن ئەوەی دەلێم. جا ئەوە بۆتە تەوەهومێکی گەورە بۆ ئەو کەسانەی گوتوویانە کە میللەتی کورد هەمیشە سەرزیندوو و خەباتکار و موتەفەکیر و خاوەنی هەستی نەتەوایەتی لە تاریخدا هەبووە.. باشە ئەوانە ئەزەریکن و ئی منیش ئەزەرێکە. ئەوە ئوسولی ئەو شتانەیە کە ئەمن گوتوومە و هەمیشەش دووپاتم کردووەتەوە. جا ئەگەر ئەوە باعیس دەبێ کە یەکێک، ببێتە دژی کوردی، نازانم! ئەگەر دەبێتە قسەیەک بۆ باسی تەعەقولی، ئەوەش شتێکی دیکەیە. بەکورتی ئەوە قسەکانی من بوون.

**پرسیار:** کاک عەبباس ئەو چوارچێوە حقووقی ـ قەزاییەی کە باستان کرد، دەکرێ کەمێکی زیادتر شی بکەنەوە؟

**و:** بەڵێ، بە کورتی ئەو شتەی کە لە بەردەم حەرەکەتی ناسیۆنالیستییە ئەوەیە کە لە نەزەر حقووقی ـ قەزایی پێیدەلێن مافی بڕیاری چارەنووس، ئەوە مافێکە،لە نەزەر فەلسەفەی سیاسی پێیدەلێن حقووق (Right)، ئەگەر تەماشای مافی نەتەوە بکەین دەبینین دوو بەشی هەیە، یانی دیسکۆرسەکەی(نووسینەکەی) دوو بەشی هەیە، مەسەلەن ئەگەر تەماشای کاری «رۆسۆ» بکەی، یا تەماشای کاری «جان ستوارت میل»ی بکەی یان ئی «کانت»ی بکەی، ئەوانە تیۆریسیەنی گەورەی سیاسی ـ حقووقین، ئەگەر تەماشای کاری ئەوانە بکەی دەبینی دوو بەشە: یەکیان بەیانی حەقەکەیە کە بەشێکی زۆر کورتە، دووهەمیان یانی ئەوەی کە ئەهمیەتی هەیە، تەوزیحی سیاسی حەقەکەیە، کە لە سەر چی داندراوە و چۆن دتێە دی. باشە، ئەمن عەرزت دەکەم وەختێکی دەلێین، مافی چارەنووس، ئەگەر تەماشای ئەو تەوزیحە سیاسییانە بکەین، ئەوانە بە نوختەیەکی دەگەن، بە نەتیجەیەک دەگەن و ئەویش ئەوەیە کە چوارچێوەیەکی حقووقی ـ قەزایی هەبێ. لە نێو ئەو چوارچێوەیەدا ماف تەنیا بەیانی نەزەرە، بۆ خۆی هیچ زەمانەتی ئیجرایی نییە. جا بۆ بەیانی ئەو مومکینە کابرا سێ لاپەڕان بنووسێ و لە تەوزیحی مافەکەدا چوارسەد لاپەڕان بنووسێ لەبەر وەی بلێ کە ئەو مافە دەبێ لە سەر چی دابندرێ و چۆن موحەققەق دەبێ. لەحەقیقەتدا ئەوەی دەلێم کە باسی مافەکەی باسێکی سیاسییە. مافی چارەنووس زاتەن جەوهەرەکەی، زاتەکەی سیاسییە. وەختێکی بلێی ئەوە زاتی سیاییە لە حەقێکی سیاسی ناشی دەبێ، نە لە حەقێکی ئیتنیک، بەو مەبنایەی دەبێ لە ئیتنیسیتە جوێ بکرێتەوە. ئیتنیسیتە خۆشی شتێکە کە لە پرۆسەی ئەو سیاسەتەیدا حەرەکەت دەکا و تەبدیل دەبێ بە هەوێتی میللی و ئەساسی ئەو سیاسەتەش دەبێ دێمۆکراتیک بێ، بێ وەی نابێ. یانی ئەو جۆرەی کە ئەمن بۆ ناسیۆنالیزمی دەچم، یان ئەو جۆرەی کە ئیدیکە بۆی دەچن، موشکیلەکە ئەوەیە کە تۆ ناتوانی ناسیۆنالیزم بە عینوانی سیاسەت ئینکار بکەی، ئەوە لەوێیە و هەیە. ئەو تەبدیل و تەحەوولەی لە داخیلی ئێران یا تورکیا یان لە عێراقێ دا دەبێ، ئەگەر تابعی ئەو تەحەوولەی نەبێ کە مەسەلەی جیددی بگرێ، رێگای بۆ پەیدا بکا، مومکینە بۆ سێ چوار سالان بێدەنگی لێبکرێ، وەلی ئەو مەسەلە لەوێ هەر دەمێنێ، دەشمێنێ و ئەوەی کە بە وجودی هێناوە هەمیشە بناغەی وی دەجوولێنێتەوە. جا ئەساسی وەی دەبێ ئەساسێکی دێمۆکراتیک بێ. ئەساسی وەی یانی ئەو سیاسەتە لە ئیرادەیەکی دێمۆکراتیک ناشی بێ، هەدەفیشی ئەوەیە کە دێمۆکراتیک بێ. وەختێکی دەلێم دێمۆکراتیک هەمیشە ڕەنگە تەوەهوم سازبێ، پاپیولار دێمۆکراتیک (دێمۆکراسی گەلی) فەقەت ئەوە نییە کە کەسێک حەقی دەنگدانی هەبێ.. نا، ئەوەی نالێم، مەسەلەی ئەسلی دێمۆکراتیک ئەوەیە کە قودرەتی سیاسی ناشی لە ئیرادەی ئەو خەلکە بێ و دەبێ تابعی ئیرادەی ئەو خەلکەش بمێنێتەوە. ئەوە بەو مەعنایەی نییە کە دەولەتی میللی ئەگەر دروست بوو سبەینێ ببێتە کەلەگا لە سەر خەلکی. مەسەلە ئەوەیە کە ئەو دەولەتە میللییە دەبێ تابعی ئوسولی دێمۆکراتیک بمێنێتەوە کە بتوانێ لە گەل ڕوحییەی فەلسەفی ـ سیاسی ئەو باسە ناسیۆنالیستییەی کە دەکرێ، بسازێ. ئەمن ئەو جورەی دەبینم و ئەو جورەیە کە بە نەزەری من، ئیستیدلالێکی مەنتیقی و ڕاسیۆنال بۆ ناسیۆنالیزم بە عینوانی سیاسەتیش دەکرێ بهێنرێتە گۆڕێ. ئەمن ئەوەی بلێم، کە باسی ناسیۆنالیزم وەکوو سیاسەت دەکەم، نە بە عینوانی شێوەی ژیان، بۆ زۆر کەس ناسیۆنالیزم مومکینە شێوەی ژیان بێ، بۆ من نییە، ئەمن باسی سیاسەتێ دەکەم، سیاسەتیش هەمیشە ئەو جورەیە، هیچ سیاسەتێک لە دنیایەدا ئەگەر نەتەوێ بیکەیە مەزهەبی ناکرێ هەمیشە دیفاعی لێبکرێ. ئەمن ناتوانم لە هیچ سیاسەتێک بێ هیچ قەید و شەرتێک هەتاهەتایە تەرەفداری بکەم، فەرقی وەی لەگەل مەزهەبی وایە، ئەوانەی فکر دەکەن لە سیاسەتێک هەمیشە و لە هەموو حالەتێکدا بەبێ قەید وشەرت تەرەفدرای بکەن جا ئەو سیاسەتە چ حاکمیەتی میللی بێ چ حاکمیەتی تەبەقەیی بێ و چ هەرچێکی ئێوی بنێی، ئەو سیاسەتەی کە لە هەموو حالەتێکدا تەرەفداری لێبکەی هیچ فەرقی لەگەل تەسەوری ئیمام خومەینی لە شیعەگەری نییە. ئەوە دەبێتە جەزم، جەزمی مەزهەبی کە دەبێتە دیاریکەری(ریگولەیتری) تەواوی ئوسول و ڕوانگە و گەرایش و حەرەکەتی ئینسانی. ئەمن نە ئەو جورە سیاسەتێ دەبینم و نە ئەو جورە دەتوانم ناسیۆنالیزم وەکوو سیاسەت ببینم. ئەگەر حەرەکەتی میللی تابعی ئوسولی دێمۆکراتیک بێ و بییەوێ ئەو میللەتەی تابعی ئەو سیاسەتەی دروست بکا، دەبێ وابێ. وەختێکیش ئەو حاکمیەتە میللییەش دامەزرێندرا، ئوسولەن لە چوارچێوەیەکی قەزاییدا دەبێ تابعی وەی بمێنێتەوە. یانی ئێمە نە قودرەتی موتلەقمان دەبێ هەبێ و نە قودرەتی هەمیشەیی و بەردەوام. ئەوە بێ مەعنایە و هیچ فەرقی لەگەل ئیستیبدادی نییە. مەسەلەن وەکوو دنیای سێهەم، دەبینی کابرا لە دنیای سێهەم جارێک دەبێتە رەئیس جمهوور و جارێکی دیکەش هەروا و ئەگەر پێی خۆش بێ قانوونی ئەساسی دەگورێ وجارێکی دیکەش دەبێتەوە. ئەگەر جارێکی دیکەش پێی خۆش بێ قانوونی ئەساسییەکە لادەبا. ئەگەر کەسێکیش قسان بکا موشکیلەی بۆ پەیدا دەبێ. مەسەلەن لە ئێرانێ «ڕەفسەنجانی» قانوونی ئەساسی تەغییر دەدا، ئەگەر سبەینێ نەبێتە ڕەئیس جمهوور نازانم چۆن دەبێ، یان دەبێ بەشێکی زۆر بگرن لە زیندانیان بکەن یان ڕێگایەکی دیکەی بۆ ببیننەوە و ماهیەتی جمهوورییەکەی بگۆڕن. ئەمن مەبەستم

ئەوەیە ئەگەر سیاسەتێک تابعی ئەو ئوسولەی نەمێنێتەوە و ئەو ئوسولە ڕێنوێنی ئەو پراتیکە نەبێ زۆر موشکیلە دێتە پێشێ.

**پرسیار:** لە مەوردیدی ئەو وڵاتانەی کە ئیشغاڵ بوون زۆر پیچیدەگی پەیدادەبێ بۆ نموونە کوردستان کە بەوەسیلەی چەند دەوڵەت ئیشغاڵ بووگە، لێرەدا داوادەکەم کە مەسەلەکە پتر باس بکەن. پرسیاری تریشم ئەوەیە کە ئەگەر ئەم تیۆری ڕایتە بەر حەق دەزانین تیبقی قسەی خۆتان ئەگەر ئەم دیسکۆرسە، نە لەبەین عەرەبەکاندا و نە لە بەین فارسەکاندا و نە لەبەین تورکەکاندا ئەسڵەن نەبووگە، حەتتا ئەفەرموون لەبەین ژاپۆنی و چینییەکان و تەنانەت ڕووسییەکانیشدا نەبووگە. ئەم تیۆرییەسە کە مەفهوومی میللەت و میللی لە قەوم و قەومیەت جیانەکاتەوە، یانی ئیتر ئەمە شاخیسە؛ جا ئەگەر وایە تا ئەم تیۆرییە جاری ئەوێ، دیسکۆرسی ناسیۆنالیزم بێ مەعنییە، ئەم پرسیارە دێتە بەرەو، ئایا ئەم میللەتانە چ لە دوای شەڕی ئەوەڵی جیهانیا کە بەهەر حاڵ ئەم واحیدگەلە میللییە دروست بوون و ئەم دەوڵەتانە شکڵیان گرت، ئایا لەو وەختەدا گەیون بە مەرحەلەی میللەت وەک عەرەب و فارس و تورک... فەرق و تەفاوەت لەباری ئیجتیماعی ـ ئیقتیسادی چەندێک بووە و ئێستا چۆنە؟

**و:** وە ختێکی باسی حقووقی حەق دەکەین، ئەوەی بە ئینگلیسی پێیدەڵێن ڕایت، ئەو تەوەهومە دێتە پێشێ کە حەق مەفهوومێکە کە لە نەزەر سیاسی ـ قەزاییەوە سەربەخۆیە، یانی تەواوی ئەو شەڕایەتەی کە لازمە بۆ ئەوەی کە موحەققەق بێ، لە خودی مەفهوومەکەدا هەیە، نا ئەوە دروست نییە، مەفهوومی حەق مەفهوومێکی سیاسییە، تیۆرییەکەی سەربەخۆ نییە، ئەوە باسێکی تیۆریکە. ئەمن هەوڵ دەدەم ئەوەی تەوزیح بدەم، ئەمن لە جوابی ئەو برادەرەی پێشووودا عەرزم کرد کە وەختێک تەماشای تیۆری حەق دەکەی، دوو بەشی هەیە، بەشی بەیانی حەقەکە، کە لە خودی مەفهوومەکەدا هەیە، بەشی زۆری ئەوەیە کە ئەو حەقە لە سەر چی داندراوە و چۆن دێتە دی. باشە.. ئەوە باسێکی سیاسییە کە ڕەبتی بە شێوەی بەیانی حەقەکە نییە. وەختێکی ئەنگۆ دەفەرموون مافی بڕیاری چارەنووس، ئەوە بەیانی حەقەکەیە، بەڵام شەڕایەتی تەحەقوقی وەی لە خاریخی وەیدا لە سیاسەتێدایە، ئەوە بەو مەعنایەیە کە شەڕایەتی هاتنەدی ئەو حەقەی لە حەرەکەتی ناسیۆنالیستی دایە، ئەو حەرەکەتەی کە دەیەوێ ئەوەی دروست بکا. ئەگەر ئەو جورەی ببینن ئەوە دینامیزمێکی سیاسی زۆر عەجایب دەدا بە پرۆسەی ناسیۆنالیستی. پرۆسەی ناسیۆنالیستی دەتوانێ مەشرووعیەتی خۆی لەو حەقەی وەرگرێ، پێش وەی میللەت دروست بێ. بەڵام لە نەزەر تیۆریکەوە وەختێک میللەت دروست دەبێ کە ئەو چوارچێوە قەزایی سیاسییەی هەبێ کە لازمە بۆ ئەو حەقەی ئەلئان هەیە. باشە، ئەو حەقە عەینی ئەوەیە کە من بڵێم ئەو حەقەم هەیە لەبرسان ئەمرم. حەقم هەیە بچمە مەدرەسەی سەواد فێربم، بتوانم بنووسم و بخوێنمەوە... حەقم هەیە ئەو جورەی کە پێمخۆشە بژیم. پێم خۆشە عیبادەتێ بکەم یان نەکەم... مافی چارەنووسیش لەو حەدەی دایە، وەختێکی دەڵێی ئەمن حەقم هەبێ کە بتوانم بنووسم و بخوێنمەوە.. ئەوەی دەینووسم ئازادانە بڵاوی بکەمەوە.. باشە ئەوە حەقێکە. بەڵام ئەگەر ئێستا بچن لە بەغدایە باسی ئەو حەقەی بکەن مومکینە قەت ئەگەڕێنەوە. چونکە شەڕایەتی ئەو حەقەی لەوێ وجودی نییە. بۆیە دەڵێم حەق شتێکی موجەڕەدە. ئەتۆ لە سوێد دەتوانی باسی ئەو حەقەی بکەی. چونکە شەڕایەتی هاتنە دی ئەو حەقەی هەیە. شەڕایەتی ئیجتیماعی ـ ئیقتیسادییەکەی هەیە و فەرهەنگییەکەشی هەیە. جا بۆیە ئەوە حەرەکەتی ناسیۆنالیستییە کە دەبێتە مەبنای هاتنەدی ئەو حەقەی. ئەو جورەی کە من دەڵێم ئەسڵەن تەزادی بەو شێوەی تێدا نییە. تەزاد لەوەی دایە کە دەڵێ ئەو حەقە غەینی یە. تەزاد لەوەی دایە کە دەڵێ ئەو حەقە وەکوو شتێکی سیاسی لەسەر ئێمە داندراوە. ئەمن دەڵێم دانەندراوە. ئەگەر لە سەرت داندرابێ، دەبێ ئەو شەڕایەتە ئیقتیسادی ـ فەرهەنگییەت لەسەر دابندرێ. کە ئەوە داندرا ئیدی ئەتۆ موشکیلت نییە. بۆیە ئەمن دەڵێم بەیانی ناسیۆنالیستان بە پێچەوانەیە. ئەوانە لەلایەک دەڵێن ئێمە ئەو حەقەمان هەیە و لەلایەکیش دەڵێن ئێمە بێ ئەو حەقەی ناتوانین بژین. دەبێ تەکلیفی خۆت موشەخەس بکەی هەتە یان نیتە؟ هەروەک ئەمن عەرزت دەکەم ئەو حەقە لە نەزەر تیۆریکەوە بە شێوەی بەیانێک هەیە، بەڵام بەیانی حەق هەر ئەوەندەیە کە بڵێم حەقم هەیە ئازاد بژیم، کەس بە من نەڵێ ڕۆژێ حەڤدە ڕەکات نوێژ بکەم، یان کەسێک بە ژنان نەڵێ کە لە گەرمای چل درەجەدا دەبێ چارشێوی ڕەش بە خۆیاندا بدەن یان ڕێژیی غەزایی بگرن. ئەمن کارم بەوەی نییە. مەسەلە ئەوەیە کە ئەو حەقە دەبێ شەڕایەتی هەبێ. دەنا بەیانی ئەو حەقەی ئەگەر لە بارێکەوە تەماشای بکەی هیچ نییە، مەسەلەن قانوونی ئەساسی جمهووری ئیسلامی ئەگەر هێندێک شتی لێ جوێ بکەیەوە قانوونێکی دێمۆکراتیکە. زۆرتری ئەو حەقانەی لازمە بۆ قانوونێکی ئەساسی دێمۆکراتیک لەوێدا هاتووە ئەڵبەتە بە شێوەیەکی موتەزاد (متناقض)، چون لەگەڵ ویلایەتی فەقیهـ نایەتەوە. بەڵام ئەو شەڕایەتی کە لازمە بۆ تەحەقوقی ئەو حەقانە لەوێدا وجودی نییە. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٥٨ بەولاوە، هاتن لە عێراقێ مەسەلەی ئەوەیان قەبوڵ کرد کە عێراق دوڵەتێکی دوو ئەتەوەیی یە، بەڵام وەختێکی هاتن شەڕایەتی هاتنەدی ئەو دوو ئەتەوەی دامەزرێنن، بوو بە شەڕ و مەعرەکە و تا ئێستاش بەردەوامە. ئەتۆ دەتوانی بەیانی حەقەکەی لە پاڕاگرافێکیدا بنووسی، وەلی شەڕایەتی تەحەقوقی ئەو حەقە موشکیلی ئەسڵی تیۆریکییە.

مەسەلەی دیکەی کە جەنابت ئیشارەت پێکرد ئەوەی کە من دەڵێم نە لەنێو عەرەب، فارس، تورک، کورد و ژاپۆنی و چینی و حەتتا ڕووساندا، ئەو تیۆری ڕایتە نەبووە ئەوە سەبەبی هەیە. تیۆری ڕایت لە غەرب ڕا هاتووە، ئەگەر تەماشای بکەی ئەوە بەو مەعنایەی نییە ئەوەی کە دەڵێن فکری سیاسی شەرقی یا فکری سیاسی ئیسلامی، وەکوو ئیمام محەمەدی غەززالی، ئیبنوموقەفەع، خواجە ئەسیری تووسی، ئیزامولمولکی تووسی و ئەوانە.. ئەوانە تیۆریسیەنی سیاسی بوون؛ باشە، بەڵام وەختێک باسی حەقیان کردووە هەمیشە لە ڕابیتە لەگەڵ قودرەتی موتلەقی حاکمی دا بووە. حەتتا یەک کەلیمە، یەک لاپەڕەش لە سەر ئەو خەڵکەی کە حوکمیان بە سەردا کراوە نەگوتراوە. بەڵام ئەگەر تەماشای تیۆری سیاسی ئینگلیستان و فەرانسەی بکەی، لە ئینگلیس لە قەرنی ١١ و ١٢ بەولایە، لە خودی ئورووپایە بە شێوەیەکی گشتی ئەو تەفەکورە سیاسییەی کە لەسەر ڕابیتەی بەینی حاکم و ئەوانەی حوکمیان لەسەر دەکرێ ـ نامەوێ بڵێم هاووڵاتی، چون ئەو مەفهوومە ئەو وەختی نەبووە، بۆیە ناڵێم سیتیزن ←

ـ سەبر سەبر بۆوەی دەچوون ئەو حقووقەی دامەزرێن، دامەزراندنی ئەو حەقەش بەومەعنایەی کە دەبێ قودرەتی موتلەقی حاکمی زۆرتر و زۆرتر مەحدوود بکەن. وەختایەک مەفهوومی مودێرنی هاوولاتیان دامەزراند، ئەو دەمی گوتیان کە ئەهەمیەتی ئەو حەقە لەوەیدایە. جا کە لە مەملەکەتێکدا قانوونی دادەنێن، حاکم و هاوولاتی هەردووکیان بە شێوەیەکی موساوی تابعی ئەو قانوونەن. دیقەتێ دەکەی ئەوە ئەسلی قەزییەیە. بەلام نە لە ئێرانێ ، نە لە عێراقێ و نە لە تورکیا و نە لە ژاپۆن (نزیکەی ٩٠ساڵ لەوەپێش)، ئەوە نەبووە. تۆ تەماشای گەورەترین تیۆریسیەنی مەمالیکی ئیسلامی مەسەلەن «غەززالی» بکە، تەواوی ئەو تەوجیهاتەی لەسەر حەق دەیکا، حەق شتێکی لایەتەجزایە و لەسەر قودرەتی موتلەقی حاکم دامەزراوە. ئەوەی تەئکید دەکەم حاکم دەتوانێ حەقی تەفویز بکا بەلام هیچوەخت تەوزیعی ناکا. تەفویز کردن ئەتۆ دەتوانی لێی وەرگریەوە، وەلی تەوزیعی بکەی دەبێتە هۆی دابەشبوونی حوکمەکە. ئەوە تەواوی ئەو قسانەیە کە محەمەدی غەززالی دەیکا، تووسی دەیکا. ئەوەی ئەوانە نووسیویانە لە موقایسە لەگەڵ ئەو موهمەلاتەی کە تیۆریسیەنە ئیسلامیەکان دەینووسن قابیلی قیاس نییە. ئەوان کتێب خوێن بوون، زانا بوون وەزعیان زانیوە. شەرایەتیان تەوجیه کردووە. تەوجیهی حەق بە مەعنای تەوجیهی سەرەڕۆیی و دیسپۆتیسم.

بۆیە دەڵێم فەرهەنگی سیاسی ئێمە هیچوەخت مەبنای تیۆری حەقی تێدا نەبووە. جا بگەڕێینەوە سەر ئەوەی عیدەیەک هەن، ڕۆشنبیرەکانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست بەشێوەی گشتی، لە نێو کوردانیشدا ئێستا پەیدا بووە، یەک دوو مەوریدم دیوە، وەدەزانن ئەتۆ دەتوانی مەفهوومێکی نەتەوە ونەتەوایەتی یا مەفهوومێکی ناسیۆنالیستی و میللی یان مەفهوومی حەق و مافی چارەنووس بە شێوەیەکی شەرقی دابنێی، لەحەقیقەتدا ئەوەی لە تیۆریدا پێیدەڵێن زیددی ئیمپریالیزمی فەرهەنگی لە موقابیلی غەربیدا. نەزەری من ئەوەیە کاکە بڕۆ ئی خۆت دابنێ، وەلی ئەتۆ ئاگات لەوەی ببێ لە فەرهەنگ و سوننەتی تۆدا شتێکی وا نییە. ئەگەر ئەتۆ بچی مەبانی فکری خۆت لە نێو نووسەرانی عەرەب وفارس وتورک بخوێنیەوە، بەو مەعنایەی کە تیۆرییەکی بۆ ئەوەی دابنێی، ئەتۆ خەیاڵێکی خاوت هەیە، نییە. هیچوەخت ئەتۆ یەک لاپەڕەش پەیدا ناکەی بلێ ئەمن ڕابیتەی بەینی حاکم و ئەوانەی کە حکومەتیان لەسەر دەکرێ فورموڵە دەکەم. بۆیە ئەوەت عەرز دەکەم. دەنا هۆیەکی نییە لێرە ئەمن دیفاع لە فەرهەنگی غەرب بکەم. نا، ئەمن دیفاعێ لەو جەنبەی فەرهەنگی غەربی دەکەم، لەو سیاسەتی مودێرنی غەربی دەکەم کە ئەو سیستەمەی پەرە پێداوە. ئەوە هەم چەپ قەبوڵی دەکا و هەم ڕاست. بە نەزەری من لە دیسکۆرسی سۆسیالیستی و مارکسیستیدا تەحسین و تەمجیدی ئەو شێوە تەکامولی غەربییە یەکجار زۆرترە لە وانی دی و دەڵێ ئەوان دروستیان کردووە. تێکنیکی غەرب لە ئاست تیۆری ڕایتی غەربیدا شتێکی زۆر چکۆڵەیە. ئەساسی ئەو کارەی تیۆری مافە.

**پرسیار:** پرسیاری ئاخرم جواب نادەیەوە؟

**و:** پرسیاری ئاخرت چییە کاکە..

**پرسیار:** لەبارەی ئیشغالگەری دایە.

**و:** کە وەزعی کوردستانێ وەکوو ئەوانی دیکە نەبووە.

**پرسیار:** بەڵێ.. مەسەلەن وەزعی کوردستان وەکوو فەرانسە و جێگەلی تر نەبووە کە بە شێوەی کلاسیک مافی دێمۆکراتیک چارەسەر بووبێ..

**و:** بە نەزەری من ئەو وەزعە تایبەتییەی کوردستانێ فەقەت تەئسیرە ئەسڵییەکەی لەوەیدا دەبێ کە سیاسەتی ناسیۆنالیستی کوردی دەبێ شکڵێکی تایبەتی هەبێ، لەبەر وەزعی ژیۆپۆلیتیک و ستراتیژیکی ئێستای کوردستانێ، دەبێ ئەو سیاسەتی ناسیۆنالیستییەی کە دەیەوێ ئەو پرۆسەیەی بگرێ و بڕوا، دەبێ وەزعێکی تایبەتی هەبێ. ئەو وەزعە تایبەتییە کەلیمەیەک نییە کە دەمەوێ دایپۆشم، نا، بۆیە ئەمن دەڵێم وەزعی تایبەتی چونکە ئەتۆ دەبێ بە شێوەیەکی کونکرێت بێیە سەر ئەو وەزعە تایبەتییە کە ئەڵتان چ بکرێ؟! ئەوە وەکوو ئەوە وایە کە دوکتور بێ و نوسخەی بنووسێ، ئەوە لە حدوودی توانایی مندا نییە. ئەمن فەقەت بە شێوەیەکی گشتی لەو مەوریدەیدا دەتوانم قسان بکەم.

**پرسیار:** ئایا کورد یەک میللەتە یان چوار؟ بۆچی کورد چەند هەزارساڵە دەوڵەتی نییە؟

**و:** پرسیاری یەکەم ئەوەی کە کورد یەک میللەتە یان چوار میللەت. پێش ئەوەی جوابی ئەو پرسیارە بدەمەوە دێمە سەر ئەو قسەی کە هێنامەگۆڕێ وەکوو مەفهوومێک یا کۆنسێپتێکی قەومی کە مەفهوومی سیاسی هەبێ. باشە، ئەمن ئەو مەفهوومە سیاسییە قەزاییە لە لاوە دادەنێم چونکە بە نەزەری من هێشتا بە وجود نەهاتووە. جا ئەوە ناکرێ باس بکرێ کە ئەوە یەکە یا چوارە، ئەمن دەڵێم بە مەعنای حقووقی سیاسی دەبێ دروست بکرێ، دابمەزرێندرێ. بەلام بە مەعنای تاریخی یا قەومی و فەرهەنگی ، ئەگەر مەبنای قەومی و تاریخی موشتەرەکی وانە بگرین ئەوە یەکێکە، کە ئایدێنتیتییەکیان هەیە، هەوێتییەکیان هەیە کە لێک پچڕاوە. بەنەزەری من ئەوڕۆ هەڵەیە وابزانین کوردەکانی چوار پارچەی کوردستان پێناسێکی واحیدی سیاسیان هەیە، ئەو ئایدێنتیتییە جیاوازیانەش لە چوار پرۆسەی موتەفاوەتدا تەحەوولی پەیدا کردووە. عامیلی ئەسڵی جیاوازی ئەو پرۆسانەش تەئسیرێک بووە کە چوار دەوڵەتی موتەفاوەت لەسەر ئەو پرۆسەی داناوە. عەمەل وعەکسولعەمەلی وانە، ڕەفتار و حەرەکەتی وانە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە ئەوەی بە وجود هێناوە، چونکە ئایدێنتیتی سیاسی کوردی، یان هەوێتی قەومی تاریخی کوردی، لە تورکیا تابعی تەحەوول و تەکامولی دەوڵەتی تورکیا لە ساڵی ١٩٢٤ بەو لاترە و تابعی تەحەوول و تەکامولی ئیدەئۆلۆژی کەمالیزمە کە لە تورکیا بە وجود هاتووە. بەنەزەری من لەگەڵ ئەو ئایدێنتیتی سیاسییەی کە دەوڵەتی پۆست کۆلۆنیالی عێراقێ پاش ١٩٢٢ بەولاتر بە وجود هاتووە فەرقی هەیە. ئەوە لە ئێرانێ بەشێوەیەکی دیکە و لە سوریەش هەر وەها. ئەو ئایدێنتیتییە لێکپچڕاوە و غەیری یەکگرتووە لە پرۆسەیەکی سیاسیدا دەتوانێ یەکبگرێتەوە. دیسانیش ئەگەر بچینەوە سەر بۆچوونەکەی من، ئەو ئایدێنتیتیە سیاسییە ناقیسانەی لەوێ هەن، جیاوازن. لەبەر وەی کە لە ژێر تەئسیری شەرایەتی جیاوازی ئیدەئۆلۆژیدا بوون لە چوار پارچەی موتەفاوەت لە کوردستاندا، ئەوە ئایدێنتیتی ناسیۆنال کە دەبێ ببن ، نین. هەڵبەتە ئەو جیاوازییە ئیمکاناتی تەشکیلی ئایدێنتیتی واحیدی سیاسی موشکیلتر دەکا، وەلی بەوجود هێنانی وەی بەو ←

شکلەی غەیری مومکین نییە. ئەوە پرۆسەیەکی سیاسییە بەستراوەتەوە بە وەی چۆن مەبانی فەرهەنگی، ئینتلێکتوالی و ئەدەبی ئەو پرۆسەیەی دروست بکا، وەلی ئەساسی ئەو کارەی کە ئەو ئایدێنتیتییەی لێک بەستێ سیاسییە.

بچینە سەر پرسیارەکەی دووەم کە کوردان بۆ دەوڵەتیان نەبووە، ئەمن ناتوانم جوابی ئەو پرسیارەی بدەمەوە کە کوردان ٢٥٠٠ساڵە بۆ دەوڵەتیان نەبووە، بەنەزەری من دەوڵەت بۆ کوردان، سازبوونی هێندە مەسەلەیەکی کۆن نییە. ئەمن ئیعتیقادم بەوەی نییە کە مەسەلەن لە دەورەی شا ئیسماعیلی سەفەوی یا سوڵتان سەلیمی عوسمانی مەسەلەی دەوڵەتی کوردی بە شێوەی هەدەفێکی پاپیولار دێمۆکراتیک بۆ کوردان مەترەح بووە، نەبووە. بەنەزەری من، رەئیس و ئومەرای کورد وکوردنشین، حەتا تا نێوەراست و ئەواخری قەرنی نۆزدە ئەسڵەن بە فکری ئەو مەسەلەیە نەبوون. موشکیلی سیاسی وان ئەوە بووە کە چۆن لەبەینی دوو ئیمپراتوری سەفەوی و عوسمانی و پاشان لە ئێرانێ کە سەفەوی گۆڕا، بتوانن بالانسێکی ڕاگرن کە لە حەدی ئەکسەری ئیمتیاز بۆ حاکمیەتی خۆیان ئیستیفادە بکەن. ئەسڵەن مەسەلەی خەڵکی کوردی مەترەح نەبووە. لە موحاسباتی سیاسیدا جێگەیان نەبووە، هەڵبەتە ئەوە قسەیەکە کە ناسیۆنالیستەکان قەبوڵی ناکەن و دەڵێن ئەو ئەمیرنشینانە هەموو هێزی ناسیۆنالیستی بوون. شەو و ڕۆژ لەفکری وەیدا بوون دەوڵەتی کوردی دروست بکەن. ئەمن لەسەر ئەو قەناعەتەی نیم، بەو شێوەیە نەبووە. هۆیەکەشی ئەوەیە دەوڵەتی میللی بەو شێوەیەی ئەورۆ مەترەح نەبووە. لە ئێرانێ دەوڵەتێک بە نێوی ئێران هەبووە وەلی عەمەلەن دەبینی فەقەت لە دەورەیەکی زۆر کورتی تاریخیدا قەومی فارس حاکمیەتی سیاسییان هەبووە، تا ئەو جێگایەی ئەمن سەرم لە تاریخی ئێرانێ دەردەچێ، سەدساڵێک پاش حەملەی عەرەبان، سامانیان بەوجود هاتن، ئەوانە حکومەتی چکۆڵە چکۆڵەی فارس بوون، پاش وان بە شێوەیەکی بەردەوام لە ئێرانێ هەتا دەورەی پەهلەوی، تورک حکومەتیان دەکرد. مەسەلەی میللی بەو شێوەیە نەبووە، حاکمەکانی ئێرانێ تورک بوون. زمانی دەرباری سەفەوی تورکی بوو. یانی فارس، کورد، تورکمەن، عەرەب... ئەوەیان بۆ مەترەح نەبووە کە هەوێتی میللی ئەو کەسەی کە حکومەتێ دەکا چییە. ئەو مەسەلە لە ئیمپتراتوری عوسمانیشدا هەر وا بوو. پێش وی لە حکومەتی عەبباسیانیشدا هەر وا بوو. هەوێتی میللی ئەسڵەن مەسەلەیەکی تازەیە و بەو شێوەیە نەبووە. مەسەلەی حاکمیەت ئەوەی ئەورۆ پێیدەڵێن (ساڤرێنتی) ئەوەش مەسەلەیەکی زۆر تازەیە و لە ئاخر و ئوخری قەرنی ١٧ و سەرەتای قەرنی ١٨دا دست پێدەکا. چونکە زۆر کەم دەوڵەت لە ئەوایلی قەرنی ١٨ ی میلادی هەبوون کە بتوانن شەڕایەتی ئیقتیسادی ـ سیاسی دەوڵەتێکی کە حاکمیەتی بە مەعنای مودێرن هەبێ، هەبووبێ. یەکێک لە شەڕایەتی حاکمیەت ئەوەیە کە دەوڵەت بتوانێ لە تریتۆری یا لە سنووری خۆیدا قانوون دابنێ و قانوونێکی یەکگرتوو لە هەموو جێگایەک ئیجرا بکا. بتوانێ پارەی هەبێ و بە ڕەسمیەتی بناسن. ئەوە شەڕایەتێکە کە لە دنیای مودێرندا، بوو بە مەبنای ئیقتیسادێکی یەکگرتووی میللی کە بازارێکی یەکگرتووی میللی سەرمایەداری لە بەشێکی ئوروپایەی پێکهێنا. وەختێکی ئیقتیسادی یەکگرتووی میللی سەرمایەداری نەبوو، تەنها ڕێگایەک کە دەوڵەت دەیتوانی حاکمیەتی خۆی لە سنووری خۆیدا ئیجرا بکا، قودرەتی عەسکەری بوو. ئەگەر ئەتۆ تاریخی نیزامی ئوروپایە بخوێنیەوە تا ئەواسیتی قەرنی ١٨ هیچ دەوڵەتێکی ناتوانی پەیدا بکەی لە نەزەری هێزی عەسکەرییەوە بیتوانیبایە دە هەزار سەرباز یا عەسکەر بە ئەندازەی سەدکیلۆمیتر حەرەک بدا، بێ ئەوەی کە نیازی بە خەوانینی مەحەلی نەبایە. لە ئێرانیش هەروا بوو. لە دەورەی سەفەوی ئەگەر شا ئیسماعیل و شا عەبباس و لە سەروبەندی عوسمانیش ئەگەر سوڵتان سەلیم و سوڵتان محەمەد، ویستبایان حاکمیەتی دەوڵەتی بە ئیجرا بگەیێنن، مەجبوور بوون کە بەشێک لەو حاکمیەتەی لەگەڵ خەوانینی مەحەلی تەقسیم بکەن. تەقسیم بەو مەعنایەی بوو کە دەبوو ئۆتۆنۆمی وان بە ڕەسمییەت بناسن، ئەوە لەو سترۆکتورەی دابوو کە دەکرێ خودموختاری ئەو ئەمیر نشینانە ببیندرێ. مەبەستم ئەوەیە کە دەوڵەت بەوجورەی کە ئەرۆ دەیناسین ئەسڵەن مەترەح نەبووە. لە ئوروپایەشدا وا نەبووە، من دۆینێ ئەو باسەم دەکرد، لە ئوروپایە هەوێتی حاکم لەگەڵ ئەو خەڵکەی حکومەتی لەسەر دەکرێ کە دەبێ یەک بێ، مەسەلەیەکی تازەیە. دۆینێ عەرزی ڕەفیقانم کرد مەسەلەن لە ساڵی ١٩٢٨ یۆنان لە ئیمپراتوری عوسمانی ئیستیقلال وەردەگرێ، دەچن شای یۆنانێ لە ئیسپانیارا دێنن. خانەوادەی سەلتەنەتی ئینگلیستان، ئاڵمانییە. مەبەستم ئەوەیە ئەو مەسەلەی کە ئەورۆ هەیە لە ناسیۆنالیزمی مودێرندا کە دەبێ هەوێتی میللی حاکم و ئەو کەسەی حکومەتی لەسەر دەکرێ یەک بێ، ئەوە مەسەلەیەکی تازەیە، دووسەد ساڵە هاتۆتە پێشێ. مەسەلەن خانەوادەی سەلتەنەتی ئاڵمان و رووسیەـ خانەوادەی ڕۆمانۆف و خانەوادەی هۆهێنزۆلێرن ـ ئەوانە پێکەوە خزم بوون لە ساڵی ١٩١٤ کە شەڕی یەکەمی جیهانی دەستی پێکرد، سەربازەکانی وانە جەماعەتەکانی وانە لە مەیدانی شەڕێدا یەکتریان قەتلیعام دەکرد، ئەو دووانە نیکۆلای ڕووسیە و ویلهێلمی ئاڵمانێ کە کوڕەمام و بن ئامۆزابوون، کاغەزیان بۆ یەکتری دەنووسی، کاغەزەکەشیان بە فەڕانسەیی دەنووسی، نە بە ڕووسی و نە بە ئاڵمانی، شوکەلاتیشیان بۆ یەکتری دەنارد. ئەوە بە وی دەگوت DEAR WILLY و ئەویش بە وی دیکەی دەگوت DEAR NIKY. ئەوەی ئەورۆ لە چوارچێوەی ناسیۆنالیزمدا وەکوو هەوێتی یەکگرتووی میللی مەترەح دەبێ کە خەڵکێک وەدوای کەوێ و ئەو هەوێتییەی دامەزرێنێ، بۆ خۆی مافی چارەنووسی هەبێ، ئەوانە زۆر تازەن. بۆیە دەڵێم کە فکری سوننەتیی ناسیۆنالیستی لە ئەساسەوە غەڵەتە. وەدەزانێ لە دەورەی کووروشی، کە دەوڵەتی ماد ڕووخاوە، ئەو مەسەلەیە دەستی پێکردووە. بە نەزەری من ئینسان هەرچەند سوپێر ئیدەئالیستیش بێ، ناکرێ پێیوابێ شتێکی ٢٥٠٠ساڵە لە تاریخدا، تەداومی هەبێ. بەهیچ پەدیدەیەک لە نەزەر تیۆریکەوە ناتوانی بڵێی سەد ساڵیش تەداومی لایەنقەتعی هەبووە، یا ٢٥٠٠ساڵان ئەو ئیدەیە هەبووە، ئەو خەڵکەش بە شێوەیەکی یەکگرتوو هەبووە، شەو تا ڕۆژ خەباتیان کرووە کە دەوڵەتی کوردی دابمەزرێنن. ئەوە قسەیە کاکە، ئەوە داستانە، یانی شتی وا نەبووە. مەسەلەی دەوڵەتی کوردی زۆر تازەیە، ئەمن لە سەر ئەو قەناعەتە نیم کە ئەوانە لەو دەورەڕا لەگەڵ هەموو عالەمێ گیرەوکێشەیان بووە کە دەوڵەتی میللی دابمەزرێنن. یانی ئەگەر هیقایەتی ناسیۆنالیستانت گوێ لێ بێ، ئەمن کە دەڵێم ←

هیقایەتی ناسیۆنالیستانت گوێ لێ بێ ئەوەیە کە بە جورێک باسی سەلاحەدینی ئەیوبی دەکەن دەڵێی مەسەلەن سەلاحەدینی ئەیوبی کارتی حیزبی دێمۆکراتی لە گیرفانی دا بووە. کاکە ئەسڵەن سەلاحەدین هەستی میللی نەبووە، ئەو لە چوارچێوەیەکی ئیسلامیدا، هەوێتی خۆی لە موقابیل سەلیبییەکاندا مەترەح کردووە. ئەوە داستانێکە مومکینە ئینسان پێی خۆش بێ گوێی لێبگرێ، بیکرێ، بیخوێنێتەوە و بڵێ: بەڵێ ئێمەش ئەسڵ و نەسەبێکمان هەیە ٢٥٠٠ساڵە، ئەو ئەسڵ و نەسەبە ٢٥٠٠ساڵ بێ، ٤٠٠٠ ساڵ بێ لە ئەوەڵی ئادەم وحەوای ڕا بێ، بە نەزەری من ئەوەندەشی ئەرزشی سیاسی نییە، ئەوە ئینسان دڵی خۆی پێ خۆش دەکا. ئەرزشی سیاسی ئەودەمی پەیدا دەکا، کە ئەوە بە شێوەیەکی سیاسی وەکوو مەسەلەیەکی سیاسی کە خواهانی ڕێگا چارەیەکی سیاسییە، بۆ خەڵکێکی کە بە شێوەی سیاسی فکر دەکەنەوە، مەترەح بێ. ئەودەمی ئەوە دەبێتە ئیدەیەک کە وەدوای ئەو کارەی دەکەوێ. ئەوەیکە ناشناڵ ئایدێنتیتی یا هەوێتی میللی چۆنە، ئەمن عەرزت دەکەم نابێ ئێمە فکر بکەینەوە کە ئەڵئان هەوێتی یەکگرتووی میللیمان هەیە. نا... هەوێتی موشتەرەکی قەومیمان هەیە کە جەنبەی موشتەرەکی تاریخیشی هەیە، شک نییە، وەلی ئەو هەوێتی موشتەرەکی قەومییە کە ئەساسی تاریخیشی هەیە نابێتە هەوێتی یەکگرتووی سیاسی کە ببێتە ئەساسێک بۆ سیاسەتی دێمۆکراتیکی ناسیۆنالیستی.

**پرسیار:** ئەساسەن تاریخی بە وجودهاتنی ناسیۆنالیزم چۆنە و لە چ نەتەوەیەکدا بە وجود هات، ئەوە یەک، ئەوکایەی پرسیاری دووەمم.. ئێوە پێکهاتنی کۆمەڵەی (ژ .کاف)تان وەک سەرەتایەک بۆ بە وجود هاتنی ناسیۆنالیزم لە ئێرانێ دەست نیشان کردووە، بە نەزەری ئێوە ئیدامەدەری ڕێگەی وان کێیە؟

**و:** ئەمن پێمخۆشە جوابی ئەو پرسیارەی بدەمەوە، بەڵام موستەقیمەن بە باسی ئێستای مەربووت نابینم. پاشان ئەگەر باسەکە تەواو بوو، دەتوانین پێکەوە دانیشین و ئەمن جوابت بدەمەوە، چون ئەوەی کە تەحوول و تەبدیل بە حیزبی دێمۆکرات چۆن بووە، نەتیجەی مەنتیقی هەبووە یان نا؟ بە نەزەری من موستەقیمەن ڕەبتی بە باسی ئەورۆ نییە؛ یا باسی ناسیۆنالیزم لە ئورووپایەدا... کاکە پرسیارەکەت زۆر گرینگە، ئەگەر پێتخۆشە حەقمن جوابت بدەمەوە، جوابت دەدەمەوە بەڵام مەربووتی نازانم. ئەوەڵەن پرسیاری یەکەمت دەبێ بە سەعات لەسەری بڕۆین ئەوەی کە ناسیۆنالیزم چۆن بە وجود هاتووە پرسیارێکی تایبەتییە، ئەگەرلە نەزەر تۆوە ئیشکالی نییە ڕایدەگرین بۆ دوایە.

**پرسیار:** زۆر باشە ڕایدەگرین بۆ دوایە. پرسیاری دیکەم هەیە، ئەمن لەگەڵ یەک لە برادەران قسەم کرد دەیگوت جوابی ئەو پرسیارەم وەرنەگرتەوە کە ئایا فارس و عەرەب و تورک ئەساسەن میللەت هەن یان نا، کونکرێت، ئا یان نا؟ ئەوە ئەوە... ئەگەر میللەتن بەتیۆری ڕایت کە باسی دەکەن، ئەوەی چۆن لێکدەدەنەوە؟

**و:** باشە.. ئەگەر نەزەری من بپرسی، بەو شێوەیەی کە من عەرزم کردی نا.. زۆر دەوڵەت لە دنیای سێهەمدا، ئەو دەوڵەتانەی پاش پڕۆسەیەکی کۆلۆنیالیستی ـ ئیمپریالیستی بە وجودهاتوون پڕۆسەیەکی دیکەیان تێپەڕ کردووە، ئەمن ئەوەی ناڵێم. وەلی ئەەش ناڵێم کە ئەوانە هەموو لەو دەورەیدا دامەزراون، ئەوەش ئیزافە دەکەم، زۆرتری ئەوانە بەو مەعنایەی کە دەوڵەتی میللین، دەوڵەتی میللی نین. ئەمن فکر دەکەم، لە ئێرانێ، لە تورکیا و لە عێراقێ، ئەو بوحرانە کە لە ئەسڵی سترۆکتوری سیاسی ئەوانەدا هەیە بوحرانێکە ناشی دەبێ لە موشکیلاتی دروستکردنی دەوڵەتی میللی لە جێگایەکی کە چەند ئێتنۆس و چەند سنووری جیاوازی هەیە. هەڵبەتە لەبەینی ئەوانەشدا، مەسەلەن لە نێوان ئێران و تورکیا و عێراقێ، فەرق هەیە. لە پێشدا باسی عێراقێ دەکەم، تەماشا دەکەی لە ساڵی ١٩٣٣ وەختێکی عێراق واریدی سازمانی میلەل دەبێ، ئینگلیسیان مەسەلەی موسڵ لەگەڵ تورکان حەل دەکەن و عێراق دەتوانێ ببێتە ئەندامی سازمانی میلەل، ئەو دەمی دەبینی حاکمی عێراقێ «فەیسەڵ» دەڵێ کە لەو تێکەلاوییەی کە بە عینوانی میللەتی عێراق داندراوە هەوێتییەکی یەکگرتووی سیاسی دروست بکەین. بە نەزەری من دەقیقەن ئەو مەسەلەیە موتڵەقەن مووەفەق نەبووە هەتا ساڵی ١٩٥٨ کە کودەتای عەسکەری کرا. ئەودەمی قاسم هاتە سەر کار، پاشان هێندە نەماوە و دوای سێ چوار ساڵان بەعسی هاتنە سەر کار. ئارشیتێکتی ئەسڵی دەوڵەتی عێراق، ئینگلیسیان بوون. باشە، ئینگلیسیانیش لەسەر ئەساسی سوننەتی کۆلۆنیالیستی خۆیان کە لەگەڵ فەرانسەییان زۆری فەرق هەیە، بە شێوەیەکی ئیدارەی غەیری موستەقیم لە پشت سەری ئێلیتی مەنتەقەی ڕادەوەستن و لەگەڵ وەشن ئەو سیستەمەی کە لەوێ هەیە نابێ زۆر موتەمەرکیز بێ کە بتوانێ ئەو ئێلیتەی بەرێتە ڕێگایەکی دیکە. ئەوان ئەو کارەیان کرد و نەتیجەی ئەوە بوو کە ئینگلیسیان لەوێ بوون و لە پاشانیش کە لەوێ مانەوە لە پشت قەوارەکەی ڕاوەستابوون و خۆیان نیشان نەدەدا. یانی هەتا ساڵی ١٩٥٨ی سترۆکتوری لازم بۆ بە وجودهێنانی هەوێتییەکی عێراقی ئەسڵەن بە وجود نەهاتبوو. مەرحەلەی دووەم و ئارشیتێکتی دووەمی دەوڵەتی عێراقێ لە حەقیقەتدا شەخسی (سەدام حوسێن)ە، کە ئەو پڕۆسەی لەوێ ئیدامەی دا، زۆر بە زەبر وزەنگ و شەڕ و مەعرەکە ئیدامەی دا، دەیویست هەوێتی عێراقی دروست بکا، بە نەزەری من، هەتا ئێستا نەتیجەی نەبووە، نەیتوانیوە. هۆی ئەوەی کە نەیتوانیوە بەستەگی بە سیاسەتی عێراقێ یە، لە عێراقێ ئۆپۆزەیشن یا ئیتنیک بووە یا مەزهەبی ـ شیعەکان ـ ئەوانە هەردووکیان ئەساسی سیاسەتی غەیری مودێرنن، ئەساسی سیاسەتی هەوێتی میللی نین. ئەوانەش بە ئەساسی سیاسەتێک چوونە پێشێ، موخالەفەتیان لەگەڵ سیاسەتی ڕێژیمی مەرکەزی کردووە بۆ ئەوەی بتوانن داواکانی خۆیان جێبەجێ بکەن. دەوڵەتی عێراق بە نەزەری من دەوڵەتێکی میللی یا نەیشن ستەیت(Nation State) نییە. سەدام حوسێن مووەفەق نەبووە کە سترۆکتوری بۆ دابمەزرێنێ ئەگەرچی ئەرتەشیشی هەبووە، پوڵ و ئیقتیسادیشی هەبووە. دەوڵەتی میللی بە نەزەری من لەوێ بە وجود نەهاتووە. ئێران وەزعی تایبەتی هەیە، وەزعێکی تاریخی ـ سیاسی جیاوازی هەیە، لە ئێران موشکیلات کەمتر بووە. لە ئێرانێ مەسەلەی مەزهەبی و ئیتنیکیش بەو تەرتیبەی نەبووە، ئێران دەوڵەتێکی پۆست کۆلۆنیالی وەک عێراقێ نەبووە، دەرجەی مووەفەق بوونی دەوڵەتی ئێران لە دەوڵەتی عێراق تا ساڵی ١٩٧٩ زۆرتر بووە، دیسانیش لە ٧٩ وەختێکی دەوڵەت دەشکێ و لە بەین دەچێ مەسەلەن مەراحیلی ١٩٠٥ تا ١٩١٢، ١٩٢٢ تا ١٩٣٠، ١٩٤١ تا ١٩٥٣، ←

١٩٦٣ تا ١٩٧٢، لە تەواوی ئەوانەدا دەبینی کە ماهیەتی قودرەتی مەرکەزی حەملەی پێدەکرێ، ئەو هێزانەی کە ئەگەر ئیجازە بدەن هەوێتی خۆیان مەترەح بکەن، نیشان بدەن؛ لەگەڵ ئەو هەوێتی میللی ئێرانی کە دەوڵەت دەیەویست دروستی بکا، تەزادیان هەیە. ئەلئان جا تا چ حەدێکی ئەو سیاسەتە مووەفەق بووە کە ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی بە دەوڵەتێ نیشان بدا یان نا؟ بەستەگی بە شەڕایەت هەیە؛ هەر وەختێکی دەوڵەتی مەرکەزی شکا، ئەو هێزانەی کە ئایدێنتیتی یا هەوێتییەکەیان سەرکوت کرابوون، ئەو ئایدێنتێتیانە سەریان هەڵدا. ئەو ئایدێنتێتیانە وەختێک سەریان هەڵێنا، ئایدێنتێتی واحیدی ئێرانی کە دەوڵەت دەیویست دروستی بکا کەوتە ژێر سوئال. باشە، ئۆپۆزیسیۆنی مەزهەبی، میللی لەچوارچێوەی سیاسی ئێرانێ دا بە شێوەیەکی توند ئەوەی ڕاوەشاندووە، هۆیەکەشی ئەوەیە کە لە ئێرانێ ئەو ستڕۆکتوری تەبەقاتی ــ ئیقتیسادییە بەو شێوەیەی ئێستا، کە بتوانێ دەوڵەتی میللی واحید ڕابگرێ، بە وجود نەهاتووە. شل بوونی ئەو ستڕۆکتوری تەبەقاتی دیسان عەلامەتی ئەوەیە کە لێرە سیاسەت هەمیشە ــ ئێستاش لەنێو حیزبەسیاسییەکانیشدا وایە ــ لەسەر ئوسوڵێکی سیاسی نییە. بێینە سەر تورکیا، تورکیا لە بابەتێکی مووەفەقتر بووە و لە بابەتێکیش زۆر ناموەفەق تر. لە تورکیا دەوڵەتی کەمالیزم بە ئیدەئۆلۆژییەکی هاتە سەرکار، ئیدەئۆلۆژی حیزبی واحید، میللەتی واحید، دەوڵەتی واحید، باشە، ئەو ئیدەئۆلۆژییە یانی کەمالیزم لەساڵی ٥٠ بەولاوە، فەقەت وەکوو سیستمێکی سیاسی لەباری ئیدەئۆلۆژیکەوە ئەهمیەتی ماوە، یانی ئەو شتانەی کە ئوسوڵەکەی کەمالیزم لەسەری داندرابوو، یا شل بۆتەوە یا بەعەزێکی لە بەین چووە. لە ساڵەکانی پەنجا بەو لاوە هەمیشە حیزبی ئۆپۆزیسیۆن هەبووە. لەوێ حیزب هەبوو بە نێوی سۆسیال دێمۆکرات، بە نێوی مارکسیست، بەعزە سیاسەتێکی مەزهەبی هەبووە، ئەلئان ئەگەر تەماشای مەسەلەی ئەسڵی حکومەتی تورکیا بکەی، مەسەلەی تورکیا گەیشتووەتە بنبەست، نە ڕێگای پێشی هەیە و نە ڕێگای پاش. باشە، لەچوارچێوەی ویدا دەبینی کە جێبەجێنەبوونی مەسەلەی کوردی لە تورکیا، ڕێگای کردووەتەوە بۆ هێزێکی دیکەی مەزهەبی بە ئیستنادی ئایدێنتیتییەکی غەیری ناسیۆنالی تورکی لەگەڵ کەمالیزم، نە ئیستناد بە هەوێتی میللی تورکی. مومکینە ئەو هێزە وەک بە عەزەکەسێکیش دەڵێن کە بە نەزەری منیش ڕاستە، کە حیزبی (رفاه) لە ئەسڵدا حیزبێکی ناسیۆنالیستییە وەلی لەگەڵ دەوڵەتێ موعامەلە بە نێوی سیستمێکی ئیدەئۆلۆژی ــ عەقیدەتی دەکا کە ئەسڵەن لە تەڕەف کەمالیزمەوە ڕەت دەبێتەوە. باشە، ئەوە یانی ستڕۆکتوری دەوڵەتی لائیک دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەوانە نیشانەی ئەوەیە دروستکردنی دەوڵەتی میللی، ستڕۆکتورەکەی لەوێ دامەزرێندراوە، وەلی موحتەوای وەی کانتێنتی وەی، ئایدێنتیتی وەی هیچوەخت یەکگیر نەبووە، بە نەزەری من ئیمکانات، بۆ دروستکردنی ئایدێنتیتی کوردی لە لێکپچڕانی ئەو وەزعەی بە وجود دێ. نازانم جوابی پرسیارەکەت دراوە یان نا؟

**پرسیار:** ئێوە باسی چارەنووستان کرد...، ئەگەر بێنین ئەو قانوونە ئەخلاقییانەی کە کانت دایناببوون... دوایە تەعمیمی بدەین لەسەر میللەتێک و ڕابیتەی ئەو مافی چارەنووسە لەگەڵ میللەتانی دیکە و پاشان بێنە سەر ئەو مافی چارەنووسە لە نێو خۆی میللەتەکەدا. ئەگەر ئێمە بمانەوێ سیاسەتێک لەسەر ئەوە دابنێین کە لە دەرەوە مافی بڕیاری چارەنووسی کورد تەئمین بکا، مافی دیاریکردنی چارەنووس لە نێو خۆیدا چۆن دەبێ؟ لە کاتێکدا ئەلئان ستڕۆکتوری دەوڵەتێک لە کوردستاندا نییە، لە گەڵ ئەوەی خەڵک لە وەزعیەتێک دایە، ئێمە چۆن دەتوانین ــ کە دۆێنێش لێم پرسین ــ ئەو دیسیپلینە بۆ دروستکردنی ئەو ستڕۆکتورە بۆ دابینکردنی مافی بڕیاری چارەنووس لە دەرەوە کە لە ئیرتیبات دابێ لەگەڵ ئەوەی کە لەنێو خۆماندا مافی چارەنووس یا پاپیولارساڤرێنتییەکەی دیاری بکا بێ ئەوەی کە وەزعیەت وەک کوردستانی عێراقی لێبێ. پرسیارەکە ئەوەیە ئێستا لەو وەزعیەتەی کوردستانی عێراقێدا سیاسەتێک کە بیهەوێ مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد لە دەرەوەدا و هاوکات لە ناوەوەدا تەئمین بکا، دەبێ چ بکا؟

**و:** ئەوە دروستە کە سەروەری گەل شەڕایەتی دەرەوە و خاریجی هەیە، بەڵام شەڕایەتی خاریجی موبتەنی بە شەڕایەتی داخیلی دەبێ. دەبێ دەوڵەتەکانی دیکە کە لە کۆمەڵەی بینولمیلەلی دا مەترەح بوون، ئەوەی بە ڕەسمیەت بناسن. ئەوە ئیمکان پەزیر نییە هەتا ئەو هێزە، پاپیولار ساڤرێنتییەی لە شەڕایەتی داخڵیدا دانەمەزرێنێ، هیچ دەوڵەتێک نایە ئەوەی بە ڕەسمیەت بناسێ، هەتا شەڕایەتە داخڵییەکەی دانەمەزرابێ. ئەو بە ڕەسمیەت ناسینە شتێکی سیاسییە. مەسەلەن جەماهیری شوورەوی و فەلەستین.. کە یاسر عەرەفات وەک ڕەئیسی دەوڵەتێک دەچووە مۆسکۆ و پێشوازیان لێدەکرد. فەلەستین ئەو جێگایەی هەبوو لە نێو دەوڵەتاندا کە دەبێ هەیبێ، ئەو ساڤرێنتییەی هەبوو. ئەو وەزنە بە وی دەدرا لەچوارچێوەی سیاسەتێکی بەینولمیلەلیدا، کە تەزادی مەنافیعی لەگەڵ ئامریکایەش هەبوو. بە نەزەری من ئەو بە ڕەسمیەت ناسینی خاریجی، ئەسڵی قەزییە نییە، مومکینە ئەسڵی قەزییە شەڕایەتی پاپیولار ساڤرێنتی بێ. شەڕایەتی خاریجی بەستەگی بەوەیە کە تۆ بتوانی ئەوەی سابیت بکەی لە نەزەر سیاسییەوە مەسەلەن سنوورەکەی و ئەو قابلیەتە کە ستڕۆکتورەکەی دابمەزرێنی، جا کە ئەوەت دامەزراند، یان بەشێکت دامەزراند، ئەودەمی ئیمکانی ئەوە دەبێ بۆ دەوڵەتەکانی دیکە کە مەنافیعی خۆیان لە هەبوون یا نەبوونی تۆدا ببینن و ڕاجع بەو مەسەلەیە بە شێوەی مەنتیقی سیاسی فکر بکەنەوە. ئەگەر بێینەوە و ئیرتیباتی بدەین بە تیۆری دێمۆکراتیک ئیمکانی نییە. ئەوە دروستە وەختێکی ئەتۆ ئیدعای ئەوەی بکەی کە لە دەرەوە بتناسن دەبێ لە ژوورەوە ئەو شەڕایەتی پاپیولار ساڤرێنتییەت تەئمین کردبێ. مەسەلەن جاری وایە دەبینی کوللیەتێک تەشکیل دەبێ، خۆی لێ لادەدەن و دەڵێن ئەوە لە پرۆسەیەکی دێمۆکراتیکدا بەیانگەری پاپیولار ڕێپریسێنتاسیۆن (Popular Representa-tion) نییە، ئەوە شتێکە کە خۆی لە پرۆسەیەکی دا زاڵ کردووە. ئەگەر شەڕایەتی سیاسی لە نەزەر داخیلییەوە موحەقەق بێ، ئیمکانی وەی یەکجار زۆرترە، کە بتەوێ خەبات بکەی کە شەڕایەتی خاریجی تەئمین بێ. مومکینە ئەتۆ نەبی بە ئەندامی سازمانی میلەل، مەسەلەن لە نێو ئەواندا لەوانەیە ١٥ ئەتۆ بە ڕەسمیەت بناسن. زۆر دەوڵەت هەبوون تا ئەو ساڵانە بە ڕەسمیەت نەدەناسران وەک چین، ئەوە لە سەر کۆبایەشدا وابوو، ئەوە موشکیلێک نییە

که تەنسیری موسبەت و مەنفی لە شەڕایەتی داخیلیدا هەبێ.

**پرسیار:** کاک عەبباس ئەمن وای دەبینم کە لە باسەکانتدا تەناقوزێک هەیە، ئەتۆ چاەڕوانی ئەوە دەکەی کە خەڵکانێکی کە ناسیۆنالیستێ قامووسێک بۆ جەنابت دابنێن کە کوردییەکەت باشتر بێ، خۆت بۆ قامووسێک دانانێی، من پێمـوایە ئەوە دەبێ هەموو کوردێک بیکا.... ئەمن لە بەراورد لەگەڵ مەسەلەی کورد کە هەستی نەتەوایەتی لەسەرەتای ١٩٠٠ دەستی پێکردووە، یا لە حەرەکەتی ساڵی ١٩٠٨ی شۆڕشی تورک، کوردیش هەستی قەومی بزوواوە، ئەتۆ لە زۆر شوێنی تریش گوتت کە لە نێو میللەتانی تریشدا ئەو هەستی نەتەوایەتییە شتێکی تازەیە. یان ئەتۆ بۆ خۆت گلەییت لەو خەڵکانە کرد کە گلەییان لە جەنابت کردووە، گۆیا گوتوویانە گۆشتی چیت خواردووە...

**و:** نازانم، ئەوە موشکیلی من نییە، ئەوان ئەوەی دەڵێن، قسەی وانە، ئەمن نامەوێ بەوان بڵێم کاکە ئەمن شێت نیم. چاکە.. شایەد ئەوان وا فکر بکەنەوە کە ئەمن شێتم.. ئەمن کارم بە وەی نییە...

**پرسیار:** ... هەر لەسەرەتای کۆبوونەوەکەدا، بۆخۆت شتێکی وات دەربڕی کە ئەو کەسانەی هەستی قەومیان هەیە، یەکسەر بوون بە دژی دەربڕینەکانی تۆ، سەلاحەدینی ئەیوبی ویستوویە ئیمپراتورییەکی کوردی دروست بکا یا نەکا، کە لە هیچ کوێ دا نییە. لە هیچ کوێ شتی وانەبیسراوە کە دژایەتی ئەو خەڵکانە بکەین کە خۆیان بە کورد دەزانن. جا کە خەڵکی قەومی ئەوەیان نەگوتبێ دژایەتی بۆ چی؟ لە کتێبی... دا هەیە کە باسی کورد دەکا لە تەوراتەوە تا ئێستا، کتێبەکان خۆکوردی نین و خەڵکی قەومی نەینووسیوە.

**و:** نا کاکە.. ئەوەڵەن ئەمن نازانم ئەوە لە تەوراتدا هاتووە یان نا، نازانم. بە نەزەری من لەئەدەبیاتی ئورووپاییدا یەکەمجار کەلیمەی کوردی لە ئەدەبیاتی یۆنانی دا مەترەح بووە، ئی گزێنێفۆنی بووە کە یۆنانییەکان لە شەڕدا بە کوردستانیدا هاتوونەتەوە. ئەوە لەوێدا لەفزێک هاتووە کە بەعزێک دەڵێن کە ئەوە کورد بووە و ئیحتیمالەن مەنتەقەکەش کوردستان بووە. وەلی لە ئەدەبیاتی فارسیدا لە دەورەی سەلجووقیدا هاتووە، ئەمن لە ئەوەڵێدا عەرزم کردی مێژووزان نیم. وەلی هەر بە وەی کە ئەو نێوە هاتووتە سەرزمان، ئەوە بەو مەعنایە نییە کە لە نەزەر تاریخی بە شێوەیەکی ئایدێنتیتی قەومی و فەرهەنگی باسکرابێ. مەقسودی من ئەوەیە کە ئەو تاریفی لە مەسەلەی میللیم کرد و بەو تاریفەی کە لە هەوێتی میللی دەیکەم کە کانستراکت یا شتێکی دروستبووی سیاسییە، بەو مەعنایەی ئەمن ناتوانم بڵێم ئەوە لە حەفتا هەشتا ساڵ قەدیمی ترە. ئەتۆ لە دەورەی ئەوەڵی ڕۆمێشدا شتێکی بە ئینگلیسی پەیدا ناکەی، ئینگلیستان وەک گەلێکی کەشاورزی لە باری سیاسی ـ ئیقتیسادی لە ژێر حاکمیەتی ڕۆمیاندا بووە. باسەکەم ئەوەیە ئەگەر من باسی ئەوەی دەکەم کە ڕۆشنبیری کوردی کە هەستی ناسیۆنالیستی فەرهەنگی کوردی هەبێ، هەستەکەی خۆی بەو شتەی دامەزرێنێ کە قامووسێکی بە کوردی بنووسێ کە منیش ئیستیفادەی لێبکەم، تەزادی تێدا نابینم. لە ئێرانێ ئەوەڵێن فەرهەنگی ئیقتیسادی ـ سیاسی دەرهاتووە کە ناقیسیشە، ئی بیست ساڵ لەوە پێشە. ئێستاش زۆر لەو کەلیمانەی ئیقتیسادی و سیاسی و تیۆری لە فارسی و عەرەبیدا موعادیلیان نییە، هەتا ئی تێکنۆلۆژیش، تەوەجوهـ دەکەی کاکە ئەوانە شتی مودێرنن. ئەتۆ تەماشای مەتنێکی سیاسی تیۆری بکە کە بە فارسی نووسراوە، لەگەڵ مەتنی فەڕانسەیی یا ئینگلیسی موقایەسەی بکە، بزانە ئەو نەسرە چەند فەقیرە، شتێکی کە لە فەڕانسەییدا بە یەک وشە دەگەیێندرێ، دەبێ پاراگرافێک بنووسرێ تا ئەوە تەوزیح بدرێ. ئەتۆ ئەدەبیاتی چەپی ئێرانێ چاو لێبکە، ئەغلەبی ئەو کۆنسێپتانەی تیۆری مارکسیسمی، نییە. یان عەینەن لە ئورووپایی وەرگیراون، یان وەختێکی باسی دەکەن هێندە نووسراوە کابرا دەیزانێ. دەنا هیچ ڕەبتی بە قەزییە نییە ڕەبتی بە زمان نییە، باشە تا ئەو جێگایەی کە ئەمن سەبارەت بە ئێران دەزانم، «داریوشی ئاشوری» قامووسێکی سیاسی چاپ کرد کە کە ئەویش یەکجار ناقیسە. ئێستاش ئەو مەفاهیمی تازەی تیۆری کە پانزدە ساڵێک دەبێ داندراون فارسان تێیدا ماونەوە، نیانە. مەسەلەن موعادیلێکی کە بۆ کەلیمەی(دیسکۆرس) یان هێناوەتەوە. پازدەیان هێناوەتەوە هیچی هەو نییە، پێی دەڵێن «گفتمان»، دیسکۆرس شامیلی عەلامەتیش دەبێ، شامیلی نووسینیش دەبێ، ئیشارەش دەبێ. جا ئەگەر تەماشای ئێرانێ بکەی لە نەزەر دێسکۆرسی تیۆری یەکجار زەعیفە. ئەگەر کەلیمەکانی فەڕانسەیی و ئینگلیسی لێ دەربێنی، مەعنی نادا، بۆ ئەوەی مەعنی کەلیمەیەکی وان بدا دەبێ دوو پاراگراف بنووسێ تا قسەی خۆی بە تەڕەفەکەی حاڵی بکا.

ئێستاش کە ئێستایە چەپی ئێرانێ پێیوایە فاینانس کاپیتاڵ یانی شتێکی واحید. فاینانس کاپیتاڵ لە کۆنسێپتی مارکسیستیدا سێ کاپیتاڵی موتەفاوەتە. باشە، چەپی ئێرانێ ئێستاش ئەوەی نازانێ کە فاینانس کاپیتاڵ لەگەڵ ئینداستریال کاپێتاڵ فەرقی هەیە ئەویش لەگەڵ ناشناڵ کاپیتاڵ فەرقی هەیە، ئینداستریال کاپیتاڵ ستروکتورێکە بانک کاپیتاڵی تێدایە. ئێستاش کە تەماشای ئەدەبیاتی چەپی ئێرانێ بکەی وا دەزانێ ئەوە شتێکی واحیدە. هۆی چییە؟ هەر ئەو مەفهوومەیە کە لە کتێبی (*ئیمپریالیسم*...)ی «لێنین»یان وەرگرتووە بێ ئەوەی ئەو فەرقانە تەشخیس بدەن. ئەوەی کە دەڵێم ڕۆشنبیری کوردی ئەوەی دانێ تا تووشی ئیشکالێ نەبم، ناڵێم فارسەکان موشکیلیان حەل کردووە.

**پرسیار:** ئەمن پێمـوایە ئەو باسەی کە بۆ ساڵێک دوو ساڵ دەچێ کاک عەبباس دەستی پێکردووە، تێڕوانینێک یا تێزێکی تیۆری سەبارەت بە نەتەوە و هەوڵدان بۆ بە جێگەیاندنی شەڕایەتی، باسێکی زۆر جیددیە و بۆ من زۆر مایەی خۆشحاڵییە، ئەگەرچی لەگەڵ بۆچوونی من سەبارەت بە نەتەوە بەتایبەت نەتەوەی کورد جیاواز بێ. هیوادارم ئەو موناقەشانە لە داهاتووشدا زیاتر بێنەگۆڕێ و پێشمـوایە بۆ ئەوەی کاک عەبباس بە گوڕ و تینێکی بە قەوەت تر ئەو باسەی بەرێتە پێشەوە، ڕەنگە پێویستی زیاتر بەوە بێ بگەڕێتەوە بۆ هێندێک شتی تاریخی و تیۆری کە لەسەرەتای ئەم سەدەوە بە کوردی نووسراون. ئەمن پێمـوایە خۆی ئەوە، دەبێتە کەرسەیەک بۆ پێشبردنی تێزەکە. ئەو باس وجەدەلە کە تێزەکانی کاک عەبباس دروستیان کردووە، پێمـوایە بەشێکی ئەساسی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە مەسەلەی میللی و مەسەلەی نەتەوەیی و مەسەلەی ناسیۆنالیزم تاکوو ئێستا وەک شتێکی سیاسی باس کراوە، نەک بە شێوەی تیۆری. جا ئەو مەسەلەیە پێویستە بە

←

شکڵێکی زانستی، تیۆری باس بکرێ و ڕەنگە تاقە تێزێک کە بە داخەوە ئەویش زۆر بە سەتحی، بە کاڵ و کرچی خرایە پێش، تێزی مارکسیسم لێنینیزم بووبێ کە لە حەقیقەتدا ئەویش تێزی ستالینی یە. زۆر جێی داخیشە کە من زۆر جار تەشابوهـ لە بەینی ئەو تێزە و تێزەکەی کاک عەبباس دا دەبینم کە دواتر باسی دەکەم. ئەمن ئەوڕۆ لە قسەکانی کاک عەبباسدا، هێندێک تەناقوز دەبینم جا نازانم کاک عەبباس هێشتا پێویستی بەوە هەیە کە زیادتر کار لەسەر تیۆرییەکەی بکا، یان ئەوەتا کاک عەبباس مارانگاز بووە و نەیتوانیوە مەتڵەبەکانی خۆی ڕوون بکاتەوە. جارێ ئەو تێزەی کاک عەبباس کە دەڵێ دەوڵەت نەتەوە دروست دەکا، ئەو تێزە مارکسیەی کە لە ڕۆژهەڵات یا لە کوردستان هاتە گۆڕێ ئەویش ئەوەبوو کە نەتەوە بە بێ بوونی ئیقتسادی هاوبەش وجودی نییە، ئەو ئیقتیسادە هاوبەشەش بە بێ بوونی دەوڵەتێکی سانتراڵ(مەرکەزی) وجودی نییە، کە واتە کورد وجودی نییە. ئیتر هێندێک کەسی ناسیۆنال سۆسیالی نیشتمانپەروەری کورد دەگەڕا بۆ ئەوەی ئەوە نییە لەسەردەشت و قەڵادزێ حیرفەی ئیقتسادی هەیە کەواتە ئیقتیسادی هاوبەش هەیە، شتەکە ئاوا تەفسیر دەکراوە. ئەو مەفهوومەی کاک عەبباس کە لە مەسەلەی بەستنی دەوڵەت و نەتەوە پێکدێ لە ڕاستیدا لە مستەوای سیاسەتی جیهانیشدا وایە و پیاو دەتوانێ بڵێ بە شێوەیەک لەو شێوانە ڕەفتار دەکرێ. بۆ نموونە یونایتد نەیشنس(United Nations) کە حەقی مافی چارەنووس بە هەموو نەتەوەیەک دەدا، بەڵام تەنیا ئەو نەتەوانە دەگرێتەوە کە دەوڵەتیان هەیە. ئەو تەناقوزەی کە لە قسەکانی کاک عەبباس دا دەیبینم ئەویش ئەوەیە کە دەڵێ دەوڵەت نەیشن دروست دەکا کە ئەوە خۆی ڕووبەڕووی مەسەلەیەکی دیکە دەبێتەوە ئەویش ئەوەیە کە ئەو نەیشنە دیسان ئەوە دەبەستێتەوە بە مەسەلەی حەق. بۆ نموونە ئێمە حەفتا ساڵە دەوڵەتی تورکی لەسەر جوغرافیایەکی موشەخەس و لەسەر جەستەی عەرزێکی موعەیەن، هەوڵ دەدا یەک نەتەوە دروست بکا، ئێلیتێک دروست بکا، ئایا ئەم ئێلیتەی کە حەفتا ساڵە دەوڵەتە..، ئەمن پێموابوو ئەو ئێلیتە دروست بووە، بەڵام ئەوە یەکێک لەو تەناقوزانەیە کە من بە داخەوە لێی تێنەگەیشتم و ئەوەی بۆ من مەتڕەحە ئەو شتەیە کە دەڵێ تا ئێستا ئێلیتی تورکی دروست نەبووە بەو شێوەیە.

ئەمن پێموایە بەشێکی دیکەی ئەزەری کاک عەبباس کە تەرحی دەکا تیۆرییەکی ئورووپی یە و تەتبیقکردنی لەسەر کورد و لەسەر ڕۆژهەڵات، تووشی کۆمەڵێک گیر وگرفت دەبێتەوە، کە یەکێک لەو گیروگرفتانە مەسەلەی ژێردەستی و خۆ مەهارکردنە.. کە دەڵێ ئەوانە هیچیان شەڕایەتی تایبەتییان نییە کە کوردیش دەچێتە نێو ئەو شەڕایەتەوە، کە واتە ئەو نەتەوانە، تا چەند دەتوانن ئەو تێزە بگرنەخۆ. ئەمن پێموایە مارکسیسمیش هەر وا بوو. مارکسیسمیش سەرچاوەی تێزەکەی وابوو کە کوردستان چینی نییە و بورژوازی نییە، جا لێرەشدا ئەگەر ئەو تیۆرییە بە سەر کورددا تەتبیق بکەین، ئینسانی شارەزا و ئەوە کە کاک عەبباس بە کاری زانستییەوە خەریکە، تەجروبەکانی پێشوو ڕەنگە زۆر یاریدەدەر بێ بۆ ئەوانە، بەتایبەت هێندێک بواری ئەدەبی بە ڕاستی زۆر لەبارە بۆ تێڕوانین. بە هەرحاڵ دەبێ واقیعەکە بە قەست چەکوچکاری بکا تا وای لێبێ تیۆرییەکە دروست دەربێ.

بەهەرحاڵ قسەم زۆر کرد بەڵام لە بەرانبەر ئەو تیۆرییەی کە کاک عەبباس تەرحی دەکا، تیۆرییەکی دیکەش هەیە کە حەرەکەتی ناسیۆنالیستی پێی وایە بۆ دروستبوونی نەتەوە مەرج نییە لەسەرتاسەری عەرزی ئەو کۆمەڵە گرووپەی قسەی پێدەکەن، حەرەکەتی نەتەوەیی یەکەمجار لە هەموو وڵاتانی دنیایە، لە یەک ناوچەی جوغرافیایی دەستی پێکردووە و ئەوەی هەوەڵین جار دەستی پێکردووە ئینتلێکتوالەکە بووە و ئاخرین کەسیش ـ بە قسەی زانایەکی ڕووسی کە لەسەر مەسەلەی نەتەوە کاری کردووە ـ فەللاحەکە پێی دەگا، جا بۆیە ئەو کەسەی کە زمانی فەڕەنسی زانیوە ئەگەر لە سەتا دەی ئێلیتی ئینتلێکتوالی فەڕەنسیش ڕەهبەری ئەوەی کردبێ کە نەتەوە دروست بکا، ئەگەر لێی بکۆڵییەوە ئیمپۆرت نەکراوە، هەمووی بەشێک بووە لە جەستەی نەتەوە یا جەستەی ئەو خەڵکەی کە لەسەر ئەو خاکە ژیاوە بەڵام خوێندەواری وئاگایی نەتەوەیی زۆر لەسەرتر بووە، ئەمان پڕۆسەکەیان ئیدامە داوە، ڕەنگە دوای حەفتا ساڵ لە دروستبوونی نەتەوە دەیانگوت کابرا فەللاح بووە....

جا لێرەدا ئەمن تێزەکەی کاک عەبباسم زۆر قەبوڵە بەو مەرجەی کە مەسەلەی نەتەوە لەسەر ئەساسی ئیتنیکییەکەی دانەبڕێ، کە بەداخەوە ئەوە ئەساسی تێزی کاک عەبباسە. پێشموایە پێشنیاری کەمالیزم لە تورکیا تەنیا و تەنیا بە بۆچوونی من، ئەوەندەی کە پێوەندی بە ناسیۆنالیزمەوە هەبێ، لەو ڕووەوە ئەوەیە کە ئیتنیکی کورد هەیە بەڵام ئیتنیکەکە ناموتەجانیسە، هاوئاهەنگ نییە، نەتوانراوە، بۆ نموونە ئەگەر ئێران لە جیاتی کوردستان و ئازەربایجان بەشی ئەفغانستانی فارس زمانی لەگەڵ بوایە و یەک بوونایە، پێموایە ئێستا جۆرێکی دیکەی حەرەکەت یا نەیشنی فارس بە وجود دەهات. ئەمجار شتێکی دیکەی زۆر گرینگ لە بیرمان نەچێ کە تاریفی سیاسی دامەزرانی نەتەوە لە ناوچەی ڕۆژهەڵات، بە شکڵی تەبیعی نەبووە، وەکوو ئەوە بووە کە ئالمان و سلۆواکییەک بێ و بە شەق هەموو هاووڵاتیان خڕکاتەوە و زمانێکیان بۆ دروست بکا، زۆری ئەوانە دستکرد بوون، لە سنووری موزائیکێکی ئیتنیکی و ئایینی ومەزهەبی کە ئەوە پڕۆسەی نەتەوەی زۆر ئاڵۆزتر کردووە لەو وڵاتانەدا. زۆر سپاست دەکەم و زۆریش خۆشحاڵ بووم بە بیستنی تێزەکەت.

**و**: زۆر سپاس کاکە، فەرمایشتەکانت چەندین نوختەی تێدایە کە ئەمن دەمەوێ جوابیان بدەمەوە. فکر دەکەم، ئەوەڵینیان کە فەرمووت ئەوەی کە ئەساسی ئەو باسەی من ئەوەیە کە ئیتنیسیتەی لە ناسیۆنالیزمی جوێ بکەمەوە. ئەمن چ بمەوێ وچ نەمەوێ ناتوانم ئیتنیسیتەی لە ناسیۆنالیزمی جوێ بکەمەوە، ئەمن باسێکی دیکە دەکەم، بە شێوەیەکی دیکە بۆی دەچم. شێوەکەش ئەوەیە کە ئیتنیسیتە شتێکی سابیت یانی ئیستاتیک نییە، ئیتنیسیتە وەکوو هەر عاملێکی دیکە لە تاریخدا موتەحوول دەبێ، ئەو ئتنیسیتەی پێش حەرەکەتی ناسیۆنالیستی هەیە لەگەڵ ئەو ئیتنیسیتەی دەبێتە مەبنای حەرەکەتی ناسیۆنالیستی زۆریان فەرق هەیە، باشە. ئیتنیسیتەی تورکی لە ساڵی ١٤٥٢، لەگەڵ دواتر تەواو فەرقی هەیە، ئەو ئیتنیسیتە لە گەڵ ئەو ئیتنیسیتەی تورکی لە ساڵی ١٩٠٨فەرقی هەبووە. ئیتنیسیتەی تورکی لە دەورەی سوڵتان محەمەدی فاتحدا ئیتنیسیتییەک بووە کە باری سیاسی نەبووە، بە وەسیلەی پڕۆسەیەکی سیاسی ناسیۆنالیستی دانەمەزرابوو، ئیتنیسیتەی تورکی لە ساڵی ١٩٠٨دا، ئیتنیسیتییەکە کە بە وەسیلەی سیاسەتی ناسیۆنالیستی تورکەکانی جەوان دەچووە پێش و دەبوو بە مەسەلەیەکی سیاسی لە سترۆکتوری ئەو سیاسەتەدا، جا ئەگەر ئەوە ببێتە ئیتنیستەیەک و بڵێین بە شێوەیەکی قەتعی لە تاریخدا دەمێنێتەوە بەئەزەری من

غەڵەتە؛ جا بۆیە عەرزت دەکەم، ئیتنیسیتە بە سورەتی عامیلێک کە سیاسەتی ناسیۆنالیستی واریدی پرۆسەی ناسیۆنالیستی دەکا وەکوو عامیلێکی سیاسی دایدەمەزرێنێ و دەیکاتە کەیسی وی، دەبێتە مەبنا و پایەی وی، دەبێ تەماشای بکەین. بەڵام وەختێکی ئەمن عەرزت دەکەم، کە ئیتنیسیتە لەچوارچێوەی سیاسەتی ناسیۆنالیستیدا دادەمەزرێندرێ، هەوێتی سیاسی پەیدا دەکا، باشتر ئەوەیە کە ئەو ناسیۆنالیزمە لەچوارچێوەیەکی دێمۆکراتیکدا دابمەزرێندرێ. چ ئەمن بمەوێ و چ نەمەوێ تەواوی حەرەکەتەکانی ناسیۆنالیستی ئیتنیسیتەیان بەو شکڵەی لەچوارچێوەی سیاسەتی خۆیاندا دامەزراندووە، وەلی بەعزێکیان بە شێوەیەکی زۆر ناحەز و ڕەگەزپەرستانە، بەعزێکیان وەکوو ئاتا تورکی ـ کەمالیزم ـ مەسەلەن قانوونی ئەساسی تورکیا کۆنسێپتێکی سایکۆلۆژیکالی ڕەگەزپەرستانەی تێدایە. بۆیە قانوونی ئەساسی تورکیا لەوبابەتەوە ئەسڵەن دێمۆکراتیک نییە. جا ئەو ئیتنیسیتەی کە ئەمن دەمەوێ جوێی کەمەوە، نە بەو مەعنایەیە کە ئیتنیسیتەی ئینکار بکەم، نا.. ئەمن عەرزم کردی ئیتنیسیتەمان هەیە، ئەو ئیتنیسیتەی کە ئەورۆکە ئەمن و ئەتۆ لێرە هەمانە، دنیایەکی فەرق هەیە لەگەڵ ئەو ئیتنیسیتەی کە وەختێکی لە پرۆسەیەک یا لە حەرەکەتێکی ناسیۆنالیستیدا تەشکیل دەبێ. ئەوە لەچوارچێوەی ئەو حەرەکەتەیدایە کە مەعنایەکی سیاسی پەیدا دەکا؛ ئەوە نەزەری منە، نەک ئینکاری تئیتنیسیتە، هیچکەس ناتوانێ ئیتنیسیتە ئینکار بکا. ئەتۆ ناتوانی بە زۆر بڵێی کە ئالمانیان وە ژاپۆنیان دەچن، باشە، ناتوانی بڵێی زمانی ئالمانی و ژاپۆنی وەکوو یەکە، یا ئەوانە تاریخیان یەکە، قەومییەتیان یەکە. وەختێک ئەمن باسی ئیتنیسیتەی دەکەم، واریدی پرۆسەیەکی سیاسی دەبم. وەختێک ئەمن باسی فەرقی تورک و عەرەب و فارسی دەکەم لە چوارچێوەیەکی سیاسی دا، ئەمن باسی مەبانی ئایدێنتێتی سیاسی خۆم دەکەم، باسی سیاسەتێکی دەکەم کە ئەو سیاسەتە دەبێتە ستروکتور و ساختی ئەو ئیتنیسیتە سیاسییەیە؛ ئیتنیک خاریج لەو پرۆسە سیاسییە وجودی هەیە، وەلی مەعنا و باری سیاسی نییە. لە نەزەر سیاسەتی بەینولیلەلی ئەهمییەتی نییە. جا بەعزێک مەسەلەن لە مارکسیسمیدا، ئەو ڕابیتەی سیاسی بەینی ئیتنیستەی پێش حەرەکەتی سیاسی و ئیتنیستەی پاش حەرەکەتی سیاسی بە حەرەکەتێکی سیاسی دادەنێن، ئەسڵێکی سیاسی کە ناشی دەبێ لە حەرەکەتی ئیقتیسادی کۆمەڵ. ئەمن نامەوێ لێرە بڵێم چاکە یان خراپە، باسی وەی شتێکی دیکەیە. باسێکی کە ئەمن لە تاریفی نەتەوەدا دەیکەم، لەگەل ئەو تاریفەی کە پێی دەڵێن ئابجێکتیڤ یا عەینی کە ستالین لە نەتەوە دەیکا یەکجار فەرقی هەیە، لە تاریفی ستالینی دا، عاقیبەتولئەمر مەسەلەی هەوێتی سیاسی دەبێتە هەوێتییەکی تەبەقاتی، دەبێتە هەوێتییەکی بورژوایی کە بورژوازی بە وەسیلەی تەحوول و تەکامولی ئیقتیسادی ئەوەی دەکاتە شتێکی دیکە. ئەمن لەگەڵ ئەو قسەیەی نیم.

بە نەزەری من دروستبوونی هەوێتی میللی لە ڕابیتەی تەزاد وتەقاروب (تناقض و انسجام) کە لەگەڵ هەوێتییەکانی میللی دیکە هەیبێ، ڕێفرێنسی لە مەبنای ئیقتیسادی ـ سیاسی دایە. ئەو دیالێکتیکی تەزاد و تەقاروب یەکجار لە مەبنای سیاسی تەبەقاتی لەسەرترە. بە نەزەری من ئەوە زۆر دیدێکی تەنگە کە ئەتۆ بڵێی ئەو پرۆسەی ئایدێنتیتی میللی لەسەر خەتێکی تەبەقاتی دەڕوا. ئەمن لەگەل وەی نیم و بەو شێوەیە بۆم مەترەح نییە. لە شەڕایەتی تەحوول و تەکامولی سیاسەتی ناسیۆنالیستی مومکینە تەبەقەیەکی تایبەتی ڕێبەرایەتی بە دەستەوە بگرێ، وەلی ئەوەی کە کێ دەبێ و چۆن دەبێ، ئەوە لە دەرجەی ئەوەڵدا ڕەبتی بە باڵانسی قوا لە کۆمەڵدا هەیە، کە چۆنە ، وەزعی تەبەقات چۆنە، هێزەکانی دەرەوە چۆنە. مەسەلەن ئەگەر تەماشای کوردستانی تورکیا بکەی کە هەستی ناسیۆنالیستی کوردی چۆن دەستی پێکرد، ئەوانە ئێنتلیجێنسیای کوردی بوون دەستیان پێکرد.. ئەوانە کەسانێک بوون کە لە مەدرەسەکانی حەمیدییەدا دەیانخوێند، باشە ئەوانەی کە لە مەدرەسەی حەمیدییە بوون، کاکە ئەوانە کوڕەکان و منداڵەکانی ڕوئەسا و عەشایری کورد بوون، کوڕی شێخەکان بوون کە ڕەبتی بە بورژوازی زەعیفی تەجاری تورک ـ کورد بەو شکڵەی نەبووە. ئەوانەی کە ناردوویاننە مەدرەسەکانی حەمیدییەی ، ئەوانە مەقالەیان نووسی لە بارەی ناسیۆنالیزمی کوردیدا نێوەکانیان هەیە. ئەمن مەقسودم ئەوەیە کە نیشانی بدەم لە تێزی مارکسیستیدا کە هەست و ئایدێنتیتی میللی عاقیبەتولئەمر تەقلیل درا بە مەسەلەی تەبەقاتی، لە ئەسڵدا غەڵەتە. باشە، مونتەها ئەمن نامەوێ مونکیری ئەو قەزییەی بم کە حەرەکەتی سیاسی بۆ خۆی پرۆسەی موبارەزەی هێزی موتەفاوەتە. لەو پرۆسەیدا مومکینە هێزێک وەسەرکەوێ و مومکینە وەسەر نەکەوێ. مەسەلەی دووەم کە من ئیختیلافی نەزەرم هەیە لەگەڵ ئەو تێزەی کە جەنابت فەرمووت، ئەوەی لەو پرۆسەیەدا باسی بورژوازی مەترەح دەکەی. بورژوازی تائەو جێگایەی ـ هەمیشە لەگەڵ ناسیۆنالیزم نەبووە و نییە ـ ئەگەر پرۆسەی ناسیۆنالیستی پرۆسەیەکی دێمۆکراتیک بێ، بەشێکی زۆری لە نەزەر ئیقتیسادییەوە ئەسڵەن بورژوازی لەوانەیە نەتوانێ لەگەڵی بێ، چونکە دێمۆکراتیزەکردنی پرۆسەی ئیقتیسادی لزومەن مەحدودییەت لەسەر بازاڕی ئازاد دادەنێ؛ دێمۆکراتیزەکردنی دەرئامەد یانی دەخالەت دانی کۆنسێپتێکی عەدالەتی ئیجتیماعی کە موبتەنی بێ بە پرۆسەی دەرئامەد، سەددەر سەد مەحدودییەت لەسەر دەرئامەد و کەسبوکار دادەنێ. ئەو مەسایلە تیۆریکییە ئەگەر بە دیققەت تەماشای بکەین، هیچ سیاسەتێکی دێمۆکراتیکیش ناتوانێ عەمەل بکا بێ ئەوەی کۆنسێپتێکی عادلانەی هەبێ. جا بۆیە لەو قسانەی کە جەدوەل زەربی دەکرێن، دەبێ زۆر قوولترلێی بکۆڵییەوە، وەختێکی دەڵێی مەسەلەی عەدالەت دەبێ بڵێی کۆنسێپتی عەدالەتی تۆ، چ نەخشێکی ئازادیی تێدایە، ئەو کۆنسێپتی ئازادییە، چ ڕەبتی بە پرۆسەی ئیجتیماعی ـ ئیقتیسادییەوە هەیە.

بێینە سەر قسەکانم، ئەمن نامەوێ نێوی بنێم تێز، ئەوە عەقیدەیەکە ئەمن باسی دەکەم ، عەقیدەیەکە ناقیسە ئەمن دەبێ زۆر فکری لێ بکەمەوە، ئەگەر بڵێم ئەمن تێزێکم هەیە.. نا ئەوە نە تێزە نە دوکتورینە، ئەمن خۆم بەوە دانانێم کە تێز دابهێنم، ئەگەر کەسێک پێیوابێ لە هەڵەدایە.

مەسەلەی دیکە کە فەرمووت ئەمن دەڵێم دەوڵەت نەتەوە دروست دەکا، ئەمن ئەوەی ناڵێم. ئەمن دەڵێم کە میللەت ناشی لە پرۆسەیەکی ناسیۆنالیستییە کە عاقیبەتولئەمر لە چوارچێوەیەکی حقووقی ـ سیاسی دا بە وجود دێ. لەحەقیقەتدا ئەوە ئەو پرۆسە سیاسییەیە کە میللەت دروست دەکا، ئەمن ناڵێم دەوڵەت میللەتی دروست دەکا. یانی ئەگەر بڵێی دەوڵەت میللەتی دروست دەکا بە قەولی ئینگلیسیان ئەوە وەک وەی وایە کە ئەسپی لە پشتەوەی داشقەی ببەستی. مەقسودم ئەوەیە کە دەوڵەت وەک چوارچێوەی قەزایی ـ سیاسی کە

مەعنای بدا بە ئایدێنتیتی میللی، ئەوە بە وەسیلەی ناسیۆنالیزم پەیدا دەبێ.

مەسەلەی نەتەوەلە نەزەر سیاسی و میللی لەگەڵ دێمۆکراسی ڕابیتەیەکی ئەساسی هەیە، جا ئەوە لە نەزەر تیۆریکەوە لەسەر تیۆری دێمۆکراتیک داندراوە و لە نەزەر ئیجتیماعی ـ ئیقتیسادیشەوە لەسەر مەبنایەکی عیلمی داندراوە کە لە چوارچێوەی تیۆری سیاسیدا پێی دەڵێن سیڤیل سۆسایتی(Civil Society) یانی ئەوەی کە دەبێتە کۆمەڵگەی مەدەنی. لەبەر ئەوە کە تەفەکوری سەحیحی سیاسی هەبێ لازمە کە ئەو سیڤیل سۆسایەتییە هەبێ. ئێستا لێرە ئێمە کە خەڵکی کوردستانین ئەو سیڤیل سۆسایتییە هەیە، ئازادیت هەیە، ئەتۆ دەتوانی ئاپۆزەیشن ی خۆت بنووسی و ئیعلامی بکەی، کەس پێشت ناگرێ، کۆبوونەوە بکەی کەس پێشت ناگرێ. ئەو سیڤیل سوسایتییە دێمۆکراتیکە بۆ تۆ هەیە. وەلی ئەو سیڤیل سوسایتییەی لە دەرێ هەیە، لە کوردستانێ نییە؛ جا لەوێش تەحوول و تەکامولی ئەو پرۆسەیە ئیحتیاجی بەو مەسەلەی هەیە، ئیحتیاجی بە وەی هەیە کە ئەو ئیدە ماوەی بدرێ، بارێکی سیاسی ، بارێکی فەلسەفی و بارێکی ئیقتیسادی بە خۆیەوە بگرێ، کە ببێتە هادی و چرا و ڕێبەری ئەو سیاسەتە. لە بابەتێکیشەوە بە نەزەری من (مارتین ڤان بروانێسن) ئیشارەی پێدەکا، ئەویش ئەوەیە ـ هەڵبەت لە ئیرتیبات لەگەڵ خانی دا دەڵێ ـ کە ئەو کەسانەی کە نەزەراتی خانی ئیدامە دەدەن ئەوانەن کە زۆرتر ئەلئان لە دیاسپۆرا ـ لە خاریجی کۆمەڵگەی کوردی ـ دەژین، ئەوەش بە سورەتێکی تەزاد لەگەڵ ئەوەی کە دەوڵەتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق دەیکەن. ئەو دیاسپۆرایە بە نەزەری من ئەو پۆتانسیالەی هەیە کە لەو سیڤیل سوسایتییەی ئێرە ئەو شتەی وەرگرێ و لەو جیبهەتەیدا بڕوا. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر قسەکەی تۆ کاکە، ئەو پایەی کە دێمۆکراسی و کۆنسێپتی سیاسی ـ حقووقی بە میللەتی وەسڵ دەکا، لە نەزەر دیسکۆرسیشەوە لەنەزەر نووسین و قسەکردن و بلاوکردنەوە و ئەو جۆرە شتانەشەوە ئەگەر تەماشای بکەی ئەو سیڤیل سوسایتییە شتێکی هەیە پێی دەڵێن Public Sphere یانی حەوزەی ئەفکاری عموومی کە ئەوە لێرە هەیە، بە وجود هاتووە، ئەتۆ دەتوانی ئیستیفادەی لێبکەی. ئەقەلەن دەتوانی ئەو هەوێتی فەرهەنگییە بە وجود بێنی. وەختێکی دەڵێی ئەفکاری عموومی هەیە لە نەزەر سیاسی ـ تیۆریکەوە ئەتۆ دەتوانی تەزادی بەیان بکەی. ئەو ئیدەی کە ئەمن لە چوارچێوەی ویدا باسی میللەتی لێدەکەم، لەباری حقووقی ـ سیاسییەوە، بە دێمۆکراسی بەستراوەتەوە.



د. عەبباسی وەلی، کاک هاشم(بەڕێوەبەری سمینار)

**پرسیار:** لەبەر ئەوەی وەخت کەم ماوە، پرسیارەکانم کەم دەکەمەوە. مامۆستا فەلسەفەی سیاسی چۆن دەڕوانێتە نەتەوە و مەرجە سیاسییەکانی چییە؟

**و:** بەڵێ، مەسەلەی نەتەوە لە فەلسەفەی سیاسیدا شتێکی تازەیە. دوو جۆر تاریفی هەیە. تاریفێک تەئکید دەکا لەسەر شەڕایەتی ئابجێکتیڤ. ئەوە ی کە ستالین تاریفی دەکا. ئەوی دەیکەیان تاریفێکە کە تەئکید دەکا لەسەر شەڕایەتی سابجێکتیڤ و دەڵێ میللەت ئیدەیەکە، کە جەماعەت خۆیان بە یەک دەزانن بە شێوەیەکی تەخەیولی. بەڵام ئەوە لە شەڕایەتێکی سیاسی، ئیجتیماعی ـ ئیقتیسادی دا، لە شەڕایەتێکی تایبەتیدا ئەو ئیدە دەتوانێ ببێتە هێزێکی سیاسی کە دەوڵەت تەشکیل بدا. ئەو ئیدەش لە نەزەر مونسەجیم ترین باسی وەی، بێ ئەوەی نەزەری تەخەیولی دەخالەت بدەی، ئی «ماکس وێبێر»ە کە ڕاجع بەوەی زۆری نووسیوە. وەلی لە وێبێردا شتێکی دیکەش زۆر عومدەیە، کە مەبنایەکی دیکە دەبینێتەوە بۆ تێکەڵکردنی تاریفی عەینی و زەینی ناسیۆنالیستی، ئەو مەبنایەش بە نەزەر دێ ئەو شتەبێ کە پێی دەڵێن پولیتیکاڵ کالچر(فەرهەنگی سیاسی). بەڵام فەرهەنگی سیاسی دیسان لە تاریفی ماکس وێبێردا نوختەیەکە کە فەرهەنگی سیاسی نەتەوەیی ڕەبتی بە سنووری نەتەوەی نییە، یانی مەفهوومێکە زۆر وەسیعتر و گوستەردەتر لە سنووری نەتەوە. چون ئەوە کۆنسێپتێکە کە بەو تەرتیبەی دەتوانێ ئابجێکتیڤ و سابجێکتیڤ دەخۆیدا کۆبکاتەوە. لەحەقیقەتدا ئەو تاریفانەی کە بوونە مەبنای سیاسی میللەت زۆرتر فەلسەفین تا سیاسی. پتر مەسەلەن لە بیرورای «ڕۆسۆ» دا، لە «هێردێل» دا دەبینرێ. لە ڕۆسۆ دا، ئەتۆ مەبنای تاریفی سیاسی میللەتی دەبینیەوە، لە هێردیلی دا ئەتۆ تاریفی فەرهەنگی دەبینیەوە، کە تەئکید لەسەر باری فەرهەنگی بە شێوەیەکی نەژادی ـ ڕەگەزی دەکا.

ئەو تاریفانە لەوێ بە شێوەیەکی فەلسەفی مەترەح دەبن. وەلی بەو جورەی ئەتۆ مەوریدی نەزەرتە، ئەمن دەڵێم دوو جۆرە: سابجێکتیڤ و ئابجێکتیڤ. ئابجێکتیڤ زۆرتر لە تیۆری مارکسیستیدا مەترەح دەبێ و لەسەری تەئکیدێ دەکەن. سابجێکتیڤ پتر لەکارەکانی وێبێر دا مەترەح دەبێ کە سەعیش دەکا ئەو دووانە پێکەوە تێکەڵ بکا.

• **کاک هاشم(بەڕێوەبەری سمینار):** لە لایەن ئێوەوە و لە لایەن ئەو کەسانەی کە زەحمەتیان کێشاوە و هاتنی کاک عەبباسیان بۆ ئێرە پێکهێناوە، هەروەها لە لایەن کۆمەڵەی ئوپسالاوە و لە لایەن ئەو کەسانەی کە هۆگری ئەم جۆرە باسانەن، دیسان بە گەرمی سپاسی کاک عەبباس دەکەم، هیوادارم ئەو باسانە دیسان لە داهاتووشدا هەبێ و باسەکان هەروا بەگەرمی بچنە پێشێ. دیسانیش سپاس بۆ کاک عەبباس(چەپڵەلێدان و پێشکێش کردنی گوڵ بە کاک عەبباس).

**مامۆستا عەبباس:** زۆر سپاستان دەکەم کاکە.

***

# داستانی قارەمانیەتی «خانی لەپ زێڕین ـ دمدم»

## د. ئۆردوخانی جەلیل

ئامادەکردن و وەرگێڕانی: د. جەمشید حەیدەری

**د. ئۆردوخانی جەلیل، فۆلکلۆرناس وڕۆژنامەنووس، لە نێوەڕاستی پەنجاکانەوە خەریکی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی گەنجینەی نەتەوایەتی کوردە و ئەگەر بڕوابکەن ئەوەی بە چاوی خۆم لە تۆمارکراوەکانی ئۆردووخان بینیومە، لەوانەیە چەند هەزار بەیت وداستان وحیکیەت و پەندی پێشینیانی تۆمار کردبێ، تا ئێستا تەنیا، پتر لە دەبەرگ دەقی فۆلکلۆریان بە چاپ گەیاندووە.**

**خانەوادەی جاسمی جەلیل باوکی ئۆردوخان، هەر یەک لە بوارێک لە بوارەکانی کولتووری کوردی خزمەتێکی زۆریان کردووە و سامانێکی زۆریان لە ونبوون ڕزگار کردووە. جاسمی جەلیل کە ئێستا تەمەنی لە هەشتا تێپەڕاندووە، چەند دیوان شیعری بڵاوکراوەتەوە. دوکتور جەلیلی جەلیل وەک مێژوونووسێک چەندان وتاری زانستی و چەند کتێبێکی لە سەر مێژووی سەدەی ۱۹ی کورد بڵاوکردووەتەوە. جەمیلەی جەلیل بە دەیان گۆرانی کوردی نۆتە کردووە و بڵاوی کردووەتەوە، کتێبێکی تایبیشی لە سەر مۆسیقای میللی و ئامرازی مۆسیقای کوردی بە زمانی ئەرمەنی نووسیوە. زینێ جەلیل، خوشکە بچووکەی ئۆردوخان بە هاوکاریهاوسەرەکەی کتێبێکی لە سەر فۆلکلۆری کوردی و چەند دەقێکی کوردی لە دوو توێی کتێبێک بە زمانی لیتوانی بڵاوکردووەتەوە.**

**ئەم وتارە بۆ یەکێک لە کتێبەکانی دوکتور ئۆردوخان کە بە زمانی ڕووسی لە سەر خانی لەپ زێڕین نووسراوە، تەرخان کراوە. ئومێدەوارین ئەم وتارە سوودبەخش بێ و خزمەت بە کولتووری نەتەوایەتیمان بکات.**

**پێویستە ئەوەش بڵێین لەبەر ئەوەی سەرچاوەکان، هێندێکیان بە زمانی ڕووسین و هێندێکی تر بە ئەرمەنین، ئێمە تەنیا ئاماژە بە لاپەڕەی کتێبەکە دەکەین و دەنووسین:(داستان، لاپەڕە...).***

**ج. حەیدەری**

ئەم کتێبەی دوکتور ئۆردوخانی جەلیل، تێزی دوکتوراکەیەتی، کە بە سەرپەرشتی ئەکادێمیک «یوسف ئەبگارۆڤیچ ئۆربیلی» ئامادە کراوە و، کتێبەکەش لە ژێر چاودێری پرۆفیسۆر«قەناتێ کوردۆ» (کوردۆیێف) لە چاپدراوە.

ئەم کتێبە لە چەند بەشێک پێکهاتووە:

وتەیەکی نووسەر کە تێیدا باسی سەرچاوەکانی چاپکراو چاپنەکراو دەربارەی «داستانی خانی لەپ زێڕین»دەکات، وەک: تاریخی عالەم ئارای عەبباسی ــ ئەسکەندەربەگی مونشی و چاوگەکانی ئەرمەنی و لە تەک دەقە تۆمارکراوکانی «ئەلکساندر ژابا» و «وی. پریم» و «ئا. سۆسن»و «ئۆسکار مان»، جگە لە ئەو دەقانەی لە لایەن قەناتێ کوردۆ و حاجی جندی و خودی نووسەر ئۆردوخانی جەلیل تۆمار کراون. هەموو دەقەکان بە پیتی لاتینی لەگەڵ وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی ڕووسی کراونەتە پاشکۆی ئەم کتێبە.

بەشە سەرەکییەکانی ئەم کتێبە بریتین لە:

١) بنەمای مێژوویی داستانی «خانی لەپ زێڕین»[ل ٥ ـ ٢٦]، لەم بەشەدا نووسەر دەنووسێ: لە بنەمای ئەم داستانە «خانی لەپ زێڕین»ـ دا، ڕاپەڕینی کوردەکان لە نێوان ساڵانی ١٦٠٨ ـ ١٦١٠ لە کوردستانی ئێراندا. ڕاپەڕینەکە خواروو و خوارووی گۆلی ورمێی گرتبووەوە(تەرگەوەڕ، مەرگەوەڕ، برادۆست و شنۆ)، مەڵبەندی ڕاپەڕینەکەقەڵای دمدم بووە کە دەکەوێتە ناوچەی مەرگەوەڕ نزیک گۆلی ورمێ. (داستان، ل ٥)

نووسەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ڕووداوە مێژووییەکە بە درێژایی لە کتێبی «تاریخی عالەم ئارای عەبباسی» ئەسکەندەربەگی تورکمان ـ مونشی، مێژوونووسی بەناوبانگی سەدەی ١٧ی ئێران لە نێوان ساڵانی ٩٦٨ ـ ١٠٤٣ی کۆچی[ ٦١/ ٦٠ ـ ٣٣ / ١٦٣٤ ز]دا ژیاوە، باسکراوە. «ئەسکەندەر بەگی مونشی، سکرتێری شاعەبباسی یەکەم و شاهید حاڵی ڕووداوەکان بووە» (ل ٥)

د. ئۆردوخان لەم بەشەی کتێبەکەیدا، نووسین وزانیارییەکانی کتێبی ناوبراوی کردووەتە بنەما بۆ تیشک خستنەسەر لایەنی مێژووی سەرهەڵدان وبەرگری خانی لەپ زێڕین. ئەو بەشەی پێوەندی بە «قەڵای دمدم »ەوە هەیە لە کتێبی ئەسکەندەر بەگ، لە کاتی خۆیدا لە لایەن مێژوونووسی کورد «حوسێن حوزنی موکریانی» بەشێکی زۆری کراوەتە کوردی و لە گۆڤاری«دەنگی گێتی تازە»دا بڵاوکراوەتەوە(ل٧) و هەروەها بەشێکی تری لە لایەن مامۆستا«محمد توفیق وردی»کراونەتە کوردی(ل٧)، جگە لەوەی ئەو زانیاریانەی «ئۆسکار مان» کە نووسەر سوودی لێوەرگرتووە بەکوردی هاتۆتە بڵاوکردنەوە[ بڕوانە: تحفە المظفریە، بەرگی یەکەم، پێشەکی وساخکردنەوە و هێنانەوەی سەر ڕێنووسی کوردی، هێمن موکریانی، بەغدا، ١٩٧٨، ل ٢٠ ـ ٦٩، ج. ح]، بۆیە ئێمە ئەم بەشەمان بە پێویست نەزانی دووبارە وەریگێڕینەوە سەر کوردی. لەو بەشەدا، ئۆردوخان هەروەها سوودی لە هێندێ سەرچاوەی تریش وەرگرتووە ، وەک: نووسینەکانی «ڤاسیلی نیکیتین»و شەرەفنامەی«شەرەفخانی بدلیسی»و (خلاصەی تاریخی کورد وکوردستان)ی «محمەد ئەمین زەکی»و... هتد. لەم بەشەدا باری مێژوویی ڕووداوەکە شیکراوەتەوە و پێوەندی نێوان خانی لەپ زێڕین و شاعەبباس باسکراوە و چونیەتی دروستکردنی قەڵای دمدم ـ ئەندازە و ئەرشیتێکتوری(میعماری)، پێوەندی نێوان کورد و ئێران، کورد و عوسمانی، ململانی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی، بەتایبەتی لە کاتی فەرمانڕەوایی شاکانی سەفەوی، شەڕی

←

چالدیران ـ دەکرێ بگوترێ بە کورتی باسی مێژووی کوردستان دەکات و پانۆرامای ڕووداوەکان تا سەدەی ١٧ و بەرگری قەڵای دمدم و قارەمانیەتی خانی لەپ زێڕین دەگێڕێتەوە.

بێگومان ئەو بەشەی کتێبەکەی ئۆردوخان، بۆ خوێنەرانی بێگانە گرینگی خۆی هەیە، چونکە ئەوان شارەزاییان لە مێژووی کورد نییە، بەڵام زۆربەی ئەو زانیارییانە بۆ خوێنەری کورد شتێکی نوێی تێدا نییە، بەڵکوو دووبارە و سێبارەکردنەوەیە. هەربۆیەش بە پەلە بە سەریاندا تێدەپەڕین.

٢) لە ژێر سەردێڕی، ئەنجامدان و بڵاوبوونەوە و مێژووی تۆمارکردنی داستانەکە[ل ٢٧ - ٤٠]، ئەم بەشە زانیارییەکی دەوڵەمەندمان دەخاتە بەردەست، بۆیەش بە دەستکارییەکی کەم هەمووی وەردەگێڕینەوە. نووسەر دەنووسێ:

ئەم داستانە لە نێو میللەتدا لە ژێر چەند ناوێکدا ناسراوە: دمدم؛ دمدم ـ خانێ کوردا؛ بەیتا خانێ کوردا؛ خانێ لەپ زێڕین؛ خانێ چەنگ زێڕین؛ خانێ دەست زێڕین. هەمو دەقەکان باسی بەرگری قارەمانانەی قەڵای دمدم دەکەن، وێکدەچن و خەباتی جووتیارانی ناوچەی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و برادۆست و شنۆ دژ بە داگیرکەرانی ئێرانی لە کوردستانی ئێران دەخەنە ڕوو. لە نێو ئەو دەقە جیاوازانەی داستانەکەدا، شێوەی گێڕانەوەی جیاوازیش هەیە، فۆرمی شیعری، فۆرمی پەخشان و فۆرمی تێکەڵاو (شیعر وپەخشان). ئەو دەقانەی بە شێوەی شیعری هاتوون، هەردەم وەک گۆرانی ئەنجام دەدرێن، لەگەڵ جیاوازی دەقەکان، زۆربەی ئەو برگانەی وەک گۆرانی ئەنجام دەدرێن وێکدەچن. دیارە هێندێ جار دووپاتکردنەوەی یەکن. ئەوە وامان لێدەکات بگەینە ئەو بڕوایە کە داستانی«خانی لەپ زێڕین»لە سەرەتادا بە شێوەی شیعری دارێژراوە و بە گۆرانی گوتراوە. هەربۆیەش شێوە دێرینەکەی خۆی لە دەقەکانی تریشدا پاراستووە.

هەمان تێبینی لە لایەن ئەکادیمیک «ئۆربیلی»یەوە دەربارەی داستانی(داڤید ساسۆن) (ل٢٧)تۆمار کراوە[ واتە ئەو داستانەی ئەرمەنیش کە بە چەند شێوەی تر بڵاوبۆتەوە، سەرەتاکەی بەشیعر نووسراوە. ج. ح].

لە دەقە تێکەڵاوەکاندا(شیعر وپەخشان)، بەشە پەخشانەکان لێک جیاوازن . بۆ نموونە لە باسی قارەمانەکەدا، کە کێ بووە و چۆن دەستی بووەتە زێڕ و چۆن زەوی لە شاعەبباسی یەکەم وەدەست کەوتووە ، شێوەکە جیاوازە.

ئەم داستانە لە نێو کورداندا بڵاو و دڵگیرە. لە هەموو کوردستاندا بڵاوبووەتەوە، بوونی دەقی جیاواز، ئەوە دەسەلمێنێ؛ چونکە لەکات و شوێنی جیاوازدا ڕوونووسکراوە و لەلایەن کۆکەرەکانەوە تۆمار کراوە. گەڕیدەکان چ لە زاری کوردان و چ ئەوانەی بە کوردی دەدوێن بیستوویانە، جا ئەو کەسانە خەڵکی کوردستانی ئێران، تورکیا، عێراق یا سووریا بن و هەروەها لە نێو کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەتیش باوە.

ئەکادیمیک «ڤ. ئا. گەردەلیڤسکی» کە لەسەردانی کوردەکانی تورکیادا بووە، دەڵێ لە نێو گۆرانییەکانی کوردیدا ئەم داستانی قارەمانی پارێزگەرانی دمدم، بە تایبەتی بەنێوبانگە و لە نێویاندا زۆر خۆشەویستە(ل٢٨). هەروەها «ڤ. ف. میۆرسکی»لە سەردانی کوردستانی ئێراندا هەمان تێبینی تۆمار کردووە(ل٢٨).

توێژەری ئەرمەنی «ئاکۆپ شاهبازیان» دەنووسێ کوردەکان شەوانە لە تەک ئاگردان و لە دیوەخانەکاندا زۆر حەزدەکەن چیرۆکی«خانی لەپ زێڕین»بگێڕینەوە، کە گوێگر دەهێنێتە هەژان و هەستی دەبزوێنێ و بە قین و تووڕەبوون دەریدەبڕێ[ دژی سیاسەتی شا عەبباس.. ج. ح]، لەگەڵ جیاوازیی گێڕانەوەی داستانەکە، خەڵکی ـ گوێگر زۆر بە ڕێزەوە دەڕوانێتە دەنگبێژی داستانەکە.

ئەکادیمیک «ئۆربیلی» دەگێڕێتەوە لە شارۆچکەی موکس(تورکیا)کوردەکان ، دەنگبێژی ئەرمەنی«ئاکۆ» (کە کوردەکانی موکس بە ئاکۆی ئەرمەنیان دەگوت مورتال بەگ)یان زۆر خۆشدەویست، چونکە بە شێوەیەکی جوان داستانی دمدم ـ ی دەگێڕایەوە و سەرنجی گوێگری بۆ لای خۆی ڕادەکێشا ، ئەمجۆرە مرۆڤانە لەلایەن کوردەکان جێگای خۆشەویستی ورێزگرتن بوون وەک یوسف ئەبگارپڤیچ دەیگوت.

نووسەری کورد«عارەبی شەمۆ(شامیلۆف)لە ساڵی ١٩١٤ لە گوندی (سوویزی)ناوچەی قارس، بۆی دەرکەوت کە ناوداریی شێخ ئیسماعیل لەوەدایە کە زۆر چاک داستانی«خانی لەپ زێڕین»دەزانێ. ئەگەر خەڵکی گوندەکە بیانزانیبایە کە ئەو شەوە شێخ ئیسماعیل باسی مێژووی قەڵای دمدم دەکات، گوندەکە بە گەورە وبچووکەوە لە ژوورێکدا کۆدەبوونەوە و لە چاوەڕوانییەکی بێ ئارامدا دەبوون تا شێخ دەگەیشتە شوێنەکە، شێخ نێوبانگی دەرکردبوو، خەڵکی گوندەکانی دراوسێش دەهاتنە مەجلیسی.

لە سەردانەکانی خۆم بۆ ناوچە کوردنشینەکانی ئەرمەنستان، تبلیس(گورجستان) و هەروەها باخچە ـ سۆڤخۆز لە ئوزبەکستان، هەستم بەوە کرد کە خەڵکی چەند دەنگبێژ وداستانبێژیان خۆشدەوێن و ڕێزیان لێدەگرن.

بێگومان، بێژتنی داستان، گێڕانەوەیەکی ساکار نییە، چونکە ئەوە پێویستی بە وەستاییەکی تایبەتی و لێزانی هەیە، دەنگبێژ هەوڵدەدات، نەک تەنیا ڕووداوەکە بگێڕێتەوە، بەڵکوو تارادەیەکی زۆر گوێگربخزێنێتە نێو ڕووداوەکە و وای لێبکات دەگەڵیا بژیت. شێخ ئیسماعیل بەدەست ـ میمیک (وەک ئەکتەرێکی زانا) ڕووداوەکانی هەنگاو بە هەنگاو دەردەبڕێ، هێندێ جار شێخ دەگەیشتە حالەتی فێ وگەشکەبوون(extas)، بۆیەش خەڵکی گوندی هێندێ جار بە «فالگری شێت»ناویان دەبرد. ئەنجامدانی بەشی شیعری ئەم داستانە بە هاوکاری ئاوازی تایبەتی و ڕیتمی خۆی هەبوو وەک لێدانی(مەنجەل، دەف... هتد). هێندێ برگەی داستانەکە ئێستا نۆتی مۆسیقای بۆ نووسراوە. (ل٢٩)

ئاوازەکە پێوەر وڕیتمی تایبەتی خۆی هەیە، کە ڕەنگدانەوە و چالاکی و ڕێکوپێکی ئەنجامدانی گۆرانییەکانی پێوەدیارە، ئاوازی مارش حالەتی جەنگ وشەڕی پێوەدیارە، دەربارەی ئەم دیاردانەش دەنگبێژ«عەلۆی سلۆ» کە ماوەیەکی زۆر لە نێو کوردەکانی عەشیرەتی جەلالی لە سنوورەکانی سەرووی ڕۆژهەڵاتی ئێران دەژین، بەچاوی خۆی بینیویە کە چۆن دەنگبێژ چەند بزووتنەوەی سیمبۆلی(هێما) و هاواری لە هەڵدەستا وەدەیچریکاند.

مێژووی تۆمارکردنی خانی لەپ زێڕین دەگەڕێتەوە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەم و پێوەندی ڕاستەوخۆی بە «ئەلەکساندر ژابا» قونسولی پێشووی ڕووسیا لە ئەرزەڕۆمەوە هەیە، یەکەم دەقی داستانەکە لە شێوەی پەخشاندا، لە ←

دوو تۆی چوارلاپەڕە لە ساڵی ۱۸٦۰ لەگەڵ کۆمەڵە چیرۆکێکی کوردی بەچاپ گەیاند(ل۲۹). ئەم دەقە لەلایەن «ئەلەکساندر ژابا»وە لە زاری کوردێکی بایەزید(تورکیا) تۆمار کراوە. بەداخەوە ژابا نە مێژووی تۆمارکردنەکە دەدات نە هیچ زانیارییەک دەربارەی ئەو کەسەی کە لە زاری ئەمەوە تۆمار کراوە.

لە ڕوانگەی ئەم دەقەوە، لە کاتی شائیسماعیل دا، لە ناوچەی مەراگە(مەراغە)دا عەسکەرخان ناوێک ژیاوە و دژایەتی لەگەڵ خاوەنی قەڵای دمدم ـ خان عەبدوڵلا هەبووە.

عەسکەرخان دەگەل هێزێکی یازدەهەزارکەسی کە تۆپیان پێ بووە، ڕوویکردۆتە قەڵای دمدم و ئابلۆقەی داوە. حەوتسەد کەس لە قەڵاکەدا ژیاون. هەموو چەکیان هەڵگرتووە بۆ بەرگری عەبدوڵلاخان داوای لە پاشای وان(تورک)کردووە کە یارمەتی بدات، بەڵام بێ ئاکام بووە.

دوژمن قەڵاکە بەبێ وەستان دەداتە بەر تۆپ، لەوکاتەی کە لە قەڵاکەدا تەنیا حەفتا جەنگاوەر دەمێنێ، عەبدوڵلاخان بۆ ڕاوێژکردن کۆیان دەکاتەوە. دایکی خان «حوریە/ هوریەخانم» [لەبەر ئەوەی ناوی خانم بە پیتی ڕووسی (Г=گ)نووسراوە، دەکرێ بە دووجۆر بخوێندرێتەوە وەک ح یا هـ. ج. ح]بانگەوازی ئەوە دەکات کە تا دوا هەناسە خۆ ڕاگرن و داوا لە جەنگاوەرەکان دەکات کە دەرگای قەڵاکە بکەنەوە و بێنە مەیدان. «ئێمەی ژنان، ئەوانەی توانای چەک هەڵگرتنمان هەیە، شان بە شانتان شەڕ دەکەین، ئەوانەی ژنن ـ گەنجەکان و کچەکان کە توانای شەڕیان نییە، با ئەوان ژەهر ئامادە بکەن، ئەوکاتەی ئێمە هەموو شەهید دەبین، ئەوانیش ژەهرەکە بخۆنەوە تا نەکەونە دەست ئەو بێ خوایانە(بێ ئیمانانە)، یەکێک هەموو بارووتەکە لە شوێنێک کۆبکاتەوە، لەو کاتەی دوژمن قەلا دەگرێ، ئاگری تێبەردات، ئێمە دەتەقێنەوە و بێ خواکانیش لە نێو دەچن(ل۳۰). هەموو پێشنیارەکەی حوریە خانم قەبوڵ دەکەن.

ڕۆژی هەینی نزیکەی نێوەڕۆ، عەبدوڵلاخان دەگەل حەفتا جەنگاوەری پیاو و بیست و حەوت جەنگاوەری ژن، دوای گەردن ئازاد کردن دەرگای قەڵا دەکەنەوە و دێنە مەیدان.

وەسفی نووسەر بۆ چۆنیەتی تەماشاکردنی ئەو ژن ومنداڵانە لە قووڵخی قەڵاوە بۆ مەیدانی پێکدادانەکە، زۆر هەست بزوێنە ومرۆڤ نارەحەت دەکات. هەموو جەنگاوەرەکان شەهید دەکرێن. دوژمن قەڵاکە داگیر دەکات، زۆر لە ژنان ژەهرخوارد دەبن، خێزانی عەبدوڵلاخان، ئاسمەخان هەموو بارووتەکە لە عەمباری خوارەوەی قەڵا کۆکردبۆوە، ئاگری تێبەردەدات و قەڵا دەتەقێتەوە.

لەم دەقەدا ئەوەش هاتووە کە ئەو ژن و منداڵانەی گیراون ڕایان دەماڵن بۆ کۆیلەتی و ژن و پیاوی پیر و پەککەوتوو لەتوپەت دەکەن و، کەلاوە خانووەکانی قەڵاش دەسووتێنرێن. لە کۆتایی ئەم دەقەدا، نووسراوەکە لە نووسینی شاعیر مەلای باتێ(م. خێ)یە، وەک مینۆرسکی و ژابا (ل۳۱)ئاماژەی پێدەکەن، مەلای باتێ قەت ئاسناوی (م. خێ)ی بەکار نەهێناوە، هەروەها مەلای باتێ لە عەشیرەتی هەکارییە و لە نێوان ۸۲۰ ـ ۹۰۰ی کۆچی[۱٤۱۸/۱۷ـ ۱٤۹٥/۹٤]دا ژیاوە، لەکاتێکدا ڕووداوەکانی داستانەکە لە ساڵانی ۱٦۰۸ ـ ۱٦۱۰ڕوویداوە. لەو دەقەی تردا، ناوی نووسەری پێوە نییە، لەوانەیە، ناوهێنان کە لە دوای چیرۆکەکە دا بە، مەبەستی ئەوە بووە کە دەقەکە گرینگی وڕاستی تۆماری ڕووداوەکان بخاتەڕوو[وادەردەکەوێ، ئەوەی ڕوونووسی دەقەکانی کردووە، بە ئەنقەست ناوی مەلای باتێ ی لەسەر نووسیوە کە بڕوا بە ڕاستی ڕووداوەکە بکرێ، بەڵام ئەوەی لێکنەداوەتەوە کە مەلای باتێ بەر لە ڕووداوی قەڵای دمدم لە ژیاندا نەماوە. ج. ح].

هەروەها لە فۆندی دەستنووسەکانی ئەلەکساندر ژابا لە کتێبخانەی گشتی سالتیکۆڤ شیدرین لە لێنینگراد(سان پیترزبورگ) دوو دەستنووسی تر دۆزراونەتەوە لەژێر سەردێڕی ـ حیکایەتی شەڕی سەر قەڵای دمدم د گەل قزلباشان ـ گفتی فەقێ تەیران. (ل۳۱)

ئەم دەستنووسانە بە ئەلف و بێی عەرەبین ولەلایەن ڕوونووس هەڵگرانی جیاواز ئەنجام دراون. هەردووکیان لە فۆڕمی شیعر دارێژراون. دەقەکان وێکدەچن ، لەوانەیە هەردووکیان هی یەک نووسەر بن.

دەستنووسی یەکەم بە خەتێکی جوان نووسراوە و لە ٦۷ کۆپلیت پێکهاتووە(۲٦۸ دێڕە)، دووهەمیان بەخەتی قورئان نووسراوە وخوێندنەوەی زەحمەتە. (ل۳۱)

لەهەردوو دەستنووسدا، باسی ئابلۆقەی قەڵای دمدم لەلایەن قزڵباشەکانەوە دەکرێ و خۆڕاگری و جوامێری و شەهیدبوونی قارەمانانەی بەرگری کەرانی دمدم دەکات. پێ لە سەر ئەوە دادەگرێ کە هۆی پێکدادانەکە دەگەڕێتەوە سەر ناکۆکی ئایینی لە نێوان سوونني وشیعەکاندا. کوردەکان داخوازی شیعەکان ڕەتدەکەنەوە کە ببنە شیعە. نووسەر بانگەوازی گەل دەکا بۆ خەبات و بەرگری لە مافەکانی خۆی:

شەهید بن، تەرکا دنێ کەن
ئاڤەکی ژ خوەرا چێ کەن
بەسە گەلی ئاسێ کەن
رابن ڤێکرا هەولێ کەن.

لە وەسفکردنی شەڕی نێوان کورد و قزڵباشدا، شاعیر هەستی نیشتمانپەروەری و قارەمانیەتی و ئازادیخوازی لە لای گوێگر دەبزوێنێ و دەوروژێنێ، لە هەمان کاتدا، ڕق کینە دەردەبڕێ:

د پاشی وان قسان را
ژ نەبی وئەولیان را
ژ میم و خێ وخان را
فەتح ژ روحی ڤان را.

لەو دوو چوارینەی سەرەتا و کۆتاییدا، وا دەزاندرێ کە ئەو دەقە ـ داستانە ـ بە خامەی شاعیری سەدەکانی نێوەندی کورد« فەقێ تەیران» نووسراوە، چونکە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا ڕوونە کە فەقێ تەیران ئاسناوی( میم. خ)ێی بەکارهێناوە و لە ساڵانی ۷۰٦ ـ ۷۷۷ی کۆچی[۱۳۰۳/۲ـ ۱۳۷٦/٥ز]ژیاوە(ل۳۲).

بەڵام ڕووداوەکانی نێو داستانەکە دەگەڕێتەوە دوای دووسەد ساڵ لە مردنی شاعیر.وا دیارە لەو دەستنووسە و لە دەستنووسە چاپکراوەکەیئەلەکساندر ژابا، دەقەکان دراونەتە پاڵ شاعیرێکی ناسراو، هەمان مەبەستی پێشوو بێ. دەستنووسی «حیکایەتی شەڕی قەڵای دمدم لەگەڵ قزڵباشان» نووسینی فەقێ تەیران، پێمان وایە، ئەم دەقە لە نووسینی شاعیرێکی هەمان قوتابخانەی فەقێ تەیرانە، نەک خودی ئەو، چونکە فەقێ تەیران وەک ئاماژەی پێکراوە، بەر لە دمدم کۆچی دوایی کردووە.

دوای ۲۷ساڵ لە چاپکردنی یەکەم دەقی داستانەکەلە سان پیترزبورگ [ ئەوەی ڕاستی

←

بێت، دوای سی ساڵ هاتۆتە بڵاوکردن، چونکە دەقی بڵاوکراوە لە ساڵی ١٨٦٠ لە سان پیترزبورگ لەلایەن ئەلەکساندر ژابا بڵاوکراوەتەوە. ج. ح]، لە ساڵی ١٨٩٠لە گەڵ کۆمەڵە دەقێکی تر کە لە ژێر ناوی"Kurdische Sammlungen"ی «ئی. پرم» و «ئا. سۆسن»، دەقێک لە ژێر سەردێڕی ـ دمدم ـ لە فۆڕمی شیعردا، کە بیست و یەک لاپەڕەیە(٥٣٠ دێڕە)هاتۆتە بڵاوکردن. (ل٣٣)

لەم دەقەدا، کێش وقافیەی شیعری کوردی بەتەواوی پەیڕەو کراوە و وەک گۆرانی داڕێژراوە. ئەم دەقە لە ئەلقۆش(دەفەری بادینان) تۆمار کراوە، بە زاراوەی بادینی (کرمانجی ژووروو)لە زاری «رافی» ناوێک بە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئا سۆسن. ئەم دەقە ڕەسەن ترین دەقە لە نێو دەقە کۆکراوەکاندا. [مەبەست لەو دەقانەی کە تا ساڵی ١٨٩٠ کۆکراونەتەوە. ج.ح]

لە تێکستەکەدا، زمانی ڕۆژانەی کوردی ڕەنگی داوەتەوە. بە بۆچوونی ئا سۆسن بنەمای ئەم داستانە لە سەر ڕووداوێکی واقیعی مێژوویی لە نێو کوردان داندراوە[وا دەردەکەوێ کە سۆسن، ئاگای لە پاشخانی مێژوویی قەڵای دمدم نەبووە. ج. ح]. ڕووداوەکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوودەدات. قارەمانی سەرەکی «خانی لەپ زێڕین »بوو، لە نێو بەیتەکاندا زۆرجار بە (خانۆ) ناودەبرێ و ئایینزای سوننی پەیڕەو کردووە.لە سەر لووتکەیەکی بەرز، بە ڕەزامەندی شاعەبباس، پارچە زەوییەک هەڵدەبژێرێ و قەڵای دمدمی لە سەر دروست دەکات. لە ماوەیەکی نزیکدا قەڵاکە دەبێتە مەڵبەندی ئەو کوردانەی ناحەزی «شاعەبباس»ن وهێندێک لە فیۆداڵەکانی کوردیش لە قەڵاکە کۆ دەبنەوە. حیکایەتخوان بەدرێژی چیرۆکی دروستکردن و ئابلۆقەی قەڵای دمدم، شەڕی نێوان کورد و قزڵباش و خۆڕاگری و جوامێری ئابلۆقەدراوەکان دەگێڕێتەوە. نووسەر بە ڕق و کینەوە وێنەکێشی مەحموود مەلەکانی خاین دەکات کە بووەتە هۆی کوشتن وشەهیدبوونی قارەمانان و ڕووخانی قەڵاکە. لە تەک خانی لەپ زێڕین ومەحموود مەلەکان، چەند قارەمانی تریش لە نێو داستانەکەدا هەن، لەکاتێکدا ناوی کەسانی تر لە دەقە چاپکراوەکەی ئەلەکساندر ژابا دا نەهاتووە، بەڵام لە تۆمارەکانی ئی پریم و ئا سۆسن دا هاتووە. دەقەکەی سۆسن دەگەڕێتەوە بۆ کۆنترین تۆمارکردنی داستانەکە، بەدرێژی وەسفی ڕووداوەکانی تێدا تۆمارکراوە و دەکرێ بکرێتە یەکێک لە دەقە سەرەکییەکان بۆ بنیاتنانەوەی شێوەی سەرەتایی داستانەکە. لە ڕوانگەی ئەم دەقەوە دەکرێ، ڕەگەز و شتی زێدەکراو لە دەستنووسەکانی پاشتردا دەستنیشان بکرێ[لەسەر بنەمای ئەم دەقە دەکرێ داستانەکە ساخ بکرێتەوە وکامیل بێت. ج. ح]. دەقەکە لە لایەن ئا. سۆسن کە کوردییێکی چاکی زانیوە کراوەتە ئەڵمانی، واپێدەچێ سۆسن باش لە مەبەستی داستانەکە گەیشتووە، بۆیەش بەجۆرێک دەکرێ بگوترێ کە وەرگێڕانەکە بێ کەم وکورتییە[ئەم بۆچوونەی ئۆردوخانی جەلیل زۆر ڕەهایە و جێی گومانە، چونکە بەرچاو ناکەوێ کە نووسەر دەقەکوردی وئەڵمانییەکەی بەراورد کردبێ وگەیشتبێتە ئەو بڕوایە. ج. ح].

دەقەکەی تر لە لایەن«ئۆسکار مان»ەوە لە کتێبی(Die mundart der Mukri Kurdén) لە ساڵی ١٩٠٦لە بەرلین چاپ کراوە. دەقەکە لە فۆڕمی شیعر نووسراوە و لە ٣٨٦ دێڕ پێکهاتووە و لە شاری سابڵاخ[مهاباد]لە زاری کوردێک بە ناوی ڕەحمان بەکر تۆمار کراوە، وەک کۆکەرەوە ئاماژەی پێدەکا، ئەم دەقە لە نێو کوردەکانی موکریان ـ کوردستانی ئێران ـ زۆر باوە، واتە لە ناوچە مێژووییەکەی خۆیدا.

بایەخی دەقەکەی ئۆسکار مان لەوەدایە کە هێندێ ڕووداوی تێدا هاتووە لە دەقەکانی تردا ناکەونە بەرچاو و یارمەتیمان دەدەن بۆ ساخکردنەوە و بنیاتنانەوەی شێوەی سەرەتایی داستانەکە. بۆ نموونە هێندێک زانیاری دەربارەی جوغرافی ڕووداوەکان لە داستانەکە هاتووە. هەر لە هەمان کتێبی ئۆسکار مان، لە بەشی"Erzählungen in Prosa" پەخشاندا، لاپەڕە ونیوێک ناوەڕۆکی داستانەکە بە پەخشان بڵاوکراوەتەوە، کە میرزا جەوادی [قازی]سکرتێری ئۆسکار مان بۆی گێڕوەتەوە.

پەخشانەکە نەختێک جیاوزی هەیە لەگەڵ دەقەکەی ئۆسکار مان کە لە زاری ڕەحمان بەکرـ ەوە تۆمار کراوە و مان چاپی کردووە. دەقەکان، هەردووکیان لە یەک شوێن تۆمار کراون، بەڵام چیرۆکەکەی میرزا جەوادی بەسەواد، دڵگیرترە، هەر چەند دەقەکەمان بە تەواوی پێنەگەیشتووە. ئۆسکار مان ئاماژە بەوە دەکات کە دەقە پەخشانەکە لە ڕابوردوودا لە ناوچەی سابڵاخ زۆر بڵاوبووە، بەڵام میرزا جەواد هەر ئەوندەی لە بیر ماوە.

هەردوو دەق(شیعر وپەخشان)ەکە بە پیتی لاتینی نووسراون و نووسەر هەوڵی داوە شێوەی موکریانی لە بارەی دەربڕین ـ تەلەفوز ـ دیفتۆنگ بپارێزێ. لە هەر دوو دەقەکەدا، هێندێ کاراکتەری(خەسلەتی) دیالێکتی کرمانجی پێوە دیارە. لە نێو دەقەکەی ڕەحمان بەکر، ناوی هێندێ لە کەسانی داستانەکە هاتووە، کە بە بڕوای ئۆسکار مان، ئەو ناوانە لە دەقە سەرەتاییەکەدا نەبووە، بەڵکوو دوایی کەوتووەتە نێو داستانەکە. نووسەر(ئۆردوخانی جەلیل) لەم بارەوە لەگەڵ بۆچوونەکانی مان دایە[بۆ ئاشنایی زیاتری دەقەکەی ئۆسکار مان بگەڕێنەوە سەر«تحفه مظفریه» (ل ٢٠ ـ ٦٩) ج. ح].

دەقی پێنجەمی داستانەکە لە دوانزدە لاپەڕەدا. لە ساڵی ١٩٣٦ لە کتێبی:"Folklora Kur-manca" (ل٣٤) و لەلایەن حاجی جندی لە گوندی کالاشبەگ، لە ساڵی ١٩٣٢ لە ناوچەی (تالین)ی ئەرمەنستانی سۆڤیەتی لە زاری بەکر عەجەم ـ ەوە تۆمار کراوە. ئەم دەقە تێکەڵاوە(فۆڕمی شیعر وپەخشان)لە ژێر ناوی «خانی کوردان ـ دمدم»ە، هەروەها دەقێکی تری تێکەڵاو ـ دمدم ـ لە لایەن حاجی جندی و جەردۆی گەنجۆ لە ساڵی ١٩٣١ لە گوندی سابونچی ناوچەی تالین، لە زاری ژنە جووتیارێکی پەنجا ساڵە ـ کارکەری کەڵخۆز ـ ئامای مەمەد ەوە تۆمار کراوە(ل٣٥). هەروەها دەقێکی تر لەلایەن قەناتێ کوردۆ لە ساڵی ١٩٣٩ تۆمارکراوە لە گوندی تەسیلی ناوچەی ئاخالخاسکی گورجستان لە زاری وەرزێرێکی پەنجاساڵە بە ناوی عەلۆی سلۆ کە خۆی لە عەشیرەتی جەلالییە، لە ناوچەی سورمالی تورکیاوە هاتووەتە گورجستان. ماوەیەکی دورودرێژ لە ناوچە سنوورییەکانی سەرووی ڕۆژئاوای ئێران لە نێو عەشیرەتەکەیدا ژیاوە.

سەد ساڵ بە سەر یەکەم لەچاپدانی داستانی «خانی لەپ زێڕین» تێدەپەڕێ[ئەمڕۆ دەکاتە ١٢٦ ساڵ، ج. ح]، تا ئێستا هەشت دەقی جیاواز تۆمار کراون، لەوانە حەوتیان چاپ کراون. دوو دەقیان لە فۆڕمی شیعردا گوتراوە، دووی تریان لە فۆڕمی پەخشان و سێ دەقیش تێکەڵاوە.

←

لە نێوان ساڵانی ١٩٥٧ ـ ١٩٥٨ لە زاری داستانبێژان، لە ناوچەکانی ئەرمەنستان، شاری تبلیس و دەوروبەری(گورجستان)، تاشقەند، نزیکەی بیست دەقی نوێمان تۆمار کردووە.

سەرنجڕاکێشترین دەق لە ساڵی ١٩٥٧ لە زاری دانیشتوویێکی یەریڤان «کارەپیتی خاچۆ» تۆمارکراوە. داستانبێژ هێندێ برگەی لەبیر چووبووەوە، چونکە ماوەیەکی زۆر بۆی نەلوابوو بۆ خەڵکی بگێڕێتەوەو ئەنجامی بدات. کارەپیتی خاچۆ، خۆی ئەرمەنی یە، لە منداڵییەوە لە نێو کوردەکانی قامشلۆ(سوریا)ژیاوە و بە یەکێک لە دەنگبێژە ناودارەکانی گوندەکەی ناسراوە. لە ساڵی ١٩٤٦ لەگەڵ ئەو ئەرمەنییانەی لە وڵاتی خۆیان دوورخرابوونەوە، دەگەڕێتەوە ئەرمەنستانی سۆڤیەتی. بە وتەی کارەپیت، ئەو، ئەم داستانەی زۆرجار چ لە دانیشتووانی قامشلۆ و چ لە گوندەکانی ناوچەکە بیستووە. ئەم داستانە بە یەکێک لە خۆشەویستترین و بە ناوبانگترین داستانی چیاییەکان دەناسرێ. هەر لە ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی ئیخیهونت(قامشلۆی پێشوو)[دیارە لە نێو کوردەکانی ئەرمەنستانیش گوندێ هەبووە بە نێوی قامشلۆ. ج.ح]، ناوچەی ئۆکتوبەری ئەرمەنستان، لە زاری کوردێکی کرێکاری سەڤخۆز، تەمەن حەفتاودووساڵە لە عەشیرەتی بالاکیار:«مستەفای حاجی» دەقێکی ترمان بە ناوی (خانی چەنگ زێڕین) تۆمار کردووە. مستەفای حاجی دەنگبێژی ناودار وجێگای ڕێزی خەڵکی گوندەکەی بووە. ئەو، داستانەکەی لە مامی خۆی بیستووە، کە لە گوندی جابالۆی ئێران ژیاوە. ئەم دەقە بە فۆڕمی شیعر گوتراوە، ئەو بەشەی باسی بنیاتنانی قەڵاکە و تەیارکردنی خەڵک بۆ بەرگری و بەرهەڵستی دوژمن دەکات، ڕیتمەکانی ڕەنگدانەوەی کار و چۆنیەتی بنیاتنانی قەڵاکەیە.، هەروەها لە کاتی وەسفکردنی پەلاماری دوژمن بۆ قەڵا و پێکدادانەکە، ڕیتمەکە(ئاوازەکە)لە بنەڕەتدا دەگۆڕدرێ و گۆرانییەکان سروشتی شەڕ وپێکدادان وەردەگرن.

دەقێکی پڕ بایەخی ترمان لە ساڵی ١٩٥٨ لە باخچە ـ سۆڤخۆزی ڤیرسک، نزیک تاشقەند لە زاری پەنابەرێکی کوردی عێراق: «کەریمی مەلکۆ» ، تەمەن پەنجاو دوو ساڵە تۆمار کردووە. کەریم ساڵی ١٩٤٦ وەک باشدارێکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، لە نێوان ساڵانی ١٩٤١ ـ ١٩٤٦، عێراقی بەجێهێشتووە، خۆی خەڵکی ناوچەی بارزان ـ کوردستانی عێراق ـە. دەقەکە بە ناوی(بەیتا خانێ کوردا)یە کە لەلایەن کەریمەوە بە گۆرانی گوتراوە، هەرچەند هێندێ بەشی بەیتەکە پەخشانە، هێندێ ڕووداو خراونەتە نێو ئەم دەقە کە لە دەقەکانی تری لای ئێمەدا نییە، وەک: پەیدابوونی شێر لە دۆڵێکدا، یان زۆرانبازی لەگەڵ شێر ولەدەستدانی دەست. بێگومان ئەو بابەتە واتە چۆنیەتی لەکیسچوونی دەست، شتێکی نوێیە، چونکە ئەم پەردەیە لە دەقەکانیتردابەرچاو ناکەوێ.

کەریمی مەلکۆ زۆربەی ژیانی خۆی لە خەباتدا بەسەربردووە، بۆیە ئەو بەشەی داستانەکە کە پێوەندی بە شەڕە مەیدانییەکانەوە هەبوو، زۆر بە گەرمی و سۆزەوە دەیگوت. وەک خۆی دەیگوت، ئەو، ئەم بەیتەی لە سەعیدی باپیری بیستووە. هەر لە هەمان سەفخۆزدا، لە کوردێکی تری بەشداربووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی، سەعید ئیسماعیل کە خەڵکی گوندی ـ بلە ـ قەزای ئاکری بوو، دەقێکی نوێمان تۆمار کردووە. هەروەها دەقێکی تر بە ناوی (خانی لەپ زێڕین)لە زاری کوردێکی تری عێراق بە ناوی سەلیم عیسا، لە عەشیرەتی مزووری، گوندی پێندرۆ ناوچەی بارزان تۆمار کردووە. دەقەکەی سەلیم تێکەڵاوە، فۆڕمی شیعر وپەخشان جێگۆڕکێ دەکەن. بەشە شیعرییەکەی بە گۆرانی دەگوترێ. هێندێ پەردەی دەقەکانی سەعید ئیسماعیل وسەلیم عیسا لەگەڵ دەقەکەی کەریمی مەلکۆ وەک یەکن.

لەبەر ئەوەی داستانی خانێ لەپ زێڕین، زۆر بڵاوبووە، سەرنجی گەڕۆک و لێکۆڵەرەکانی ئەوکاتی ڕاکێشاوە. هەڵکەوت نییە کە ئەکادیمیک «نۆربیلی» لە ساڵی ١٩١١ لە مۆکس، لەوکاتەی دەقی فۆلکلۆری کوردی تۆمار کردووە، گرینگی تایبەتی بە داستانی خانی لەپ زێڕین داوە و لە ڕێگای فۆنۆگرام تۆماری کردووە. [فۆنۆگرام لە ساڵانی حەفتای سەدەی نۆزدەهەم پەیدابووە بۆ تۆمارکردنی دەنگ. دەساڵ دوای ئەوە گرامافۆن دەرکەوت کە لە لای خۆمان بە (سندووق و قەوان) ناوی دەبەن. ج. ح]. نۆربیلی لە زاری ئاکۆ کە کوردی باش زانیوە، تۆماری کردووە بەڵام بەداخەوە ئەم دەقە نەگەیشتووەتە ئێمە، چونکە لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانی لە ڕێگادا لە تورکیا بۆ ڕووسیا ون بووە.

لە ساڵی ١٩٥٧، ڕۆژنامەی«ژین» کە لە سلێمانی ـ عێراق[کوردستانی عێراق، ج. ح] دەردەچوو لە ژمارەی ١٣٢٤دا، ئاگادارییەک لە لایەن مستەفا ساڵح کەریم بڵاودەکرێتەوە کە لەو نزیکانەدا چیرۆکێک لە ژێر ناوی (قەڵای دمدم)بڵاودەکرێتەوە، بەڵام لە ژمارەکانی داهاتوودا ئەم چیرۆکە بڵاونەکرایەوە.

تا ئێستا ڕەنگدانەوەی خەباتی کوردەکانی دمدم لە داهێنانی میللەتانی دراوسێدا بۆمان ئاشکرا نییە. بەڵام لەلایەن هێندێ کۆکەرەوانی فۆلکلۆری ئەرمەنی، دەقەکە گرینگی تایبەتی پێدراوە. لە ساڵی ١٩١٤، لە سەر لاپەڕەکانی گۆڤاری ئێتنۆگرافی کە لە شاری تبلیس بە ئەرمەنی دەردەچوو، وەرگێڕاوی بە زمانی ئەرمەنی دەقی خانی دمدم بڵاوکراوەتەوە(ل٣٧). هەروەها لە ئەدەبیاتی ئەرمەنیدا، دوو کاری تر بەرچاو دەکەون، کە بەکورتی ناوەرۆکی هێندێ لە دەقەکانی تێدا بڵاوکراوەتەوە. نووسەری کتێبی:«مێژووی کورد ـ ئەرمەن» ئاکۆ شابازیان، پشت بەو دەقەی کە لە ساڵی ١٨٦٠ لە لایەن ئەلەکساندر ژاباوە بڵاوکرابووەوە، کورتەیەکی ناوەرۆکی داستانەکە بە زمانی ئەرمەنی بڵاودەکاتەوە و تێیدا ئاماژە بەوە دەکات کە لەم داستانەدا، قارەمانیەتی و چلۆنایەتی ڕەوشتی کوردان ڕەنگی داوەتەوە.

نووسەرێکی تری ئەرمەن، «ئەرڤەند فرانگیان» لە کتێبی: (ئاترپاتەکان) (ل٣٧) لەو بەشەی کە باس لە داهێنانی میللی کورد دەکات، دەبێژێ کە ئەدەبیاتی میللی کورد زۆر بە ڕاشکاوی سروشتی جەنگی پێوە دیارە. ئەو، کوردان بەو شێوەیە وەسف دەکات کە«میللەتێکن سەر بۆ کەس دانانوێنن و ئازادیخوازن» (ل٣٧). بۆ سەلماندنی قسەکەی کورتەیەک لە ناوەرۆکی (خانی لەپ زێڕین)بە نموونە دەهێنێتەوە، وەک ئاماژەی پێدەکات لە داستانبێژێک بیستوویەتی، هەروەها دەڵێ: کورد ڕووداوە گرینگەکانی مێژووی خۆیان لەبیر ناکەن و لە نێو گۆرانکارییەکاندا دەیانپارێزن. (ل٣٨)

فرانگیان ئاماژە بەوەش دەکات کە خەباتی دانیشتووانی دمدم لە چیرۆکی خەباتی کوردەکانی ئێرانیشدا ڕەنگی داوەتەوە. نووسەر پێ لە سەر ئەوە دادەگرێ کە دمدم چەند دەقێکی جیاوازی هەیە و، هەموویان بە گۆرانی دەگوترێن. (ل٣٨)

ناوەرۆکی دەقەکەی فرانگیان بەم شێوەیە: جارێک شا عەبباس بەجلی دەروێشی لە وڵاتدا دەگەڕا، کە دەگاتە نزیک دمدم بۆ پشوودان دادەبەزێ وداوا لە شوانێک دەکات کە ناوی عەبدوڵلا دەبێ، ئاگرێک بێنێ وسەبیلەکەی داگیرسێنێ.. ، شوانەکەش داخوازی دەروێش جێ بەجێ دەکا و لە نێو لەپی خۆیدا پۆلە پەنگرێک دەهێنێ و سەبیلەکەی بۆ دادگیرسێنێ..، شا لە جوامێری ئەو شوانە سەر سووڕدەمێنێ و نێو لەپی لە زێڕ پڕ دەکات. لەو ڕۆژەوە عەبدوڵلای شوان، ناوی بوو بە خان عەبدوڵلای لەپ زێڕین. هەروەها شا عەبباس بە خان عەبدوڵلا پێشنیار دەکا کە پارچە زەویەک بۆخۆی هەڵبژێرێ. شوان داوای پارچە زەویەک دەکا بە قەدەر پێستی گایەک. شا عەبباس داخوازییەکەی جێبەجێ دەکا. ئەو شوێنەی دەکەوێتە نێو ئەو پشتێنە باریکەی لە پێستەگا دروست کراوە، کانیزای زێڕی تێدا دەردەکەوێ. شوان دەولەمەند بوو، قەڵایەکی زۆر مەحکەم دروست دەکا و خەڵکی گوندەکان لەوێدا نیشتەجێ دەبن. عوبدوڵلای لاسار کە حیساب بۆ کەس ناکات ودراوسێکانی دەخاتە مەترسی، شا ڕق و کینەی لێ هەڵدەستێ و لەشکر دەنێرێتە سەر قەڵا، لەشکر تێکدەشکێ، شا ناچار خۆی فەرماندەی لەشکر دەکا وشەڕەکە حەوت ساڵ دەخایێنێ وبێ ئەوەی ئاکامەکەی دیار بێ، لە دوا ڕۆژی ئابلۆقەی قەڵادا، بۆیان دەلوێ سەرچاوەی ئاوی قەڵا بدۆزنەوە... شا فەرمان دەدات سەرچاوەی ئاویان لێبگرن، تا بە ئازار و دەردە سەری بمرن. بەمجۆرە شا سەردەکەوێت. نووسەری کتێبی: (گەڕانێک بە ئێراندا) دەڵێ ئێستاش دیوارەکانی قەڵای دمدم لە شوێنی خۆیەتی و پاشماوە و نەوەکانی خەڵکی قەڵا، ئێستاش لە دەوروبەری قەڵاکە دەژین. (ل٣٨)

ئەو دەقانەی لەبەر دەستمانن کە لە ماوەی سەد ساڵ لە زاری داستانبێژان تۆمارکراون، لە کات وشوێنی جیاواز و لە خەڵکێک کە دانیشتووی ناوچەجیاوازەکانی کوردستانن بە دوو دیالێکتی سەرەکی زمانی کوردی. ئەوە هەمووی بەڵگەی ئەوەن کە داستانی خانی لەپ زێڕین لە هەموو کوردستان بڵاوبووە و لە لایەن دانیشتووانی جێی ڕێز بووە.

بابەتی خەباتی کوردەکانی دمدم، سەرنجی نووسەرانی کوردی سۆڤیەت و دەرەوەی ڕاکێشاوە[کوردەکانی سۆڤیەتی پێشوو، کوردی کوردستان بە کوردی دەرەوە لە قەڵەم دەدەن.

ج.ح]. دەربارەی قارەمانانی قەڵای دمدم، پەخشاننووسی عێراقی[کورد. ح]مەستەفا ساڵح کەریم، چیرۆکی«شەهیدانی قەڵای دمدم»ی نووسیوە(ل٣٩). هەروەها نووسەری کوردی سۆڤیەتی عارەبی شەمۆ(شامیلۆف) ڕۆمانێکی بەنێوی «دمدم»نووسیوە(ل٣٩). «دمدم»سەرچاوەی ئیلهام وپۆئێمەکانی جاسمی جەلیل و حاجی جندی یە.[ ئەوەی شایانی باس بێت، ڕۆمانی«دمدم»لەلایەن مامۆستا شوکور مستەفا هاتووەتە سەر پیتی عارەبی وشێوەی سۆرانی و مامۆستا هێمن پێشەکی بۆ نووسیوە. ج. ح].

٣) ناوەرۆک و هێندێ پرسیاری پێوەندیدار بە تایبەتمەندی هونەری داستانەکە:

«سێ سەدەونیو زێتر بە سەر ڕاپەڕینی ساڵی(١٦٠٨-١٦١٠)ی کوردستانی ئێران تێدەپەڕێ، ئەوەندەش بە سەر لەدایکبوونی ئەم داستانەدا:«خانی لەپ زێڕین». تا ئێستا ئەم داستانە لە نێو خەڵکدا باو و خۆشەویستە. چونکە میللەت ونەوەکانی کورد، یەک لە دوای یەکتر لەم داستانەدا نموونەی قارەمانی و ئازادیخوازی دەبینن».

هەموو دەقە تۆمارکراوەکان ئەوە دەسەلمێنن کە گێڕانەوەی ـ حیکایەتی ـ خانی لەپ زێڕین و قەڵای دمدم، ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستگۆیی ڕووداوە دێرینەکانە.

لەم بەشەدا، ئۆردوخانی جەلیل، دەقە کوردییەکان بە نموونە ناهێنێتەوە، بەڵکوو تەنیا وەرگێڕاوی ڕووسییەکەی دەکاتە نموونە، بۆیەش ئێمە بە باشمان نەزانی سەر لە نوێ لە ڕووسییەوە بۆ کوردی وەریگێڕین. دیارە هێندێ تایبەتمەندی زەق کە لەلایەن نووسەرەوە دەست نیشان کراوە دەخەینە ڕوو.

نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە لە هێندێ دەقدا، قارەمان ـ ئەمیرخان ـ یاخود خانی کوردان ــ دوای دەربەدەری ڕوو لە کۆشکی شا دەکات. شاش دەیکاتە سەیزی ڕەوەی ئەسپەکان. جارێکیان لەوکاتەی ڕەوە دەکەوێتە بەر پەلامار وهێرشی دز وجەردەکان، ئەمیر بۆ ڕزگارکردنی ڕەوە، دەستی لە کیس دەدات. شا قەرەبووی دەکا و فەرمان دەدات کە دەستێکی زێڕی بۆ دروست دەکەن و پێشنیاری پێدەکا کە لە کۆشکی شادا بمێنێتەوە. بەڵام ئەمیر داوا لە شا دەکات پارچە زەویەکی پێببەخشێ بە قەدەر پێستی گایەک. هەرچەند شا هەوڵدەدات کە ئەمیر بە جێی نەهێڵێ وگفتی پێدەدا کە بیکاتە خانی ئیسفەهان، بەڵام ئەمیر پێ لەسەر داخوازییەکەی دادەگرێ. لێرەدا ئۆردوخان ئاماژە بەوە دەکا کە دیالۆگی نێوان شا و سەیز لە یەک ئاستدایە، شا داخوازییەکەی جێبەجێ دەکات. ئەویش پێستی گا دەکاتە قەیتانێکی باریکی پشتێن ئاسا، بەقەدەر ئەو پشتێنە زەوی هەڵدەبژێرێ. هێندێ لە داستانبێژان ئەو قەیتانە لە باریکیدا بە موو بەراورد دەکەن. ئۆردوخان لە بەراوردێکدا لە نێوان بەڵگە مێژووییەکانی بنیاتنانی قەڵاکە و ئەندازە و شێوەی دروستکردنی بەشەکانی نێو قەڵا، دەگاتە ئەو بڕوایە کە دەقەکان ڕاستگۆیانە ڕەنگدانەوەی واقیعی ڕووداوەکان وشێوە و چۆنیەتی قەڵاکە پێشان دەدەن. قلاکە زۆر بە موکومی(قایم) بناغەی دانراوە. هێندێک دەڵێن بەرینایی حەوت پێ بوو. لە زۆر شوێن مزرێژ کراوە. خان داوای لە وەستاکان کردووە مەحکەم دروستی بکەن، چونکە ڕۆژێک دێ ڕووبەڕووی پەلاماری دوژمن دێ.

دەنگو باسی دروستکردنی قەڵاکە بەم شێوەیە، مەترسی دەخاتە دڵی خانەکانی ناوچە، بە تایبەتی پیر بوداغ و خەلیفە ئەلیاس کە هەوڵدەدەن شای لێ هانبدەن ونەهێڵێ قەڵاکە تەواو بکات، بەڵام ئەمیرخان جێگای بڕوای شا بووە، تاجارێک کاروانێکی شا لەلایەن کوردەکانەوە پەلامار دەدرێ و کوڕێکی شا دەکوژرێ، ئەوسا شا قەناعەتی دەگۆڕێ کە ئەمیرخان نیازی خراپە. لەسەر داوای خەلیفە ئەلیاس، شا نامەیەک بۆ ئەمیرخان دەنووسێ کە دەبێ گوێڕایەڵی بێت. بەڵام ئەمیرخان پشت گوێی دەخات. شا نامەی دووهەم بۆ ئەمیرخان دەنووسێ، بەڵام ئەمیرخان نەک وەڵامی ناداتەوە بەڵکوو ئابڕووی قاسیدی شا دەبا ودەستی دەبڕێ وچاویشی دەردەهێنێ وڕادەگەیێنێ کە گەلەکەی تەسلیم نابێ و ئامادە و چاوەڕوانی شەڕە. لە دەقێکی تردا، هاتووە کە ئەمیرخان خزمەتکاری خانی ئامێدی بووە وپرد ومنارەی بۆ دروست کردووە. بەڵام خانی ئامێدی دەستێکی دەبڕێ، بۆ ئەوەی کەسیتر لە سەر زەوی نەتوانێ منارەیەکی تر دروست بکات. ئەمیرخان دەچێتە موسڵ و لە ڕێگای دۆستەکانیەوە، دەستێکی زێڕ دروست دەکات. لەو دەقانەی پێشوودا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەمیرخان حەوت کوڕی هەبووە! خان عەبداڵ، خان عەلی، خان مەحموود، خان

مەمەد، خان حوسێن، خان ئەبوبەکر و خان موکری، بەڵام خانی موکری کوڕی ڕاستەقینەی خانی لەپ زێڕین نەبوو، بەڵکوو بەکوڕی خۆی داناوە.

ئۆردوخانی جەلیل دەگاتە ئەو بڕوایە کە ناوەرۆکی سەرەکی ئەو داستانە بریتییە: «مردن لە پێناو شەڕەف و سەربەخۆیی وئازادی یە، بۆیەش مردن نییە، بەڵکوو ئەمری یە» (ل ٥٠)

لەم بەشەدا ئۆردوخان ئاماژە بە بۆچوونێکی «سۆسن»دەکا کە خانی لەپ زێڕین لەگەڵ (گیتس فۆن بیرلیخنگ)ی درامای شاعیری ئەڵمانی گۆتە بەراورددەکات، کە گیتس هەوڵی یەکگرتنی ئەڵمانیای پارچەپارچە دەکات وسەرکردایەتی ڕاپەڕینی جووتیارانی ساڵی ١٥٢٥دەکا. بە بۆچوونی ئۆردوخانی جەلیل تاڕادەیەک ئەو بەراوردەی سۆسن ڕاستە، وێکچوونێک لە نێوان خانی لەپ زێڕین و گیتس فۆن دا هەیە (ل٥٣).

هەر لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەی ئۆردوخانی جەلیل دا، ئاماژە بۆ ڕۆڵی ژن لە نێو داستانەکە و هەروەها لە کۆمەڵگای کوردیدا هاتووە، ئوردوخان ئاماژە ی بە بۆچوونی هێندێ ڕۆژهەڵاتناس لەوبارەیەوە کردووە، وەک مینۆرسکی، ئەبۆڤیان، هەروەها نموونەی هێناوەتەوە لە مێژووی نوێ.. وەک عادیلە خانم ـ ی خێزانی عوسمان پاشا جاف، ئەوەی کە کورد بەپێچەوانەی هێندێ میللەتانی تری موسڵمان، لیبراڵن، بە واتەی مینۆرسکی کوردەکان لە پێوەندی لەگەڵ ژناندا لیبراڵترین میللەتی موسڵمانن. (ل٥٣)

لەم باریەوەش ئۆردوخان دەیەوێ ئەوە بسەلمێنێ کە کورد جیاوازییان هەیە لە تێڕوانینان بۆ ژنان، نموونە لە فۆلکلۆر دەهێنێتەوە:

şêr şêre çi jin çi mêre

ـ شێر شێرە، چ ژن چ مێرە(چ نێر بێ و چ مێ).

ئۆردوخان ئاماژە بەوە دەکات کە لە نێو دەقەکانی داستانەکەدا، ناوی ئەو چەکانە، ئەو ئامرازانەی لە شەڕدا لەوکاتە بەکارهارتوون پارێزراون.. وەک شیر، قەمە، خەنجەر، ڕم، تیروکەوان، قولینگ، تۆپ ـ ئەو جۆرانەی لەوکاتەدا هەبوون، تەور... هتد. ئۆردوخان دەربارەی دروستکردنی قەیتان و پشتێن لە پێستی گا کە لەدەقی داستانەکەدا هاتووە، دەڵێ کە بەکارهێنانی پێستەگا لە چەند داستان وئەفسانەی جیهانیدا هاتووە، وەک ئەفسانەی داستانی فینیقی، بێزەنتی، ئیسلاندی، فۆلکلۆری سکاندیناڤی ـ گوت فریدی دوانزدە، ئیڤان گرۆزنی، پیتەری مەزن، لە چیرۆکەکانی عەشیرەتەکانی میللەتانی ئەمریکای سەروو (باکوور)یشدا.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا، باسی دەولەمەندی زمانی دەقەکان دەکات و بوونی وێکچوون و جۆری بەراورد چ لە بارەی بەکارهێنان لە وەسفکردنی قارەمان وهێز وتوانا وژمارەی لەشکر، زێدەڕەوی لە مەدح کردن و بە بەژن وباڵا وتوانا هەڵدان ویاخود بەکارهێنانی ئەمجۆرە وێکچوونانەی قایمی ومەحکەمی قەلاکە، ئازایی ولێهاتوویی قارەمان، بەکارهێنانی وەسفی وەک شێر وپڵینگ بۆ قارەمان، وەسفکردنی دوژمن بە گورگی هار، یاخود هێندێ جار وەسفکردنی مرۆڤ بە حەیوانی دڕندە.. ڕووتە وەک کلکی چێڵ(مانگا)، یاخود دەڵێ: سمێڵی وەک کلکی دێڵە سەگە.. مبالغە(زێدەبێژی) یەکێکە لە خەسلەتەکانی داستان و ئەفسانە، مرۆڤی قارەمان چ لە توانا وچ لە هێز وچ لە ڕەفتار جیاوازی هەیە لەگەڵ مرۆڤی ئاسایی..

ئۆردوخانی جەلیل، باسی ئەوەش دەکات کە ئەو دەقانەی لەلایەن خۆیەوە تۆمار کراون، زمانەکان(شێوەی زاراوەکان)یان جیاوازن، دوو دەقیان بە شێوەی کرمانجی سەروو(تورکیا)ـ ناوچەی ئەرزەڕۆم ـ یەکێک ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ، دوو خوارووی گۆلی ورمێ(سابلاخ)، چوار دەقیان کوردەکانی ئەرمەنستان، یەکێک جزیری(ناوچەی قامشلۆ)و سێ دەقیان سەرووی ڕۆژهەلاتی عێراق(بلە وبارزان).

لە کۆتایی کتێبەکە لە لاپەڕە و نیوێک ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی بلاوکراوەتەوە کە دەقە فۆلکلۆرییەکان و ئەوانەی تری داستانەکە، لەگەڵ ڕووداوە مێژووییەکەی خەبات و خۆڕاگری جەنگاوەرانی قەلای دمدم، یەک دەگرنەوە و دەنووسێ:

«داستانی قارەمانەی خانی لەپ زێڕین داهێنانی بەرفراوانی جەماوەرە. وێنەی خەباتی قارەمانانەی کوردە دژی ستەمکاریی شاکانی ئێران. فاکتەکانی نێو داستانەکە کەرەستەیەکی دەولەمەندن بۆ توێژەرانی بیر و ڕامانی کۆمەلایەتی وسیاسی گەلی کورد لە کۆتایی سەدەی شانزدەهەم و سەرەتای سەدەی حەفدەهەم. ناوەرۆکی ئەم داستانە ڕەنگدانەوەیەکی مێژووی سەردەمی فیۆدالیزمە».

* О. дж. джалилов. Курдский героический злос "Златорукий Хан"; издателђство «НАУКА» Глвня редакция восточной лит-ератур м Москва 1967

**پاشماوەی لاپەڕەی ٤٦ (لێکۆڵینەوە و ڕەخنە..)**

نەکات، باپێش کۆتایی، زیاتر هەر بە مەبەستی هاندان بەرە و ئەو کارانە، یەک لە دەیان هەڵەی تری بخەمە پێش چاو. لە باسی جیۆپۆلیتیکدا دەنووسێ: «هەڵکەوتی جیۆپۆلیتیکی کوردستان، لەنەخشەی داگیرکەران و دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهاندا، لەکۆندا چۆن بووە، لە ئێستا و ئایندەشدا هەروا دەمێنێتەوە، بەڵکوو بگرە خراپتریش دەبێ، چونکە فاکتەری جیۆپۆلیتیکی کوردستان نەگۆڕە» ( ل ١٦ ).

ئەمە نیشانی دەدا کە نووسەر لە زاراوەی جیۆپۆلیتیک و هاوپێوەندییەکانی، نەک هەر تێنەگەییشتووە بەڵکوو نەشیزانیوە بیانخاتە ڕستەشەوە... جیۆپۆلیتیک زانستی لێکۆڵینەوەیە لە پەیوەندی نیوا ن زەمین و سیاسەت لە شوێنەواری کاری فاکتەرە جوگرافییەکان و جێگەی جوگرافی لەسەر ژیان و گوزەرانی کۆمەڵگە و جۆری مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعی دەور و پشت و هەڵهێنجانی ئەو یاسایانەی جڵەوی پێوەندییە جوگرا فییەکان بە سیاسەتەوە دەبەستێتەوە... ئەرکی جیۆپۆلیتیک نەخشەکێشانی ئەو دید و بۆچوونە سیاسییە پاشینانە و ئەو پێشبینییە سیاسییانەی ئایندەیە کە لەبەر ڕۆشنایی و لێکدانەوەی هاوپێوەندیی و کارلێکی جێگەی جوگرافی و شێوەی باو و بلاو لە ستراتیژدا، بە لایەنە سەربازییەکەشیەوە، دەنەخشێنرێ...(بڕوانە ئەو نووسینەم لە گۆڤاری پەیڤدا، ل ٧٨٣). کەوا بوو جیۆپۆلیتیک پەیوندیی بە دەولەت، جوگرافیا و سنوور، کۆمەڵ و سیاسەت و هاوپێوەندییەکانیانەوە هەیە کە هەمووی لەگۆڕانی بەردەوامدان. بۆیە فاکتەری جیۆپۆلیتیکی کوردستان نەگۆڕ نییە، نەخشەی داگیرکەران و زلهێزەکانی جیهان لەکۆندا چۆن بووە، ئێستا بەو جۆرە نییە و، لە ئاییندەشدا، نە وەک کۆن دەبێ و نە وەک ئێستا دەمێنێتەوە و، نە خراپتریش دەبێ. جا ئەگەر ئەو قسانەی کاک حوسەین ڕاست بوونایە دەبووایە هەر لە مێژ بوو گۆڕمان بۆ خۆمان هەڵبکەندایە. باشتربوو بۆ کاک حوسەین، ئەو نزیک نیو لاپەڕەیەی کە هەر لەو نووسینەی وەرگرتووە و تێهەڵکێشی ئەو لایەنەی کردووە (ل ١٧)، باش و ورد سەرنجی لێبدایە و تێیبگەیشتایە، یان خۆی نەدایە لە قەرەی باسێکی وا کە بۆی ئاسان نەبێ تا دوچاری ئەو ئاڵۆزییە نەبووایە، بەڵام کورد لە مێژە گوتوویەتی(سوار تا نەگلێ نابێتە سوار).

*****

# ئای چ مەزن بوو تابووتی حیزبی شکاند!

پشکۆ نەجمەددین
سوێد

ڕۆژی ٢٠ ئاپریلی ٩٦، بەشی کوردیی ڕادیۆی ئامریکا، بۆ ڕێزگرتن لە دەیەمین ساڵڕۆژی مەرگی شاعیری گەورەی کورد، مامۆستا هێمنی موکریانی، هەپەیڤینێکیان* لەگەڵ بەندە کرد. ڕۆژی دواتریش، لە سۆنگەی هەمان مەسەلەدا، قسە و باسێکیان لەگەڵ کاک(جەعفەری شێخولئیسلامی)دا چێکرد. دوو ڕۆژ پاشتر، نوێنەری حیزبی دیمۆکراتی ئێران لە فەرەنسە، ڕوونکردنەوەیەکی لە وەڵامی بۆچوونەکانی ئێمەدا، لەمەڕ هەڵوێست و مامەڵەی ئەو حیزبە، دەرهەق بە مامۆستا "هێمن"ی شاعیر، لە هەمان ڕادیۆوە، بۆ گوێگران بڵاوکردەوە.

ئەز، لەپێناوی ڕێزگرتن لە ڕاستگۆیی و ڕێگرتن لە هەوڵی شێواندنی ڕاستییەکان و چەواشەنەکردنی ئەدەب دۆستان و هێمن ویستان و خەڵکی کوردستانیش، دەقی بۆچوونەکانی خۆم و (ڕوونکردنەوەکە)ی نوێنەری ئەو حیزبە و پاشانیش دەرخستنی ئەو بەڵگە زیندووانەی کە شایەتیی لەسەر ڕادەی دروستیی دید و تێڕوانینەکانی ئێمە و دێوجامەی چاو و ڕاوی نوێنەرەکەی حیزب دەدەن، بە پێویست دەزانم.

دەقی گفتوگۆکەی نێوان من و هاوکارێکی ڕادیۆی ئامریکا:

**« پشکۆ نەجمەددین!... دەکرێت باسی شەخسییەتی مامۆستا هێمن وەکو شاعیرێک بکەن؟**

ـ بەڵێ... مامۆستا هێمن، وەکوو شاعیرێکی بەرجەستە و دەرکەوتوو، ئێمەی کورد لە (تاریک و ڕوون)و (ناڵەی جودایی)و پاشانیش لە (پاشەڕۆک)ەکەیەوە دەناسین. کێرڤی** هونەر و شاعیرێتی هێمن، لە بەشێکی شیعرەکانی (تاریک و ڕوون)دا ڕێچکە دەگرێت و بەرەو سەرێ هەڵدەکشێت... زمانی پاراو، هەستی ناسک، وێنەی شیعریی بگۆ و هەژێنەر، لە ناخی قەسیدەی کلاسیکی هاوچەرخدا، دێنە سەما.

بەداخەوە، لە بەشێکی شیعرەکانی (تاریک و ڕوون)دا، بەتایبەت شیعرەکانی سەردەمی گەنجییەتی وی و ڕۆژگاری کۆماری مهاباد، تاپۆی سیاسەت و هوتاف و دروشمدان بەسەر شیعرەکاندا زاڵن!. بۆ نموونە: ئەگەر چاو لە هەردوو شیعری (دەبرۆ ئەی شاهی خائین... و بژی دیمۆکرات) بکەین، دەبینین لەوێڕا ئەرکی شیعر بووەتە بەجێگەیاندنی پەیامی سیاسی!. دیارە ئەمەشپەیوەندیی لەگەڵ باری سیاسیی میللەتی ئێمە هەیە.

دەتوانین بڵێین کە هەڵکشانی کێرڤەکە، واتە ڕوو لەهەورازچوونی کێرڤی شاعیرێتی مامۆستا هێمنی مەزن، لە (ناڵەی جودایی)دا بە لوتکەی خۆی دەگات.

ناڵەی جودایی، هونەرێکی بەرزی بێهاوتایە. خورپەی دڵ و سووتانی ڕۆحی شاعیرە لە دۆزەخی غوربەت و ئاوارەیی و دوورەوڵاتییدا. لە ڕووباری ناڵەی جوداییدا، هەست بە سۆز و عاتیفەی پیرەشاعیرێکی مەیزەدەی لەلان و زێدی خۆ هەڵبڕاو دەکەین و ئەو هەستە چەپۆکانییەتی و ناڵەی گریانی ئەو، عالەمێکی لەگەڵ خۆی وەگریان خستووە!.

ئەمن بۆخۆم پێم وایە، ئەگەر هێمنی مەزن بەتەنیا دوو چامە یان دوو قەسیدەی (ناڵەی جودایی و عیشق و ئازادی)ی نووسیبا، هەر ئەم (هێمن)ە مەزنەی ئێستا دەبوو!.

*** ئێوە چۆن سەیری مامۆستا هێمن، وەکوو پەخشاننووسێک دەکەن؟**

ـ بەڵێ... من پێم وایە هێمن وکو نووسەرێکی بەدەگمەن هەڵکەوتووی کوردی زان، لە پێشەکییەکەی(تاریک و ڕوون)و پاشانیش لە (تحفەت مظفریە) دا دەناسین. "لە کوێوە بۆ کوێ"ی (تاریک و ڕوون)، شاکارێکە لە چڵەپۆپی پەخشانی کوردیدا و لە ئاسمانی بزووتنەوەی ئەدەبیی ئێمەدا، جێی وی ژوور هەورە!. هێمن وەکو ئینسانێک، بۆ کورد ژیاوە و بۆ کوردیش مرد. ئەو، هەموو ئیمکانیات و توانای خۆی لە خزمەتی وشەی کوردیدا بەکاربرد. ئەو نووسینەی کە من باسم لێوەکرد، واتە پێشەکییەکەی (تاریک و ڕوون)، ئاوێنەیەکە، ئێمە لەوێڕا هەموو دەرد و مەینەساتی میللەتی خۆمان دەبینین. جگە لەوەی کە داڕژتنێکی بەرز و زمانێکی پاراو و هەندێ وێنەی شیعریی ئەوتۆی تێدایە کە بەڕاستی قسان دەکەن!.

**هێمن وەکوو شاعیرێکی تێکۆشەر، چۆن باسی لێوەدەکەن؟.**

ـ مامۆستا هێمن، ئەگەر وەکو تێکۆشەرێکی سیاسییش لێیبڕوانین، ئەوا دەبینین خزمەتێکی گەورەی بە بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کردووە. مامۆستا هێمن، ڕۆژگارێک خۆی بەتەنێ سیمبۆلی مەسەلەیەکی گەورە بوو، کە ئەویش مەسەلەی کورد بوو لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا. ئێمەی کەسانی کورد لە کوردستانی باشوور، لە شیعرەکانی ئەودا، لە نووسینەکانی ئەودا، ئەو مەسەلە گەورەیەمان دەناسی و لێی ئاشنا دەبووین... **داخەکەم لە کۆتایی ساڵانی ژیانیدا، خەراپیان پاداشت دایەوە!. ئەگەرچی ئەو هەڵوێستەی حیزبی دیمۆکرات بەرامبەر بە هێمن، تۆزێڕاڵێکی لە لوتکەی چیای سەرووەریی وی نەڕووشاند و دەبێ درەنگ یا زوو، ئەو حیزبە لەبەردەم ڕۆحی ئەمری "هێمن"دا بەچوکدابێت و داوای لێبووردنی لێبکات!.»**

**ئەمەی خوارەوەش، ڕوونکردنەوەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانە لەسەر هێمن!...**

« لە چەند ڕۆژی ڕابوردوودا دوو بەرنامەتان بە بۆنەی یادی کۆچی دوایی شاعیری میللی گەلی کورد مامۆستا هێمنی موکریانی بڵاوکردۆتەوە کە لەواندا هەندێک ڕەخنە و تانە و توانج لە هەڵوێستی حیزبی دیمۆکراتی ئێران بەرامبەر بە هێمن کراوە. بە مەبەستی ڕوونکردنەوە نەک وڵامدانەوە بۆ ئاگاداریی ئێوەی بەڕێز و گوێگرە خۆشەویستەکانتان ڕادەگەیەنین کە ئەو تاوانانە ڕاست نین. ئەوانە یان ئاگایان لە هەموو ڕووداوەکان و ئاڵۆزیی سیاسی ئەو سەردەمە نییە یان موغریزن و بە خۆشاردنەوە لە پشت هێمنی شاعیر و پلارهاوێشتن بۆ حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، هەر ئەو سیاسەتە چەوتە و توودەیی سیفەتانە ئیدامە دەدەن کە وایلێکردن لەساڵی ١٩٨١دا، خۆبهاوێنە باوەشی ڕژێمی دژ بەکوردی جمهوری ئیسلامی ئێران. ئەو ڕەخنانە لەڕووی دڵسۆزی بۆ شاعیری میللی و دڵسۆزی بۆ گەلی کورد نییە، بەڵکو بۆ مەبەستی سیاسی کراون. هێمن شاعیری هەموو میللەتی کوردە،

←

بەڵام بێتـــوو بەشکرابا، زیاتری بە حـــیزبی دیمۆکرات دەبڕا. هەڵوێستی ئێمە لەسەر هێمن، هەر ئەو هەڵوێستە پڕ مانایەیە کە خوالێخۆشبوو دکتـور قاسـملوو لە پێشـەکیی تاریک و ڕووندا نووسیویەتی. هێمنی شاعیر ئەندامی چل ساڵەی حـیزبی دیمۆکـراتی کـوردسـتـان بوو کـە هەمـوو شـانازی و گـەورەیی هەر ئی ئەو دەمـەیە کـە لە حیزبی ئێمەدا لە خزمەتی زیندووکردن و ڕاگرتنی بیری پێشکەوتووخوازیی نەتەوایەتییدا شیعری گوتووە. موخالیفینی حیزبی ئێمە مافی خۆیانە ڕەخنە لە ئێمە بگرن و مافی ئێوەشە بەپێی توانا بڵاوی بکەنەوە. ئێـمـــە لە پەرەنەسـتـــاندنی دیموکـراسی ناترسین بەڵام ئێـوە هەندێک نیـوە شاعیر و زڕە موحەقیق و لێکۆڵێنەر دەبیننەوە کە داخ لەدڵ و ناگادارنین و بە مەترەحکردنی هەندێ شـتی ئینحرافـیی لاوەکـیش کـە نە لەخزمـەتی ڕاستـیدایە و نە پێویسـتییـەکی ئەوتۆیان هەیە، شتـە گرینگەکان کە چارەنووسی گەلی کوردیان پێوە گرێدراوە لەبیر خۆتان دەبەنەوە و خۆی لێ گێل دەکەن.»[1]

قـسـەی من لەسـەر یاران و نەیارانی حـیـزبی دیمۆکراتی کوردستـانی ئێران نییـە و ئەو حیزبە هەرچۆن هەڵسوکەوت و ڕەفتاری لەگەڵ نەیارانی ئایدۆلۆژی و سـیـاسـیی خـۆیدا کـردووە و لەئایندەشـدا، هەرجـۆرە هەڵوێسـتـێکیـان لێوەردەگرێ و بە هەرچی ئێودێریان دەکات، ئەوە داب و سوننەتێکی خەباتی حیزبایەتی و حیزب سیفەتی یە و، لەمێژە حیزبەکانی کوردستان ئەو شوێن و ڕێگایەیان هەڵگرتووە!. منێکی دوور لە حـیـزبی دیمۆکـرات و دوورتر لە حـیـزبی تـوودە و ناکۆکـییـەکانی نێـوانیـان، هەرگـیز داوەریکردن لەسـەر ئەو مەسـەلانە بەخۆ ڕەوانابینم، ئەوانە بۆ هەقـداران و بەشـدارانی خەباتی چەندین سـاڵەی وەناکـام نەگـەیشـتـووی خـودی حـیزبی دیمۆکـراتی کوردستانی ئێران بەجێدێڵم!.

ئەز لەسـەر دوو بۆچـوونی ناوەڕۆک کـە لە (ڕوونکردنەوەکـەی نوێنەری حـیـزب)دا هاتـووە وپەیوەندییان لەگەڵ دنیای ئەدەب و شـاعـیریی هێمن هەیە، هەڵوێستە دەکەم و بۆ داکۆکی لە ڕا و بۆچوونەکـانیشم، جگە لە قـسـەی خودی مـام هێمن، ڕای چ کەسێکی دیکە بەڕەوا نابینم....

نوێنەری حـیـزب دەڵێ: «هێـمنی شـاعـیـر، ئەندامی چل سـاڵەی حـــیـزبی دیمۆکـــراتی کـوردسـتـانی ئێران بوو کـە هەمـوو گـەورەیی و شـانازی ئەو هەر هی ئەوەیە کـە لە حــیـزبی ئێمەدا...». من پێم وایە لە مێژوودا، حیزب زۆر شاعیرۆکەی دروست کردوون، بەڵام حیزب



هەرچەندە شـۆڕشگێـڕ و مـەزنیش بووبێت، شـاعـیـرێکی ڕەسـەنی پێنەخولقێنراوە و تاجی شانازیی لەسەر چ نووسەرێک نەکردووە. ئەوەی تائێستا زانراوە، ئەوەیە کە حیزب تابووتی بەهرە و داهێنانی ئەدەبیی و شیعریی بووە... داخۆ مام هێمن بۆ خۆی چ دەڵێ؟!

**«[پ]: بە لای تۆوە پەیوەندیی نێوان شاعیر و ئازادی چی یە و ... چۆنە؟**

ـ ... کـاکـە بەڕاسـتی ئەو ئازادییـەی کـە ئیـدیاڵە بۆ شـاعـیـر و نووسـەر... بەتایبـەتی شەرقی، ئیدی بۆخۆت دەزانی شەرق ئەوپەڕی... بە عەقیدەی من، ئەو ئازادییە هەڵنەکەوتووە، جا ئەو جار بۆ من پترە، چونکوو من...

ـ لە پێش هەموو شتێکدا چونکی کوردم

ـ بەڵێ.. لەپێش هەمـوو شـتـێکدا چونکوو کوردم... ئەوجارەکانە ماوەیەکی دوور و درێژ من ئەندامی حیزبێک بووم، یەنی ماوەیەکی ئێجگار زۆر دوور و درێژ، خـۆت دەزانی... ئەوەشت با پێبـڵـێم ئەگـەر نەکـەوتامـا عـێـراق، وە چاپەمەنییەکانی عێراق شیعرەکانیان بۆ چاپ نەکردبام و دە مـەتبوعـاتی حیزبدا چاپ کرابان، زۆر لە شیعرەکانم دەفەوتان. من ناڵەی جوداییم دەدا بە ئۆرگانی حیزبەکەمان، دەیگوت بە من چ مەربووتە تۆ مەشروب دەخۆیەوە یا نە...»[2]

لە ڕۆژ ڕووناکـتـرە کـە حـیـزب تەنیـا ئەو شیعرانەی هێمنیان مەبەست بووە کە دەخزمەتی سـیـاسـەت و ناو و ناوبانگی حـیـزبدا بووە و بەتەنیا ئەدەبێکی سیاسییان لەبەر دڵان بووە.

**«[پ]: دیسـان یەکێ لەو شـتـانەی کـە زۆر باسی لێـوە دەکرێ، شاعـیـر و سـیـاسـەت، یا نووسـەر و سـیـاسـەتە. تۆ پەیوەندیی ئەو دووانە چۆن دەبینی؟! سـیـاسـەت شـیـعـر ناکـوژێ؟! بە تایبەتی خۆ بەستنەوە بەسیاسەتی حیزبایەتی، شیعر ناکوژێ؟!**

ـ وەڵا، بە عـەقـیـدەی من، زۆر زەرەردەدا لە شاعیر، زەرەری زۆر گەورەش دەدا، موقەییەدی دەکـا........ لەوێ کـە شـیـعـری من دە ڕۆژنامـەکـەدا چاپ کـراوە. ئەو شـیـعـرانەی بێ ئیمزان زۆریان هی مێن ئیدی. ئەو دەمە من هەقم نەبوو هێـمنیـان دەبێ بنووسم....... مەسـەلەن شیعرێکی کە من بۆ تەرمی حاجی قادری کۆییم گـوتبوو، ڕۆژنامـەکـەی خۆمـان حازر نەبوو چاپی بکا...»[3]

لە قـسـەکـانی مـام هێـمن ڕا دیارە کـە چۆن واشەی چاوتیژی حـیـزب، هەمـیـشـە لە هەوڵی ڕاوکـردنی چۆلەکـەی شـیـعـری ویدا بووە و سـانسـۆری حـیـزب چ ئازارێکی ڕۆحی ئەوی داوە!....

**«[پ]: ئەی سانسۆری کورد؟!**

ـ لە ژێر سانسۆری کوردیشدا بووم.

**[پ]: ئەوەیان چۆن...؟**

ـ وەڵا، کـاکـە، ئەوم دەتوانی ڕەفع بکەم. سـانسـۆری کـوردم دەتوانی ڕەفع بکەم. بەوی دەوێرام. لەو لایە، وەکـوو عـەرزم کـردی، وەختـێکی ئەندامی حـیـزب بووم، سـانسـۆریان دەکـردم، دەچووم لە جـێگەیەکی دیکە بڵاوم دەکـردەوە، یا ئەقـەللەن دەمـدایە دەسـتی خەڵکی...»[4]

نازانم ئێـسـتـاش نوێنەری حـیـزب، پاشی خـوێندنەوەی ئەم ڕایانەی مـامـۆسـتـا هێـمن، هەردەبێ پێی وابێ کە هەمـوو گەورەیی هێمن بە مـێژووی حـیزبەکـەی ئەوانەوە بەسـتـراوە و دەبێ ڕۆحی هێـمن لەبەر پەیکـەری پیـرۆزی حـیـزبدا بەچۆکدا بێت؟!.

من پێم وایە کە هەڵوێستی جوامێرانە بۆ ئەو حیزبە، ئەوە بوو کـە لە هێـمنیـان وەکـو هێـمنی میللەتی کورد ڕوانیبا و ئەو هەڵوێستـەی کە لەسـەر ئەو "گـروپ"ە هەیانبـوو، شـاعـیـری خۆشەویستی "حیزبی خۆیان" لێ هەڵاواردبا و بە جـاش ناودێریان نەکـردبا!. ئیـدی ئێـسـتـاش نوێنەری ئەو حیزبە ناچار بەحاشاکردن نەدەبوو!.

**«[پ]: کـوردایەتی لە پارتایەتی جـیـا دەکەیتەوە؟!**

ـ نەخێـر... ئەوەیە عـەرزت دەکـەم... بەڵام

پارتێک کە لە خزمەتی کوردابێ. وەختێکی من پارتێکم دیت کە لە خزمەتی کوردا نەبێ، ئیدی بۆ دەبێ جاش بم کە دەخزمەتی ئەو پارتییەدا نەبم؟! من دەتوانم لە ڕێگایەکی دیکەدا خزمەت بەو کوردە بکەم. بەداخەوە سەرکردەکانی مە زۆر بێئینسافن؛ پێیان وایە هەر کەس دەگەڵ وان نەبێ دوژمنی وانە.... (پێدەکەنێ)» ٥

( سالی١٩٨٣ یا ١٩٨٤ دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملووی شەهید، کۆڕێکی بۆ کوردانی ستۆکهۆلم کردبوو. دۆستێک لە بارەی مام هێمنەوە پرسیاری لێکرد. دکتۆر لە وەرامدا فەرمووی: "ئەوەتا لە ورمێ دانیشتووە و جاشە").

دوا شتێک لە ڕوونکردنەوەکەی نوێنەری حیزبدا کە پێویستە ئاوڕی لێبدرێتەوە و وەلانەنرێت، شێوازی ئاخاوتن و بەکارهێنانی هەندێ وشەگەلە کە مەرزی هەپەیڤین و دیالۆگی تێکستی ئەدەبیی دەبەزێنن و واوەتر دەچن؛ "نیوە شاعیر"، "زرەموحەقیق"، "تووددەیی سیفەت"، ئەمانە تۆمەتێکن کە دەربڕین و هاوێژتنیان بەبێ لێڕامان و لێکۆڵینەوە، تەنیا و تەنیا لە دەروێشانی حیزبەکان دەوەشێتەوە!!. دەروێشانێک کە لە بورجی عاجیی حیزبدا ڕۆنیشتوون و لە حاڵەتی جەزبەی ئایدۆلۆژیادا هێند مەست و بەنگن، جگە لە هاوڕەدیفەکانیان نە کەس دەبینن و نە کەسیش دەناسن!.

لە دوا وشەدا دەڵێم: هێمن گەورە بوو. ئەو گەورەییەشی لە دەرەوەی حیزبدا بوو. ئەو بەرهەمانەی هێمن کە زیندوویی و مانەوەیان بۆ نووسراوە، هەر ئەوانەن کە تۆزی ئایدۆلۆژیای حیزبیان لێ نەنیشتووە. ئای چ مەزن بوو کە تابووتی حیزبی شکاند و ڕۆحی شیعرەکانی بەرهەڵدای ئاسمانی نەمریی کرد!.

مای ١٩٩٦

* هەپەیڤین: دەمەتەقێ، گفتوگۆ

** کێرڤ: خەتی بەیانی، دایگرام

**<u>پەراوێزەکان:</u>**

١) هەڵوێستی نوێنەری حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە فەرەنسە، ڕۆژی ٢٣/٤/٩٩٦ لە رادیۆی ئامریکا خوێندرایەوە، تۆمارکردن و نووسینەوەی کاک "هێدی".

٢) لە بەهاری شیلاناوێوە بۆ پاییزی ورمێ، چاوپێکەوتنی کاک فەرهاد شاکەلی لەگەڵ هێمنی نەمر، گۆڤاری مامۆستای کورد، ژمارە ١٣، ل ١٨-١٩.

٣) هەمان سەرچاوە، ل ١٩-٢٠

٤) هەمان چاوپێکەوتن، مامۆستای کورد، ژمارە ١٤، ل ٣٨

٥) هەمان گۆڤار، ژمارە ١٣. بڕوانە ژێرنووسی لاپەڕە ٢٠.

# لێکۆڵینەوە و ڕەخنە
# یان
# شێواندنی ڕاستیی

**مەحمود مەلا عیززەت**

یەکێ لە پرنسیپە گرینگەکانی ڕێبازی زانستییانەی لیکۆڵینەوە و نووسین لەسەر هەر بابەتێک، متمانە و ڕاستگۆیی و ئەمانەتی نووسەرە لە وەرگرتن و گواستنەوەی وشە، ڕستە، بڕگە و دەق لەو سەرچاوە و دانراو و بەرهەم و بەڵگەنامە و ئەو دۆکومێنتانەی پەنایان بۆ دە برێ، بۆیە نووسەر دەبێ زۆر بەوردی و بە هوشیارییەوە، بێ هیچ گۆڕان وکەم و زیادییەک ئەو کارە بکات، تەنانەت نوختە و وێرگول و نیشانەکانی تری نووسین، بێ جێگۆڕکێ لەشوێنی خۆیان دابنرێن. بۆ دە ربڕینی ڕای دروست، پێویستە لەو ڕستە و بڕگە و دەقانەی گەرەکێتی سوودییان لێوە ربگرێ، یان لە سەریان بدوێ و بیانرخێنێ، بەتایبەتی دەبێ لە سەرجەمی بەرهەمەکە بەگشتی حاڵی ببێ و لە کۆی باس و پوختەی سەرئەنجامەکان و هاوپێوەندییان بگات. قرتاندن و شێواندنی ئەو ڕستە و بڕگانەی دید و بۆچوونی خۆی پێ دەسەلمێنێ و تووڕدانی ئەوانەی تر کە مەبەستەکانی خۆی پوچ و هی ڕەخنەلێگر ڕوندەکەنەوە، ڕە وشتی نووسەر و ڕاستیخواز نییە. ناشێ و تەواو نامۆ و لادانە، یا ناشێتی و نەزانییە، ( و لاتقربوا الصلاه ) بێ ( وانتم سکاری) ئاسایی، بۆ مەبەستی خۆی ڕستە و بڕگە وەربگرێ وگوێنەداتە مەبەست و ڕا و بۆچونەکانی خاوە نی، دوور لە ڕێباز و هونەری ڕەخنەگرتن، نابابەتی و بێ بناغە، هەر بۆ ئەوەی شتێ بڵێ قسە هەڵبڕێژێ، ئەو جۆرە کارانە متمانەی خوێنەر بە نووسەر و نووسینەکانی کەم دەکەنەوە، بگرە دەشبێتە جێگەی پێکەنینی خەڵکی .

ئەگەر بەو پێوانانە سەرنجێ لە دانراوەکەی کاک (حوسەین محەمەد عەزیز) «کورد و شۆڕش و *هەلی مێژوویی لەبەر ڕۆشنایی ستراتیژی بزووتنەوی کوردایەتی*» ١٩٩٦، بدەین وا گەلێ لادان و شێواندن، ڕا و بۆچوونی سەیروسەمەرە دەکەونە بەرچاو.

لێرەدا کاتی ئەوەم نییە بکەومە شەن وکەوکردنی هەڵەو پەڵە و کەموکورتییە زۆر و هەمەلایەنەکانی ئەو بەرهەمە، چونکە هەر وەک گوتراوە« بۆ هەر ڕووداوێ قسەیەک» هەیە، بۆیە لێرەدا زیاتر لەسەر مەبەستی ئەو چەند دێڕە هەڵدەدەمێ کە ناوبراو لەو نووسینەمی وەرگرتووە کە لە گۆڤاری *پەیڤ*، ژمارە ٧، ساڵی ١٩٨٨، لەژێر ناوی (سەرنجێ لە شۆڕش و دیپلۆماسییەتی کورد لە ناو باری جیۆپۆلیتیکی کوردستاندا) بڵاوکراوەتەوە و بۆتە مەبەستی ئەم چەند وشەیەم.

ئەو، لەناو باس و ڕەخنە لە هەڵوێست لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، بە ئاماژەکردن بۆ چەند ڕستەیەکی ناو ئەو نووسینەم و لاخستنی هاوپێوەندییەکانیان، هەوڵیداوە لێکدانەوەی بێ بناغە بۆ بۆچوونەکانی ناو ئەو ڕستانە بکات و دەڵێ: مامۆستا مەحمودی مەلا عیززە ت، دەربارەی (نەبوونی دۆستی ستراتیژی هاوبیر و بەکردەوە و هەتا نەبوونی دۆستێکی پلەیی وا کە بیەوێ کورد لەمەینەتی و هەڕەشەی لەناوبردن ڕزگاری بێ و بە ئارامی لەسەر زەمینەی نیشتمانی خۆی وەک مرۆڤ بژی)دەڵێ (جگە لە جمهووری ئیسلامی ئێران کە لەسەر چەند

بنچینەیەکی دۆستایەتی یارمەتی شۆڕشی کورد ئەدا و لەسەری هەڵدەداتێ و لە ڕۆژنامە و ئیستگەیدا زۆر لە دەنگو باسەکانی بڵاودەکاتەوە...)ل٧٩. لێرەدا ئەو بەئەنقەست و بە مەبەستی ڕاستی شاردنەوە، ڕستەکانی ناو هەر دووجووت کەوانەکەی وا لە یەک جیاکردۆتەوە و وشەی( دەڵێ)ی خستۆتە بەینیانەوە تا وا بگەیەنێت کە بەشی دوو کەوانەی یەکەم هی خۆی و ئەوەکەی دووەم هی من بن، لەکاتێکدا هەموو ڕستەکانی ناو هەر دووجووت کەوانەکەی لەو نووسینەم دەرهێناوە. دیسان دابڕکردنی ئەو ڕستانە لە سەروخواری و لە سەرجەمی باسەکە و دور لەو بەرهەمانەی ترم کە خۆی کردوونی بە سەرچاوەی نووسینەکەی، هەر نەیانگەیاندۆتە خواستە نائاساییەکەی؛ چونکە لەوێدا بە زەقی گوتوومە(نەبوونی دۆستی سترا تیژی هاوبیرو بەکردەوە و هەتا نەبوونی دوستێکی پلەیی وا کە کورد لە مەینەتی و هەڕەشەی... هتد )، کەوابوو حاڵەتی دۆستایەتییەکەم کاتی و سنووردار کردووە، وەک کەمێکی تر ڕوناکیی دەخەمەسەر.

ئینجا کەوتۆتە هەڵڕشتنی تیۆریی تازە داهێنراو بۆ کورد و دەڵێ: «جا ئەگەر ئێران دۆستمان بێ، دەبێ دوژمنەکانی دیکەمان کێ بن؟ ئایا ئەوەمان لەبیرچوو، ئێران داگیرکەری بەشێکی گەورەی نیشتمانەکەمانە؟ ئەگەر خۆشمان ئەوە نەزانین، دەبێ لە دوژمنان و داگیرکەرانەوە فێربین، کە ئەو دۆستایەتی و هاوکاریکردنە لە نێوان دوو نەتەوەی داگیرکەر و داگیرکراودا، تەنیا بۆ دەست گەرمکردنەوەیە، نەک لەسەر بنچینەی دۆستایەتیکردن بێ، نابێ بە هیچ شێوەیەک ئێمە، کاروباری ڕۆژانەی پۆلیتیک لەگەڵ کێشەو باسی ستراتیژیدا تێکەڵ بکەین، چونکە هەمیشە دەبێ، پۆلیتیک لە خزمەتی ستراتیژدا بێ، نەک بە پێچەوانەوە»ل٧٩. کە چی بۆخۆی لە ل ٢١٣ دا دەڵێ: (پێویستە هەر دە ستێ بەمەبەستی یارمەتیدان بۆ شۆڕشی کورد درێژ دەکرێ، بەبێ گوێدانە جیاوازی سەرچاوەکەی، زۆر بەگەرمییەوە بگوشرێ، بەمەرجێ زیان بە ستراتیژی بزووتنەوەکە نەگەیەنێ...).

کاک حوسەین پەت بۆ ئەو خەیاڵە پڕ بەرەکەتە شل دەکا و ڕێنمایی سەرکردە و سەرجەمی ڕێکخراو و حیزبەکان وکورد دەکا و دەڵێ:«ڕاستییەکی تاڵیش هەیە، ئەگەر تووشی زیانیش بین دەبێ بیڵێین، ئەوەیش ئەوەیە کە داگیرکەران بۆیە وریا و زیرەک و بلیمەت و بەتوانان و هەموو شتێ دەربارەی کورد دەزانن و هەموو شتێکیشیان بۆ سەردەگرێ، چونکە کورد خۆی هیچ نییە ودڵپاک و سافیلکەیە و خۆش باوەڕە، لە ئاستی گۆڕانکارییە گرنگە مێژویی و ڕووداوەکاند ا نییە، خاوەنی ڕێکخستنێکی پتەو نییە، حەز بە دیسیپلین ناکا، خاوە نی ئایدۆلۆژییەکی ڕەسەن و تاکتیک و ستراتیژێکی یەکگرتووی نەتەوە یی نییە»(ل٨٢). ئەو، بەوەشەوە ناوەستێ و دەڵێ:«لاوازیی هەستی نەتەوەیی لای ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بەشێوەیەکە، نەتەوەکەی بڕبڕ و کەرتکەرت کردووە، کەم نەتەوە هەیە، ئەوەندەی نەتەوەی کورد لەنێو خۆدا ناکۆک و ناتەبا و دژ بەیەک بن، یەکێتی و برایەتی و یەکگرتنی نەتەوەیی، لە فەرهەنگی نەتەوەی کوردا نەبووە و نییە، تاسەر دوو کەس، دوو ڕێکخراوی وێژەیی، هونەری، پیشەیی، زانستی، ڕامیاری، پێشمەرگەیی... پێکەوە هەڵناکەن. هەرچەندە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بە گشتی نیشتمانەکەی خۆیان خۆش دەوێ، بەڵام لە هەمان کاتدا، لەبەر ساویلکەیی و سادە و ساکاریی خۆیان، زۆر بێگانەپەرستیشن...هتد » ل١٨٨و٨٩. ئەو نموونەیەم بۆ ئەوە هێنایەوە تا بزانرێ کالوکرچیی و شێواویی لێکدانەوە و نازانستیی و نابابەتیی نووسینەکانی لە چی ئاستێک دان... سەرنج بدەن! ئەو، نەتەوەی کوردی ترنجاندۆتە قۆناغێکی واوە کە ئەگەر بە چەند پرۆسەیەکی مێژویی تردا تێپەڕ نەبێ وا نابێتە نەتەوە...

جا ئەگەر کاک حوسەین، کورد بەو جۆرە و لەو مەڵبەندەدا دەبینێ، ئیتر بۆ هەڵە و نوشستی و شکستی و سەرنەکەوتنەکان بەرە و ڕووی ئەم و ئەو دەکاتەوە. دیارە ئەو، دەرکیشی بەوە نەکردووە کە ئەگەر گەلێک بەو جۆرە بێت کە ئەو بەکوردی ڕەوابینیوە، وا ناتوانرێ ناوی نەتەوەی لێبنرێ، چونکە پێناسە و زۆربەی بنەما و مەرجەکانی نەتەوە بزر دەکات.

لەمەڕ نەبوونی دۆستی ستراتیژی و دۆستێکی پلەیی وا کە... هتد و، یارمەتی ودۆستایەتیی جمهووری ئیسلامی ئێران، ئەو دۆستایەتییەم لەسەر چەند بنچینەیەک بە سنوور کردووە کە: یارمەتی، لە سەر هەڵدان و بڵاوکردنەوەی زۆر لە دەنگوباسەکانە. ئەوەش سەردەمی ئەنفالەکان و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و غازی ژەهراوی بوو، کە کوردی خستبووە بەر دەم گەورەترین کارەساتی جینۆساید. زیاتریش لەوە هەر لەو سەردەمانەدا هێزەکانی تورکیای هاوپەیمانی بەغدا هێرشیان دەبردە سەر کوردستانی باشوور، ئەوە بوو وەزارەتی دەرەوەی ئێران بڵاوی کردەوە کە چاو لەو هێرشانەی دەکرێتە سەر کوردی عیراق کە هاوپەیمانیانن، ناپۆشێ و بێدەنگ نابێ(دەقی ئەو تەسریحەم لەبەر دە ستدا نەبوو تا وەک خۆی بینووسم). جا لۆجیک و ئەقڵی سیاسیی لە کوێدا دەبێ ئەگەر کورد ئەو جۆرە یارمەتییانە لەو کاتانەدا ڕەتبکاتەوە...؟ سەرە ڕای ئەوانە، هەر لەو نووسینەمدا لە سەروخواری ئەو ڕستانەدا، بێ دۆستیی کورد ـ م لە بەردەم داگیرکەراندا جەخت لەسەر کردووە، کە کاکی ڕەخنەگر لە ئاستیاندا چاوی نوقاندووە.

لەوانەش سەیرتر، کاک حوسەین، سێ لە بەرهەمەکانمی کردۆتە سەرچاوە، وەک ئاماژەی بۆ کردوون: («کۆماری میللی مەهاباد ـ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی یە ١٩٨٦»، «سەرنجێ لە شۆڕش و دیپلۆماسییەتی کورد لەناو باری جیۆپۆلیتیکی کوردستاندا ـ ١٩٨٨»، «کورد و ململانێ و ستراتیجی ئاسایشی نەتەوە ١٩٨٨» کە سێیەمیان بۆ ستراتیژی ئاسایشی نەتەوە تەرخان کراوە و هەر لەو ساڵەدا و لەمەڕ ئەو ڕووداوانەدا نووسراوە، کەچی بۆ مەبەستی هاوپێوەند بە ڕەخنەکەوە، نەیتوانیوە یان نەیویستووە بگاتە ئەنجامی ڕاست و کەمو زۆر خۆشی لەقەرەی نەداوە.

لەو بەرهەمەمدا، لە باسی نەخشە و ستراتیژی داگیرکەرانی کوردستان و، دوژمنی سەرەکیی ناو ململانێی ئەوسەردەمە پڕ لەکارەساتەی ناو ئەنفال و چەکی کیمیاوی و غازی ژەهراوی و ڕۆڵی هێزەکانی کورد ـ کە بۆ هەمان مەبەستی ئەو نووسینەم بوو، لە باسی ئەو دەوڵەتانەی لەو سەردەمەدا یارمەتی شۆڕشی کوردیان دەدا(لیبیا، سوریا و ئێران...) سەرەنجام نووسیومە:«... بەڵام لە ناو ستراتیژی ئەو وڵاتەدا، ئەوە، یارمەتی و پێوەندییەکانی تەکتیکە، دەنا یارمەتی و پاڵپشتیکردنی شۆڕشێکی وا لە بارودۆخێکی وەک کوردستاندا، دەزانرێ دەبێ چۆن بێ و دۆستایەتی ستراتیژی و بنەماکانی چۆن دەبێ و چی لێ بە ئەنجام دێت. لەمیشدا ئامانجی ستراتیژیی و مەبەستە تەکتیکییەکان زۆر شاراوە نین »ل٤٩.

ئینجا هاتوومەتە سەر ئێران وگوتوومە:«پێوەندیی کۆماری ئیسلامی ئیران لەگەڵ لایەنەکانی شۆڕشی کورددا هەرچەندە نوێ و بەستراوەی دۆخێکی یەکجار ئاڵۆز و ڕووداوی بە تەوژم و پڕ لە کارەساتە، شێوەی یارمەتی ڕاستەوخۆ و کراوە و شێوەی ڕەسمی و

ڕێککەوتنی تۆمارکراوەکە لە هاوکاری سازاندنی پرۆسەی یەکگرتووی یارمەتی بەرامبەری دا ڕەنگ دەداتەوە. بوونی یەک دوژمنی هاوبەش کە زلهێزەکان هەموو یارمەتییەکی پێویستی دەدەن و درندەیی ئەو دوژمنە، هۆی سەرەکی ئەو ڕێککەوتن و هاوکارییەیە، شێوازی لە ڕووی ، بۆ دەسکەوتی دوولایەنی و ڕووخاندنی ئەو ڕژێمەیە. لەگەڵ ئەوانەشدا جیاوازی ئایدیۆلۆژی و ئامانج و مەبەستی ستراتیژی و پلەیی هەردوولا، شێوەی مامەڵە و دیپلۆماسییەتی ئاشکرا لەگەڵ ڕووداو و لایەنە هاوپەیوەندییەکان بەکێشەکانی ناوچەکەوە... هتد، زۆر دیاردەی چاوەڕووانکراوی ناو مامەڵەی جۆربەجۆریان لێ پێشبینی دەکرێن.

جا ئەگەر جووڵانەوەی نیشتمانیی کورد وەک دیاردەی خولقاوی ناو داگیرکردن و چەوساندنەوە و ماف زەوتکردن سەیربکرێ و ئامانجە ڕەواکانی بسەلمێنرێ، وا لایەنی پۆسەتیڤ، خاڵەلاواز و نێگەتیڤەکان دەخاتە لاوە و هاوکاریی ستراتیژی جێگەی دروستی خۆی دەگرێ. گومان لەوەشدا نییە کە هەموو کار و هەنگاو و هەڵوێستێک لایەنی پۆسەتیڤ و نێگەتیڤی خۆی هەیە. جگە لەوەش ڕێگە و دەرگا و دەربازگا و سنووری ئەوجۆرە مامەڵانە بۆ کورد تەسک و بەسنوورن و تا ئێستا بۆ بەرامبەرەکان و ئامانجەکانیان لە سنووری تەکتیکدا ماونەتەوە.

دوای ئەوە لەسەر باسەکە ڕۆیشتووم و نووسیومە: خەبات لە پێناوی پاراستنی قەوارەی نەتەوایەتی کورد و ئاسایشی کوردستان و جێگیرکردنی ئارامی و دڵنیایی... لە سەر پرنسیپ و بنەما و زەمینە و دیدی ئاشکرا و هەڵوێستی چاو لێنەپۆشراو و دوور لە واڵاکردنی جۆربەجۆری ناڵۆجیکی، نەخشە دەکێشرێ، دەبێ بۆ ئامانجە ستراتیژی و لە پێناوی ئامانجە پلەییەکاندا، لە تەکتیک و پیادە کردنی نەخشە و مامەڵەی دیپلۆماسیدا، مەزندە و پێشبینی و خەملاندنی دیاردە و سەرئەنجام و هەڵوێستەکان، بکرێ و هەموو بەند و بەستراوەی دەسکەوتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی و بەرەوپێشچوون بن. دەبێ ئەو ڕاستییە تاقیکراوە سەلمێنراوە لە بەرچاوبێ کە نەخشەی پاراستنی نەتەوەی کورد و مافی بڕیاردانی چارەی خۆنووسین پێکەوە گرێدراون و هەر یەکە ئەوی تر تەواودەکات. لە ناو ململانێیەکی سەختی چارە نووسبڕێنەرەوە و سەرنوشتسازی وەک زۆرانبازیکەری ئەمڕۆی کورد ـ ڕژێمی بەعسی عێراق ـ بێ یەکەم، دووەم ئایەتەدی و بێ دووەم، یەکەم زۆر زەحمەت و پڕ ئەرک و قوربانی دەبێ... سەرەتاش دەبێ بکرێتە دروشم و ئامانجی جووڵانەوەی نیشتمانیی کوردستان و هەموو هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتی و نیشتمانییەکانی کوردستانی گەورە و، بە ئاشکرا و بێ پێچ و پەنا مافی ئەم نەتەوە بیست ملیۆنییە لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ و ئازاد و یەکگرتووی خۆی بسەلمێنرێ و نەوەکانی نەتەوەی کوردی پێ گۆش و پەروەردە و هوشیار بکرێتەوە. ئیتر بڕوبیانووی بێ سەروبێ و باونەماو فڕێ بدرێ و دەبێ بۆ بە دەستهێنانی ئامانجە مەزنەکە لە ناو ئەو دید و بۆچوون و نەخشەیەوە هیچ پێکدادان و جووتبوونی یەکێتی و ململانێی دژ و نەیارەکانی دەرەوەی بازنەی جووڵانەوەی ناوچەکە و... هیچ ڕووداوێ، گۆڕانێ، کارلێک و ناکۆکییە... هتد، نەکرێنە کۆسپی بەردەم و تەگەرەی پێشکەوتن و دەستکەوتە پلەییەکان، هەموو دیاردە و ڕوودا و گۆڕانێ لەگەڵ باری سەرنج و دەستکەوتەوە سەرنج لێ بدرێ و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، چونکە بنەچەی ئەو ڕاوبۆچوون و تێگەیشتنانە جووڵانەوەی نیشتمانیی کوردستان و تایبەتێتی و خسڵەتەکانێتی کە جووڵانەوەی نەتەوەیەکی چەوساوە ی دابەشکراوە، بزووتنەوەیەکی دێمۆکراسی و ئازادیخوازە... هتد. (ل٤٩و٥٠)

بەڵام دەبێ ئەوە لەبەر چاوبێت کە کوردستانی گەورە سەبارەت بە داگیرکردن و دابەشبوون و فرە دوژمنی و ڕۆڵی زلهێزەکان، کۆمەڵێ تایبەتێتی و بارودۆخی جیاوازی بۆ خولقاوە، کە تەنانەت لە یەکگرتنی بزوتنەوەی نەتەوایەتیی کوردیشدا، لەپلەی سەرەتادا، ناتوانرێ چاوییان لێبپۆشرێ، چونکە پرۆسەی نەتەوایەتیی کورد و باری جیۆپۆلیتیکەکەیان ئەوقی گەلێ کێشەی خۆ لێلانەدەر کردووە، نەک هەر لە لێکدانەوەی داگیرکەران و نەخشە و ستراتیژیان بەڵکوو زیاتریش بۆ زلهێزە خاوە ن بەرژەوەند و بڕیار بەدەستەکان، دیارە هیچ جۆرە مامەڵەیەکیش بێ قازانج و زیان نییە، هێندەی ئێمە بیر لە سوودی زیاتر و زەرەری کەمتر دەکەینەوە، داگیرکەران، کە زۆر بەتوانا و دەست بەرەڵاتر لەناو پێوەندیی نێو دەوڵەتی و زەمینەی یاسایی و هاوکاریی هەمەلایەنە و، لە ناو نەخشەو پلان و مانۆڤری فرە ئەڵتەرنەتیڤدا بە هاوکاریی سەربازی و سیاسی و ئابووری و نەخشەی دژ بە کوردیشەوە، زۆر زیاتر بیردەکەنەوە، نەک وەک ئەو برایە بیری لێکردۆتەوە و وا دەزانێ کورد بەو کەموکورتییانەشەوە (کە خۆی بڕوای پێیەتی نەک من) تاکە سواری مەیدانە و دەتوانێ بە ئارەزووی خۆی ڕمبازێن بکات، چۆن لەناو ئەو باری جیۆپۆلیتیکە ئاڵۆزە و، بەو هەموو گرفتەی کاکی ڕەخنەگر ڕیزی کردوون دەتوانێ بێ داشکان و زیان، مامەڵەی دەور و پشتی خۆی بکات؟ بەڵام لەناو مامەڵەی سیاسیی لواودا، بۆ ئامانجە ستراتیژی و پلەییەکان، دەبێ ئامانجی سەرەکیی دوژمنان هەمیشە لەبەر چاو بێت. لە لێکدانەوە ی قازانج و زیان، سازش و داشکان و پاشەکشێدا، سەرحسابی سەرئەنجام و پێشبینیی کارەسات و نەهامەتییەکان بکرێ.

خۆ دوکتور حوسەین دانراوەکەی لە بارودۆخێکدا نووسیوە کە کوردستانی باشوور بە ئەزموونێکی مێژوویی گرینگدا تێدەپەڕێ و، دەبینێ چۆن کوردستانی فیدراڵ گەمارۆ دراوە، لەناو ململانێی هەمەلایەنەدا چۆن زۆرانبازی لەگەڵ ئەمان دەکات، دەزانێ داگیرکەران، بە تاک و بەکۆمەڵ، بە گوشاریان بۆ سەر دەوڵەتانی بڕیاربەدەست، بە هاوکاریی جیهانی ئیسلام و دونیای عەرەب، بە تاک و بەکۆبوونەوە ی سێ قۆڵی یاری و مانۆڤر و پیلان بە هێرشی سەربازیی، تۆپباران، ئابڵوقەی ئابووری، سنوورداخستن و کردنەوەی، کاری تیرۆر، گوشاری سیاسی و بە برسیکردن و هەژاری و نەخۆشی، بە یارمەتی چەک و ئازوقە بە مەبەستی ڕاگرتنی بەلانسی هێزە گەورەکان بۆ دانەمرکاندنەوەی ئاگری شەڕی ناوخۆ، بە تێکشکانی بڕوا و متمانە و وره و هیوای خەڵک چۆن لەگەڕدان، بۆ زیندە بەچاڵکردنی ئەو تروسکەیەی خۆشمان ڕۆڵێکی کاریگەرمان هەیە لە لاوازکردن و نەخشەی لەدەستدانی... هتد، ئەوە لە کاتێکدا کە ئەمریکا و بریتانیا دەیپارێزن و دەزانین ئەگەر ئەوە و جڵەوی تورکیا بە دە ست ئەمریکا نەبوایە، دۆخەکەیان بەچی لایەکدا دەبرد.

دوا وشەم بۆ کاک حوسەین ئەوەیە، کە زیاتر و باشتر و قووڵتر بخوێنێتەوە، باشتر سەیری دەورو بەر و جیهانی کورد و چواردەوری و ڕیاڵبینانە وێنەگیریی کێشە و گرفتەکان بکات، لام باشە زۆر بە وردیی بەو نووسینەیدا بچێتەوە و بزانێ چۆن پاکژی دەکا و لە زۆری و بۆری ڕزگاری دەکات، تا دەتوانێ سەرچاوە بخوێنێتەوە و باش تێیانبگات و گونجاو سوودیان لێوەربگرێ، لە نووسین و هەوڵی بوونە نووسەریی، زۆر لەخۆی

بڕوانە لاپەڕەی ٤١

مەهاباد قەرەداغی:

# دۆزەخ و حەوا

له لێواری چاڵە بەفرەکانی زەمهەریردا .. دەهاتم و دەچووم
دێر بە دێر مێژووە ئاگریەکانی سەرکەشییم
وەک ئەنجامی لێکدانی سفر جار سفر
مەرگ کەڕەت مەرگ
توانەوە بە تووانی هەزار
ڕەگی ملیۆن جای نەزانی
لەبەر دەکرد
چ ئەنجامێکی پووچ بوو .. هەرزارەها جار هیچ
چ ئەنجامێکی ترسناک بوو ..
مەرگ کەڕەت مەرگ ،
توانەوە بە تووانی هەزار
چ ئەنجامێکی بەد بوو.. ڕەگی ملیۆن جای نەزانی ؟!

ئەی عەقڵی سوڕاوە بە مەداری بازنەی بەتاڵ
کەی لە ئەنجامی ـ هیچ ـ دەگەی؟
ئەی چاوە ڕاماوەکان لە بێڕەنگی ئاو..
کەی لە ڕەنگاوڕەنگی مەرگدا ئەمری و ئەبەدیەت دەناسن؟

گوێیە ڕاهاتووەکان بە بێسرتەیی
دەشێ لە نهێنی دەنگدا
ژێکانی خەون بدۆزنەوە!
دەشێ لە میلۆدی توانەوەدا .. تاڵە پەرپوتەکانی ئائاگایی ون کەن ..
دەشێ!

وا ئەم رووبارە تاڵانەشتان تێکەڵاوی شیرینایی ڕۆح کرد!
وا ئەم پۆدرە ژەنگانەشتان لە دەموچاوی ماندووی سبەینێ سویی!

خواوەندە نەزۆکەکان!
لێم گەڕێن با لەناو ئەم دۆزەخە جوانەدا
لەدەڤەری ئاگرینی یاخیبوونێکی مەزندا داگیرسێم
بهێڵن.. ببم بە حەوزی ڕووناکی!

خواوەندە سووکەکان!
لەناو ئەم قۆزاخە لینجانەی شەهوەتدا .. لەچی دەگەڕێن؟
هەموو بەردە بەنرخەکانی ئارەزوو
شەپۆلە سەرسامەکانی بێهۆشی ڕایان ماڵی.
هەموو جێپێ لاسارەکانی دوێنێ.. بەفر داپۆشین..

کێ بوو دەریاکانی پێچایە دڵۆپێکی شینەوە؟

شیعر شیعر شیعر

کێ بوو شینابییەکانی تاری دەڤەری گریان کرد؟

ئاه .. بانگەوازی تراویلکەییتان چ باوێشکێکی بێ هودەی تەزبیحە جوانەکانتان بوو!
پەیڤینی خەوالووتان .. ڕێگاکانی لێ شاش دەکردم

لەم خەوستانە بێ سەحەرەدا.. لە چی تیشکێکی سەرابی دەگەڕێن؟
لەم عەشقستانە بێ یارە دا، شێتانە.. بەرامبەر بە ئاوێنەکانی دەریا .. دانیشتووم و،
شەپۆل دەژمێرم

من ژنێکی سەرکەشی کەنار دۆزەخم ..
ئایەتە دۆزەخییەکانم وەک سترانە ڕووتەکانی ئەڤین لەبەرە ..!
سوورەتە ئاڵتونییەکانی ئاگرم.. جوان جوان لە باخچەیەکی پڕ لە (حەوا)دا شاردۆتەوە
ئەو حەوایەی دۆزەخی کردە شەنگترین تاراوگەی ڕۆح و.. بەهەشتی لەبەرچاو خستین
ئەو حەوایەی .. فێری ئەزموونی مەرگی کردین
هەستەکانی ورووژاندین ..
ئەو نەبووایە نە هەستی چێژ وا خۆش و .. نە بۆنی سێو هێندە مەستی دەکردین
ئەو نەبوایە .. کەسمان نەماندەزانی دۆزەخ یەقینێکی ئەوەندە شەنگە و..
بەهەشتیش ئەفسانەیەکی ئەوەندە تاریک
حەوا .. سوپاس بۆ تۆ .. کە فێری خوایەتییت کردین..!
کە(ئادەم)ت فێری ئەزموونی چێژ و بۆن و بینینی جوانی کرد .. کە هەستەکانیت لە خەو هەڵساند!
کە لەو کاووسە سامناکەت خەبەرکردەوە
سوپاس بۆ تۆ .. حەوا .. کە ڕۆحی یاخی و بە ئەزموونی خۆت لە کڵێشەی مندا دانا
چەند شادمانم .. کە ڕۆحی حەوا لەم دۆنە سامناکەدا لە جەستەی ئاگرینمدایە
کە دەمبە دایکێکی دۆزەخی .. و !..
ئەزموونە ئاگرینەکانی خۆم دەنووسمەوە
تۆش هاوەڵە دێرینەکەم .. مەریەم ئافەرین کە غروری خوات شکاند .. و .. داتبەزاندە نێو نوێنەکەت
کردت بە بەشداری ئەو تاوانە ناپابە،
کە مەزنترین زۆڵی پێ خستیت،
زۆڵێک کە شانازی پێوەدەکەین،
ئەو خوایەی کە کچێتیتی دا لە خاچ و.. پاکیزەیی پڕ لە داوێنت کرد ..
ئافەرین .. کە توانیت خوا بێنیتە ناو ئەم دۆزەخە

دۆزەخ.. ئەی گرنگترین ئەستێرەی گەردوون
ئەی ڕووناکترین جێی حەسانەوە!
..ئەی لابووری ئەزموونی پڕ لە گەرداو
دۆزەخ .. ئەی لانەی ئاستەنگی و خەون و داچڵەکین..
ئەی شوێنی بێ کات .. ئەخشەی بێ جوگرافیا.. ئەی نیشتمانە غەیبییەکەم
دۆزەخ!.. ئەی فراوانترین ، خۆشترین زیندان !

چەند ئاگرێکی زوڵاڵ بەم ڕووبارەدا .. بە بەردەم تەلاری دیرۆکمدا تێدەپەڕێ !
وردەماسیە چاو شەوەزەنگیەکان .. کە دەگەنە بەر تەلارەکەم .. ستران دەڵێن و .. هەڵدەفڕن !
لە باکووری دۆزەخدا .. باڵی ئاگرین .. بەرەو چەقی ڕۆحی پیرم هەڵدەفڕن
لە باشووری دۆزەخدا.. پۆلێ ماسی .. بەرەو مەڵبەندە قوڵەکانی جەستەم ڕۆ دەچن!
لە خۆرهەلات و خۆرئاوای ئەم دۆزەخە گەردوونیەدا .. ڕووبارە بەستووەکان گڕ دەگرن.. سیناهی دەزێ!

فالشۆپینگ ـ ئۆکتۆبەری ١٩٩٥

## حەز

**هێدی**

نامەکەت پردێکە
لە نێوانی قین و ئەوین
لە سەر چەمی توانج و لۆمە
هەڵبەستراوە
چەند حەز دەکەم بە سەریدا بپەڕمەوە!

زستانی۹٦(ئالمان)

## هەرچی کە هەم هەم!

**هێرش**

دەرمانە دەڵێن ماچی دەمی سەر دەم و دەم دەم
بۆ زامی بە ژانی دڵەکەم، کەم کەم و جەم جەم
ئەوساتە کە بمژم گوڵەکەم خونچەیی لێوت
بەم لێوە کە تا هەم لە مەی و بادە نەدەم دەم
ئەو ئارەقەیەی دەتکێ لە سەر قوتری مەمانت
دێنێ بە مە قەترێکی هەموو کەوسەر و زەمزەم
لای شەو، وەرە نێو شاری دڵم ئەی پەری شادی
با تاوێ ئەوێرێ کە ببێ دەست بە یەخەم خەم
جوانێ کە نەپرسێ بە وەفا دادی هەژاران
لەو شارە بە کێ چارەیی دەردی دڵەکەم کەم
بۆ مشتنی خوێنم، دەگەزێ لێو و کەچی من
بەم ڕوحی بە سەر لێوەوە زیاتر بە پەلەم لەم
مەم نوارە بە ساردی ئەوەکوو بتگرێ ئاهم
ئاورکەدەیە سینەم و هەر دەنکی وشەم شەم
سەربازی ڕێگەی عیشقم و هەم سازم و هەم باز
گوێ نادەمە سازندە برۆ، هەرچی کە هەم هەم.

***



## ئەوینی شیعر

**حەمەسەعید حەسەن**

لە گەڵ نووسینی هەموو شیعرێکدا
وەک مۆم دەسووتێم،
تا گڕ لە باخی ناخم بەرنەبێ،
هۆنراوە ناڵێم.

شیعر ئەگەرچی زادەی ژانێکە
درێژ و دژوار،
بەڵام چرپەیە، نەک قیژە و هاوار.

چونکە دەمەوێ بە چرای شیعر
تاریکستانی ژینت ڕۆشنەکەم،
دوژمن چوار دەوری تەنیوم مەگەر
لە شەوە زەنگی قژتا خۆم ونکەم.

وەکوو مەم دەمرم بۆ زینی شیعر،
ڕۆژێ گۆزەی دڵ،
ورد و خاش دەبێ،
لە سەر تاوێری ئەوینی شیعر.

شیعر: کلیلە
دەروازەی ژیان دەخاتە سەر پشت،
شاعیر: کەسێکە
لە سەر شیعرێکی خۆی دەدا بە کوشت.

دەشێ کازیوەی ڕۆژێکی بەهار،
لە سەر هەڵوێستێ
بمبەن، بمکوژن،
بەڵام ناشێ نا، گوڵی هەڵبەستێ،
بدەم لە سنگ و بەرۆکی دوژمن.

دەگونجێ بمرم نەتانبینمەوە
هۆ خەڵکی چاک و
سروشتی زێدە جوانی کوردستان،
بەڵام ناشێ نا،
کیژۆڵەی شیعرم بگاتە ژووری
نووستنی سوڵتان.

زێدی شیرینم: باش بوو جێمهێشتی،
دەنا کێ دەڵێ ئێستاکە منیش
ڕۆژی بەشێکم لێنەدەفرۆشتی؟
کێ دەڵێ منیش
وەکوو شاعیری دەستەمۆ و نابووت،
شیعرم نەدەگوت
بۆ سەرلەشکری هێزی ڕاووڕووت؟

کە مردین هەموو سەر و ئاسەوار
بەجێدەهێڵین،
دەوڵەمەند: دراو،
جەندرمە: پۆستاڵ
سەرکردە: گفتی درۆ و پفدراو،
شاعیر: هۆنراوەی ناسک و پاراو.

ناوەراستی ئاپریلی ۱۹۹٦
کاترینەهۆلم ـ سوید

***

# شارەکەم سنە!

## یادداشتێک لە سەر کاسێتی شیعرەکانی محی الدین حەق شناس

نووسینی: ئەنوەر سوڵتانی

ماوەیەکە کاسێتی «شارەکەم سنە!»هۆنراوەی کاک«محی الدین حق شناس» بڵاوبۆتەوە، بە حیسابی سەرکەوتوویی کارەکە، چاوەڕوان دەکرا خوشک وبرایانی کوردلە گۆڤارە کوردییەکانی ناوخۆ و دەرەوەدا ووتاری پێویست لە سەر ناساندنی شریتەکان و شیکردنەوەی ناوەرۆکی شیعرەکان بنووسن، بەڵام مەخابن تائێستا هیچ چەشنە تۆژینەوەیەکم لەو بارەیەوە چاو پێنەکەوتووە.

بە گوێرەی ئەو یادداشتە کورتەی لە گەڵ شریتەکاندا بڵاوبۆتەوە، هۆنراوەکانی کاک«محی الدین» لە ئەسڵدا ٢٠٠٠فەردن کە تەنیا گوڵبژێرێکیان لە توێی دوو کاسێتی یەک سەعاتیدا لەلایەن بنکەی «سروش»ی ڕادیۆ تەلەڤیزیۆنی ئێرانەوە بڵاوبۆتەوە.

ئاشکرایە، نرخاندنی هەمە لایەنی کارەکەی کاک محی الدین تەنیا کاتێ دێتە گونجان کە سەرجەمی شیعرەکە بکەوێتە بەردەستی خوێنەر (یا بیسەران)ەوە، سەرەڕای ئەوانەش، هەر گوڵبژێرێک خۆی، شایانی سەرنج و وردبوونەوەی پێویستە.

هۆنەر لە سەرەتای شیعرەکاندا بە چەند ڕستەیەک، هۆی هۆنینەوەی شیعرەکان بەیان دەکات:

«شارەکەمان سنەی خۆشەویست، سەحرا و سەیرانگا باخ وناسار و ڕەسم و یاسا و سوننەتگەل عەزیز و زەریف فرەیەکی بوو، کە وردە وردە لە بەین چوو وحەتتا ناویشیان کەم کەم خەریکە لە هۆش چێتو... ئەسڵ ئیمڕۆژیچ لە گوزەشتەی شارەکەمان بە تواو مەعنا بێخەبەرە و وائەزانن سنە لە گوزەشتەیچا ئەمە بووگە وا ئیسە هەس... لەو ڕۆژەوە خوەمم ناسیگە، لەو فیکرەدا بووگم کە سەرگوزەشت و بەسەرهات شار و شێوەی زینگانی هاوشارییەکانمان بەو جۆرە خوەم تەشخیسم داگە، یا باوک و کەسوکار و دۆس و ئاشنای بەر لە خوەم بۆمیان تاریف . باخاتە و ئەو سەفا ویەکڕەنگی هاوشاریگەل گوزەشتەمانە وئەو سوننەت عەزیزمانە، هەروا لەبیر بچێتەوە...»

لەم سەرەتایەدا ئێمە ڕووبەڕووی مرۆڤێکی دڵسۆزی گەل ونیشتمان دەبینەوە کە واتای ئاڵوگۆڕی دیاردەکان دەزانێ و وەک دواتر ــ لە شیعرەکانیشدا دەیبینین، لایەنی ئیجابی و سەلبی ئەو گۆڕانکارییانە بەباشی لێک جیادەکاتەوە: لە باسی نموونەی وڵاتی«ژاپۆن»دا، ڕێز لە ئاڵوگۆڕی ئیجابی دەگرێ و زۆرێک لەو شتانەی وا جێگەی سەفا ویەکڕەنگی و خۆشی و شادی و کار و زەحمەت و فەرهەنگ و ئەخلاق(ethic)ی ڕازاوەی پێشوویان گرتۆتەوە، بە سەلبی دەقەبڵێنێ، نموونەکانی: تەمبەڵی وبێکاری هێندێ گەنج ولاو، شیربایی ومارەبڕانەی زۆر، قفڵ درانی دەرگای«سەداقەت» و یەکاڵابوونی دوکانی کلیلسازی (بە نیشانەی بوونی بەند و بەست لەسەر خواست و ئیرادەی خەڵک) وگەلێک نموونەی تر.

«سنە» ـ وەک مەفهوومێکی گشتی بۆ ناوەندی حکوومەتیی ئەمارەتی «ئەردەڵان» میراتگری ژیانی فەرهەنگی ـ سیاسی «پلەینگان» و«حەسەناوا»یە و بەم ئیعتیبارە، مێژوویەکی گەلێک دوور و درێژتر لە ئاوایی«زێڕین کەوش»ی هەیە کە لە ساڵی ١٦٣٦ بە دواوە ڕەنگی شار و پێتەختی بە خۆیەوە گرتووە.

ناوەندایەتی سیاسی ـ فەرهەنگی ، هەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە زانا وئەدیب و شاعیر و مێژوونووس و ڕووداونووس لە دیوەخانی ئەردەڵانییەکان، دوو فاکتەری سەرەکین بۆ جیاوازبوونی سنە لە هەموو شارە کوردنشینەکانی دیکەی ڕۆژهەلاتی کوردستان. پێوەندیی بنەماڵەی حاکم لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزی ئێران، لەشکرکێشان بۆ سەر شارەکانی ئێران و دەرەوە بنەماڵەی والییەکانی کردبووە خاوەنی فەرهەنگێکی کراوە کە لەگەڵ هۆزە کوردەکانی باکوور(مەگوڕ، مامەش، گەورک، هەرکی، شکاک و... ) یا دانیشتووی شارۆچکەکانی دیکەی ناوچە جیاوازی زۆریان هەبوو.

بە کورتی، سنە زیاتر لە هەموو شارێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەنی گرینگایەتی سیاسی و فەرهەنگی بووە و بەو ئیعتیبارە، بیرەوەرییەکی قووڵتر وخەنیتری لە ڕابوردووی خۆی هەیە. سەیریش نییە ئەگەر سەرەتای بیرکردنەوە لە فەرهەنگ و نەریتی سەربەخۆی کوردی لە وێوە سەری هەڵدابێت ـ سەرەتایەک کە هیوایە درێژە بکێشێ وشاعیران و و هونەرمەندانی شار و گوندەکانی کوردستان هەوڵی زیندووکردنەوەی ئاسەواری ڕابوردووی مەڵبەندی خۆیان بدەن. با زێدە پیرۆزەکەمان دژ بەو هەوڵە چەپەڵانە زامن کەین کە لە پێناو سڕینەوەی ناوی کورد و وەرگرتنەوەی ناسنامەی کوردی، دەدرێن.

لە«چەکامە»کەی کاک محی الدین دا، ئەویندارِیی و ئەمەکداریی شاعیر بەرانبەر بە شاری سنە و خەڵکەکەی، خاڵی سەرەکی و میحوەرییە و هەموو بیر و بۆچوونێکی شاعیر، دەگەڕێتەوە سەر ئەو دیاردەیە. هەر چەشنە هەڵسەنگاندن و نرخاندنێکی شیعرەکەش دەبێ بخرێتە چوارچێوەی ئەو ئەوینە، ئەو خەمە وئەو دەردە وە. شاعیر حەسرەتی پاکی وچاکی وجوانیی لە دەستچووی «دۆینێ»ی شارەکە دەخوات و لە ڕووخساری «ئەمڕۆ»یدا، ئەو ڕازاوەییە نابینێ؛ هەر ئەوەش بۆتە هۆی دابڕان و چەشنە جیابوونەوەیەک لە«ئەمڕۆ» ، کە هەڵوێستێکی وا بۆ سەردەمی ئاڵوگۆڕی بنەرەتی کۆمەڵگا، سەمەرە نییە: سەردەمی ژیانی ←

شاعیر، سەردەمی لە ناوچوونی سیستمی کۆنی فیۆدالی و سەرهەڵدان و گەشەکردنی بەئەسپایی چینە پێشکەوتووەکان ـ واتە چینی کرێکار و بۆرژوازی(لە شێوەی بازرگانیدا) یە ـ سەرهەڵدانێک کە هێشتا «نۆرم»ەکانی خۆی نەچەسپاندووە و لەلایەن خەڵکەوە نەناسراوە.

جیابوونەوە لە بەهەشتی «کۆن» و کەوتنە سەحرای زەوی «نوێ»، شاعیر تووشی ناتەباییەکی ڕوحی ئەوتۆ دەکات کە نەک تەنیا شیعرەکەی بەڵکوو، تان وپۆی ژیانی دادەگرێ وبیر وزەینی دادەپۆشێ. ئەم نۆستالۆژییە، ئەم دەردی غوربەتە، ئەم هەست بەتەنیایی کردنە لەگەڵ ژیان و نۆرمەکانی، لەگەڵ سەردەم، لەگەڵ«ئێستا »و لەگەڵ دیاردەی «نوێ»ناتەبای دەکات وئەوەش لە کاتێکدایە کە بە هەموو گیانییەوە ئاواتی دوارۆژی ڕوون دەخوازێ. دووبەرەکییەکی ئەوتۆ دەبێتە هۆی بەدیهاتنی ناتەبایی لە قوولایی مێشکی شاعیردا و هەر ئەو دیالیکتیکەشە کە بایەخی کارەکەی دەگەیێنێتە پلەیەکی بەرز.

شاعیر، بە باسکردنی«دوێنێ» لە ڕاستیدا، ئاوات و تاسە و ئارەزووی بۆ بنیات نانی «داهاتوو»دەخاتەڕوو. تێگەیشتن و بەچاوبینینی«سبەینێ»ی لەکەل دەرنەهاتووش کارێکی ئەستەم نییە:

«بە ئومێد ڕۆژێ جوانگەل ژێرت
بۆ گەشە پێدان بکەفنە بیرت»
یا:
«ئێمە خلافاین، ئێوە مەخلافێن»

بە بۆچوونی من، ئامێتەی دوو هۆی سەرەکی واتە: ـ وەفاداری، ئەمەکزانی و ئیخلاس بە نیسبەت گەل ونیشتمانەکەی، ـ ناسینی ورد و بناغەیی کۆمەڵگای شاری سنە،

ـ توانای شاعیری،
ـ کەڵک وەرگرتنی بەجێ لە فۆلکلۆر،
ـ زمانی پاراوی ناوچەیی،
ـ «تەنز»و تەوسی نهێنی ناو شیعرەکان،

ـ دوان لە مەفهوومی بەرزی وەک دڵداری و جوانی و یەکڕەنگی و... بوونەتە هۆی چەلەنگی و ڕازاوەیی شیعرەکان و هاودڵی و نزیکیی شاعیر لە خوێنەر(یا بیسەر)ی خۆی. من لێرەدا، هەوڵ دەدەم بۆ چەسپاندنی بۆچوونەکانم چەند نموونەیەکی شیعرەکان بخەمە بەرچاو:

**١) ئەمەکداری و ئیخلاس بەنیسبەت شاری سنە و خەلکەکەیەوە**

« ـ خوشەویستی تۆ، سنە، ئاپینم!
ـ سنەی لەداخ و دەردا ئەسرەفتگ
سنەی مەینەتی، سنەی کۆستکەفتگ!
زرانی خەمت گرتۆتە باوەش
ئەویش زرانێ بە قەد«کوچکەڕەش»!
ـ لە خوام تەڵەبە دایمە هەر شار بی
وەک«ئاویدەرگەل»هەر پایەدار بی
تا دونیا دونیاس توویش هەر بمێنی
بە شەرتێ شەرەف کوردگەل بنوێنی...
ـ شارەکەم بمرم بۆ دڵ پڕ کەیلت!»

**٢) ناسینی بناغەیی شار وکۆمەڵەگەی سنە**

شاعیر، بەناوبردەکردنی سەدان چیا و دۆڵ و مووچە و مەزرا وکانی وبێستان و ماڵ و دوکان و بازاڕ و کۆڵان، هەروەها خەڵکانی جۆر بە جۆر، داب و نەریت و ڕووداو و بەسەرهات و دەربڕینی هۆگەلی کارەساتەکان، نیشان دەدات کە پسپۆڕیەکی زۆری لە خاک و خەڵکی شارەکە هەیە، دیاردەکانی لە پێوەندی یەکتردا بینیون و هەوڵی دۆزینەوەی هۆکارییەکانی داون(با هەموو جارێکیش لەوکارەدا سەرنەکەوتبێت):

« ـ ئەونە دوچارین، ئەونە خەم فرەس
ئەر قسەش بکەین گشتی خەمنامەس
ـ کەڵە شێر برسی وخەرمان بابردگ
ـ بەداخ ودەردەو، ئێمەگەل ئەزان
فەرامۆشمان کرد سوننەتەکانمان
سوونەت خۆمانمان لە بیرەو بردەو
ئامانە جێگەی سوننەت ئەم و ئەو»

**٣) دەسەڵاتی شاعیری**

سەرەڕای ئەوەی داڕشتنی هێندێ ناوی خاس(اعلام) لە کێشی دیاریکراوی شیعرەکەدا، گەلێک جار، خۆی گوتەنی:« بۆتە هۆی بێ ئەزمیی مەنزوومەکە» ، بەڵام شاعیر زۆربەی کات لەم هەورازە وەسەرکەوتووە و توانیویە نەک هەر«ئەزم»ێکی ڕێکوپێک بەڵکوو جارووبارە شیعرێکی خەیالاوی و ڕازاوەش پێشکەش بکات. سەرەڕای ڕواڵەتی «عەرووزی» و وێچوویی لە«مەسنەوی» (المزدوج) کە دەکرێ بە دوو جار«مستفعلاتن» تەقتیع بکرێ، بە بڕوای من «شارەکەم سنە!» کێشی پەنجەیی هەیە و دە بڕگەی یە.

بێ جێ نابێت ئاماژە بەو دیاردەیە بکەم کە لە چەند ساڵی ڕابوردوودا مەسەلەی پێوەندی نێوان کێشی پەنجەیی و عەرووزی، سەرنجی شارەزایانی ئەدەبی فارسی ڕاکێشاوە و وتووێژێکی گەرم وگوڕ لە ناو لایەنگرانی هەر دوو لای مەسەلەکە پەیدا بووە: ئەوانەی وا هەموو کێشێکی بڕگەیی دەبەنەوە سەر «بەحر»ێکی عەرووزی(١) و ئەوانەی کە هەموو کێشێکی عەرووزی لە دوا قسەدا بە بڕگەیی دەزانن(٢). لەم نموونانەی خوارەوەدا، بیری خەیالاوی شاعیر لە ئەزمەوە بەرەو شیعر دەئاژوێ و هێندێ جار دەبێ بە شیعرێکی پاراو:

ـ جاڕ لە سۆڵاخان وا جەڕ دریاگە
بنووسێ لە جاڕ بە جێ ئەماگە...
ـ دەنگ پەپووپەپووی پەپووسڵەمانە
هەر بە خۆی دەکەوت ئەو زوڵف وشانە
ـ دوکان«سەداقەت» قوڵف دریاگە
دوکان کلیلساز دایر کریاگە!...

بەڵام شاعیر، باشترین نموونەی شیعری لە باسی «پادیواری»خوێندنی«حەمە کەچەڵ» و ئەوینی«کاڵێ»دا، دەدا بەدەستەوە:

یار کاڵێی ناو بوو، یا قژی کاڵ بوو
بۆ حەمەی هەژار دارایی ماڵ بوو
شەم بوو، شۆڵە بوو، شەرارەی گڕ بوو
گەرمی و حەرارەت، کڵپەی ئاگر بوو
شەوق و شادی بوو، شۆڕ ونیشات بوو
باعیس دڵخۆشی مایەی حەیات بوو
ڕەنج و پەژارە و دەرد ومەینەت بوو
بە قەد ئاویدەر، خەم و خەفەت بوو
خەوبوو، خەیاڵ بوو، تەم بوو، ماتەم بوو
وەک لەیل بۆ مەجنوون، وەک زین بۆ مەم بوو
فەرقێکی ئەبوو ڕەهێڵە و باران
یا زوقم زمسان، یا گەرمای تاوسان
بە دەور ماڵ یارا، ئەڕۆی ئەینالان:
فیدای بالات بم ئەهای کاڵێ گیان!
نە شەوێ دوو شەو نە حەفتە ونە دوو
لەبەر ماڵ کاڵێ شەو ئەیکردە قوو:
حەمە عاشقە. ئەهای خەڵکی شار
لەبەر ماڵ کاڵێ بمکێشنە دار!...

**٤) کەڵک وەرگرتنی بە جێ لە شیعری فۆلکلۆری**

شاعیر گەلێ جار پەیامی خۆی لە ڕێگەی شیعرێکی فۆلکلۆرییەوە ڕادەگەیێنێ. کاک محی الدین لە مەسەلەی هەڵبژاردنی شیعرە فۆلکلۆرییەکانیشدا بە گشتی سەرکەوتووە وهەر دوو بەشەکەی وەها تێکناڵاندوون کە هێندێ جار جیاکردنەوەی شیعری شاعیر لە هۆنراوە فۆلکلۆرییەکان هاسان نییە:

ـ ئەونە زەریفی لە حەد دەرچووگی
ئاوێتەی گوڵەکان«زەفەریە» بووگی
ـ ئەخشەی قالیەکەم«ماسی دەرهەم»ە
پڕ سک ماسییەکان زووخ و وەرهەمە

ـ کاشکی سیامار منی بگەستای
تەک بێ بەینەتا بەینم نەبەستای
ـ تاڵێ موو بایەم بە تەشێتەوە
خولم بخواردای بە خوەشێتەوە
ـ تاقە گوڵێک بووم بەسەر یاڵەوە
عاجز بووم بە دەست بای شەماڵەوە
ـ تاقە گوڵێک بووم بۆخۆم ئەشنیام
بای شەماڵ دای لێم لە ڕیشە کەنیام

٥) زمان

شێوە زمانی سنەیی ـ وەک ئاڵقەی پێوەندی نێوان «کرمانجی خواروو» و«گۆرانی» جێگەی سەرنجی تایبەتییە. ڕاستە شێوەی ئەمڕۆی سنە، شوێنی زۆری کرمانجی خواروی لە سەرە، بەڵام لە ڕابوردوویەکی ١٥٠ ساڵەدا، وەک بن لەهجەیەکی شێوەی گۆرانی باسی لێوە کراوە. و بەم ئیعتیبارە، «ئەردەڵانی کۆن» لە بنەڕەتدا«گۆرانی»یە کە لە ژێر زەختی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی وفەرهەنگیدا، تووشی گۆڕانکاری هاتووە و بەرەو کرمانجی کشاوە.(٣)

ئەگەر ئەم پێوەندییە مێژووییانە لەمەڕ شێوەی ئێستای زمانی کوردی لە ناوچەی سنەدا نەگیرێتە بەرچاو و مەسەلە تەنیا بە پێوانەی ئەمڕۆ بپێورێ، ئەوا زمانەکە و هەروەها شیعری کاک محی الدین ـ وەک ڕەنگدانەوەیەکی تۆخی ئەو شێوەیە، بێناسنامە، تێکەڵاو (یا بە گوێرەی بۆچوونی خەڵکی ناشارەزا لە موکریان، نیوە کوردی ـ نیوە فارسی) دەنوێنێ! لە کاتێکدا بۆچوونی وا کاڵ، ناتوانێ ڕیشەی لە«زمانناسی مێژوویی» و توێژینەوەی پێوەندیی نێوان شێوە جۆربەجۆرەکانی زمانی یەک نەگرتووی کوردیدا بێت.

زمانی کاک محی الدین هەر ئەوەندە «کوردی»یەکە زمانی خانی و خانا و نالی و هێمن! بەڵام وەک ئاوینەیەکی شێوە زمانی ناوچەکە، خەوشی زمانی فارسی زیاتر تێکەڵاو بووە.

با لێرەدا، گەنجینەی ووشە (ووکابیولێری) شاعیر بخەینە بەر سەرنج:

**ئـ) ووشە و زاراوەی کرمانجی**

بەکارهێنانی ناوی سنە بۆ زاراوەی کوردستان(کورسان)، تێکەڵ، کزیی، سەیدەکان(لە جیاتی سەیدگەل)، مەدرەسییەکان، خوشەویستەکان، گەشەپێدان، تەڕەکاری ڕۆژم کردەوە، بانگی خۆمانە و...

**ب) فارسی**

عەقدکونان، مەرد ئازما، میداد پا[ک]کون، کاشکی و...

**پ) ئەردەڵانی کۆن(گۆرانی)**

زرانی، ئەسرەفتک، قورواق، کوچکەڕەش، سۆلاخ، بنووس، تواشا، جێوان، خەیریەت، مرۆچە، بابردگ، فرە، سووجگەر، زمسان، تاوان، مەردم، توویش، کوردگەل، ئەویچمانە، چووگە، قتاوخانە، عەباس خانم( لە جیاتی عەباسی خانم) و...

ت) شاعیر دەسەڵاتێکی بەرزی بە سەر شیعری «هەورامی»دا هەیە و توانای خۆی لە هەڵبژاردن وهێنانەوەی هێندێ نموونەی شیعری هەورامی دا دەخاتە بەرچاو:

پزیسکەی ئایر سیاماڵ تۆ
وەش وەش مەسووچۆ، ئەدامان کۆ
سیاچەمانە، سیاچەمانە
هەورامان یاگەی سیاچەمانە...
لە بیرت مەیۆ شەوەکەی سەرجۆ؟
ئەزیەت کردن من، مەکە ولاوەی تۆ!

یا ئەو نموونەیەی وا لە «پادیواری» کۆن دەیدا بە دەستەوە:

ئەهای خەوکەران، جە خەوین بیدار!
گۆش بدەن وە دەنگ نالەی دەردەدار
هەرکەسێ خەفتەن خەو لێش حەرام بۆ
هەر کەس بێدارەن دونیاش وەکام بۆ!
هێما چەند ساتێ جە شەو ئەویەردەن
یە، چ خەوێکە عادەتت کەردەن؟
هۆ ڕێزە جە خەو سەوڵ خەرامان
مەجنوونەکەی تۆم بەی تەور پێم ئامان
ئەهای کاڵێ گیان، ئامان کاڵێ گیان!

ڕاستەقینە ئەوەیە شیعرەکان بە پێوانەی ئەمڕۆیی، هەورامییەکەی بێ خەوشن و لەگەڵ زاراوەی سنەدا جیاوازییان هەیە. بەڵام ئایا لە ڕابوردووشدا هەر وا بووە؟ مامۆستای ئەمر «ئەمین زەکی» لە باسی بن لەهجەکانی شێوە زمانی«گۆرانی»دا، ئەردەڵانیی کۆن بە بن لەهجەیەکی ئەو زازاوەیە ناو دەبات، بەڵام بەداخەوە هیچ بەڵگە ونموونەیەک نادا بەدەستەوە ئایا ئەو شیعرە« هەورامی»یانەی کاک محی الدین هێناویەتەوە، ئەردەڵانی کۆن نین؟ ئایا خەڵکی سنە ـ لە نموونەی «حەمە کەچەڵی» خوێنەکاندا، کاتێ بە کۆڵانی شاردا گەڕاون و ئەو شیعرانەیان خوێندووەتەوە، تەنیا خۆیان لێی تێگەیشتوون؟ ئایا خەڵکی ئاسایی شار، لە زمانی ئەو شیعرانە حاڵی نەبوون؟ ئاشکرایە گۆرانیبێژی ئەویندراری شارەکە، گۆرانییەک دەچڕێ و شیعرێک دەبێژێ کە بیسەرەکانی تێی بگەن وگومان لەوەدا نییە دانیشتووانی شاری سنە کە بە ئەردەڵانی کۆن دەدوان، شیعری هەورامی حاڵی دەبوون، هەر ئەوەشە کە بە ئاواز وگۆرانی دەیانگوت. بۆ دوور بڕۆین مەگەر مەولەوی ئەمر بەشێوەی زێدەکەی خۆی،«تاوەگۆز» شیعری نەگوتووە؟ مەگەر ئەو شیعرانە عونسوری هاوبەشی هەورامی و سنەیی(ئەردەڵانی کۆن)یان تێدا نییە؟

بە بڕوای من، «شارەکەم سنە!»ی کاک محی الدین دەروازێکی ڕوونی بۆ ئەو مەبەستە کردۆتەوە و جێی خۆی دەبێ ئەگەر لە لایەن شارەزایانی زمانەوانەوە پەی شوێنی مەسەلەکە بگیرێ. توێژینەوەیەکی ئەوتۆ وا هەیە شێوەی سنەیی بەرێتەوە سەر بنەچەکی «گۆرانی»نەک کرمانجی.

هەر لە باسی زماندا پێویستە لەو بەستەیەی «مەنزوومە»کە بدوێم کە ڕاپۆرتی دوکان بەستن و چوونە سەیرانی مووساییەکانی سنەلە ڕۆژانی شەممە دەدات ودەڵێ: مووساییەکان بە دەم هەڵپەرکێ وگۆرانی گوتنەوە، شیعری عیبرییان دەخوێندەوە. کاک محی الدین سێ فەرد لە شیعرەکانی کردۆتە ناوناخنی مەنزوومەکەی خۆی وبەم شێوەیە کارێکی مەزنی بۆ پاراستنی ئەو نموونانە بردووە بەرێوە ـ بەتایبەت کە لە سەر هەمان کێش، وەرگێڕدراونەتە سەر شیعری کوردیش:

مەلی هالووسێ بە دەورگارێ
بە ئەوشەفشەفێ[ ؟ ]ئەشەوتە خوارێ
ئا نە لەعلێ لێ ئادیلکە ئیلۆ
زەیلەت با حمام سەحەت حەقیلۆ
تۆ ئینە کومێ تۆمەت کەحیلۆخ
هەرچی جوان یێ بەدام ئەخەی لۆخ

ئەوەش وەرگێڕدراوە کوردییەکەی:

بە دەور ئەو بانە، کەم بێ وکەم بچۆ
کراسە چەرمگت لایق بالای تۆ
من نەزانی تۆ ڕۆیگی بۆ کوێ
بۆ حومام ڕۆیگی ؟ عافیەتت بێ!
کڵەی سوبحانی مەکێشە چاوت
بێ کڵەش جوان، گشت کەفتنە داوت!

ئێمە دەزانین پێش دامەزرانی دەوڵەتی ئیسرائیل، زمانێکی یەکگرتووی عیبری لە ئارادا نەبوو و مووسایی هەر وولات وناوچە وشارێک بە زمانێک دەدوان کە ئامێتەیەک بوو لە زمانی نەتەوەیی خۆیان و و زمان یا شێوە زمانی ناوچەکە.

وردبوونەوەیەکی ساکار لەو شیعرە عیبرییانە ـ کە خۆزیا ژمارەیان لە مەنزوومەکەی کاک محی الدیندا زیاتر بوایە، هەبوونی چەند عونسوری «گۆرانی»یان تێدا ئاشکرا دەکات کە لە پێوەندی

باسەکەی پێشوو ــ واتە مەسەلەی بن لەهجەی ئەردەڵانی کۆن و گونجانی لە ناو شێوە زمانی «گۆرانی»دا دەتوانێ یارمەتیمان بدات. ئایا «ئانە» و«نینە» و «یێ» کە ئێستا بە هەورامی دەناسرێنەوە، لە شاری سنە و حەوزەی دەسەڵاتی ئەردەڵانی کۆنیشدا لە سەر زمانی خەڵک نەبوون؟ ئایا ئەوەش نیشانەیەکی دیکە نییە بۆ پێوەندیی شێوەی گۆرانی لەگەڵ سنەیی ( ئەردەڵانی کۆن) ؟

**٦) تەنز و تەوس**

هۆیەکی بەرچاو بۆ سەرکەوتوویی شیعرەکە، قەڵەمی بەتەوسی شاعیرە. ئەو تەنزە نەرم و بەڵام بە هێزە لە جێگای شیعرەکاندا ڕەنگ دەداتەوە و نیمکانێک بۆ پێوەندی گرتنی هاسانی شاعیر و بیسەرانی شریتەکە پێک دێنێ:

ــ ڕۆین وڕەنگ خاستان لەتەک خۆتان برد!
ــ ئافەریم دونیا، ماڵ جەورت ئاوا!
ــ گونج فاتە خانم، خاس بوو داپۆشیا!
ــ ڕەحمیشیان نەکرد بە قورواق ئاوا
ئەوی قورواق بوو شەل وپەل کریا!
ــ دوکان سەداقەت قوڵف دریاگە
دوکان کلیلساز دایر کریاگە!

یا لە باسی دڵ و جگەرفرۆشدا:

ــ ئەویش پل بە قەد میداد پاکون بێ
برسی بە سی سیخ جگەر تێر نەبێ!

هەروەها لە مەسەلەی کچ بە شوودان و جیازی و شیربایی خواستندا:

ــ خۆتان تەسدیق کەن، مەردم زەمانە
کایەی منالەس یا عەقدکونانە!

یا ئەو شیعرانەی وا لە زمان «وەکیل حاجی»یەوە دەیانگێڕێتەوە:

ــ تواشا قەوارەی بە قەد جیوانی
خەیریەت دوکتورە، هیچێ نازانی

یاخود ئەو بەشانەی وا خۆی گوتەنی لە کتێبی «کولک ومو»ی وەرگرتووە و گەلێک ناوی خۆشی هێناوەتەوە کە توانای تەنزی خۆی و«حەبیب کولک و مو»ی دانەری کتێبەکە دەخاتە روو:

ئەو لە سەنە قرخ، تووبا زەنگیانە، قومرییە کولکن، فەرەج ڕێزەوڵ، پیرۆز پاڵەوان، ڕەزا مرۆچە، ڕەحمان کەوشە کۆن، قاسم کەلارە و...

شیعری مەنزوومەکە، ڕەسەن و خۆماڵییە و کەم وا هەیە شتی خوازراوە و وەرگیراوی تێدا بەدی بکرێ. بەڵام ڕەسەنایەتی، واتای ئەوە ناداتەوە شوێنی هیچ کەس و دیاردەیەکی لە سەر نەبێت. مەنزوومەکە بە ئاشکرا شوێنی هێندێک شاعیری لە زێد و نیشتمان دوورکەوتووی




لەسەرە کە نۆستالژی دووری و غەریبی هەوێنی شیعرەکانیان بووە و من لە ناویاندا، نالی و هەژار و «محەمەد حوسێن شەهریار» شاعیری ئازەربایجانی دەبینم، بەتایبەت هەژاری ئەمر لە مەنزوومەی «بەرەو موکریان» و شەهریار لە «حەیدەر بابا»دا.

وتووێژ لەگەڵ «ئاویدەرەکان»، شێوەی وتووێژی شەهریار لەگەڵ شاخی «حەیدەر بابا» وەبیر دێنێتەوە، گەڕان بە کۆڵانەکانی شاردا، باسی کایەی منداڵان، یادی سەردەمی منداڵی و دەرس خوێندن لە«قتابخانە»شێوەی ماڵئاوایی کردن لەگەڵ شاری سنە و... هەموویان تام بۆنی«بەرەو موکریان»ی هەژار دەدەن کە ئەویش خۆی شوێنی مەنزوومەی«تەختی جەمشید»ی شەهریاری هەڵگرتووە: حەق شناس، لە ئینستیقبالی «بۆق لە سەر نوێنی قورین قرەی دێ»ی هەژاردا، سێ جار دەچێتە سەر باسی«قورواق»و «قورواق ئاوا» یا لە ناوهێنانای «ترپ»و «کەلەرم» و تەرەکارییەکانی دەوروبەری شاری سنەدا، هەمان داستانی «تورو» و«کاهوو»و «کەلەم»ی مزگەوتی شادەرویش دەگێڕێتەوە کە بەشێکن لە «بەرەو موکریان»ی هەژار.

ئەم شوێن هەڵگرتنانە، لایەنێکی لاواز لە کاری «حەق شناس»پێکناهێنن؛ هونەرمەند قەڵایەکی کۆنکرێتی بە دەوردا نەکشاوە و لە کۆمەڵ و لە هونەرمەندانی دیکە دانەبڕاوە. مێژووی هونەر، مێژووی کارتێکردن، و کارتێکەرانە و بەتایبەت کە ئەو «نیماژ» و «خەیاڵ»انەی وەرگیراون، خۆماڵی و ڕەسەنن و بە دەستی زۆر لەبەر«ڕامبۆ»و«ئیلیۆت» کۆپی نەکراون!

بە کورتی، مەنزوومەی «شارەکەم سنە!»کارێکی گەورەیە، کارێکی شاز و دەگمەن کە پێویستە بناسرێ و بخرێتە بەر توێژینەوەی هەمەلایەنی. من شیعرەکە وەک ئەنسیکلوپیدیایەکی بچووک چاو لێدەکەم کە تێرێژی زانیاری و ڕاگەیاندن لە باسی ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆمەڵگای شاری سنەیە. مەنزوومەکە، هەروەها دەتوانێ سەرەتایەکی باش بێت بۆ پرۆژەی «مێژووی زارەکی» کوردستان ـ وەک گرینگایەتییەکی خەباتی فەرهەنگیی ئێستای گەلەکەمان و هەوڵی ڕۆشنبیرانی کورد لە پێناوی بەرێوەبردنی پرۆژەکەدا. ئەمڕۆ، ئەرکی سەرشانی هەموو ڕۆشنبیرێکی کوردە ـ لە هەر کوێ هەیە و لەهەر هەلومەرجێکدا دەژی، دەست داتە«موسەججەل»ێک و بیرەوەری کۆن وتازەی خەڵکانی بەساڵاچوو و بە ئەزموون تۆمار بکات. جا ئەو بیرەوەرییانە لە هەر گۆڕەپانێکی هونەری، مێژوویی، سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی یا هەر بوارێکی دیکەی ژیاندا هەن، با بێن. گرینگ ئەوەیە نەفەوتێن و بۆ مێژوونووسانی داهاتوومان بێن بە کەرەسەیەکی بڕواپێکراو و پاڵپشتێکی جێی متمانە. لەم بوارەدا، مەنزوومەکەی «شارەکەم سنە!» دارماڵی زانیارییە و وەک بەڵگەیەکی بایەخدار چاوی لێ دەکرێ.

لەکۆتاییدا، ماندوونەبوونییەک دەکەم لە هەموو ئەو کەسانەی وا کاری بڵاوکردنەوەی شریتی شیعرەکانیان ڕاپەڕاندووە بەتایبەت لاوی دڵسۆز کاک«ماجد مەردووخ ڕوحانی» وهونەرمەند کاک«جەمشید عەندەلیبی». لەمەڕ ڕێکوپێکی مۆسیقای شریتەکان دەبێ بڵێم کارێکی ڕازاوە و جوان هاتۆتە ئەنجام، بەڵام ڕەنگە کاک جەمشید سەرنجی ئەو خاڵەی نەدابێت کە زۆربەی گۆرانییە هەڵبژاردەکان شیعری کرمانجی خوارووین لە سەرە: خاڵەی ڕێبوار، دەنگ دێ لە شیلانەکەی، چیت بۆ بێنم بە دیاری، ئاسمانی زولفی مەحبووبم و... ئایا ئەگەر شیعری گۆرانییەکانیش ڕەنگدانەوەیەکی ژیانی هونەریی شاری سنە بوایەن، کارێکی بە ڕێ وجێتر نەدەبوو؟

هاوینی ١٩٩٥

**پەراوێزەکان:**

١) بڕوانە: **تقی وحیدیان کامکار**، *بررسی وزن شعر عامیانه فارسی*، موسسه انتشارات اگاه، تهران، [١٩٧٨]١٣٥٧.

٢) بڕوانە: **ایرج ولمقی**، *وزن شعر در ایران پیش از اسلام*، کارنامک(کتاب پژوهشهای تاریخی)، تهران، زمستان١٣٦٦[١٩٨٨].

٣) **محمد امین زکی**، *خلاصەی تاریخی کورد وکوردستان لە زور قەدیمەوە تا دەورەی نادرشا*، جلدی ئەوەڵ، (جزمی یەکەم) ل ٣٠٦.

# وەرە وەگەڕێ!

کورتە چیرۆک

کوردان

**یادێک لە هەمـــوو زانایەتی و ئازایەتیی شۆڕەلاوەکەی موکریان: شەهید سەلاح شەمس بورهانی .**
**کوردان . پاییزی ٥٩**

ـ ئەوە گەڕایەوە پیاوەکە ؟ یاخوابەخێر بێیەوە وەرە سەیری ئەمە کە، سەیری کە، بەڵام دڵت دانەخورپێ!

ـ هەی هەی بەماڵم! چ دەبینم ئامە خان؟ ئەمەنەت لە کوێ هێناوە ماڵەکەم؟ دا بدە بزانم بەقوربان.

ـ وەکشێ هەتیو... ئەکەی دەستی بۆ بەری، هی خۆمان نییە! هی غەریبەیەکە و هەر ئەمڕۆ دەمی قاوەڵتوونان گەیشتۆتە جێ. چۆتە دەر، دێتەوە، شەو بۆ خەوتن دێتەوە ...

ـ میوان؟! میوانی چی ئامە! کێیە ؟

ـ گوتم شەو دێتەوە و دەی بینی و دەزانی کێیە.

ـ تەقم کرد ئامە، دەسا پێم بڵێ کێیە، کێیە بەم گشتە خێر و بەرەکەتەوە هاتۆتە لامان؟ دە پێمی بڵێ ئامەخان سەری باوکەکەت؟ میوانی ئێمە و ئاوا دارا و دەس بڵاو؟

ـ هەتا خۆی نەیەتەوە و خۆت بە دووچاوی سەر نەی بینی، پێتی ناڵێم.

ـ منیش دەیناسم ئامە ؟!

ـ چ خێر بوو نەیناسی خێروڵلا! سێ بەهار پێشتر میوانی بووین و هەشت مانگان بەلایانەوە ماینەوە.

ـ ئێ ئێ.. سێ بەهار پێشتر! هەشت مانگ میوانی، نەکا کاکەبایزەکەی شاری شنۆیە بێ؟!

ـ ڕاست خۆیەتی، کاکە بایزەکەی خۆمانە و کەسی دی نییە. پرسیار پرسیار بەشوێن ماڵمان دا گەڕاوە. بەڵەد و چاوساغی بەکرێ گرتووە و هەتا ماڵمانی نەدۆزیوەتەوە پشووی نەداوە. ئەو خۆی گوتەنی: ( باری لە ماڵێکی دڵنیادا خستووە )...

ـ ئەی چی لێ هات ئامە؟ بۆچی هێشتت تەنیا بچێتە بازاڕ. دەبێ بەچ خەیاڵێک هاتبێتە گەرمێن. ڕەنگە بۆ سات و سەودا هاتبێ. بەڵێ دەبێ وابێ، ئەی نەیگوت کەی دێتەوە؟

ـ لای ئێواری دێتەوە، هەر بۆ خەوتنان دێتەو... ئەو خۆی گوتی.

ـ ڕەنگبێ گریانت بە زەردەیەکی ناچاری سواغ دابێ و هەر بە پیاڵەیەک چایی پێشوازیت لێ کردبێ! بەڕاستی هیچمان هەبوو لەپێشی دابنێی و شەرمەزاری نەبین ئامە؟ «بەڵام بۆچ وا بەپەلە وەدەر کەوتووە . نەدەبوایە تەنێ بچێتە بازاڕ، بەڵام نا... باش بوو خۆی تەنیا... هەر خۆی تەنیا بچێتە دەر باشترە. من لە تەکیا نەبم باشە، باشترە کەس نەزانێ میوانی ئێمەیە، دنیاکە سەیرشێواوە و کەس بەزەیی بەکەس دا نایە. ئەوە هات و بۆنی پارە و دراو، ئەویش پارە و دراوێکی ئەوتۆکەتە و کەڵتە ...». دا کچێ بێنە با بیژمێرم! دەبێنە ئامە سەری باوکت با بزانم چەندە، ئەی ئەی خۆ سەوزەکاڵەی ماڵوێرانیشی تێدایە! دا بێنە ئامە، هیچ نەبێ دۆلار بە چاوی سەر ببینمەوە و یادێکی دەورانی کۆن بەمێشمکدا بگەڕێتەوە.

ـ بە خوای ئەگەر بێڵم دەستت پێی بگا خێروڵلا! هی خۆمان نییە پیاوەکە. ئەمانەتە، ئەمانەت! «گڵ دەگەڵ ماڵی ئەمانەتێ ناکاتن خەیانەتێ».

ـ دە بێنە دێڵە سەگ، بێنە! مەمکوژە بێدین لەدینت کردم!

ـ سەرشێن ڕاوەستە دەرگاکە قەپات کەم، نەک (دلاوەر) بە سەرمان دا بێتەوە. بێتەوە و ئەم گشتە دراوە بە چاو ببینێ باسی سەرە، نە من دێڵێ و نە تۆ و نە دراو؛ چی هەیە هەڵی دەلووشێ...

ـ حا حا... جەردە و چەتە ڕاوەستاوە! دلاوەر لەدەر خەریکی ڕاو و ڕووت و گوێ بڕینە، ئاگای لە پشت ملی خۆیشی نەماوە، دە هەستە، بێنە دراوەکان بدە من ، تۆ دەرگاکە قەپات کە...

ـ خێروڵلا مەکە! دراوم بۆ ئەوەی نیشان نەدای دەستی تێوەردەی و بیژمێری؛ هەر بۆیەم نیشان دای ئەوەک لەم یەکدوو ڕۆژە دا شتێکم لێ بەسەربێ و تۆ پارە و پوولی کاک بایز پێ نەزانی و شەرمەزاری دین و دنیاکەی بین. لێ بگەڕێ با لەژێر تەرکی ئەوێ سندووقە سوورێی بناخنم و هەتا کاک بایز نەیەتەوە، چاویشی لێ نەکەین.

ـ تەماشا تەماشا، هەر دەڵێی من لەبابەلبابەوە جەردە و چەتە بوومە و ماڵ و دوکان ئەماوە ئەم بڕیبێ، کچێ کێ بێ و پیاوەتی و کەرامەتی کوردی ئەو دیو لەبیر بەرێتەوە، ئەویش ئەخوازا کاک بایز و کەس و کارەکەی! دەبێنە خەی!

ـ هانێ بگرە خێروڵلا، دە خێرا دەستی تێوەردە و بیژمێرە و وێمدەوە، وێمدەوە با لە سووچێکی سندووقە سوورێ بۆی وەشێرم.

ـ یەک.. دوو .. سێ .. چوار...

ـ دەی خێروڵلا کەمووکێک خێراتر، لە دڵی خۆت دا بیژمێرە... لێکیان مەدە، بڵاویان مەکەوە ، ئەوەک دلاوەر بەسەرمان دا بێتەوە و ببینێ... دە وەدە بزانم... وەدە با وەیان شێرم.

ـ هەزار! وەی باوکە ڕۆ! هەزار دۆلار... ها بگرە ، دینار و تمەنان هەر ناژمێرم، لایان بەرە هەی لە کلکی تمەن و دیناران کەر بەرێ.

ـ ئاسوودە بووی خێروڵلا؟! ژماردنی پارەی خەڵک چ خۆشی و بۆشێکی تێدایە، هەتا سەر و سەردەمێک بوو ئێمە و دووبەشی ئەم خەڵکە هەژارەی ئێستێ، لەسەر ئەم شێن و سوورانە وەردەکەوتین، ئێستە لە خەویشدا دەخەونمان نایەن خێروڵلا، ساڵ نەبوو دەیان میوانی خۆیی و هەندەران نەیەنە ماڵمان. غەوارە و پەڕیوەی هەر سێک پارچان دەهاتن و پەنایان لەبۆ دێناین، پشت و پەنایان بووین و پشت و پەنامان بوون لە ڕۆژی تەنگانە دا... بەڵام ئێستا هیچمان بە جەرگ و هەناوەوە نەماوە. میوانمان کە دێ، بۆ چاییەکی حیز دەستمان دەلەرزێ و مانگێکیشی بەسەر دا ڕادەبرێ جێی پڕ نابێتەوە، لەهەموو شتێکیان کردین، هەر دەڵێی قەتمان نەبووە، هەی دایە ئەوێ دووژمنان بە برایە خۆ دەگێم. هەرچی کردی ئەوێ بزن مژانە لێیان کردین.

ـ کۆیکەرەوە.. پارەی کاک بایز کۆکەرەوە ئامە... کۆی کەرەوە و بیخەرە ناو تەرکی سندووقە سوورە و دەنگ مەکە، دوژمنی چی و بزن مژەی چی ئامە! چیمان بەسەرهاتووە و چیمان بەسەر دێ، بەشی هەرە کەمی وەباڵی

←

ئەستۆی دوژمنە، کەسێک نەزانێ بۆ مردووی خۆی بگری، مردووەکەی گۆڕ بەگۆڕ دەچێ، دوێنێ وابووین، ئەمڕۆ واین و ئەگەر سەری ئەم پەتە بەدەست هەر ئەم شاگرد وەستایانەوە بێ و هەر شاگرد لە جێی وەستا دابنیشێ، سبەیش هەر وا دەبێ. هونەرمەندیی شاگرد لە هۆزانیی مامۆستاکەی دایە... ئامە! لەوەتێ تەزووپێوی تەنووری کارەبایی لالە حەمەی نانەپێژ لەکار کەوتووە، نەرێ نیتر نانی گەلا گەلای لالە حەمە هاتۆتە بەرچاوت؟!

- تینی پارە لە مێشکی داوی خێروڵلا؟ نانی چی و تەنووری چی و تەزووپێوی چی؟

- تەنووری کارەبایی لالە حەمە تەزووپێوەکەی تێکچووە. دەزگای ئەلەکتریکی ئەگەر تەزووپێوی لەکار بکەوێ، هەڵکشان و داکشانی ووزەی کارەبای دیار نابێ؛ گەر گوێی نەدەیەی و کاری لێ بکێشی، لەوانەیە ووزەی کارەبا ئەوەندە بچێتە سەر، ماڵ ، دوکان ، خاوەنی ماڵ و دوکان پێکەوە بسووتێنێ...

- بیسمیللا... خێروڵلا چتە؟ دەسەر ئەوێ سەرێت گەرێم، پارە و دراو هیچ نییە ماڵە بابم، ماڵی دنیا چڵکی دەستە وەک دەڵێن ... پاشی هەر شەوێک ڕۆژ دەبێتەوە حەیات ... ئەستان بەهاری بەدوا دا دێ و، چرۆساوەوەکانی دەستی سەرما دەبووژێنەوە؛ ئێمەش دەبووژێینەوە خێروڵلا. بۆ ماڵی دنیا مێشکت نەسوورێ پیاو چاک.

- تەنوورەکەی لالە حەمە هەتا تەزووپێوی مابوو، هەرکە ووزەی کارەبا سەر دەکەوت و دەزگای توونی تەنوورەکە دەهات ڕەنجی چەند ساڵەی لالە بکاتە تۆز و بە بای بدا، ئەمپەرپێوەکەی دەکەوتە سەر هێڵی سوور و ، چرای سووری خەتەر هەڵدەبوو. لالە حەمەش تەزووی لێ کەم دەکردەوە و دەزگاکەی ئەهوەن دەکردەوە، دەزگای ئەلەکتریکی تەزووپێوی نەبێ، نای هێنێ دڵی پێ ببەستی و هیچ هومێدێکی بۆ هەڵبەستی.

- خێروڵلا هێدی بەوە خەی! کراسی بەرم و عەباکەی سەرم ـ ت بۆ دەفرۆشم بە قوربان، نەکەی هۆشت بۆ ماڵی دنیا بسوورێ... دەچمەوە ماڵی پیرەباب و برایان و بەشە میراتیان بە زیندی سەر لێ دەستێنم و لەبەر پێستی هەڵدەڕێژم. هەموو دنیاکەم دەکەم بەقوربانی دەمێکت خێروڵلا...

- ئێمە دەبوو تەزووپێوێکی قورس و قایم بوویایەن؛ نەبووین و نین. دەبوایە هەستیارانە و هوشیارانە هەڵسوکەوتی خواکانی مێژووسازمان خستبایە بەر چاو، بەڵام...

- هانێ بگرە خێروڵلا ... بگرە ئەوان دراوان ... با کاک بایز بێتەوە و لەبری پارە لە تەنافم دا... با چوار قۆزاخە لەت و کوتم کا... تۆ لە دین گەورەتری بۆم ماڵە بابم ، لە دنیا خۆشتری و لە دای و بابانم بەرزتری ... ها بگرە خێروڵلا!... ئەوە پارە!... برۆ لە دەر چی لێ دەکەی، لێی بکە...

- ئەمڕۆ ئەوتۆ نەدەبووین گەر چرای سووری خەتەر بوویایەین. هەر یەک جار ... بەس یەک جار قاچی پێش سوارێکمان بڕیبایە و ئەمان هێشتبایە پێ لە بەرە بەرێتە دەر، شتێکی دی دەبووین لە گۆڕەپانی مێژوودا. مێژوومان جۆرێکی تر دەنووسرا ئەگەر داشی دامە نەبواینایە...

- خۆم و تاکە کورەکەم دە دەوری سەرت دەگەرێنم خێروڵلا ... وەگەرێ !... وەرەوە سەر ئەقڵ و لامەدە لە کەرامەت خێرە گیان ... نەکەی بە هەموو هەژاری و نەدارییانەوە تووشی دەردی پەرێشانیشمان بکەی ...

- بابەکانمان توون و تەنوور بوون و هەتا قاڵ بوون و توانەوە کردیان؛ کە توانەوە و تێدا چوون، ئەم سووتان و قاڵ بوونەیان بە کەلەپوور بۆ کوڕانی ئەمڕۆ جێ هێشت و ڕۆیشتن. کە جێیان هێشتین و ڕۆیشتن، فێریان کردین چلۆن ئەم خۆ سووتاندن و خۆ قاڵ کردنە فێری ڕۆڵەکانی داهاتوومان بکەین. کردیان و کردمان و دەیکەین، کۆمەڵ بە خڕی گیرۆدەی ئەم فەلسەفەن و ئەم فەلسەفەیە بۆتە کراسێک و بە بەژنی مێژوومان براوە. بابەکانمان چۆن و چلۆن قاڵ بوون و تێداچوون ، ئێمەش هەر بەم دەردە دەچین... کۆمەڵ توون و تەنوورێکی بێ ووزەپێوە، گەرم دەبێ، گەرماکەی تێ هەڵدەچێتەوە، گەرماکەی لە گڕ دا دەتوێتەوە، گڕ تەنوورەکە دەتوێنێتەوە و دەیکاتە خۆڵەمێشێکی سارد و سڕ... دیسان تەنوورێکی دی و دیسان دەورێکی دی ...

- بیکە بە خاتری کاک ئەحمەدی شێخ مەکە خێرەگیان!... ئارام بەوە ماڵەبابم ... هەستە با سەرێک هەتا ئەولا بچین و بە پیاسەیەک خەمی دڵ بەبا بدەین خەی!...

- دیزە بە دەست کابانی گەورە بشکێ دەنگی نایە ئامە! ڕۆژی هەینی سمایلە ڕووتیان گرت و بردیان و گوم و گۆڕ بوو؛ هەی دەستیان خۆش بێ... سمایلە ڕووت جاش بوو... دەیانگوت جاشە! جاران هەتا ئەو سمایلە ڕووتە چەکی لەشان دا بوو ، داشە هارەی دوژمن تۆقیێن بوو. خۆی و دەستە پێشمەرگەی ژێر فەرمانی، خەویان لەچاوی دوژمن تاراندبوو. چەند جاران هەواڵی بە مردوویی هات. ئەوەندە بە برینداری کەوت و هەستایەوە، دەیانگوت گیان ئەستێنەکەی فەرمانبەری خواشی لەگیان ئەستاندن ماندوو کردووە. کە ڕاو و ڕووت دەستی پێکرد و ماڵ و نامووسی خەڵکیان بە بادا، سمایلە ڕووت لێیان دوور کەوتەوە و مەیلی چەکی وەلا نا... سمایلە ڕووت دەم هەراش و دەم پەل و دەم کوێخا بوو... لەشاردا چی دەقەوما، هەرای لەسەر ساز دەکرد. کێ سەری لە ژنە بێ مێردەکان هەڵدەهێنایەوە و کێ لەبری شەوێک مانەوە و حەوانەوە بە لایانەوە، نانێکی دەدانێ و زارۆکەکانی فێری فێڵ دەکردن... کێ سنووری پیاوەتیی دەشکاند و دەبوو بە بەربووکی دایکەکەی خۆی لە کۆشی دوژمن دا، دوژمنی نوێی سمایلە ڕووتە بوون. هەرایان بۆ ساز کرد و گوتیان سمایلە ڕووتە جاشە. سمایلە ڕووتەیان لەبەر چاوی خەڵک هەلگرت و بردیان . کە گرتیان، لەبەرچاوی دۆست و دوژمن هاواری کرد و گوتی:« ڕەخت و جل و بەرگ و پێڵاوەکانتان ناڵێم ، بەڵام ئەرێ سوورایی گۆنا و کوڵمەکانتان بۆچ لە ڕەنگی ڕوخساری ئەم خەڵکە ناچێ؟...» ئاخ سمایلە ڕووتە، ئەگەر بەجاشێتیش ڕوو دەکەیتەوە دنیای ئەمان، هەر ئەمەت تاجی سەرە کە چرایەکی سووری خەتەرت لە تاریکایی ئەنگوستەچاودا داگیرساندووە. چراسوورەکەت ئەگەرچی یەکە و کەم نورە، تاریکایی ئەم شەوە زەنگەش هەرچەندە بێ سنوورە، بەڵام لەهیچی نەبوو هەر باشترە سمایلە ڕووتە؛ یەک لەهیچ باشترە.

- خێروڵلا خۆم دەتوێنمەوە ... کراسی ئەزاکەت و شەرافەت لەبەر خۆم دادەکەنم، هەر وەک ( نازێ ) ، وەک ( ئەڤین) وەک (سۆبیە) و وەک هەمووی ئەوانەی کە سەر و سەردەمێک سەنەمی دڵێک بوون و ئەمڕۆ دەس بە دەس دەگەرێن ، منیش بۆ پارە...

- بەسکە ئامە!... نازێ و ئەڤین و سۆبیە و هەمووی ئەوانەی کە سەر و سەردەمێک سەنەمی دڵێک بوون و ئێستا دەس بەدەس دەگەرێن، خۆڵەمێشی سووتاوی ئەم تەنوورە بێ لەمپەرەن، من بە هاواری ساردی ئەم خۆڵەمێشە سارد بووانەوە گەرم داهاتووم ئامە. دەرمان و دەوای سوکنایی هاواری من پارە و دراو نییە ئامە...

- خێروڵلا بەسکە حەیات ... من تێ ناگەم، هەر بەو زمانە بمدوێنە کە کاتی ناسایی پێی دەدوێی...

- نای ئامە مەنگڕێ!... باشە و باشترە کە تێی ←

نەگەی، من بوومەتە (لائەدری)یەکەی زەمان؛ بەبێزمانی دێمە دووان و خەڵکیش گوێگرانن...

ـ خۆت چی هەیە دەیزانی حەیات ، من هیچ، من مەنگوڕ و تۆ بەرزنجەیی ... سی و هەشت ساڵە هاوسەرینی یەکین. ساڵێک باڵای تەمەنی دلاوەری کوڕمان ، من و چێشتخانە، تۆ و کتێبخانە...

ـ خەتای من نییە، ئامە... خەتای خەتاکارانە، بەڵام تۆ بی و خودا باسی دلاوەر مەکە ئامە. ڕۆژی میتینگ و خۆ نیشاندانەکەی مانگی ئەیاری پار بەهار بێنەوە بیر! ئەوا ئێستێ تازە دومانگ لە ساڵە وەختەکەی تێدەپەڕێ. ئەو دەم دلاوەر چی بوو و ئێستا چۆنە؟ خۆشت هەر لەوێ بووی و بەچاو دیتت و بەگوێ بیستت. دلاوەرەکەمان کە هاتە قسە و، وتاری دا ، خۆت ئاگاداری بووی. ئەرێ ئەوە هەر دەر و دراوسێ ڕووت و هەژاراکانمان نەبوون کە فرمێسک و پێکەنینیان تێکەڵی یەک کردبوو؟ ئەوە هەر ئەو دلاوەرە نەبوو کە پرێسکە و سندووقی پێچراوەی دەرد و چارەڕەشیی هەژارانی کردەوە و، ئەوە هەر ئەو نەبوو کە دیمەنی ڕزگاریی هەژارانی بەدەنگ ڕەسم کرد؟... چیها پیرۆزباییمان لە دەر و جیرانەکانمان وەرگرت. لەو دەم تا بەئێستا ساڵێک و دوومانگە. دلاوەری ئەو دەم چی بوو و دلاوەرەکەی ئەمڕۆ چییە؟ پێمان شوورەییە دلاوەر کوڕمانە. بەڵام ئامە!... دلاوەر ڕۆڵەی هاواری ئەم دەور و چاخ و زەمانەی، دلاوەر سەرمایە و سامانی هومێدێکی زیندوو بوو. ئەو دەم کە دلاوەر سەری کەوتە نێو سەران، سەرێک بوو باڵای گەلێک سەران. کتێب ئەما بەمێشکی ئەسپێری. بێ ئەوەی کەس دەستی بگرێ و ڕێی نیشان بدا، ڕێگای ڕزگاریی چینی بندەستی بەمێشک دۆزییەوە و خۆی دا بەم ڕێگایەدا و هات تێیدا بتوێتەوە. بەڵام دلاوەر لە ڕێگاکە دا نەتوایەوە و کەوت بەولادا؛ ئەو خۆی نەکەوت بەولادا، خستیان بەو لادا . پاشقول گرتن و گزی و چەوتییەکانی لێ دیتێ و وەک چرای ڕۆن لێبڕاو، لەپڕ کزی کرد و بەلای تاریکیدا کەوت. کە بەولاشدا کەوت و چاوی کردەوە، خۆی لە کۆمەڵگایەکدا بینی کە بناغە و بنگەهەکەی گزی و دزی، کێ بەرکێ و پێشەبڕکێ دانەوەیەک بوو بۆ مان و مانەوە. یان دەبوو وەخۆ کەوێ و بژی، یان قاچ ڕاکێشێ و بۆی بڕوا. بەر لەهەر شتێک دەگڕ کتێبەکانی کتێبدانی من ڕۆهات و بە کشەوە بە بای ئەمانی دان. لەپاشان ساختەچێتی، قاچاغ و قوچاغ، کەر بە گا فرۆشتن و...

ـ ئەوە جووتەی پیرەکان دەمێکی باشە باسی کێ دەکەن؟... نازانن باسی گورگ بکەن، گورگ لەپەناتانەوە هەڵدەقوڵێ؟...

ـ ئەی ئەی !... دلاوەر ئەوا تۆ لەماڵی؟ ئەوە کەی گەڕاویتەوە؟... ئەی من بۆچ ...

ـ ئەودەم کە تۆ لەحەوشەدا خەریکی جلک شۆردن بووی گەڕامەوە، ئەت زانی ... هاتمەوە تاوێکی چاوێکی گەرم کەم ، بەڵام کوا پرتە و بۆڵەکەت ڕێ بەچاوان دەدەن تاوێک بسرەون!... ئەی ئەی ... ئای باوکە ئەڕۆ!... ئەم گشتە پارەیە چییە وا لەبەر دەمتانایە؟ بەڵێ ... بەڵێ ... من خۆم دەمزانی کە سامانداران و پاشەکەوتێکی زۆرتان هەیە و لێمی دەشارنەوە. ڕۆژگارەکە هەر وایە. دایک و باوک دەگەڵ جگەرگۆشە ناڕاستن، پارەتان هەیە و لەمنتان وەچاوە!...

ـ وا نییە دلاوەر!... لەبارەی ئێمەدا ئاوا بیر مەکەوە کوڕم ... من بەم تەمەنەی کە تێیدام، کوا تازە دەتوانم درۆ بکەم، ئەویش دەگەڵ جگەر گۆشەکەی خۆم، تۆ تاک ئەستێرەی ئاسمانی من و ئامەی دایکتی... ئەم پارەیە، ئەمانەتی برادەرێکمانە کە لەو دیوەوە هاتووە، شەو دێتەوە و دەیبینی... ڕەنگە بەبیریشت مابێ، کاک بایزی شاری شنۆیە... هەر ئەو کاک بایزەی کە سێ ساڵ لە مەوبەر، لە کۆچە زۆرە ملێییەکەی کە پێیان کردین، پەنامان بۆ بردن و هەشت مانگان وەک گوڵ لەسەر دەستاندا ڕایانگرتین... هی ئەوە کوڕم... هی ئێمە نییە، ئەمانەتە...

ـ یاخوا بەخێر بێ کاک بایز!... وەڵڵاهی پێم خۆش بوو هات و جارێکی دیش چاومان پێی کەوتەوە... ئەی لەکوێ یە؟

ـ بۆ باوکتم گێڕاوەتەوە... چۆتە بازاڕ. کاک بایزیش دەزانێ سووتاوین، بەڵام بۆسۆمان لێ نایە ، هەر بۆیە بەس چاییەکی خواردەوە و وەدەرکەوت... هاتۆتە گەرمێن و خەریکی سات و سەودایە ...

ـ یاخوا بەخێر بێ... وەڵڵاهی بەدڵ پێم خۆشە بی بینم ، بەڵام بەداخەوە ئەمشەو لەماڵ نابم... سەفەرێکی دوو ڕۆژەم لەبەرە... دێمەوە و زیارەتی دەکەم... لەم دوو شەوەدا دەکرێ لە ژوورەکەی مندا بخەوێ...

ـ ژوورەکەی تۆ بۆ دلاوەر؟... ژووری میوانانمان دەست لێ نەداوە. کەل و پەلی پێویستی هەر لێیە و تەواوە!... ژووری تۆ بۆچی؟! من و کاک بایز لە ژووری میواناندا دەخەوین...

ـ ئێ باشە، من پێم وابوو ڕاخەر و پێخەفی تەواوی تێدا نییە، باشە... مەبارەکە... من چاییەک دەخۆمەوە و دەڕۆم، ها بگرە دایە ... ئەمەش پارە، ئەمە سەرف بکە. چی خۆشە و چی بەئارەزووی کاک بایزە، بۆی ساز بکە!... ئەکەی شەرمەزاری کاک بایزمان بکەی، دایە گیان!... کە گەڕاشمەوە، چی لەدەستم بێ بۆی دەکەم ...

ـ دلاوەر تۆ پارەی خۆت بۆخۆت سەرف کە باوکەکەم، کاک بایز بۆخواردن نایەتەوە ماڵ، ئەویش لە دەردی ئێمە بەخەبەرە ... پارەی خۆت هەڵگرە، دەرخەمی ئێمە مەبە باوکەکەی باوکم...

ـ باوکە بۆ دەستم دەگێڕیتەوە؟... ئەکا پارەی منت پێ پیس بێ! حەرام نییە باوکە!... حەڵاڵە ... بەرهەمی ئارەقی تەوێڵی خۆمە و دەست و باسکی خۆمی پێوە ماندوو بووە...

ـ حەرامی چی و حەڵاڵی چی ڕۆڵە؟... هەموو شتێک لێکدراوە، پاک و پیس هەر وەها لێکدراوە ، کەس نازانێ کامەی کامە...

ـ کۆمەڵگای بێ ئەرشیڤ هەر وایە باوکە! خەراپەکارێک کە خەراپەی کرد و لێی نەپرسرایەوە و هەروەک چاکەکار لەکۆمەڵگاکەدا ژیا، خەراپەکاری پەرە دەستێنێ... کێ کاتژمێرێک خوار سووڕاوە و کۆمەڵگاکە بە قەدرایە ئەو کاتژمێرەی سزا داوە، چاکەکار دیار دەبێ، دەنا ...

ـ وایە دلاوەر ... پارەکانت هەڵگرەوە!

ـ باشە باوە، لای ئێوەم خۆش!...

ـ سەر چاوان هاتی باوکەکەی باوکم، خێر بێ کارەکانت...

***

ـ ئەوە بۆ نەهاتەوە؟ ... بڵێی تازە بێتەوە؟

ـ چەندی شەوە ؟

ـ یەک لە دەستە لای داوە ... بەڵام هەتا دوو دادەنیشم، تۆ بڕۆ بخەوە ئامە...

ـ نازانم بۆ دەڵێی دڵم دەگوشن خێروڵڵا!... دڵم خەبەرێکی ناخۆشی پێیە...

ـ چ نییە ئامە! تۆ هەتا دلاوەر سەری سەفەری دەبێ و دوو شەوان نایەتەوە ماڵ، دڵت ئەم حاڵەی لێ بەسەر دێ... چ نییە ئامە، تۆ بڕۆ بخەوە. من هەتا دوو دادەنیشم. خۆت دەزانی دووش بخەوم، هەر وریا و لەسەر هەست دەخەوم...

ـ خۆزگە بەخۆت خێروڵڵا!... من لە گوێیەک گرانم، لەسەر ئەم لا ساغەم بخەوم، تۆپی قورسیشم لە بنەگوێ بترەقێنن، پەکێم پێ ناکەوێ، ئەرێ دەڵێم... دەڵێم...

- دەڵێی چی نامەگیان؟... بۆچ بێدەنگ بووی؟
- دەڵێم بۆچ دوای ڕۆیشتنەوەی کاک بایز، من و تۆش سەرێک لە دێ نەدەین و نەچینە سەردانی پیرە باب و برایانم؟...
- باشە مەنگور گیان!... دەچین، بەڵام چەڵێ برۆ بخەوە...

***

- چراکەیان هەر دەئایسێ، ئەوە بۆ ناخەون دلاوەر؟! نەکا هەر پارە بژمێرن...
- وا بزانم هەر خەریکی قسە و باسانن... باوکم هەر وا قسە پێخۆش و دەم هەراشە... کاک بایزیش دارا و باخەڵ پڕە و پیاوی دارا و دەوڵەمەند خەوی بۆ لا بێ، سەگی تێ بەردەدا...
- ئەرخەیانی... بایز شتۆیی ئەوەندەی پێیە شیاوی پیاو گوشتنی بێ؟...
- کەرە بۆخۆتم بەم دوو چاوە زیتانەوە بینیوە... باقەیەک هەر بەس دۆلارە حەیاتەکەیە... تمەن و دیناریش وەک کایە...
- بریا سەیارەکەمان نزیکتر هێنابایە!... کەمێک دوورە، جەندەکی کاک بایز ڕەنگە قورس بێ و گورج بۆمان ڕانەگوێزرێتە ئەو سەری کۆڵان.
- چەڵێ ڕاوەستە با بزانین... چەڵێ هێستا ئەسپت نەکڕیوە، تەویلە و ئاخوڕی بۆ هەڵدەبەستی... با جەندەکی سارد کەمەوە و پارە و دراوەکەی لە سەر مەیتەکەی بەش بکەین، هێنانی سەیارە ئاو خواردنەوەیە... ئەها... بەخوای چرا فووی پێدا کرا... سەعاتەکەت چەندە؟
- دووی ڕێکە!...
- چەڵێ ڕاوەستە!... دەبێ سەعاتێک ڕاوەستین هەتا خەیاڵیان لەسەر دەڕوەێ و دەکەونە باوەشی خەستە خەوێکی وا، کە ئاگایان لە پشت ملی خۆیان نەمێنێ...
- با بچینە حەوشە و لە پەنجەرە نزیک ببینەوە...
- نا! نەکەی! باوکم زۆر لەسەر هەستە...
- هەستە وەرە بزانم، باوکم لەسەر هەستە و ئاوا و ئەوتۆیە! وەڵاهی باوکی خوداش بێ هەستی لێدەبڕم... ئەدی ئەمەی لە بەر پشتوێنمان دایە کوزی خەرە؟!... گورج سەر و سەکوتت داپێچە... بەم جلک و بەرگە خاڵخاڵەوە هەر دەڵێی لەشکری ئیسلامی و هاتوویە شەڕی سەدام... کلیلەکەت دەرێنە و دەرگای حەوشە بکەرەوە... دەی خێراکە!
- بەتانەکانمان بیر چوون!...
- نەخێر بیرمان نەچوون... ئەوەتا لەپەناتن، دەرگاکە بکەرەوە من بەتانەکان دەێنم... هەر دەرگای ژووری میوانانیشمان کردەوە، یەک زەرب و یەکجێ، تۆ دەمی کاک بایز داخە و من دەست و قاچی باوکت دەبەستم...
- نابێ... نابێ کاک بایز لەسەر جێ و بانەکەی بگوژرێ... ئەوەندەی بۆمان بکرێ، بە بێ هەست و هەرا کاک بایز لەژوور دەر دەکێشین و لەدەر بیکوژین... بۆمان بلوێ باوکم هەر خەبەر ناکەینەوە...
- ئەی ئەگەر بۆمان نەکرا؟...
- با بزانین چ دەبێ.. دەی، یەک، دوو، سێ...
- دلاوەر!... دلاوەر!... هەتیو خۆ هەر بەس یەک کەس لەم ژوورەدا خەوتووە... ڕەنگ بێ باوکت لە پاڵ دایکت دابێ...
- ئەو باشتر... هەر کاک بایزە لە ژووری میواناندا خەوتووە. بەهەر دوومان سواری سەری دەبین و دەیخنکێنین... فیشەکی بۆچییە؟... بۆ فیشەکی لێ دەکار کەین؟... دەی خنکێنین و لە بەتانەکانییەوە دەیپێچین و لە مەزراکانی خوارەوەی شار فڕێی دەدەین، دایک و باوکم لەترسی خۆیان ناوێرن دەم بکەنەوە. دەم بکەنەوە پێی خۆیشیان دەگرێتەوە...
- دەی، من قرخەبڕی بکەم یان تۆ؟
- تۆ!
- نا، تۆ بیکە... من نان و نمەکێکیم خواردووە... دەترسم...
- هەی داوەشێی و هەڵاهەلا بی یاخوا... باشە من دەی خنکێنم، دەی... یەک، دوو، سێ...

***

- ئەرێ ئەو گشتە خەرتەل و داڵاشە بەسەر چی دا دەخولێنەوە مام بارام؟... سەیری ئەو ژێرە بکە، تەماشا تەماشا! لەو ژێرەوە ئاسمان ڕەش داگەڕاوە...
- دوێنێش هەر وا بوو... دوێنێش بەدرێژایی ڕۆژ هەر هاتن و چوون... هەر نیشتن و فڕین... پێتم وایە کەلاک کەوتووە...
- ئەرێ بۆ نەچین مام بارام... بۆ کەشفی نەکەین؟!
- خۆت تووشی کێشە مەکە قاسمەڕەش! دانیشە و خەریکی گیادروونەکەت بە...
- کەلاکی ئادەمزاد بێ، شەرع دەڵێ دەبێ هەڵگیرێتەوە... ئێمەش نەچین یەکێکی دی بەسەر دادەکەوێ. من بەقسەت ناکەم و دەچم...
- ڕاوەستە قاسمەڕەش، منیش دێم...
- بۆن دێ قاسم!
- بۆنی چییە مام بارام؟
- بۆنی کەلاکی ئادەمزادە.. من ئەم بۆنەم گەلێک دەگەڵ هەناسە بەدەم دا چووە...
- من ناوێرم بچمە سوێی... مام بارام... لە کەلاکی ئادەمزاد دەترسم...
- ئەدی قورمساغ بۆ کێچت دەکەوڵی کەوتبوو؟ وەڵاهی ئەیەی بیرازت دەکەم... وەرە دەی!
- ئەمگوت کەلاکی ئادەمزادە، سەیرکە... داڵاش و خەرتەل بەتانەکەیان دادڕیوە... دیارە گوژراوە و لێرە فڕێ دراوە، دەبێ بچین و خەبەر بدەین...

***

- کەی بۆی چوون؟
- هەر سەحاتێک بەر لەئێستا.
- چۆن بوو چوون بۆ لای؟
- دوو ڕۆژ بوو خەرتەل و داڵاشی هەموو دنیایە بەسەری دادەگەڕا.
- دەبوو هەر ئەو دەم خەبەرتان دابایە.
- قاسمەڕەش کێچی دەکەوڵی کەوتبوو... ئەو پەلەی کرد و منیش دەگەڵی چووم.
- ئێوەش بینیتان؟ دیناسن؟
- من دیتم، بەڵام قاسمەڕەش لە کەلاکی ئادەمزاد دەترسێ... من بینیم بەڵام نەیم ناسی... ئێوە دەیناسن؟
- بەڵێ... مامۆستایەکی پیری شارەکەمانە و ناوی مامۆستا خێروڵلایە... مامۆستا خێروڵلا لە ماڵەکەی خۆی دزراوە و لە دەر گوژراوە.

***

- دەک بەخێر نەیەی کاک بایز... دەک مل و ئەستۆ و پشتت پێکەوە بشکێ کاک بایز... ژنت بەدەستەم بێ کاک بایز... خەراپەکارت بەماڵم فێر کرد. بۆنی پارەی پیسی تۆ، خەرتەل و داڵاشی بەماڵ و خۆشیم شاد کرد کاک بایز... وەی کاک بایز... هەرچی کردی ئەوێ بزن مژانە کردیان لێمان... نا نا... کاک بایز چیمان بەسەرهاتووە و چیمان بەسەر دێ، بەشی هەرە کەمی وەباڵی ئەستۆی دوژمنە... کەسێک نەزانێ بۆ مردووی خۆی بگری، مردووەکەی گۆڕ بەگۆڕ دەچێ... وەی کاک بایز دەردی ئێمە چەند گران و چەند بەژانە... دەوەرە وەگەڕێ خێروڵلا... وەرە وەگەڕێ نامە مەنگورت دەسەر سەر گەڕێ... وەرە، وەگەڕێ... ■

* لائەدری (شاعیری عەرەب):
من بێزمانە خەون دیتوەکەم و خەڵک گوێکرن
من لە وتنی خەونەکە عاجز و خەڵک لە بیستنی

****

## لە لاپەڕەکانی سەر لێ شێواو

# بیری

ع. دیاکۆ

پڕ بە بالای ئاوێنەکە، بەو پەڕی نازەوە چاوی لە خۆی کرد، چاوێکیش لە خەڵکەکەی دەوروبەری. هەڵسەنگاندنێکی کچانە. بەخیلی پێ نابەن؟ بە نازەوە رووی لێ وەرگێران. چاوی لە ئاوێنەکە بریبەوە. بەدەستی راستی، وەک حەوت ساڵانەیەک پەرچەمی کە بۆ ڕازانەوە خستبوویە سەر چاوەکانی، لای دا و بە دەستی چەپی کراسە بووکێنەکەی هەڵکێشا وگوتی:

ـ بۆ چێتی؟

بەلام لاسار بوو، ئەم پەرچەمە موویە لاساریی دەکرد. ئەو هەمموو لادانەش بەوی نەدەکرا. ماندوو بوو. لە دەست ئەو زوڵمە گەورەیە هاواری بۆ بەربووک و ئاواڵەکانی وەتاغی بووکێنی برد. هەمموو بۆ یارمەتی چوون و ئەو پەرچەمە قەترانییەیان کە جگە لە جوانتر کردن هیچ نەخشێکی نەبوو، بە دەرزیلەیەک زیندانی کرد. ئاهێک بە ئاسوودەیی، ڕزگار بوون. سەری بۆ لای ئاوێنەکە وەرسووڕاندەوە. چاوی لە پەرچەمەکە کرد کە لە بن دەرزیلەکە هێندێک خۆی راکێشابوو. هات پێی پێبکەنێ. پێکەنینی نەهات. وە شک کەوت، ناکا بەو پەرچەمە جوانتر بم؟

دەستی بۆ پەرچەمی نێو چاوانی چوو، دەری هێناوە. دەرزیلەکەی بە قەڵسی فڕێدا. بەربووکەکەی بزەیەکی هاتێ. دەی ئاسێتەوە، ئەو هەمموو پەرۆشی و دڵنیگەرانییە، ئەوە هەوەڵێن بووک نییە کە دەبێتە بەربووکی. دەستێکی بە سەریدا هێنا، و گوتی:

ـ جوانی، تەواوی، ئاسوودە بە.

ئاسوودە بوو، لە سەر کورسییەکەی بەرانبەر بە ئاوێنەکە دانیشت. لە پەنجەرەڕا چاوێکی لە حەوشە کرد. جحێڵ وجوان، هەمموو کۆ ببوونەوە. جارجاریش جحێڵێک بە دزی بە بەرپەنجەرەکەی دیوی بووکێدا دەڕژێشت بەشکەم بە تیری چاوە راوێک! دونیایە.. لە قیسیان دەچێ. لە قیسیان چوو. جەرگتان خراپ بێ ڕاوچینە. لە کوێ بوون کاتێ ئەو خەزاڵە برسیی بوو؟ لە کوێ بوون کاتێ بۆ ئاوخواردنەوە دەهاتە سەر کانی؟ لە کوێ بوون کاتێ لە سەر کانی چاوی دەگێڕا لە ڕاوچی؟ بۆ بەتاڵ بوو دار وبەردی دەوری کانییەکە؟ لە کوێ دامەزرابوون بە هەڵە؟ لە کوێ بۆسەتان دانابۆوە؟ ئەو ڕاوچییە لە کوێڕا هات و لە دەست ئێوەی دەرهێنا. وەرن وەرن تەماشام بکەن، وەرن فیشەکدانەکەتان بەتاڵ بکەن. ئەو تیرانە باوێژن بە خەسار. ڕاوکراوم، ئەسیرم، بەلام بە ڕوحەمم، بە ڕوحەمە ئەو دڵەم، وەرن تەماشام بکەن، خۆ تێر کەن، ئەوە ڕەنگە ئاخرین جار بێ، ئەو خەزاڵە دەبیننەوە، ئەوە ڕەنگە ئاخرین جار بێ ئەو خەزاڵە شەقام و ماڵ ئاوەدان دەکاتەوە. شەرم مەکەن، هەرد و ئاسمانی ڕازاندووەتەوە، چ خودا هەڵدەگرێ ئێوە بێبەش بن. خودایە وەدەیبەخشێ. چ شەرمی ناوێ ڕاوکراوە. ڕاستە خەتاتان بوو، ڕاستە، بەلام دەتوانن بێن وتەماشای ئەو ڕاوکراوە بکەن. بە تەڵەوە بووە. بەلام ئێستا ڕاوچی نەهاتووە، ڕاوەکەی بە سەر شاندادا و بیباتەوە. بەڕێوەیە چما ئێستاش حیزە حیزتانە! وەرن ڕاوچینە وەرن، دامەزرێن لەوبەر پەنجەرەیە، فیشەکدانتان بەتاڵ کەن...

بزەیەکی هاتێ و هەستا پەنجەرەکەی کردەوە. جوانی و گوڵ وگوڵاو کە تائێستا لەو دیوەدا یەخسیر ببوون، بە یەکجار چوونە دەرێ. ئەو هەمموو سەرە گەڕانەوە. سەدان سینگ دەستیان کرد بە هەڵمژین، هەر چاو بوو رووی لە پەنجەرە دەکرد بۆ خواردن. تێریان کە، برسێن، شایی یە، با شاد بن، با تێر بن، چ خودا هەڵدەگرێ بە برسێتی بە جێیان بێڵێ.

کچێ واوەرە لەو بەر پەنجەرەیە، ئەلحان بە چاوان دەتخۆن، عە.. ی.. بیشە... بەربووک بوو هاواری کرد. چاوێکی لە بەربووکەکەی کرد و کوڵمەی بە بزەیەک پشکووت. لە بن لێوی گوتی: بەخیل...

گەڕایەوە، چووە پێش ئاوێنەکە، ڕوسەرییەکەی کە بە سەردادا و لە ئاوێنەکەدا جێگەی نەبۆوە، تووڕەبوو. دەستی بۆ ئاوێنەکە برد تەمبێی بکا و ڕاستی کاتەوە تا بە تەواوی لە ئاوێنەکەدا جێ بگرێ. ئاوێنەکە بە دڵی گرت، هەڵخلیسکا، بەربۆوە، شکا، لەت لەتبوو، نە یەک و نە دوو، هەزار لەت بوو.

هاوار وگرمە، بە سەر خۆدادان، شەڕی نینۆک وکوڵمە، داڕووشانی کوڵمە. کچێ ئەوە چت کرد. دەستم وێی کەوت.. نەمزانی.. دەنگی گیرا. ئاشت.. ئاشتی کەنەوە. چ بووە چ قەوماوە. دەستیان بە سەریدا هێنا. لە باوەشیان کرد. سرتەیێکی گوێ لێبوو. ماڵی خرابوو... ئای چەند خراپە ئاوێنەشکان... ئەوە بۆ وای کرد... هەر خەریکی خۆیەتی جەرگ خرابوو...

وردە شووشەیان خڕکردەوە. بەربووک بۆ دڵدانەوە لە باوەشی گرت. ئاوێنەیێکی دیکەی هێنا. هیچ نییە دادەگیان، گوێ مەدە ئەو بێ عەقڵانە. خۆ بە ئانقەست نەتشکاندووە. هەستە بچووە بەر ئەو ئاوێنە تازەیە. پێبکەنە بزانم، خەم ڕێمەدە بۆ دڵت. بەلام بە دڵی گرت، خەم بوو بە میوانی دڵی، جێی خۆش کرد، بوو بە گرێ. جێگای بە دڵی تەنگ کرد لە سینگی پاک و بێ گوناهیدا. دەستی دایکانەی بەربووک هێندێکی لاواندەوە، بەلام بە تەواوی دڵنیای نەکرد.

ئەوە کێیە مێردی پێدەکەم؟! تۆ بڵێی مێردێکی چاک بێت؟ بڵێی ژیانم لێ تاڵ نەبێ؟ ناکا تووشی خەسوو و خەزووری خراپ بم. ناکا ڕاست بکەن ئاوێنە شکان بەدبەختی بێنێ؟ خوایە ئەو ئاوێنە بۆ شکا... خۆ.. خەتای من...

دەنگی بوق و سیگناڵی ماشێن، هەراوهوریای خەڵک لە حەوشە و هەلاتنیان بۆ دەروازەی دەرێ، بیری لە خەیاڵی ناخۆش هێنا دەرێ.

زاوا هات ماڵخراپ ئەوە بۆ چوویە فکر وخەیالان؟ هەلاتە پێش ئاوێنە تازەکە، دەستی کردەوە بە ڕازانەوەی ڕازاوە، بەربووکیش چوو بۆ یارمەتی. بە هاتنی زاوا، هەرا وهەڵپەرکێ سەد ئەوەندە زیاتر بوو. شایی لە حەوشە گەڕا، شایی وشادی وەها زۆر بوو لە حەوشەکەدا جێی نەبۆوە. چوو بۆ شەقامەکان، چوو بۆ شار، شار بۆ کاتێک وەهەڵپەڕین کەوت، شاری چکۆڵەی خانێ، بوو بە خانی خانان، گەشابۆوە لە شاییدا، شایی بوو، ←

شار هەڵدەپەڕی...

چ بوو کاکە؟ کێ ئەو ستریێیەی کوژاندەوە؟ هەرا و گرمە بۆ بڕا؟ ئەو شەقامانە بۆ چۆڵ بوون؟ ئەو دار ودیوارەی هەڵدەپەڕین بۆ وا بێدەنگ بوون؟ زاوا بوو، هات و بردی و ڕۆیشت.

دایکی بێری لە سەر پلیکانەکان چۆکی لە باوەش گرتبوو و دانیشتبوو، بەخیلی بە بەربووک دەهات کە لە تەنیشت کچەکەی دانیشتووە. دەیزانی لە ڕێگای مهابادێن و ئەو شایی وشادییە هەموو دەبەنە ئەوێ.

زاوا لە نێو ماشێندا هەر جارناجارێک چاوی لە بووک دەکرد. وەک کڕیارێک دەچوو کە نەیدەزانی چی کڕیوە، لێی وەشک کەوتووە، زووزوو تەماشای دەکا، ناکا شتێکی خراپی کڕیبێ! چاوی کە بە چاوی بێری کەوت دڵی کەوتە تەپەتەپ. بەتاڵ بوو، ڕووخا، کەوتە بیرکردنەوە. دەکرێ دەست لەو شووشەیە دەی؟ ناشکێ؟ ئەو چاوانە، خوایە، پیاو تیریشی لێدەن هەر ئاوا کاری لێدەکا، هەر ئاوا دەچێتە لەشی ودڵی داگیر دەکا. دەبێ دڵنیا بی ناشکێ، بازرگانی چاکی؟ دەبێ لە جنسەکەت دڵنیا بی. دەبێ.. دەبێ دەستی لێدەی. دەستی لەسەر ڕانی هاتە خوار، چاوی لە دەستی بووکێ کرد. ئەویش دەستی لە سەر ڕانیدا نابوو، خوایە چەند لێک دوورن. دەتگوت ساڵێکە زەحمەت دەکێشێ وپێی ناگا. سوور هەڵگەڕابوو. وەک دزێک دەچوو کە جاری هەوەڵێتی دزی دەکا.

کاکە ئی خۆتە، خۆ دزی نییە ماڵخراپ. عارەقەی کرد، ڕووی لە پەنجەرەکە کرد نەکا بووک بیبینێ. چاوی لە ئاسمان کرد، هەور ئاسمانی داگرتبوو، خوایە بارانێک. ئای چەند خۆشە بوونەوە. ی کەوە هەور. گەرمایەتی، سووتا. شووشەی ماشێنەکەی داکێشا، با، ئای چەند خۆشە. ئاوڕی کە دایەوە دەستی لە نێو دەستی بووکدا بوو. دەستیان چوو بۆ نێو باوەشی یەکتر. هەر قامک بوو ئەوی دیکەی دەلاواندەوە. قامکەکان یەکتریان لە باوەش گرت، چاویان لە چاوی یەکتر بڕی. بە چاو یەکتریان لە باوەش گرت. تێر نەدەبوون. تێر نابن ئەو چاوانە. بریا ڕێگاکە هەر ئەوەندە درێژبووباوە، خۆزیا بەشەر دەسەڵاتی ئەوەی هەبا کاتی ڕاگرتبا، نەیهێشتبا بڕوا. بۆ کوێ دەڕۆی کات، لەوەی خۆشتر، کوا هەیە، کوا دەبێتەوە، کوا دەتوانی ئەو کاتانە بە دونیا بێنێ. با خواش بی، نابێتەوە، بریا نەڕۆیشتبا. بۆ ناتوانی ئەو کاتەی لە کات جیاکەیەوە، ڕایگری هەتا هەتایە ئی خۆت بێ، نەهێڵێ قەت تەواو بێ... تەواو بوو، گەیشتنە ماڵی زاوا...

کاوە مامۆستای پلەی ناوەندی بوو. کوڕێکی لەسەرەخۆ ولەوانەی پێیان دەڵێن مەتین. هەرچەند جەنگەی شۆڕش و شەڕ بوو، بەڵام کاوە خۆی لە هیچ وەرنەدابوو. لەگەڵ هیچ دەستە و ڕێکخراوێکی سیاسی نەبوو. بۆیەش لەو جەنگەیەدا بە فکری ژنهێنان کەوتبوو. کوڕێکی جوان وجحێڵ، وەختی ژنهێنانی بوو. کارت هەیە، پووڵت هەیە، خۆ شوکر کاریشت بە هیچ نەداوە، ئەی لە سەرچی ڕاوەستاوی ڕۆڵە، بۆ ژنێکی ناهێنی؟ لە سەر وەی ڕاوەستاوی ئەمن بمرم، دایکی پێیدەگوت. هەڵبەت بۆخۆشی زۆری پێ خۆش بوو، بۆیە بە دایکی گوتبوو باشە با بزانین چۆن دەبێت. هێندی پێنەچوو دایکی وپووری بێرییان بۆ دیتەوە. چوونە خوازبێنی. هەموو کاروبارەکە بە خۆشی چووە پێشێ. لە ماوەی نیشانەکردن تا گوازتنەوە زۆرجاران یەکتریان دیت و بوونە لەیلی ومەجنوون. کاوە بە هەموو بیانووییێک سەرێکی لە خانێ هەڵدێنا. وەهای لێهاتبوو شەوانە هەر بیری لێدەکردەوە. خودا خودای بوو ڕۆژی گوازتنەوە زوو بێت و بەیەک بگەن.. بەیەک گەیشتن، ئێستاش دەست لە دەستی یەکتر دەگەڕانەوە مهاباد.

مهاباد، دەگەڵ شەقامەکانی، مهاباد دەگەڵ جحێڵەکانی، مهاباد بە چاوی دارەکانی قەراخ شەقامەکانی، مهاباد بە چاوی جحێڵە چاو حیزەکانی، پێشوازی لێکردن. هەرچەند نیگەران بوو، نیگەران بوو بە عەقڵ، بەڵام دڵی شاد بوو، کوا؟ قەت نێوانیان خۆش نەبوو، عەقڵ ودڵ لە جێگاییێک ناحاوێنەوە.

ـ شەڕە، بۆ حاڵی نی.. ڕەشپۆشم، خەڵکەکەم منداڵی شەهید بووە، منداڵیان بۆ داوم، چۆن دەکرێ، بۆ وا بە خۆت وقاقای ماشێنانەوە بە سەرمدا دەڕۆی، دارەکانی بەر دەرگا ڕەشپۆشەکانت لێ وەسەما خستووم... عەقڵی مهاباد بوو دەیگوڕاند.

ـ پێیان خۆشە، پێم خۆشە، نایانبینی، چۆن دەکرێ لێکیان کەی. بۆ پێت خۆشە دونیا بە کەیفی تۆ بێ. با بە کەیفی من بێ. مەست بە وەک من، مەست بووم ئەمن، مەستیی، پێبکەنن ڕۆڵەکانم. پێبکەنن ماشێنەکان... دڵی مهاباد بوو هاواری دەکرد.

دوو سێ مانگ ژیانێکی زۆر خۆشیان پێکەوە بردەسەر. وێ دەچوو، ئاواتەکانیان وەدیهاتبێ. کاوە لە مەدرەسە کە دەگەڕاوە، بێری بەرەوپیری دەچوو، لە سەر سفرەی ڕازاوە دەگەڵی دادەنیشت و چاوی لە چاوی دەبڕی ودەتگوت ئەگەر چاوی لێ هەڵگرتبا هەڵدێ و لێی ون دەبێ. کاوە بەسەرهاتی ئەو ڕۆژەی بۆ دەگێڕایەوە، گوێی بۆ قسەکانی هەڵدەخست. هەر دووکیان چاویان لە کاتژمێر دەکرد. دەتگوت موسافیرن ولە سەر پاس ڕاوەستاون. باوەڕیان بە کاتژمێرەکەی خۆیان نەدەکرد، لە یەکتریان دەپرسی کاتژمێرچەندە و پاشان هەردووکیان پێدەکەنین. خەسوو و خەزووریش کاریان پێنەدابوون. جارجاریش ئەگەر خەسووەکەی ویستبای کارێکی بە بێری کردبا، باوکی کاوە لێی وەدەنگ دەهات ودەیگوت لێیان گەڕێ، چت لێ داون، هەستە وەرە لاچۆ لە لایان دامەنیشە. کاوەش هەموو جارێک چاوێکی بە سپاسەوەی لە باوکی دەکرد. بێری دەتگوت هەموو ئەو ڕۆژانەی بە خەون دیتبوو. بۆیەش بە کاوەی دەگوت: کاوە جار جار پێموایە ئەوە خەون دەبینم کەوا ئەمن و تۆ پێکەوەین. کاوەش لە باوەشی دەگرت ودەیگوت: ئەمنیش... دەنگی قاقایان بە زەحمەت دەگەیشتە بەر دەرگا، قاقای بە شەرم. نیگەرانی لە شەڕ، ئەگەر لەلای هەموو کەس نیگەرانییێکی گەورە با، لە لای ئەو جووتە نەیتوانیبوو مەترسییێک یاکوو خراپی خۆی بنوێنێ. شەڕێکی قورس وگەورە لە سەقز و سنەدا لە نێوان کورد و دەوڵەتدا هەبوو کە بەرەبەرە خۆی لە مهاباد نزیک دەکردەوە.

شەڕ گەیشتە مهاباد، شەڕێکی پیس وناعادڵانە. شەڕێک کە هیچ چوارچێوەییێکی نەبوو، شەڕێک کە چاوی نەبوو تا منداڵ وپێشمەرگە لێک کاتەوە. گوللەی دوژمن هیچ جیاوازییێکی مابەینی پیرەژن وپیرەپیاو دەگەڵ پێشمەرگە بە دی نەدەکرد، گوللەی خومپارە هیچ جیاوازییێکی لە نێوان ماڵ وسەنگەردا نەدەدیت.

خەڵک لە ژێرزەویەکان خزابوون. خاتوونی مەرگ جلی شایی وزەماوەندی دەبەر کردبوو. هیچکەس، هیچ گیان لەبەرێک بێبەری نەبوو لە شەڕ. باران، بارانی تۆپ وخومپارە، کوا؟ کام چەتر دەتوانێ بتپارێزێ. شەڕ دەکەی یا ناکەی. کەس ئەوەی پێ گرینگ نییە. لە مهابادی، لەوێ دەژی، دەبێ چاوەڕێ بی. چاوەڕێی هاتنە خواری توپێک، خومپارەییێک، لە دەستچوونی ئازیزێک، لە بەین چوونی هەموو ئەو ئاواتانەی لە دڵت دایە. لەتلەتبوونی خۆت، دەبێ چاوەڕێ بی. چاوەڕێی مەرگ. چاوەڕێ.. هەر ئێستا نا ←

ئێستا هەزار لەت دەبی، ئەو چاوەڕێییە ڕێ خۆش دەکا بۆ شێتبوون، شێت دەبی، شێتت دەکا، شێتی کرد، بێری شێت بوو...

تازەبووک، دەترسا ودەیقیژاند، هاواری دەکرد. جوێنی دەدا و تفی لە چارەنووسی خۆی دەکرد. خۆفێک لە دڵیدا بوو. دەگەڵ هەر تەقەیێک تەقەی شکاندنی ئاوێنەکەی بووکێنی لە بیردەهاتەوە. دەگەڵ هەر تەقەیێک هەزار لەت دەبوو.

بۆ باوەڕم نەکرد، بۆ باوەڕت نەکرد ماڵخراپ. پێیان نەگوتی ئاوێنەشکان غەزەبە، غەزەبت بەسەردا دەبارێ، ئەوە غەزەبە هاتووە. بە ئاوری خۆت ئەو خەڵکەشت سووتاند. کێ چاوی لێت بوو کاوە گیان، بەهاتنی خۆم دڵی کێم شکاند، کام چاو کاری لێکردووم. کام چاوە ئاگر لە ماڵم بەردەدا. دەزانم دەزانم هەزار لەت دەکرێم، خۆ ئاوێنەکە وای نواند باوەڕم پێنەکرد. سەری لە باوەشی کاوەی نابوو، دەیناڵاند. دڵدانەوەکانی کاوە کاری لێ نەدەکرد. کاوە بۆ خۆشی نیگەران بوو. نیگەرانی لە دەستدانی ئەو ژیانە خۆشەی هەیبوو. نیگەرانی هەموو ئەو ژیانەی کە بە هەزار زەحمەت پێکیهێنابوو، نیگەرانی بێری، پەرۆشی خۆشەویستەکەی کە لە بەرچاوی دەهات پەڕپەڕ دەبوو. پەڕپەڕ بوو، هەڵوەری، هەڵتەکا.

بەیانییێکی بێری بە دەنگی خومپارەیێک کە لە نزیک ماڵە وان کەوت، وەخەبەر هات. عارەقەی کردبوو. لەمێژبوو کەم دەنووست... خەونی ناخۆش ناخۆشی دەدیت. خەونی گوللە وخومپارە و ڕووخان. خۆی لە باوەشی کاوە هاویشت. کاوە دڵخۆشی دەداوە. توڕە بوو و گوتی: تەواو بوو تەواو، چ بووە، بۆ وا دەترسێی؟ هەموو لە ژێرزەوی داین، هەموو وەک تۆین، شەرمت بێ بۆ وا دەکەی، ماڵت لە خۆم و خۆت خرا کردووە.. شەرم کە...

بێری دەیگوت کاوە گیان توڕە مەبە، بەدەست خۆم نییە. لە هەر دەنگێک دەترسێم، پێموایە ئێستا نا ئێستا خومپارەیێکمان وێدەکەوێ. ئاخر ئەوە ژیانە. بۆ نایەی لەو شارە بڕۆین. وەرە با بڕۆینە شاری مە، هەر کە دونیا خۆش بۆوە دەگەڕێینەوە.

چۆن بڕۆین چۆن؟! بە نێو ئەو بارانە گوللەدا، هەستە.. چما باڵمان هەیە، چۆن ئازیزەکەم، پێتوایە پێم خۆش نییە.

لە باوەشی مێردەکەیدا هێندێک حەساوە. ماندوو ببوو لە ترسان، هەر کە تاوێک حەساوە لە خۆی پرسی؟ بۆ؟ بۆ دەبێ وا بترسی، چاو! ئەو منداڵانە بەو تەقە وهەرایە دەچنە دەرێ. ئەو خەڵکەی دیکەش هەروا کاروباری خۆیان دەکەن، ئەوانیش دەترسێن بەڵام وەک تۆ ناکەن. شەرم دایگرتبوو. بە خۆشی نەبوو، بیرکردنەوە لە ئاوێنەی شکاو تێکەڵ دەبوو دەگەڵ کەوتنی خومپارە وگوللەباران، لە بارانی گوللەدا بیری خۆش تەنیا دەتوانێ برینداربوون بێ، لەتلەتبوون بێ، خوێن بێ، جۆگەلەی خوێن، کوا خۆشە تازەبووک بی و لە هیچ کوێ نەتوانی کراسی بووکێنی بپارێزی لە سووربوون؟ دەهات ڕێ بۆ بیری ناخۆش سازکا کە کاوە هەڵی هەستاند و گوتی چایێکی بۆ خۆم و بۆ خۆت تێکە. ئەوە دەچمە سەرێ چت دەوێ با بۆتی بێنم. کاوە هەموو کارەکانی دەرەوەی دەکرد. پێی خۆش بوو کارێک بکا کە بێری هێندە بیر لە شەڕ نەکاتەوە.

لە ژێرزەویە گەورەکەیاندا، لە خەسوو و خەزوور ڕا بیگرە هەتا یەک دوو خزمیش هەمووی تێدابوو، کەس نەیدەوێرا لە سەرەوە بخەوێ، هەر کەسیش ئەگەر جێگای هەبا، دەروجیرانەکانیشی بانگ دەکرد، نەخوازا خزم و قەوم. ژێرزەویەکان سەنگەری خەڵکی بێ چەک بوون. بۆیەش ژێرزەویەکەیان پڕبوو. بەڵام بەو حاڵەش پەردەیێکیان بۆ کاوە لە قولینچکێکی کێشابوو. تازە زاوایە « بەشکەم هەلێکی وەگیر کەوێ» ، بابی لە هەوەڵین ڕۆژەکانی شەڕ بە پێکەنینەوە پێی گوتبوو.

ئەو شەوە بێری زوو چوو بۆ جێگاکەی وشەوباشی بە خەڵکەکە گوت. کەس کاری پێنەدابوو، دەیانزانی نەخۆشە. چاوێکیشی لە کاوە داگرت، یانی زوو وەرە. کاوە زانی وئەویش ئەو شەوە زوو چووە جێگاکەی.

مانگە شەو بە زۆر خۆی لە پەنجەرە چکۆڵەکەی ژێرزەوی کە نیوەشی بە تەلیسی خیزی گیرابوو، ڕاکردبوو و ڕاست کەوتبووە سەر سینگی کاوە. بێری کە دەستی کردبووە سەرینی سەری تا چاوی لە کاوە بێ، کە دیتی، بە خیلی بەمانگ هات وسەری لە سەر سینگی کاوە دانا، مانگە شەو بزەیێکی هاتێ وخۆی لە نێو پرچی ئاوەڵە و بڵاوەکەی ڕا کرد و هەزار ئەوەندەی جوانتر کرد لە بەرچاوی کاوە . ئەویش ئەو کوڕە چاکە.. بە شاهیدی هەموو کەس دەگەڵ مانگ دەستیان بە کایەکردن دەگەڵ زولفی کرد. پەنجەی ئاوەڵە دەکردەوە تاکوو تاکە تاکە بیانلاوێنێتەوە، دەستی بە درێژایی پرچی هەڵدێنا و دواییش بەریدەدا هەتا دەگەڵ پرشنگی مانگ هاتنەخوارەوەکەی تەماشا بکا. سەمای زولف و مانگ، ڕێگایان بە مۆسیقای بێ وەزن و ناخۆشی دەرەوە نەدەدا کە گوێی بێری ئازاردەن. خەڵکی نووستووی ئەو بەری پەردە ئاگایان لە ڕووناکایی ئەو بەر نەبوو و بەمۆسیقای گوللە کە قامکی ئینسانکوژ لە ترسان بۆ ساتێکیش نەیان دەبڕییەوە لە خەوێکی ناخۆش دا بوون. سەنگەری بەر پەنجەرەکە جێی بە مانگ تەنگ کردبوو، پێی خۆش نەبوو بڕوا، بەڵام چاری نەبوو، چەرخی گەردوونی پێ ڕانەدەوەستا. داکشا و لە دەم وچاویان کەوت، وێدەچوو بۆ جاری ئاخر تەماشایان دەکا. ماچی کردن و وێڕای ماڵئاوایی هەر بەو زەحمەتەی هاتبووە ژوورێ ئاواش چووە دەرێ.

کاوە هەر وا خەریکی لاواندنەوەی بوو. وەک کێشکچییێک کە خاتوونی خەیاڵی ئاگاداری دەکا و ئامادەی هەر گیان فیداییکە، ئامادە بوو. کچێ بۆ جوابی چاکەی ئەو کێشکچییە نادەیەوە.. سەری هەڵێنا، چاوی لە چاوی کرد و بە بزەییێک ماندوویی لە گیان بردەدەرێ. دەستی فەرمانی یارمەتی بۆ هات. فەرمانبەرداربوو، دەستی بەکردنەوەی دوگمەکانی کرد، سینگی بە ماچان دەشێلا، بڕیاری دا تۆڵە بکاتەوە، بیحەسێنێتەوە، دڵنیای بکا کە خاتوون ئاسوودەیە. ئاسوودەبە کێشکچی ئاسوودە! دەستی بە مژینی لێوی کرد، توونی بوو، دەستی بە مژتن کرد. شەو و شەڕاب، شەڕاب و پیاڵە، پیاڵەیێک لە لەش، بخۆوە خاتوون! کانی، هەڵدەقوڵێ، هەڵقوڵی، گەرمایەتی خاتوون، وەمەلە کەوت، شەپۆلی توند، لە باوەشی گرت. لێک گرێدران. فێنک بوونەوە، هاتنەوە ساحل، ماندووبوون، کێشکچی جێگای بۆ خاتوون لە سەر سینگی ساز کرد. تەڕ بوو لێفەکەی پێدادا تا سەرمای نەبێ...

ئەو شەوی هەردووکیان بە ئاسوودەیی نووستن. بێری خەونی دەدیت، خەونی تەواوبوونی شەڕ، خەونی دەدیت کە وەک جاران، وەک کاتێکی نە زۆر دوور.. نانی ساز کردووە و لە سەر کاوە ڕاوەستاوە تا لە قوتابخانە بێتەوە. لە دەرگا دەدەن، هەڵدێ خۆی دەچێ دەرگا بکاتەوە. دەرگای دەکاتەوە.. کاوە، چاو لەولای دەکا، کەس دیار نییە، ماچێکی دەکا، دەستی دەگرێ دەیباتە ژوورێ. لە سەر سفرەی دادەنیشن، چاوی لە چاوی دەبڕێ. دەڵێی هەڵدێ، کاوەش چاوێکی ←

لێ دەکا. بزەیێکی دێ، هەڵدەستێ بچێتە لای دانیشێ. هەر لەو کاتەشدا دەنگێکی گەورە دێ، دەنگی تەقینەوەی خومپارەیێک کە لە تەنیشت ماڵە ئەوان کەوتبوو. کاوە هەڵدەستێ، تەماشای بێری دەکا کە دەبینێ هەڵناستێ دەڵێ خودا شوکر. ناجووڵێتەوە ئەکا هەستێ. بێری ڕادەچەنێ، بەڵام خەونە خۆشەکەی ڕایدەگرێ و ناهێڵێ هەستێ. دەنگی تەقینەوەکە لە مێشکیدا دەگەڕێ، خەونەکەی لێ دەگۆڕێ. لە ماڵێیە، نارەحەتە، شەڕە، کاوە لە قوتابخانە نەهاتووەتەوە، چاوەڕێی کاوەیە، کە لە دەرگا دەدەن، بە خۆشییەوە هاواری کرد ئەوە کاوەیە، چوو بۆ لای درگا، قیژاندی.. دەرگا بە تەقینەوەی تۆپ کراوە، ئاوێنەیێکی زەلام لە پشت دەرگاکە بوو، کاوەشی تێدابوو، خومپارەیێک لە پشت ئاوێنەکە کەوت، هەزار لەت بوو، لە هەر لەتێکدا کاوەی بە لەتلەتکراوی تێدابوو، دەستی بۆ لای بێری ڕادەکێشا. بێری هەڵدەهات و هاواری کاوەی دەکرد، دەیگوت وەرەدەرێ کاوە وەرەدەر، ئەو ئاوێنەیە دوژمنە دوژمن، بۆ چوویە نێو وی ماڵخراپ! کاوەی لەتلەتبوو لە نێو ئاوێنەی لەتلەتکراو، وەدووی دەکەوتن، ئەویش هەڵدەهات و دەیقیژاند. هەر گوللەی خومپارە بوو کە لەمبەر ولەوبەری دەکەوت.

کاوە بە جوولانەوە و هەراهەراکەی، لە خەو وەخەبەر هاتبوو و زانیبووی خەون دەبینێ. هەڵیستاند و لە باوەشی گرت، گوتی تەواوبوو تەواو، تەقی و تەواو بوو، وە ئێمە نەکەوتووە خۆ.. دەتگوت دەزانێ خەونی چی دەبینێ. بێری ئێستا بە تەواوی لە خەونەکەی نەپچڕابوو، لە خەوەکەی پچڕا، سەری هەڵێنا چاوی بە کاوە کەوت. قیژاندی، لێی کشاوە، پێی سەیر بوو، چاوی لەملاو لەولاکرد، هەموو شتێک وەک خۆی بوو، باوەڕی نەکرد، بۆی گران بوو، باوەڕ بەو ڕاستییە بکا. باوەڕی پێنەکرد. لێی پچڕا، لەو ڕاستییە پچڕا. پێکەنی، قاقا پێکەنی، خەونەکەی زۆرتر پێ ڕاست بوو، بەو درۆ خۆشە پێکەنی، کاوە؟!

پێدەکەنی، لە خۆڕا پێدەکەنی، ئەوجار نەدەترسا. لێیان گەڕابا دەچووە شەقامەکان، هیچی پێ ڕاست نەبوو، لە جەنگەی شەڕ وگرمەدا ڕای دەکردەدەرێ. دەستیان دەگرت ونەیان دەهێشت. تووڕە دەبوو، دەیقیژاند. بەسەر خەسوو و خەزووریشیدا دەیگوڕاند، شتێک کە تائێستا قەت لە ڕووی هەڵنەدەهات بیکا. بەجارێک گۆڕابوو، بەسەر کاوەدا دەیگوڕاند، قسەی ناحەزناحەزی دەکرد، بۆ خۆشی قاقا پێدەکەنی، پێی سەیر بوو ئەو خەڵکە بۆ پێناکەنن! بۆ پێناکەنن ئەو خەڵکە؟! لە تەقە وهەرا دەترسن، بە تەقە و هەراش پێبکەنن. ئەو پێی پێدەکەنێ. ئێوەش پێبکەنن، بۆ دەترسن. ڕۆژێک خەسووی پێیگوت ڕۆڵە خەڵک شەهیدی داوە، چۆن پێبکەنم؟ بێرییش گوتبووی: ئەی پیرێژن تۆ، تۆ خۆت شەهیدت نەداوە، کوڕت لەت لەت بوو لەبیرت چووەتەوە. خەسووشی بە سەریدا گوڕاندبوو و گوتبووی: زمانت لاڵ بێ شێتە! کاوە وەجواب هاتبوو و بە سەر دایکیدا گوڕاندبووی و گوتبووی: توخوا چۆن دڵت دێ وای پێدەڵێی. چت لێداوە دمی دە دمی دەنێی. جارێکیش دانیشتبوو، بۆ باوکی کاوەی دەگێڕاوە کە شەوانە دەگەڵ کاوە چ دەکەن وقاقا پێکەنیبوو کە خەسووی دیسان وەدەنگ هاتبوو و لێی تووڕە ببوو و پێی گوتبوو: شێت. کاوەش گوتبووی جارێکی دیکە وای پێ بڵێی سەری خۆم هەڵدەگرم و لەوماڵە دەڕۆم. لەوکاتەوە کەس نەیوێرا قسەی ناحەز بە بێری بڵێ.

ــ کوا ئەوە ژیانە بابە؟! ژنت ئاوای لێبێ. خەڵک پێت پێبکەنێ، ماڵت لێ خراپ بێ، وەڵلاهی ئەمنیش جارجار لە سەرم دەدا، هەستم وەک ئەو خەڵکە چەک هەڵگرم و وەشاخان کەوم.

ــ سەبرت بێ ڕۆڵە کار نییە خوا چاکی نەکا.

ـ تاکەی بابە تاکەی.

ــ خوایە زۆر شوکر!

ــ شوکر بۆچی بابە، بۆ ئەو ژیانە، بۆ ماڵی خراوبوو، بۆچی بابە، چمان کردووە، زوڵممان لە کێ کردووە، بە خوداش قەرزدار نین تا چ دەگا بە بەندەکەی.

ــ ڕۆڵە کفران مەکە، کەممان بەسەر نەهاتووە.

کفری دەکرد، ژیانێکی خۆشی هەبوو کە لێی هەڵتەکابوو، تۆپێکی وە نێوە ڕاستی ژیانی کەوتبوو، هیچ ڕێگایەکیشی بۆ چاککردنەوەی نەدەدیتەوە. جارجار بە جنێودان خۆی سووک دەکرد، بەکفرکردن، جنێوی بەو کەسەی دەدا کە تۆپ وخومپارەی درووست کردووە، بەو کەسەی دەیانهاوێ، بەو کەسەی شەڕی ساز کردووە. جنێوی بە پاسداران دەدا کە دەگەڵ خەڵکەکە بە شەڕ دەهاتن، ئەحلەتی بۆ پێشمەرگان دەنارد کە لە شاری ناچنە دەر. بە خودا.. کە ئەو هەموو زوڵمەی دەدیت وهیچی نەدەکرد.

کاوە کەوتە بیری چارە ودەرمانی بێری. هەموو دوکتوری شاری برد. هیچ چارەیێکیان نەدەدیت. حەبی خەوهێنەر، بێحاڵ و گێژیان کردبوو. هەر کەسەش شتێکی دەگوت. پیرێژنان دەیانگوت بیباتە سەر پیرمحەمەدی بوغدەداغی، یان سەیدی زەمبیلی، یان پیر و پیاوچاکان، بەشکەم نوشتوویێکی چاکی بۆ بنووسن. کاوە بۆ خۆی باوەڕی بە شتی وا نەبوو. دەیویست بە جۆرێکی بیگەیێنێتە دوکتورەکانی تەورێز و تاران. دوکتورێکی ئاشنای پێیگوتبوو کە تەنیا کات دەتوانێ ئەوجۆرە نەخۆشییانە دەرمان کا. شەڕ کە تەواو بێ زۆر زوو چاک دەبێتەوە. پێشی گوتبوو زۆری دەگەڵ مەڵێن، تا وردە وردە بۆ خۆی لێی حاڵی بێ ئەو خەون وخەیاڵانەی دیکا، ڕاست نییە و تەنانەت درۆشن. خواردنی باشی بدەنێ با لاواز نەبێ. دمەچەقەشی دەگەڵ مەکەن و وەک ئینسانی ساغ دەگەڵی هەستن و دانیشن. بەڵام کاوە سەرەڕای باوەڕ بە قسەکانی ئەو دوکتورە بۆ دڵنیابوون دەیویست بیباتە تاران و تەورێزیش، بە کوێدا؟ ئەوەی نەدەزانی.

کاوە بۆ خۆی زۆری دەگەڵ خەریک بوو، نەیدەهێشت زۆر فکر لە تەقە و هەرا بکاتەوە. جاری وابوو بێری وا بە سەیری تەماشای دەکرد کە کاوە وەشک دەکەوت، بەڵام ورەوردە بێری باوەڕی بە کاوە و دەوروبەری زیاتر دەبوو. کاوە پێی سەیر بوو کە ئەو ژنە بۆ کاتێک بەرەو چاکی دەڕوا، بە تەقە وهەرا تێکدەچێ، دوای هێندێک تەقە نەتەنیا ناترسێ بەڵکوو پێشی خۆشە! کاوە هیچی پێ دەگەڵ تەقە و شەڕ نەدەکرا. زۆرجار خەونی بەو ژیانە خۆشە کورتەوە دەدیت کە دەگەڵ بێری هەیبوو، هەر دەگەڵ ئەو ژنەی کەوا دەهات لە بن دەستی پەڕپەڕ دەبوو. ئای بێدەسەڵاتی...

بێری لە نێو دوو دونیادا دەژیا، ببووە دوو کەس، لەت ببوو، دونیایێک کە هەر ئی خۆی بوو، بە تەنیا دەگەڵ خومپارە و ئاوێنە و کاوەی لەتلەتکراو، کە لە پشت دەرگا ڕاوەستاوە. دونیایێکیش وەک ئەوانی تر.. هەموو کەسی تێدا بوو، هەموو باوەڕیان پێدەکرد. کاوەشی تێدا بوو. شتێک کە یارمەتی دەدا بۆ قەبوڵاندنی، خومپارەی تێدا نەبوو. تۆپی تێدا نەبوو. بەڵام دەنگی تۆپ وخومپارە هەردووک دونیای پێکەوە دەنووساند و دەیبردەوە دونیاکەی خۆی، کاوەی لێدەکردە خەون وخەیاڵ.

وردەوردە دونیای کاوە ــ کاوەیێک کە بە ڕاستی دەستی بەسەریدا دێنێ، لە باوەشی دەکا، ←

به خۆیەوە دەگوشێ، ماچی دەکا، لە لایەتی و بە جێی ناهێڵێ ـ بەسەر دونیاکەی دیکەیدا زاڵ دەبوو، زۆرتر لەو دونیایەدا دەماوە. بەتایبەت ئەگەر شەر نەبا زۆر کەمتر دەچۆوە وێ.

وەختایەک بەرەو چاکی دەڕۆیی، دەیزانی کە ئەوانی تر جۆرێکی دیکەی تەماشا دەکەن و دەیدوێنن.. پیان شێتم؟! بۆ؟ چم کردووە؟! تەنانەت یەک شتێشی لە هەستان و دانیشتن و قسەکردن لەوکاتەی کە ئەوان پیان دەگوت شێت، وەبیر نەدەهاتەوە...

بێری بەرەو چاک بوونەوە دەڕۆیشت، شار هێندێک ئارام ببووەوە، پێشمەرگەکان چووبوونە دەرێ تا پێش بە قەتڵ وعامی خەڵک بگرن. کاوە بڕیاری دا بێری پێشانی دوکتورەکانی تاران و تەورێزیش بدا، ڕەنگە هەڵی وای بۆ هەڵنەکەوێتەوە. هەرچەند پیانگوت ڕێ خۆش نییە و سەد جارتان دێننەخوار و ئەوهەموو سەر و خوارەش بەو ژنە ناکرێ، نەچووە دە گوێی. باوکی پێیگوت:

ـ ڕۆڵە، خوام هێنایە تکایە، مەڕۆ خەڵکی هەر لە خۆڕا دەگرن، خۆ تووشی شتێکی بی، شێت دەبم. ئەو ژنە بەدبەختەش هەر تۆی هەیە، ئەوا شوکر خەریکە چاک دەبێتەوە. پەلەی مەکە، هێندێکی دیکە دونیا ئارام بێوە بڕۆ، بۆ کوێی دەبەی ببەیە، بۆ خۆم دەگەڵت دێم...

ـ هاتوو شەڕەکە توند بێوە، هاتوو پێشمەرگە هاتنەوە، هاتوو خومپارەمان بەسەردا باریەوە، دوایی چ بکەم؟! هەر بە سەری خۆم دابێدەم و بڵێم بۆ نەمبردە سەر دوکتور؟! هاتوو یەکجاری لە سەری دا، قوڕی کوێ وەسەرم بکەم، هاوار بۆ کێ بەرم، نا بابە سبەینێ دەڕۆم. هەر جۆرێک بێ دەیگەیێنمە سەر دوکتوری پسیکۆلۆژ.

بیانی زوو سواری ماشێن بوون، پەیکانێکی سپی وەک ماشێنەکەی بووکێنی. زۆریان پێخۆش بوو، تەواو گەشانەوە، لە پشتەوە دانیشتبوون، دەستیان لە دەستی یەکتر نابوو. کە ماشێنەکە وەڕێکەوت، بێری چاوی بە ئاوێنەکەی ژووری ماشێنەکە کەوت، هەر خۆی تێدا بینی، نیگەران بوو، چاوێکی لە کاوە کرد. کاوە بزەیێکی هاتێ.. ڕۆژی هەوەڵی وەبیر هاتبۆوە و پێی وابوو بێرییش هەر وەها.. بێری خەونەکەی وەبیردەهاتەوە.

ـ ئاوێنەکە بۆ هەر ئەمنی تێدایە کاوە؟!

ـ چونکە ئەمن لەوبەری دانیشتووم.

باوەڕی نەدەکرد، دەستی ڕاکێشا تا لە نێو ئاوێنەکەدا ببینێ، ڕەنگی گۆڕابوو. هەر لەو کاتەش پاسداران ماشێنەکەیان بۆ پشکنین ڕاگرت. بێری هەروا خەریکی تەماشای ئاوێنەکەبوو تا کاوەی تێدا ببینێ. کە ئاوڕی داوە کاوە لەوێ نەمابوو. پاسدارەکان کاوەیان هێنابووە خوارێ. بێری قیژاندی وهاواری کاوەی کرد. کاوە کە خەریک بوو بە پاسدارەکان بڵێ کێیە و بۆ کوێ دەچێ، بە دەنگی قیژەی بێری بۆ لای ماشێنەکە هەڵات. پاسدارەکان دەستیان گرت و بە ڕاکێش ڕاکێش لە ماشێنەکەی خۆیان ڕاکرد و بردیان.

شۆفیری ماشێنەکە، لە حاڵێکدا کە بێری دەیقیژاند وهاواری دەکرد، لەگەڵ خۆی بردیەوە ماڵێ. دایکو باوکی کاوە کە دیتیان، بێ پرسین زانیان چ بووە و چ قەوماوە.

قەومان، مان، مانەوە لە کاتی قەوماندا، کوا مانە؟!

بووکەکەتان هاتەوە، بچنە پێشوازی.

کوا؟

زاوا؟!

زاوا کوا؟!

ها؟

چۆنە بێدەنگی مهاباد؟!

هەر تۆ نەبووی لە بەر پێی ئەو بووکە، شەقام و دار و دیوارت وەسەما خستبوو.. بۆ سەما ناکەی؟ بۆ دەستی خەسوو و خەزوورانی ناگری و هەڵپەڕی؟

پێی هەڵپەڕینیان نییە دەزانم، هەڵیان تەکاندوون دەزانم، ناتوانن بگرین دەزانم.. مێشکی مهاباد بوو بە سەر دڵیدا دەیگوراند.

فێربە.. تورە بی کاکە، فێربە.. لێقەومان لەبیر نەکەی، لەبیربوونت لەبیرنەچێ..

بێری لە دیوەکەی خۆی خزابوو، دەینالاند، کەس نەبوو نازی بکێشێ، بێناز مابووە بەستزمان! برینی خۆیان گەورەتر لەوەبوو کە بۆ برینی وی چارەیێک ببیننەوە. برین! دڵی بریندار، بۆ ئەگەر بریندار بووی چارەت نییە؟

دایکی کاوە بێهۆش بوو. لە نێوەڕاستی حەوشەدا، ئاسوودە، باشتر، کاتێ نە چاو فرمێسکی ماوە و نەدڵ تاقەتی ماوە، نە ژیان لەزەتی ماوە، وەخەبەر بوون بۆ چی؟! مێشک فەرمانی خەوتن دەدا، بۆ خۆشی لەکار دەکەوێ.

باوکی پاڵی بە دیوارەوە دابوو، دڵی بەتاڵ ببوو، بۆ چارەڕەشی وەخەبەر بوو، ئای پیاو، بۆ؟ بۆ هێندە بێ تاقەتی؟ بۆ ناشکێی؟ ماڵخراپ لەوەی زیاتر؟ دەهات بێ هۆش بێ، دەهات مێشکی بەتاڵ بێ، دەنگی کاوەی گوێ لێبوو کە گوتی: بابە بێری!

ئای دڵ، دڵی عاشق! بۆ دەست هەڵناگری؟ چت لەو کابرا پیرە داوە، بۆ خۆی کون کون لە یەکێک دەگەڕی بیحاوێنێتەوە، کوا خەڵکی پێ دەحاوێتەوە.

بێری دوای قیژە و هەرا و گریانێکی زۆر خەوی لێکەوتبوو، ئەو شانسەی نەبوو بێهۆش بێ، خەوی لێکەوتبوو. جحێڵە تاقەتی هەیە با بیکێشێ! کوردە با بیکێشێ! زۆری ماوە ئەو کوردە، برینی وا چ نییە!

بێری خەوی لێکەوتبوو، خەونی دەدیت، لە خەونیدا دانیشتبوو، کاوە لەتلەتکراوەکەی خڕەکردەوە، کە ساخی کردەوە، دەستی گرت دەگەڵی بڕوا، پاسدارێک هات و لە دەستی ئەستاند، بێری دەیقیژاند و دەیکێشا، پاسدارەکەش هەروا.

باوکی کاوە قیژەکەی گوێ لێبوو، بە چواردەست و پێ خۆی گەیاندە دیوەکەی. ڕایوەشاند. بێری چاوی هەڵێنا وخەزووری دیت و گوتی: پیاوی چاک بە! تۆ ئەو خودایە مەهێڵە بیبەن، بردیان، بۆ باوەڕ ناکەن؟! لەتلەتی دەکەن، لەت لەتە ئەو بەستزمانە!

ـ بەستزمانە، بەستزمانە دەزانم کچم، باوەڕت پێدەکەم کچم، ئەوجار باوەڕت پێدەکەم، لەتلەت کراوە دەزانم، لەتلەتی دەکەن دەزانم.. سەری بێری لە سەر کۆشی خۆی دانا، دەستی وەک منداڵێک بە سەریدا دێنا، دەینالاند و دەیگوت: ناهێڵم ڕۆڵە، بنوو ڕۆڵە، بنوو خۆشەویستەکەم بنوو، دەسەرێکی دەخەمەوە بنوو، وەستای چاکی دەوێ ڕۆڵە، کوا وەستای چاک؟ سەدساڵە لێی دەگەڕێم، نییە ڕۆڵە، چینیی دڵت شکاوە ڕۆڵە، وەستای چاکی دەوێ ڕۆڵە، وەستای دەوێ باوەڕت پێبکا ڕۆڵە، باوەڕ بەو لەتلەتکراوەت بکا ڕۆڵە، ئاوێنەی دڵە ڕۆڵە، وەستات بۆ دێنم ڕۆڵە، جیازی دڵت شکاوە ڕۆڵە، لەتلەت کراوە ڕۆڵە، پێویستیت بە وەستایە ڕۆڵە.. چاوی لە حەوا بڕی وگوتی:

ـ خۆت مەشارەوە، وەرە خوارێ با بێری سەر لە سەر ڕانی تۆ دانێ! وەرە با کوڕت بگیرێ و دەردی لەتلەت بوون بزانی! بۆ خۆت شاردووەتەوە، خوا نی مەگەر؟! شای شایان نی مەگەر؟! ڕەحمان ورەحیم نی مەگەر؟! بۆ نایلنوێنی؟! بۆ خودایەتی خۆت نانوێنی؟! وەستای نەگەر.. ئەو دڵە لەتلەتە دەسەرێکخەوە...

←

دوای ئەو ڕۆژە باوکی کاوە وەدووی کوڕەکەی کـــەوت، ســـەری لە زیندانـان دا، پەنای بۆ بەرپەرسیاران برد، چووە قوم و تاران، بەڵام تەنیا هەر ئەو جوابەی وەردەگرت: دەزانین کوڕەکەت بێگوناهە و لە هیچ دەســـتــە و گـــروپێکی دا نەبووە، بە زووترین کات بەردەدرێ.

بێـــری ڕۆژ بە ڕۆژ خـــراپتـــر دەبوو، هەرچەند خـەســـوو و خـەزووری بە تەواوی ئاگـــاداریـیـــان لێدەکرد. کاوەش هەتا ئێســـتا شـەش مـانگی تەواوبوو کە لە زینداندا بوو، هیچ وێش نەدەچوو کـە بەو زووانە بەردرێ. بەڵام هەمـــوو ڕۆژێ بە باوکی کـــاوەیان دەگـــوت کـــە ئەورۆ نا ئەورۆ بەردەدرێ. هەتا...

مهاباد هەوەڵین کەس بوو خەبەرەکەی بیست، گـوێی لە تەقـەی گـوللە بوو و بۆنی خـوێنی بۆ هات. کاتێ کوندەکان لە سەر دیوارە ڕووخاوەکان لە قـاقـای پێکەنینیـان دا، زانی کە چوار کەسی دیکە لە ڕۆڵەکانی تیرەباران کراون.

کێ دەتوانێ ئەو خـــەبەرە بەرێ بۆ بێـــری، بۆ دایک و باوکی. «نانا.. من ناتوانم» مهاباد بوو هاواری دەکرد. کوندەکان بە پێکەنینەوە گوتیان ئێمە دەتوانین زۆریشمان پێ خۆشە!!

خوایە کێ دەتوانێ باسی ئەو لەخۆدان و بڕین و قـوڕبەسـەرداکـردنە بکا.. باسی باوکی کاوە بکا کاتێ خەبەرەکەی بیست. باسی دایکی... باسی دەر وخزم وجیرانان. کاوە ئیعدام کرا... هەروا سـووک وهاسـان نیـیـە، کـاوە کـە بە بارتەقـای عومری خـۆی کەس دڵی لێی نەئێشاوە، هەموو دڵێک خۆشی ویستووە.

ـ نا؟!

ـ چۆن؟

ـ نەتبیستووە؟

ـ کـوڕە بابە خـۆ قـەت لە هیچ دانەبوو! چۆن شتی وا دەبێ؟

ـ با وابوو. بەڵام...

ـ بەڵامی ناوێ...

زەماوەندێتی...

دایکی دەســرۆکـەیێکی ســووری لە سندوقی جیـازەکەی خـۆی دەرهێنابوو، دەستی خـەڵکی دەگرت وهەڵدەپەڕی. خەڵک دستیان لە دەستی دەردێـنـا و هـەڵـدەهـاتـن لـەبـەری. ئـەویـش بـە سـەریاندا دەیقـیـژاند: مـاڵخراپینە شـایی یە.. شـایی کـاوەیە.. خـۆی بە بێـری دادا تا لەگـەڵی هەڵـپـەڕێ، لە دەســتـیـان دەرهێنا. چوو دەســتی باوکی کاوەی گرت و گوتی هەستە پیرە هەستە، هەستە دەستم بگرە...

باوکی چاوێکی لـێکرد. دوایە هـۆڕ هۆڕ بە دەنگێکی پیـاوانە گـریا. هەسـتـا دەگـەڵ برا و پیاوی دەروجیران دەستیان هاویشتە سەر شانی یەکتر، گریان و قوڕپێوان دەستی پێکرد.

من ناتوانم لەوە زیاتر باسی ئەو کـارەسـاتە بکەم. ئەمنیش بەشەرم. لەوە زیاتر ناتوانم باسی ئەو لێقەوماوانە بکەم. ناکرێ نا.. دەبێ باوکی کـاوە بی تا هیچ لەو خـەسارەتە لەبیـر نەکـەی! دەبی دایکی کاوە بی تا بزانی لە دەستدانی کوڕ یانی چی؟! ئەمن چووزانم. ئەمن خـــەریکە لەبیـریشم بچنەوە. ئەمن خـەریکە مـهـابادیشم لەبیر بچێتەوە. ئەمن خەریکە بێرییشم...

کوا بێری؟

بێـری هاتە حـەوشـە، گـوێی لە دەنگی دەرگـا بوو. هاواری کرد لە دەرگا دەدەن ڕەنگە کاوە بێ. ئەوەی گـوت و بۆ لای دەرگـا هەڵات. خـەڵکەکـە پێشـیان گرت. هاواری کرد مـاڵخراپینە بەشکەم کـاوە بێ. مـەگـەر ناڵێن خـوا گـەورەیە؟! ها.. باوکی کـاوە نەتگوت شـەش مـانگیـان بەند بۆ بڕیوەتەوە؟ شەش مانگ تەواو بوو، هاتووەتەوە، لە دەرگـا دەدا. خـۆی لە دەست عـالـەمـەکـە ڕاپسکاند کـاتێ هەسـتی کـرد کـاوە توندتر لە دەرگـا دەدات، هەر لەو کـاتەشـدا دیتی کـە خومپارەیێک لە سەر سەری دەخولێتەوە، دەرگا کـرایەوە.. کـاوە لە وێ بوو، پێـدەکـەنی، ئاوینەیێک لە پشت سەری بوو، خومپـارەکە بۆ لای کـاوە خوشی، بێری بەرەو ئاسـمان دەستی ڕاداشت تا بیگرێتەوە، یەک دووکەس گرتیان. هاواری کرد ماڵ بەقوڕگیراوانە ئەو خومپارەیەی بگرنەوە تا کـاوەی لەتلەت نەکـردووە..! دەستی هەروا ڕاداشـتـبـوو بۆ حـەوا.. کـەس کـاوە و خومپارە و ئاوێنەی نەدەدیت. بۆیە بێری تاقەتی لێ بڕا، تاقـەتی تەقـینەوەی خـومـپـارەی نەمـا، تاقەتی دیتنی کاوەی لەتلەتکراوی نەما، کەوت و لەهۆش چوو...

باوکی کـاوە دوای وەدووکـەوتنێکی زۆر بۆی وەدەرکـەوتـبـوو کـە کـوڕەکـەیٚ حـوکـمی ئازادی دراوەتێ، ئازاد بوون لە ژیان بەکـجـاری. بەڵام کـاتێک جـەللاد و دادگـەر یەکێکە، سکاڵاکـردن بێهودەیە. سکاڵای نەکرد ئەو پیاوە گەورە. لەوە بەدوا هەر کـاتێک پێـشـمـەرگـە دەهاتنەوە، هەڵدەسـتـا دەسـتنوێژی دەگـرت و بەرمـاڵەکـەی ڕادەخست ودەستی دەکرد بە دوعایان.

بێری دوای یەک دوو مـانگان گەڕایەوە مـاڵە باوکی. وەک ڕێبوارێکی مـاندوو دەچوو کە دوو شەو و ڕۆژ بێنان و بێئاو لە بیاباندا خولابێتەوە، گێژ وکاس، مێشکێکی ماندوو، تـوونی ـ نەک توونی ئاو، توونی ژیانێکی بێ تەقـە و گـوللە و خـومـپـارە.. دەست لە دەستی کـاوە لە خانێ ڕا وەدووی کەوتبوو، تەواوی ڕێگاکەیان بڕیبوو کە تووشی بێئاوی ببوون، کاوەی بەستزمان بە دوای ئاودا، بەدوای سەراودا چووبوو و گیانی لە سەر دانا، باوەڕی بە سەراو نەبوو.

بێری لەشی ماندوو و شەکەتی کە وەک پەری لێـهـاتـبـوو، کـێـشـایە ژوورەکـەی و بوخـچـە چکۆڵەکەی هاویشتە قولینچکێک و خۆشی چوو خۆی لە قـولینچکێک ڕاکرد. قـولینچک خۆشە، وەک پـەنـا دەچـێ. ئـەولاو ئـەمـــــلات دیـوارە دەتپارێزێ. وەک باوەش دەچێ، هەرچەند سارد.. سەرمای بوو خۆی خڕکردەوە. خۆی بە دیوارەکەوە نووسـانـد. دیواری بێ گـیـان کـوا پیـاو گـەرم دەکـاتەوە؟ هات چاوی بچـووقـێنێ بە سـەر ئەو ژیانەدا چاوی بە دیوارەکەی پێشی کەوت. کوتە ئاوێنەیەکی گـەورە بە دیوارەکـە هەڵواسـرابوو، کوتێک لە هەمان ئاوێنە کە دایکی بۆ بیرەوەری هەڵـیـواسـیـبـوو. چاوی پڕ بوو لە ئاو، توڕەبوو، هەستا چوو تەماشای بکا، خۆی نەدیت.. خۆی نەناسیەوە.. پێیگوت:

ـ بۆ شکای ماڵخراپ؟!

کـوتە ئاوێنەکـەی لە دیواری کـردەوە، ڕۆیشـتـە حـەوشـەو بە هوو دەمـاری خـۆی بە عـەرزی دادا. سـووک بوو.. دەتگوت بارێکی گـرانی لە سـەر پشتی داگرتووە. گەڕایەوە و ڕۆیشتە وەتاغێکی دیکە. چۆکی لە باوەش گـــرت و ســـەری لە سەردانا.

دایکی کە لە کاتی هاتنە ژوورەوەی تا ئێستە بە بێـدەنگی دەیڕوانی، چووە پێـشێ دەسـتی بە سەر سەریدا هێنا، لە باوەشی گرت و بە خۆیەوە گوشی، هۆڕهۆڕ گریا، گریا و گریا.

دایە لێی گـەڕێ ماندووە لە ژیان، کوا تاقـەتی گریانی هەیە.

ماندووە، زۆر ماندووە.

زۆر ماندووم دایە...

***

١/٢/٩١ نووسراوە، ٢٢/٤/٩٦ پێیداچوومەوە.


ژمارەی داهاتووی «گزینگ»

یادی ٥٠ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ژمارە ١٣ی «گزینگ»دا.

سەرنووسەری میوان: د. ئەمیری حەسەنپوور.

# ئەوینی ڕۆژانی شەڕ

## سەلاح گوڵئەندامی

نازانم ئـەوەی لـە دەروونمـا دنـەم دەدا بینووسـمەوە و هێشـتـا لە دایک نەبووە، پەخشانە، شێعرە یان کورتە چیرۆک؟ چیرۆکە شـێعـرە یان کـێشـانەوەی وێنەی خـەیاڵ و هیچییێکی دی؟!

ئەوەی دەیزانم تەنیـا یەک شـتـە، ناتوانم بەرەنگاری لەدایکبوونی بم. دەمەوێ ئاوڕێک لە شاری یادگارە تاڵ و شیرینەکانم بدەمەوە، بەڵام هێـزێکی ڕەمـزاوی و تایبـەتی ناهێـڵێ. منی شاعیر بە تفەنگی کینەم پێش هروژمی باڵندە گۆشت خۆرەکانی شێعری خـەیاڵاوی دەگرم و تەقـەیان لێـدەکـەم، لە دەوری مـێـشکم دەپرینگێنەوە، زۆری پێناچێ هەست دەکـەم دندووک لە دڵـم دەدەن، دەست هەڵنـاگـرن، بیـردەکـەمەوە و بە خـۆم دەڵێم ئایا دەکـرێ و دەتوانم کـچی خـۆم زیندە بەچاڵ کـەم؟ ئینجـا بە زەردەوە بەرەوپیری لە دایکبـوونی کـوڕی کـاکۆڵ زێڕین بچم.

بریسکەی شـمشـێـری دەسـتی بیـر وخـەیاڵم دەبینم، لە دەروونما شەڕە، شەڕی نێوان هەست و بیر و خەیاڵ. لایەنگری بیری خۆمم بەڵام لەوبەر فـرمێسکەوە تەماشـای تەرمی هەست وخـەیاڵم دەکەم، ئاخر ئەوانە ئالبۆمی زیندووی وێنەکانی ڕابـردوومـن، بێ ڕابردوو چۆن بژیم، چۆن بزانم کێم.

لەو شارەی تاوێکی دی بەجێی دێڵم چم پێیە، چەند قـاشـولکەیەکی ڕەنگاوڕەنگ، بووکـە پەڕۆیەک، چەند نامـە، گـەڵایەکی ئیشـک بوو. بارگـە و بنەم تێکناوە ، ڕەنگە بتـانهـەوێ بزانن چم بە سـەرهاتووە و بۆچی لەم شـارە دەڕۆم بێ ئەوەی ئاوڕێک بدەمـەوە. پێش ئەوەی ئیـدی یەکجاری تارمایی شـاریشم لێ دیار نەبێ، بەر لەوەی کچی شێعرم زیندە بەچاڵ کەم و شێتانە قـاقـا لێـدەم، دەمـهـەوێ بەسـەرهاتی خـۆم بگێڕمەوە، بەڵام بۆ کێ؟ لەو دونیایەدا کێ شک دەبەم، خـۆم بە باڵندە عـەقـرەبەکـانی کـات هەڵداوەسم بەرەو ڕابردوو دەسووڕێمـەوە، لەوبەر فـرمـێـسکەوە زەردەی لێـوی بووکـە پەڕۆکـەم خـواروخـێـچ دەبینم و بۆی دەگـێـڕمـەوە چم بەسەرهات. بووکە جوانەکە...

گەڕەکی ئێمە فەقیرنشین بوو، ماڵەکان گڵی و کـۆڵانەکـان تەنگەبەر و ناڕێک. هێندێک مـاڵ، دیواری حـەسـارەکـانیـان ئەوەندە نەوی بوون بە هاسانی ژوور و بانی جیرانەکەیانت دەدی. ماڵی ئێمە یەکێک لەو ماڵانە بوو.

زۆر جـاران بۆ ڕیحـانە یان گـوڵەباخی بە دیواری نەویی حـەسـارێدا هەڵدەپروسکام یان چەلەنگە کۆنێکم لە ژێر پێم دادەنا و تەماشای داشقە و ئەسپەکەیانم دەکرد. هێندێک جار کچی ئەو ماڵە کە چەند ساڵێک لەمن چووکەتر بوو، بەربینگی پێ دەگـرتم و نەیدەهێـشت چیـدی سەیری داشقە و ئەسپەکەیان بکەم. ئەو کچە زۆرتر بە تەنێ لەگەڵ بووکەپەڕۆکەی قـوماری دەکـرد وخـەریکی قـاشـوولکان دەبوو. منیش دارێکم دەکردە ئەسپی خۆم و بە تەنیشتیدا غارم دەدا...

بە مـردنی مـام پیرۆت، داشقـە و ئەسپیش نەمـا. ئیـدی زۆری پێنەچوو مـاڵەکـەیان لە کووچەی ئێمە ڕۆیشت. ڕۆژی دوایی چوومە سەر بەردە گەورەکە و دیتم کە لە ژێر گوڵەباخەکەدا بووکەپەڕۆیەک پێدەکەنێ. چەند قـاشـولکەش چاوە گەشەکانیان دەمن بڕیوە. گریانی منداڵی چ ڕازێکی تێدایە، دەتباتە دونیایەکی تایبەتی و بێ سنوورەوە.

سـەردەمی منداڵی وەک خـەونێکی خۆش زۆر زوو تێپـەڕی. گـەڕەکـەمان کـە هەر کۆڵانێکی دەسـتـێک بوو و گـوڵاوی ئەوینی بە سـەردا دەپڕژاندی، کـەوتە بەر تۆپ و خـۆمـپـارە. باس باسی شـەڕ و کـوشتن بوو. هێـلانەمـان لێ تێکچوو. ئاوارەی شاخ وکێوان بووین. لەسەرچی شـەڕ بوو، حـەق بە کێ بوو، بۆ وامـان بەسـەر هات؟ بیرم لێ نەدەکردەوە.

دوای چەند سـاڵێ شـەڕ ئەهوەن بۆوە، بەڵام هەواڵەکـانی شـەڕ لە دەوروبەری شـار هێشتـا لەسـەر زمـانان بوو. لەو ڕۆژە پڕ لە کـارەسات و مـێـژوویییـانەدا بوو ئەوینداری کـچـێک بووم. حەوتووی چەند جـار لە بەرانبەر دوو پەنجەرەی داری سەوزدا ڕادەوەستام و چاوەڕوان دەمامەوە. کـاتێک پەردە گوڵ وردە زەردەکـانی لادەدا، ئاوم لە دڵ دەپرژا. بەڵام ئەو بە هیچ جـۆرێک حـازر نەبوو وەڵامی خۆشەویستیم بداتەوە. ڕاستەوخۆ پێی دەگـوتم من هیچ کـوڕێکم خـۆش ناوێ. حـازریش نیم تا هەم دڵ بدەم بە هیچ کـوڕێک. زۆر لە سەرەخۆ وهیدی داوای لێدەکردم وازی لێ بێنم. بەڵام چۆن دەکـرا لە بیـری کـەم. چاوە درشتەکانی وەک ئاوێنەیەکی جادوویین پاکترین و جوانترین خەونەکانیان وەبیردەهێنامەوە.

من تەسلیمی جوانی ببووم. ئەمامی ئەوینی لە دەروونمدا ڕۆژ لەگـەڵ ڕۆژ گـەورەتر دەبوو. بێ ئۆقـرەیی بەرەو دونیـایەکی نەناسـراو تووڕی هەڵدەدام. بێ ئەوەی بمهەوێ ببوومە شـاعیر و تەنیا هەوێنی شێعرەکانم ئەو بوو.

لە نامـەیەکدا بۆم نووسی: «ئێـمە هێندە لێک دوور نین بە نامە لەگەڵت بدوێم؟ نامە دیوارێکی دووری یە. ئاسـمـانی ئەو نامـانە هێندە نەوین بۆ فـڕینی باڵندە جـادووییـنەکـانی تاسـە نابن. بە چاوی نامە کوا دەگونجێ شاعیرێ، عاشقێ چی فـرمێسکی هەڵڕشتـووە، هەڵی ڕێژێتـەوە؟! ئا گوڵاڵە چیدی نامـەت بۆ نانووسم بەڵێن بدە بۆ یەکجاریش بێ، پێکەوە دانیشین قسە بکەین. لە یەکتری حاڵی بین. لە نامـەدا ڕەنگە درۆ بکرێ، بەڵام کـاتێ بەرانبـەری یەک دانیشـتین زمـانیش درۆ بکا، چاوەکان ئاشکرای دەکەن...».

بە دوای ئەو نامـەیەدا، گـوڵاڵە بەڵێنی دا ئێـوارەی ڕۆژی هەینی بێـتـە ئەو شـوێنەی بۆ هەوەڵجـار لەوێ نامـەم دابوویە. شـاییم لە دڵان گەڕا. داری تاسەم گوڵی کرد. وەختی دیاریکراو لە تەنیـشت دارەکـانی لێـوار شـەقـام چاوەڕوان مـامـەوە. زۆری پێنەچوو لە دوورەوە وەدیار کەوت. نێزیک بۆوە، سڵاوی کرد..

زەردەیەک لە سەر لێوی نیشتبوو. بەڵام چاوە درشتەکانی نیگەران و پەرێشان بوون. ئاوڕێکی دایەوە، چاوێکی گـێـڕا و وردەوردە بە قـەراخ دارەکـاندا کـەوتینە ڕێ. با، تاکە تاکە گـەڵای دەوەراند. دەنگم دەلەرزی. باسی خۆشەویستیم بۆ دەکرد. کوڵ وکۆی دەروونم هەڵدەڕشت. نهێنی خـۆم بۆ دەدرکـاند. بەڵام ئەو بۆ لایەکی دیکەی ڕادەکێشا. چاوی دوورایییەکی ونیان دەئەنگاوت. لێـوی بە ئاسـتـەم دەلەرزی. لە کـاتێکدا دەنگی تێکەڵاوی ترس وخـەمـێکی تایبـەتی بوو، لێی پرسیم: لە دەستت دێ بەڵێنی خۆشەویستی بدەی بە من و لە پاشـان بۆ خـاتری کـەسـێکی دی بیشکێنی؟ دەکرێ ئەویندارێکی شێت و شەیدا

خۆشەویستی بە جێ بێڵێ و دڵی بدا بە یەکی دی؟ دەی باشە چۆن تۆم خۆش بوێ؟...

ڕەنگم پەڕی. چوومە دەریای بیر وخەیاڵەوە.. هەستم بە پەلەقاژەی دڵم کرد. تفم قوت دا و گوتم: نا نا، ئەگەر ئەتۆ کەسێکی دیکەت خۆشدەوێ خۆشت بوێ، خۆشەویستی بەش ناکرێ. ئەوانەی شیاوی خۆشەویستین هەمیشە خۆشەویستن.

گوتی: تۆ نازانی ئەوەی ئەمن خۆشم دەوێ چەندە متفەرکە؟ گوتم: کێت خۆش دەوێ با منیش بیزانم. گوتی: ئەوین هێندە بچووک نییە تەنیا لە چاوەکانی مندا بێ. چوو لە بیرەوە، چاوە نیگەرانەکانی بێ تروکاندن دەیان ڕوانییە نادیار و منی پەرێشان و تێکچوو چاوەڕوانی پاشماوەی قسەکانی بووم. گوتی: ئەتۆ شاعیری، شاعیرێکی دڵناسک. بۆ تۆ ئاسمان چەندین مانای هەیە. جار جار نەوی دەبێتەوە، جار جار بەرز. دارستانی سەرما بردوو دەتوانێ سەوز و پڕ گوڵ بێ. ئەو باڵندانەی خۆشت دەوێن بەرەو بەرزایی هەڵیان دەفڕێنی. ئەوەی بە دڵیشت نەبێ باڵیان دەکەی. تۆ شاعیری، بە دڵۆپێک فرمێسک دەڵێی دەریا. بەو ئیشکەلانەی یارت پێیدا ڕۆیشتووە دەڵێی ئیقیانووس. بەڵام من چی؟! ناتوانم بە پاییزێ بڵێم بەهار. ئەگەر گوڵێکی ڕەشم خۆش بوێ پێی ناڵێم گوڵی سوور. من گوڵی ڕەشم بە هەموو شتێکەوە خۆشدەوێ...

گوتم: پێموایە شێعر وتەیەکی متفەرکە، جۆرە دواندنێکی تایبەتە بۆ دەربڕینی هەست. جاری وایە ڕاستییەکان هێندە قووڵن، هێندە بەرزن، هەر خەیاڵ دەیانگاتێ. ئەتدیوە (ئاسیمۆف) چۆن لە خەیاڵ کەڵکی وەرگرتووە و داهاتووی دووری هێناوەتە بەر چاو؟

گوتی: سەرچاوەی خەیاڵی وی زانست و عیلم بووە. هەڵمدایە وگوتم: ئەوین بارانێکی بە پیت وبەرەکەتە. کام گوڵ لێی هەڵدێ؟ تەنانەت درکیش بارانی پێویستە... پێکەنی وگوتی: یەکجار خەیالاوی دەڕوانییە ژیان. ڕاستە، بەڵام ئەگەر باران زۆر بباری گوڵەکان سێلاو دەیانبا. لەوە گەڕێین تەنیا دەمەوێ پێت بڵێم حەیفە! ئەو ئەوینەت بدە بە یەکی دی. ئەمنت خۆش نەوێ. تکات لێدەکەم چیدیکەش نامە مەنووسە. لێرەڕا لێک جوێ دەبینەوە، لە بیرم بەرەوە من بۆ تۆ نابم.

چاوە گەورە و پەرێشانەکانی وەک خۆڵەمێشێکی گەرم وتازە، گرێکیان لەناو خۆدا حەشار دابوو. شتێکیان لەمن دەشاردەوە.

هەر دوو بێدەنگ لە ژێر دارچنارێکدا ڕاوەستابووین. دەبووایە جوێ بینەوە. گەڵایەک چەند سووڕی دا و کەوتە سەر پرچی. هەستم وەکوڵ هاتبوو. بە پێکەنینەوە .. پێکەنینێک کە ڕەگ و ڕیشەی لە بێ ئارامی دەروونغدا بوو، لە کاتێکدا دەستم برد گەڵاکە لێوەکەم، گوتم: سەبر بگرە با ئەو پەپوولە لە داو ڕزگارکەم. گوتی: لەو دونیایەدا هەر شتێ بە دەست شتێکی دیکەوە دیلە.

دەهات درەنگ دەبوو. تۆزێک سەری ئینۆکی گەست. قسەیەکی پێ بوو دەیهەویست بیڵێ و بۆی نەدەهات. دەنگی بە ئاستەم لەرزی وگوتی: دەبێ ببووری ئەمن شیاوی ئەو هەموو خۆشەویستییەت نەبووم، نەمدەویست وای لێبێ، بەڵام ئەوە ویستی خۆت بوو. ئەو ڕۆژەم قەت لەبیر ناچێ.

بێدەنگ، بێ ئاوڕدانەوەیەک ڕۆیشت. ماوەیەک جارجار دەمدی و سوکناییم دەهاتێ بەڵام لە پڕ وەک بەردێک لە گۆمی خەی ون بوو. چی لێهات؟ بۆ کوێ ڕۆیشت؟ چەندی حەولم دا، لێی گەڕام سۆراغی نەبوو.

ڕۆژانی پڕ ئێش و ژانی جوداییم تێپەڕ دەکرد. وردە وردە بۆم دەردەکەوت لە تەنیاییدا داری ئەوین شین دەبێت. هەست وخەیاڵ دەپشکوێ. دەرد و زەجرکێشانی ڕوحی هێزێکی پڕ لە خۆشیی تایبەتی دەدەن بە ئینسان و داهێنانی هونەری دەگاتە ئەو پەڕی خۆی.

من زەجرم دەکێشا بێ ئەوەی ئوزەم لێ بێ. هەر بۆیە ڕۆژ نەبوو نەنووسم. یەکێک لەو شەوە ڕەنگینانەی تەنیایی کە خەریک بووم بارانەی هونراوەیەکی درێژم بە سەر ڕوحی گرگرتووما دەباراند، لە دەرکەیان دا، بێ وەخت بوو، چووم و دەرکەم کردەوە. کوڕێکی سەر ئاڵۆز، پاتۆڵێکی خاکی لەبەردا، یەکدوو ئاوڕی دایەوە و دەستی کرد بە گیرفانیدا، نامەیەکی دەرهێنا و گوتی ئەو نامەیە بۆ تۆیە، سێ ڕۆژی دیکە دێمەوە. نیگای شڵەژاوی ترس و نائارامی دەروونی دەدرکاند. هێند بە پەلە بوو نەیهێشت هیچ قسەیەک بکەم و خێرا ڕۆیشت.

چوومە ژوورێ بە پەلە نامەکەم کردەوە. ئەو نامەیە هی گوڵاڵەیە کچێک کە سەردەمێکی عاشقی...

گوێم لە دەنگی دڵی خۆم دەبوو. چاوم پڕ بوو لە ئاو. پێڵووەکانم پێکەوەنان وتێر تێر نامەکەم ماچ کرد. پاشان لە سەرڕاوە دەستم کرد بە خوێندنەوەی.

« ئەو نامەیە هی گوڵاڵەیە کچێک کە سەردەمێکی عاشقی چاوە نیگەرانەکانی بووی و نەتدەزانی بۆچی نیگەرانە. وەبیرت دێ نووسیبووت چاوە نیگەرانەکانت شێعرێکی پڕ لە ڕاز ومتفەرکن کە تەنیا بارانەکان دەتوانن بیخوێننەوە. گیانە تۆ شاعیرێکی ئەویندار بووی و نەتدەزانی ئەو چاوانەی خۆشت دەوێن چ ڕازێکی گەورەیان هەڵگرتووە. زۆرجار بیرم لەو قسەیەت دەکردەوە کە دەتگوت ئینسان تا نەزانێ ئازادی یانی چی؟ خوێن ڕشتن، سەردانان بێ سوودە. دەتگوت ئەگەر ئینسانەکان شاعیرانە بیریان کردباوە شەڕێک نەدەما. من پێموایە شەڕ تەنیا ڕێگەی ڕزگاری یە. لاوەکان دەبێ پێ لە دڵی خۆیان بنێن بۆ ئەوەی ئازادی تەنیا ئەوینی ئەوان بێ. هەر بۆیە بە پێچەوانەی ویستی ناخم وەڵامی خۆشەویستی تۆم نەداوە. پێی لێ دەنێم خۆشەویستییت هێندە گەورەیە ناشاردرێتەوە، نامەکەم بسووتێنە نەوەک بزانن کەسێکی بەندیت خۆش دەوێ». خۆشەویستت گوڵاڵە...

***

منی شێواو و پەرێشان، خۆم زۆر کەم دەهاتە پێش چاو. بەڕاستی لە بەرانبەر ئینسانێکی ئاوا گەورەدا شکابوومەوە. خۆشەویستی چییە؟ جوانی چییە؟ دەیان پرسیاری فەلسەفی دەورەی بیر ومێشکیان دابووم. دەستم کرد بە نووسین:

«گوڵاڵە ئەی گوڵی جادووییی هۆنراوەکانی تەنیایی. سلاو.. ئەگەر دەریا دڵداری تۆ بایە و نامەکەتی خوێندبایەوە دڵنیام ئەویش وەک من دەشکاوە. تۆ هێندە بەرز هەڵفریوی هیچ وشەیەک ناتگاتێ. نازانم لە باڵگرتنی پەپوولە ڕەنگاوڕەنگەکانی فرمێسکی شەوانی دووری بدوێنییان لە بۆنی عەتراوینی گەڵاکانی داری ئەوین. ئیزنم بدە ئەی ئەوەی ئیگات ترپەی گۆرانی بارانە، بۆ تۆی تینووی گوڵی دڵم. با باسی ڕوانی داری سەوزی خەمەکانم بکەم کە چەشنی داری جادوویی لقەکانی دەگاتە مانگ. گەڵایەکم بە دەستەوەیە، وەبیرت دێ وەک پەپوولە هات و لە سەر سەرت ئارامی گرت. ئەو گەڵایە تاکە دارستانی سەوزە بۆ پشوودانی منی ماندوو. دیسان تەشەرانم پێ دامەدە. مەڵێ شاعیرێکی خەیالاوی. ئەگەر شێعر نەبا دووریت دەیکوشتم. پەنجەرە بەرزەکان ئێستاش بۆ من گەورەترین شێعرن کە هەرگیز نانووسرێن. دەمهەوێ بتبینم. باسی ژیانی خۆتم بۆ بکەی. لە هەر کوێی ئێو و نیشانت بنێرە. ئەگەر دەبینی وشەکان وەک ئەستێرە دەدرەوشێنەوە، ئەوە پێنووسم بە دەست مانگ بوو و خەیاڵم لای تۆ... ئەوەی بۆت دەژی، ئەوەی بۆت دەمرێ».

دوای سێ ڕۆژ هەمان کوڕەم دیتەوە، نامەکەم دایە و داوام لێکرد هەرچۆنێک بێ کارێک بکا ببینم.

ژیانم ڕەوتی ئاسایی گۆڕابوو، کەوتبوومە قۆناغێکی دیکەوە. لێرە بەو لاوە نامەکانم بوونە ژیانم. هیچ ڕووداوێکی ئاسایی ڕۆژانەت بۆ ناگێڕمەوە. ئەوەی بۆ باسکردن دەبێ نامەکانن.

وەڵامی نامەی گوڵاڵە:

« سڵاوێک بە خاوێنی وشەی ئازادی. کاتێ بیر لەوە دەکەمەوە، گەڵاکە ئێستاش لە لای تۆ ماوە شاعیریم بۆ دەبێتە ڕاز، بە ڕاستی چ ئەوینێکی ساکار ومنداڵانەت لە دڵ دایە، بەخیلیت پێدەبەم، دەبینم بوومە هەوێنی شێعرەکانت، ئاخر ئەمن کێم، چم لە دەست هاتووە. هەر ئەو کەسە نیم پشتم لە ئەوینت کرد.

ئا بەسە ئیدی لە شاری شێعرەکانت وەدەرمنێ. باسی مانگت کردبوو، لە مێژە مانگم نەدیتووە. لێرە وێنەگەرێکی لێ بوو لە میچی زیندانێ بە لاسکی کەوچک وێنەی مانگ و ئەستێرەی کێشابۆوە. ئەو میچە ئاسمان بوو، چ ئاسمانێکی ئەوی.. دەتتوانی دەست لە سەر ئەستێرەکان دابنێی و بیانژمێری. دەست بەسەر مانگدا بکێشی و ئەوکات بزانی لە دونیایەکی چەندە چکۆلەدا دەژی.

سەردەمایەکی ستالین، یان کەسێکی دی، نازانم لە سەر یاد نیم، فەرمانی دا دیواری زیندانەکان بڵیند بکەن بەڵام بانیان نەبێ. ئەو دەیگوت: « تا وەختایەکی ئینسان ئاسمانی لێ دیار بێ، بیر لە عەرزی ناکاتەوە»

ئەرێ باوەڕت بە فالگرتنەوە هەیە؟ ئەوێ ڕۆژێ فالگری زیندان فالی بۆ گرتمەوە. حەوتووی دووجار یان سێ جار بە پێپلیکانەکاندا دەچمە خوارێ. من بە پێیەکانم پلیکانەکانم ئەژماردووە، بیست وسێ دانەن. یەکدانە لەتەمنم زۆرترن. کە دەچمە خوارێ چاوەکانم دەکەنەوە. کچێکی کزی سەر و پرچ سپیبوو، تەمەنی پەنجا ساڵێک دەبێ، چاوەکانی دەڵێی تەلیسمت دەکەن. ئێستاش هەروا گەشن، ترووسکەیان دێ. زۆر جاران دەڵێ لەبەر ئەوە ئەتۆم زۆر خۆش دەوێ سەردەمایەکی هاوتەمەنی تۆ بووم هاتمە ئێرە، قاقا لێدەدا و داوام لێدەکا سەر و پرچی سپیبوو بهۆنمەوە، ئەو پێدەکەنێ و ئەوجار نوقمی بیر وخەیاڵان دەبێ. بەخۆم نییە کوڵی گریانم هەڵدەستا. بیرم لە جوانی خۆم دەکردەوە، لە تەمەنی لاویم، کە ڕەنگە وەک ئەو کچە بە فیرۆ بچێ.

بە سەدان جار بیرم لەو قسەیە کردووەتەوە: «ئاوێنەی ماڵێ ئامناسێتەوە». ئەوێ ڕۆژێ لەپڕ دەستی چاو لێکردم وگوتی: ئەو دەستت شەوە پڕە لە ئەستێرە و ئەو دەستت ڕۆژە وهەتاو تێیدا پێدەکەنێ.

ئەرێ هیچی لێ حاڵی؟ من کە سەرەدەری لێ دەرناکەم. دەی دەتەوێ بێیە لای من. ئا گیانەکەم مەیە. ئەوان نازانن خەیاڵ چییە؟ ئەوین چییە؟ دڵی شاعیر چەند ناسکە؟ بۆ ئەوان فەوارەی خوێن گوڵی سوورە و بۆنی پێوە دەکەن. کە وایە دەست هەڵگرە هەر بە نامە پێکەوە دەدوێین. بەڵام بە قەولی شاعیرێکی خەیاڵاوی: باڵندە جادووییەکانی تاسە لە ئاسمانی نامەکاندا جێی فڕینیان نییە...» دڵدارت...

***

کاتێ فرمێسک ناتوانێ خەمی دەروونت بە تەواوی بشواتەوە، بێ ئۆقرەیی تا لێواری هەڵدێری شێتبوونت دەبا. مەگەر ئینسان چەندە دەتوانێ سەبر بگرێ. دوو ساڵ کەم نییە، نامەکان کوڵ وکۆم دانامرکێنن. لەبەر خۆمەوە قسەم دەکرد « ژیانم بووەتە نامە». لەو بێ ئارامی و شڵەژانەدا بوو ئەو نامەیەم بە دەست گەیشت و ئیدی...

... بارتەقای بێدەنگیی قووڵی شەوانی زیندان گوڵاڵە خۆشی دەوێی و تاسەت دەکا.

چاوت بارانە و
پێکەنینی گوڵی گوناه موعجیزەیە
چاوت شنەی دەم بەیانە
گەشانەوەی پۆلووی ڕازیش
ئەو پەڕی شکانەوەی غرورێکی شاعیرانە
بەیانەیەک
لە بوورجی قەڵای چاوانت ڕا
شاعیرێ بەرەو ئاسۆ هەڵدەفڕێت و نایەتەوە
لە قووڵترین شوێنی ئیقیانووسی ڕوانینتدا
گەوهەری گوناهی شاعیرێ
پاک دەدرەوشێتەوە.

هەوری ئاسمانی شەیدایی، منیش وەک تۆ شاعیرم. لە جەنگەی شەڕدا، ئەو کاتەی سەر لەش بەجێدێڵێ، دارستانەکان دەسووتێن و بە گرمە و قرمەی چەکەکان ئینسان سامی مەرگ دەیگرێ، من بۆ ئەو گوڵە بێ تاوانە دەگریم، لە ژێر پێیاندا هەڵدەوەرێ. دەناڵێنم بۆ ئەو باڵندانەی بێ وادە کۆچ دەکەن.

ئەگەرچی لە بەندی دام، بەڵام خەیاڵ بە هیچ زنجیرێک نابەسترێتەوە. بڕوام هەیە ئینسان لە سنوورەکان گەورەترە. تۆ بەردەوام شێعر بڵێ، تا بە ئاهەنگی سێحراوینی هەر وشەیەک شەپۆلەکانی دەریای خەیاڵم لە سەمایەکی جادوویيدا، بەرزترین تابلۆی هونەری بخولقێنن. دەمهەوێ وەک مەسیحییەکان چۆک دادەم و دان بە تاوانەکانمدا بنێم، تاوانێک کە هەموو وەختێ زەجرم دەدا. کاتێ ئەم نهێنییە دەدرکێنم دڵۆپە فرمێسکەکان دەتکێنە سەر پەڕی نامەکانم.

خۆشەویستم! ئەو چەند نامانەی دوایی کە پێت گەیشتوون هی کچێکی شاعیرن بە ناوی گوڵاڵە. گوڵا.. لە.. ی تۆ... ماوەیەکە ...!

من لە ڕووی نامەکانترا ئەویندارى تۆ بووم. دەمهەویست هەست بە نەبوونی گوڵاڵە نەکەی، منیش وەک تۆ گوڵاڵەم خۆش دەویست، باسی تۆی بۆ دەکردم.

نامەکانتی دەخوێندەوە... دەزانم دەردێکی یەکجار سەختە، هاوڕێی فرمێسکەکانتم.

کچە شاعیرێ خۆشی دەوێی، شەو نییە باڵندەکانی خەیاڵی بە یادت هەڵنەفڕن... چاوەڕوانی نامەکانی تۆم» ئەویندارت...

***

منی زەجر دیتوو دەنووسم:

ئاخ گوڵاڵە، یادی منداڵی بە خێر، ئەو دەمەی تۆ خەریکی قاشوولکان دەبووی و منیش بە سواری ئەسپە دارێنەکەم بە تەنیشتتدا غارم دەدا. دیواری بەینمان هێندە ئەوی بوو، چەلەنگە کۆنێکم لە ژێر پێم دادەنا و حەسارەکەتانم دەڕوانی... بەڵام ئێستا چ دیوارێکی ڕەمزاوی و بڵیندمان لە نێوان دایە گوڵاڵە...

ئاخ کە ئەستێرەکانی شەوی دەستت هەڵناوەرێن. مانگ هەر وا یەک شەوەیە. دەستت بەیانێکە، قەت شەوی بە سەردا نایە. تۆ بە ڕاستی هەرمانی.

شەوێ شاعیرێ شەم بەدەست، لە گۆڕت دەگەڕێ. بێ ئەوەی مانگ و ئەستێرەکان خەیاڵی دنەبدەن بۆ نووسینی شێعرێ...

بەڵێ ژیان هەر شێعر نییە. تەنیا ئاسمان ئەستێرەی لێ نییە، زەویش پڕە لە ئەستێرە...

شەرتە تازە نامەی ئەنووسم. بە قەولی تۆ گوڵاڵە، دەکرێ ئینسان یەکێکی خۆش بوێ و دڵ بدا بە یەکی دی.

چەند نامە، گەڵایەک، قاشوولکە چاو ڕەنگینەکان... ئاوڕدەدەمەوە شار دیار نییە، بووکەپەڕۆیەک بە دەستمەوەیە، زەردەیەکی شێتانە لێوم بە ئاستەم دەلەرزێنێ. شێواوم، تاو یاو گرتوومی؟ لێی خورد دەبمەوە، دەست لە سەر سینگە بچکۆلەکەی دادەنێم، ئا ئا ڕاستە، بووکەپەڕۆکەم کراسە سوورەکەی تەڕتەڕ بووە. ژیان لەو وڵاتە ئاوایە، مەگری بووکە گیان مەگری.

مەهاباد ـ ساڵی ١٣٧٣ی هەتاوی

# مەسڵەت یا پەندی پێشینان(دیالێکتی گۆرانی)

نووسینی: **سیامەک**

مەسڵەت ئەوسە ک وە یە جومڵە کوڵ و کوڵبڕ ئەڕا باوەت ئەنجـــام کـــاری وەتریایە، ک هەر فەرهەنگێ مەسڵەتەیل دیاری کریای ئەڕا خوەی دێرێ. لە کـوردیشـدا هەر جوورێـک فکر بکەین مەسڵـەت دێرین. هەڵبەت بایەسێگانە دیقەت بکرێ چونکوو لە فـــۆلکلۆری کــوردیدا، وە هەروەها لە ژین و ژیاندا، کشاوەرزی و دامداری و توجـــارەت، ڕیشـــەی تاریخی دێرێ، زوورم مـەسڵـەتەگان لەی باوەتەسە. کارێ ک وەئیرا تەقـدیم خـزمـەت خـوەنەوارەیل ئەزیز کـریەی، ســـەرهات سێ مــەســڵـــەت ک لە ناوچەی گۆران(کرماشان) سایو حەکایەت و تاریخە.

١) خەفتێ شەو خەجاڵەتی ڕووژ

٢) ئەورا خوەشە ک دڵ خوەشە

٣) بکیشەی و نەوەشنەی

سەرهات وچونیەتی مەسڵەتەگان:

وەکوو باریم وەکوو بژنەفیم، بیە یە پادشایێ سێ دۆت داشـتگە، دۆتەیل گـشـتی گـەورا و وەخت شوویان بی. یە ڕووژ وزیر ویشێ قبڵەی عالەم سلامەت.. دۆتەیل وەخت شوویانە تاکەی توای هەڵیان گری؟ پادشایچ ویشێ: ڕاس ویشی شەوەکی ئەڕایان بازگەردان کەیم. زەقە کەفیە ناو شـــار، پادشـــا توای ئەڕا دۆتەیلی بازگــەردان بکەی. هەرچێ جایڵ جوان وکوڕخاسە جەم بن وە همێ ئیە ک باز بنیشیە مل سەری.

کابرایگیش هەسن ئەوقە تەمەڵە، شوونەکەی خـوەی وە زوور توەنی گـزگ بیـەی. ئیـمـڕۆ وە مرمشت خوەی ڕەسینە ناو مـەردم، توای بزانی نی زەقزەقە و دەبدەبە چەسن.

دۆت گەورە باز خوەی هەڵخەی، باز گل خوەی گل خوەی، قـوت نیشـیـە مل سـەر کوڕ وەزیر. دۆت دوویم باز خـوەی هەڵخـەی، باز گل خـوەی گل خوەی، نیشیە مل سەر کوڕ وەکیل.

دۆت سـێـیم ک تا ئیســـە فکر و هووش شووکـردن وە سـەری نەویە(وە بازەگـەی نیشـان نەیاگە بنیشیە مل سەر کی)، ویشیە باوگی: من باز بەختم کل کەمە هەوا، تویش قەوڵ بیە ک باز نشیـتـە مل شان هەرکـەس، نە وەلێم نەکەی و بیلی شوو بکەمە پێ. ئەویچ قەوڵ دەی.

دۆتیچ، باز خوەی و بەختێ هەنێریە هەوا، باز گل خـوەی، گل خـوەی.. فـڕێ وە مل مـــەردم خوەی، ئیە ویشێ: ئیسە نیشیە مل سەر من! ئەواکـە ویشێ: من بەرزترم.. ئەواکـاتر ویشێ: من کـــوڕ وەکـــارەیەگم.. هەرکــە وە یە جـــوور دڵخوەشە بنیشیە مل سەری.

بایە سەر کابرای تەمەڵ. کابرا ئیقە وسـاییە شەکەت بیە، وە مەردم جیاوە بوو و بچووە ئەڕای مـاڵ. یە گـام دوور بوودن، باز قـووچە کـەی تێ نیشـیە مل شـانی. مەردم گشتی دەمیـانە تاق چوودن. پادشـا ئەوەڵ توای قـەبوڵ نەکـەی، وەلی چونکە قەوڵ دایوو وە دۆتەگەی، قەبوڵیە. وەلی کابرای تەمەڵ قەبوڵی نیە. تا سێ کەشتر دووارە باز هەڵخەن، هەرسێ کەشەگەی باز نیشیە مل سەری.

دۆت قەیری ئازەوانە وە باوگی سینێ وکەفیتە گەردی. ئەو خوەیشکەگانی هرهڕ وە پێی خەنن و توولەکی وە پێی کـەن. ئیـەیچ ویشێ: خاسـە، توولەکی بکەن، وەلی بزانن چو کـوڕی وە لێی دورس بکەم.

هەرکەس وە شایێ خوەی شوکر وە بوودن، وە دۆت بووچیکیچ کەفیە گەرد پیای خوەی. چەن ڕووژ دەیێـدەی وەر چەو. دوونی بەڵێ کـابرا لە حەد خـارجی کـردگـە ئەوقـەرە تەمـەڵە. یە ڕووژ ویشـیـە پێ: ئیـە سـەد تومـەن( ئەو دەورە پوول فـرەی فـرەیک بیـە ) بچـوو یە چشـتێ بسێن. ئەویش دەمـیـە تاق چوو، ویشێ سـەد تومـەن یە لای شارەگە وە پێ سێنریەی. ژنە ویشێ: قـەی ناکـەی، ئەگـەر وە لێی مـەنوە ئەو دویای ئەڕا خـوەد. پیـای تەمـەڵ چوودن. ئیـەیچ وەیلاوە هەنگە وپەڵە لێباسـەگانی دەرتیـرێ و یەدەس لێباس پیاگانە کەیەوەر و هەلاکـەی دو کووچە وپەس کـووچە دەیوە، چووە وەر ڕیەگـەی و سێ کووما خوڵ دورس کەی. پیاگ تێ ویشێ: مەموو یە چەسن؟! ئیـــەیچ ویشێ یە چشــــتیگە فروشمەیان.

ــ کوومای چەنی؟

ــ کوومای سەد تومەن.

ــ سەد تومەن؟!

ــ ئەزیزم نا توای ئەزیەت نەکـە، ئیـە منتـدار خوەی سینیدەی.

ــ ئیـەیچ قـەبوڵ کـەی، ویشێ نا ئیـە سـەد تومەن، یە کوومای بیە من.

ژنیش وە پا یە کووما وە خوڵەگان خراوکەی ویشـیـە پێ: « خەفتێ شەو خاجاڵەتی ڕووژ». پیـــای ویشێ: هەر ئیـــە! ژنیش ویشێ: ئا. پیاگیش وە دەسەشەکە تێوە ئەڕا مـاڵ. تا پیای پشت پا هەڵکەی، ژنیش وە تاو خـوەی ڕەسنیـە مـاڵ و لێباس و سـەروەزی دووا گوورنی. پیـاگ تییە مـاڵ کزکزی ویشێ: وەڵا ڕاسی توای، یەکی گووڵم دا و سەد تومەنەگە وەلییێم سەند، یە قسە ئەڕام وەت. ویشێ: قـسـەگـە چە بی؟ ئیـەیش ویشێ: «**خەفتێ شەو خەجاڵەتی ڕووژ**». ژنیش ویشێ ئافەرم کار فرە خاسێگ کردیە، نی قسە گشت یەکی نازانێدەی. یە ماچی کەی و ویشێ ســویش هەم دووارە یە چشت تر بسێن. هە وەی بەزمـە ک وەتیم سـویش دووارە کلی کـەی. نی دەفە سەد تومەنەگەی دەی، ئیە یایێ گری: «**ئەورا خوەشە ک دڵ خوەشە**». پیـاگ دورا تیـە مـاڵ، ژنیش هە وەو جوورە ئەڕای بەوش کەی و زامەت بی وە پێ ویشێ. ڕووژ سێـیم هەر وەو جـوورە چوودن، ئیە یایێ گری: « **بکیشە و مەوەشنەی**».

ژن ویشـــیـە پیـــای ک تو دی سێ خـەزینە وە زنەییت دێری، توەنی پیـاگـانە بچەسـپـیـە یە زنەییوە. کابراش شێر بوودن. وە مـاڵ دەیە دەشت وە بوون کارکردن. دەس قەزا توجارێ لە ناو شار ئالان داگــە توام بچـــمـە توجـارەت، چل کـوڕ هەوســـای هەتیـاج دێرم. ئیـەیچ چوودن خـوەی ناسنی و ناونووس خـوەی کـەی. وە خـوەشـڵـە خـوەشی نی خـەوەر دەییـدە ژنی. ژنیش ئەڕای لێباس و چشت تووشە کەی و دووارە سێ قسەگە خەیە وەرنەزەری و چوودن.

توجـار شـوترەیلی وەبارەو، وە هەمـــهـەمـە وکەپکەپەی خاسی دەیە دەیشت. ئەو هاوڕیەگانی گشـتی دنیـا دیدە و تا ئیـسـە چەنی چەن جـارە وەگــەرد ئوجــوور بارەیلە چینە. تەنیـــا ئیــەی وەناویانا تازەکارە. ڕەسنە یە جی، بار داخەن تا شەوەکی ڕووژ وەبکەن. وە هەر کـامیـان ویشن ئیمشەو قەلاوری بیە، مل وە ژێری ناوەی. ئیەی ڕاحەتی ویشێ: قەیچەسن، من ئیمشەو کیشک

دەم. تو نەویش نی جیـــە پڕ خـەتەرترین جی سـەفـەرییـانە، تا یە نوژی غـافڵ بیـدن، یەلاوە بارەگە چیە، وەی باوەتیشە بیە ک کەس مل وە ژێری نەوردگە.

کابراش تا دوکوت شەوار دەرقەی هوویچ نیە، وەلی جوولە جوول خەو دنیا ڕشیە ملیا، توای نووچی بیەی ک کەفـیە فـکری، من سەد تومەن دام ئەڕا چە؟! خـەفتن شـەو، خـەجاڵەتی ڕووژ. ئـاوی دەیـە دەم و چـەو، تـا شــــــەوەکـی جــوور«کــاروانکەرای قــەی بەن» تێ و چوو، دزەیلیچ هەرچێ توان زەفەرە لیێ بارن، ناتوەنن.

شـەوەکی وەخـتێ هەڵسن دوونن ک چشـتی نەمن ونەمـان ها لە سـەر شـوونی. توجـار ویشێ وەلای خـوەی: قـەڵاور تازە کـوڕ وەکـارەیێگە». چرێدەی تا وەگەرد یەکـا بن و هاودەم بن. ئەگەر هەتیـاج بی مـەیەت کـاری بوودن. وە خـوەش و خـوەش مـەنی تا چەن هەفـتـەیێگ وە سـەفـەریان درێژی دەن. ڕەسنە بـان چـایگ وە هەر کـــەس ویشن بچـوە خـوار ناو بیـەبان ئەڕا مـاڵیـاتەگـان، مـل وە ژێری نـاوەی، دوواره کــــابرا ویشـێ: قەیچەسن من چمە خوار ناو دەمەبان.

تو نەویش نێـرا تڵـسـمـە هەر کە چوەخـوار تا ئاخـر تـک ئاو دەیەبان وەلی خـوەی وەبان نـاتی، لەشی وەمردەی تێرنە بان.

کابرا چوەخوار وە دنیا بی خەوەر، دوونی دۆتێ نیشـتـیـە، «مـانـگ ویشـێ من تەرکم ئەو ویشـێ من تەرکم»پەرێێگە وە سـەر بسـات، وە وینەی نیـە ئەو قـە تەرکە! پەری ویشـیـە پێ: وەخـتێ ئاوگە گشـتی دایە بان، پرسای وەلیێد کەم جواوم بایەبیەی. نیەش کوڕ دڵ قـورس و دڵ پاکێگە. کـوڕانە ویشی قـەی چەسن! ئاو گشت دەیە بان. پەری ویشێ جوان: بان ئەو تەتە تماشاکە. نیەیچ نووری، دوونی قـوروواقـیـێگە. پەری ویشـێ: ئی قـورواقـە توای من شـوو بکەمە پێ، وە ئەزەر تو من چە بکەم؟

نیـەیش یەکـەم فکر کـەی، ویشێ: «ئەورا خوەشە ک دڵ خوەشە»، وە یە بەرەکەت ئاسمانگ بوە هەورەگرمە و ناو چاڵاو بوە تەم و بەڵخ. چەن مـاوەیێگ وە پێ چوودن زەوی و ئـاسمـانگ تیە سـەر خـوەی، دوونی ئەرێ پەری یە جـایل لف خـوەی جـوانـی دار سـەری ها بـاوشی، هەڵسن دوانی تیـەن ئی چەو و ئەو چەو کـوڕ مـاچ کـەن، ویشن: ئیە ساڵەیل ساڵە ماتەڵیم یەکی بای ئی قسە وە پیمان بووشێ.

پەری ویشێ: وەهەر کەس تانیسـە وەتمە جواو داگە«ئەو قورواقـە وە چو دەرد خـوەی، شـوو بکە من خـاسـە». وە پێ ویشن خـەیر وە ڕید بای و کلی کـــەنە بان(یەکی لە باوەرەیل مـــەردم ئیەسەگ: ئەگەر پەری وە کەسێگ بوەتیا خەیر وە ڕید بای، تا ئاخر ئمر ئەو کەسە خوەشوەخت بیـە). ئیـەیش سـەرهات خـوەی ئەڕا توجـار و هاوڕێیەیلی باس کەی. توجار یە دڵ نە سەد دڵ ئاشق کـارو بار و دڵپـاکی کـوڕ بوودن. ئاخـری کـەیێدەی شـەریک خـوەی. توجـار دی دڵنیـاس هەرچێ گریە وە دەس ئیەی وا بوودن.

تا چەنی چەن سـاڵ دەورەگـەری و توجـارەت گلەوەخوەن، تیەنە ئەڕا ماڵ. وەختێ ڕەسنە شار خـوەیان، شـەوە ناوەخـتێ تیـەمـاڵ دوونی دو توولەکـوڕ وە بەخـەڵ ژنەگـەی خـەفـتـنە، ئیـەیچ ئاڵـووز بوودن، وەلای خـوەی ویشێ ئمـجـا بچـو خــوەد بیــە ئاو و ئاگــر ئەڕا ژن، ئیــســـە وە بەخەڵ«کوڕ هاوماڵ»خەفتگە. شمشێر کیشێ بیـەدە مل هەر سـێگیـان، ملیـان بکەی، چمـا بەڵاچە وە ناو سەرێوە بوودن، کەفـیـە فکری ک سـەد تومـەن ئەڕا یە قـسـە داگـە:« بکیـشـە ونەوەشنەی». بە تاڵێوە بوودن. ژن هەڵسنێ، ژن ئەوەڵ دەم کـەیوە ویشێ، ئافـەرم بکیـشـــەی ونەوەشنەی. ئی توولە کوڕەیلە کوڕدن، دەس کەنە مل یەک، تا ئمـر وە خـوەش و خـوەش مـەنی وە گەرد یەکا گوزەران کەن.

باس لە سەر مەسڵەت بن قوولی دێرێ، یانی ئەوە مـەسـڵــەتەیلە ک وەتریاگــە وە باوەت دەسەبەنی ک وە چ دەورەی هاتیە، یا ک تەنیا لە ناو کـوردەیل هەسن یا ملەتەیل تریش دێرن، یا ئەگـەر ملەتەیل تریش وەلیێ دێرێ کـامـیــان بنەڕەت قووڵ تری دێرێ و ...

مـەسلەتەگـان وەناو ئیـل گـۆڕان سـەرهات و حـەکـایەت دێرێ. وەلی فـرەیچ وەلیێ ویشن پیــشــەنان وە مــەســڵــەت وتگە.. ئەڕا وێنە: ١)گەورا پاخشنێ، بووچک ئاو ڕشنێ. ٢) تێشـە گووم بوو، پێشـە گووم ئاوو. ٣) خەر وە پەیخام ئاو ئاخوەی.

فـرەتر لە مـەسڵـەتەگـانیش ئی پیش کـەلیـمـە پیـشـەنان وەتگە، وەکـار ئاوەن جـوور: ١) خرس خاییێگ کرد، کرد. ٢) شێر بخوەیدت وەلی ڕوی گـولد ئەیەی. ٣) کـەی وە خـوەد ئیـە، کـەیان وە خـوەدە. ٤) کـەڵاوێ بخـەیدە هەوا تا بایە خـوار سەد پل خوەی.

یە بڕتر لە مـەسـڵـەتەگـان ناتوەنیم بووشـیم مـەسـڵـەتە وەلی ئەوقـە وەتریاگـە، هەر جـوور مەسڵەت بریەیەکار. ئەڕا وینە:

١) وە شـــوون تڕین قنگ قـــووچاننە. ٢) یە مەن ڕوون سێوڵ[سمێڵ]ی چەور ناکەی. ٣) وە پشت گـووشت بنووسەی. ٤) منیـدە مـامـر دەر ئاسیاو. ٥) کەوشەگەی سوارە.

ئی بڕ مـەسڵـەتەیلە وەلای من ئووجـەسـە ک خـوەی و بەشـەیل جـوور وە جـوور بەش کـریەی. مـەسڵـەن: کـار ئار نیـە، یا: زڵق بیـەمـە زەوی. وەلی ئیە ئەڕا ئیـمـە ئیـسـە شـایان باسـە ک هەر جوورە مەسڵەت وەکاربریەی.

**چەن وینە مەسڵەت جووراوجوور:**

ـ ئی زەنگە چوو بوەسیە مل ئی پشیە.

ـ ئی لاسە وەو گاسە.

ـ بزنی بەقەبەق مەکەی لێ تکی شیر داشتوو.

ـ برا ئەڕا ڕووژ تـەنگ، تـفــــەنـگ ئـەڕا ڕووژ جەنگ.

ـ پەڕوو بردگە قنگ ئاسمانگ سڕیە.

ـ تڕ بایێ وە شەوالوە ناوسێ.

ـ جەنگ خوەش نیە جەنگنامە خوەشە.

ـ چەمی گووچان نە چەمی ساچوو.

ـ چووپی دانە دەس ســەگ وەرەو خـــوانچـــە کیشادەی.

ـ حەق بزن کوول وە لای بزن شاخدار نامینی.

ـ دز ئازابوودن تاریکە شەو فرەسن.

ـ داڵگ بوین و دۆت بخواز.

ـ ڕوون فرە بوو، قنگ وە پی چەور کەن.

ـ ژن زرنگ وە ئاوە، ژن تەمەڵ وە خاوە.

ژیرم سـەنگ مـەکـەی، بانم سـەنگ مـەکـەی، من دەنگ ئمەکەم تو دەنگ مەکەی.

ـ ساز نەبوودن، سوور کوڕ خوەی.

ـ سووفی سەهەنە و دز کەنگاوەر.

ـ شەمە کار، شەمە بار، شەمە وەوی مارە ماڵ.

ـ قەساو وە هەوەڵ پی، بزن وە هەوەڵ گیان.

ـ قـســە لوو پیــازە، هەرچی بیـەییـد وەی لوو هەڵدەی.

ـ کوویزەی تازە ئاوی خوەشە.

ـ گـشـت مـەلی گـووشـت خـوەرە، ناو گـورێ بەی ناوە.

ـ گیا وەبان ڕیشە سەوز بوو.

ـ ماڵد ها کوو، شەقەی تڕد ها کوو.

ـ ماچد ناتوام کەفلیرد لادە.

ـ نان بیە سەگ نە وە سفڵە.

ـ وە چەو کوورێ تکی ئەسر بتکی هەم کەمە!

ـ وەتنە پشی گووید دەرمانە، خوڵ دا ملیا.

ـ هەر شارێ، ماسەوای وە تارێ.

ـ هەرچی وە مووش بکەفێوە هەوانە دڕە.


ـ یە نە بووش و نوو مانگ وە زگ نەکیش.

ـ یـەکی وە مـــاڵ دەری کـــردون، وەتیـــا تیرکەمانەگەم بکەنە دارا!

§§§

# ناساندنی وێنەگەری لاو: پەرویز خالدی

هونەرمەندی لاو پەرویز خالدی لە ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی(١٩٧١ز) لە گوندی«شوشمێ»ی سەر بە ناوچەی نۆسوودی هەورامان هاتووەتە دنیاوە.
لە ساڵی ١٣٦٩، لە جێژنەمەنی هونەریی قوتابیان لە مەریوان پلەی یەکەم و لە پارێزگای کوردستان(سنە)دا پلەی سێهەمی بە دەست هێناوە.
بە هۆی سیاسی بوونی بنەماڵەکەیان و ئیعدامی براکەی لە لایەن رێژیمەوە، لە درێژەدان بە خوێندن بێبەری کراوە و هەروەها لە جێژنەمەنی هونەریی کیشوەری(ئیسفەهان)یش بێبەش کراوە.
لە ساڵی ١٣٧١ەوە زیاتر بە کاری وێنەکێشان خەریک بووە و هەر لەو ساڵەدا بە بۆنەی بیرەوەری کارەساتی هەڵەبجە، بۆ ماوەی حەوتوویێک پێشانگایێک لە شاری مەریوان دەکاتەوە کە سەرجەم ٢١ی تابڵۆی رەنگ و رۆن(بۆیەی زەیتی) کە رەنگدەرەوەی ژیانی پڕ لە مەینەتی و دەرد و رەنجی گەلی کورد بوون، دەخاتە بەردەم بینەران و بەشدارانی پێشانگا.
لە خاکەلێوەی ساڵی ١٣٧٢ هەر ئەو پێشانگایە لە شارەکانی پاوە و جوانرۆ، بە نێوی(پێشانگای هەڵەبجە) دەکاتەوە، بەڵام بۆ درێژەدانی چالاکی هونەری و نیشاندانی تابڵۆکانی لە شاری رەوانسەر، لە لایەن رێژیمەوە پێشگیری لێدەکرێ و تابڵۆکانی بۆ هەمیشە خڕدەکەنەوە.
دوای ئەوەیکە ماوەیێک وەک کارگەری رەنگرێژ و رازێنەری ساختومان خەریکی کار دەبێ، لە ساڵی ١٣٧٣دەچێتە ریزی پێشمەرگەی (حدکا)وە و تا ئێستا وەک مامۆستای وێنەگەری خەریکی چالاکییە. ئاواتی ئەوەیە: «لەسەر پارچەیێکی سادە و بە رەنگێکی ساکار» بتوانێ دەرد و رەنجی گەلی کورد بە دنیا بناسێنێ.
ئەو چەند وێنەیەی کە بۆ گۆڤاری«گزینگ» ناردراون، نموونەیێکن لەو تابڵۆیانەی کە لە(پێشانگای هەڵەبجە)دا نیشان دراون.



هیوای ملوانکەی شێن(شیعری شەریف) زرێبار ـ مەریوان



کۆرپەی شەهید

کوردستانی وێران



پردی مێر، وەنەنی سیروان ـ هەورامان



## کتێب و چاپەمەنی



• **هاژە(شیعر): حەمەسەعید حەسەن، بنکەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاپێک، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٦، قەوارە مامناوەندی، ٩٦ لاپەڕە.**

• **ئەدرێسی داواکردن:**

H. S. Hassan
Box 8
641 21 KATRINEHOLM




• **کورتە *مێژووی بزوتنەوە نەتەوایەتی یەکانی کورد*: دوکتور سادقی شەرەفکەندی، وەرگێڕانی: تەها عەتیقی. چاپخانەی ئاپێک، سوێد ١٩٩٥. قەوارە مامناوەندی، ١٦٤ لاپەڕە.**

• **ئەدرێسی داواکردن:**

Kitab-i Arzan
APEK, Box; 3318, S-163 03 Spånga/ Sweden

## گۆڤار و ڕۆژنامەی گەیشتوو

١) ***مامۆستای کورد***، ژمارە٢٧، پاییزی ١٩٩٥؛ ژمارە ٢٨، زستانی ١٩٩٦، سوێد، سەرنووسەر: **فەرهاد شاکەلی.**

٢) ***دیدار***، ئۆرگانی یەکێتی لاوانی کورد ـ سوێد، ژمارە ١٧و١٨، ڕێبەندانی ١٩٩٦.

٣) **دلانپار**، دەنگی کۆمیتەی ئاشتی پشتگیری نیشتمانی کوردستان، ژمارە ١، خولی شەشەم، ١٩٩٦/٣/٢٥، فینلاند.

٤) ***کوردستان***، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە ٢٢٩، خەزەڵوەری ١٣٧٤(٩٥)، ژمارە ٢٣٠، ڕێبەندانی ١٣٧٤(٩٦).

٥) ***بارزان***، ڕۆژنامەیەکی گشتییە، ژمارە ٢١ ـ فیبریوەری ١٩٩٦، ئامریکا.

٦) **پێشڕەو**، ئۆرگانی سازمانی حیزبی کومونیستی ئێران(کۆمەڵە)، ژمارە ٦٨، ڕێبەندانی ٧٤(٩٥)، ژمارە ٦٩، فەروەردین ٧٥(٩٦).

٧) **هەڵەبجە**، گۆڤارێکی ڕۆشنبیرییە، ژمارە ٢٦، ساڵی هەشتەم، مای ١٩٩٦ز/ ١٤١٧ک. سوێد، سەرنووسەر: **محسن جوامێر.**


٧) ***مەڵبەند***، ئۆرگانی مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد، لەندەن، ژمارە٦٨/٦٩ فێبرواری/ مارس ١٩٩٦. ژمارە ٧٠، مای ١٩٩٦.

٨) ***هەتاو***، ژمارە ١، نەورۆزی ٢٦٩٥ی کوردیی، ژمارە ٢، گوڵان ٢٦٩٦ی کوردیی، ژمارە ٣، جۆزەردان ٢٦٩٦ی کوردی، لەندەن؛ سەرنووسەر: ***د. کەمال میراودەلی.***

٩) ***هەنگاو***، بنکەی ڕاگەیاندنی کوردی لە لەندەن مانگانە دەری دەکات، ژمارە ٢٥، نەورۆزی ٢٦٩٦ی کوردی، ئەپریلی ١٩٩٦ی زایینی.

١٠) ***الشیوعیەالعمالیە***، الجریدە المرکزیە للحزب الشیوعی العمالی العراقی، عدد٨، نیسان ١٩٩٦، سوید.

١١) ***ئالا***، ئۆرگانی پارتی سەربەخۆیی کوردستان، ژ٢٧، ڕەشەمە ـ ٩٦.




• **کردستان... لەلایەن کاک عەبدوڵلا بابان، لەزمانی سۆرانی ڕا کراوەتە فارسی و لەگەڵ دەقی ئینگلیسی و تورکییەکەی بەراوردکراوە و پێشەکی بۆ نووسراوە. چاپی یەکەم، سوێد ١٩٩٦، چاپخانەی باران. ئەدرێسی داواکردن:**

Baran Förlag, Box: 4048, 16304, Spånga, Sweden
Sara,Dalagatan 42, 113 24 Stockholm, Sweden

## کتێبی ئەرزان، ئامادەیە کتێبی ئێوە بە نرخێکی باش و گونجاو بە چاپ بگەیێنێ

### لە بڵاوکراوەکانی ،کتێبی ئەرزان،

ـ دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ئامادەکردنی: ناسر ئیبراهیمی
ـ ژیان بە دەم زریانەوە (ڕۆمان)، تەیفور
ـ مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست، گ. م. دنسکوی، ئـ . ئو. ئاکیبالوو، وەرگێڕ: د. حوسێنی خەلیقی
ـ چەند نامەیەک بۆ تارانتا بابو، نازم حیکمەت، وەرگێڕ: نەژاد عەزیز سوری
ـ تۆماری شێخ شەرزین: بەهرام بەیزایی، وەرگێڕ: تەیفور
ـ ململانێی ئایدۆلۆژی لە کوردستاندا: حوسێن محەمەد عەزیز
ـ کوردەکان، حەسەن ئەرفەع، وەرگێڕ: حامید گەوهەری
ـ فۆنێمەکانی زمانی کوردی: کەمال فوئاد
ـ هێمن و من: هێرش
ـ کۆمەڵە شاخی بەرز... (ڕۆمان)، کوردان
ـ قەفەزی زێڕین(چیرۆک بۆ منداڵان): یاسین قادر بەرزنجی
ـ خوشکۆڵە نان فرۆشەکەم: یۆسف ئەحمەد
ـ بیرۆکەی ژین(شێعر): کاوە خوسرەوی
ـ نووسینی کوردی بە ئەلف وبێی لاتینی(کۆمەڵە وتار)، ئەنوەر سوڵتانی.
ـ کورد و شۆڕش و هەلی مێژوویی، حوسێن محەمەد عەزیز
ـ نیاکان باستانی کرد در تاریخ واسطورەها (فارسی، ٢جلد): ج. مفرد
ـ زندگی در باد(ڕۆمان ـ فارسی)، طیفور، ژیلا فرجی
ـ حیکایەت و پەندە شیرینەکانی مەلا نەسرەدین، کۆکەرەوە : جەعفەر مێهرەگانی، وەرگێر: هێرش
ـ سیکستن(چیرۆک بۆ منداڵان)، ئولف ستارک، وەرگێڕ: حەمیدی تەیموری.

### ئەو کتێبانە لامان دەست دەکەون:

ـ «ئاغا، شێخ، دەوڵەت»، مارتین ڤان برۆینێسن، کوردۆ عەلی.
ـ «گۆران شاعیری جوانی و هونەر»، د. کەمال میراودەلی.
ـ سمکۆ (ئیسماعیل ئاغای شوکاک)، ڕەسوڵ هاوار،
ـ کورتە مێژووی بزوتنەوە نەتەوایەتی یەکانی کورد. د. سادقی شەرەفکەندی. وەرگێر: تەها عەتیقی.
ـ ئاوێنە و سێبەر، ڕەفیق سابیر.
ـ ئافرەت لە مێژوودا، دوکتور کەمال مەزهەر.
ـ گەشتێکی دوورو درێژ(کرمانجی وسۆرانی)، چیرۆکی منالاَن.
ـ ئاوڕێک لە بەسەرهاتی خۆم و ڕووداوەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، سەعید کاوە.

### لە لایەن ،کتێبی ئەرزان،ەوە چاپ دەکرێ

ـ دیوانی گۆران،(بۆ جاری دووهەم)، ئامادەکردن وپێشەکی: تەژی گۆران
ـ سی ساڵ خەبات و وڵاتێکی وێران، کرمانج گوندی
ـ بنیاتی چێکەری(بندهشن)، کۆنترین کتێبی زەردەشت: مێهرداد بەهار، وەرگێڕ: تەیفور.
ـ ئەوان مردن بۆ ئەوەی ئێمە بژین(کۆمەڵێک کورتە چیرۆک)، بەدران ئەحمەد حەبیب لە ئینگلیسییەوە کردوویەتە کوردی.
ـ نامەکانی روا نیندان و نامەکانی مەرگ، ئارتور رامێر، وەرگێڕانی: هەندرێن و عەبداللە رحیم.
ـ سکاندیناڤیا، دورگەیەکی تر لە بخوور هەندرێن.
ـ ئاوێنە سەرابییەکان(ڕۆمان)، هیوا قادر.
ـ ئەفسانەی ئەفراندن(شانۆ لە سێ پەردەدا)، سادق هیدایەت، وەرگێڕ: سێمان.
ـ کورد و کوردستان( فارسی)، واسیلی نیکیتین، محمد قاضی.
ـ ٢١دەستنووسی کوردی وفارسی سەبارەت بە کورد لە کتێبخانەی بریتانیا: ئەنوەری سوڵتانی.

### بە زوویی بڵاودەکرێتەوە:

ـ نەواری فیلمی سینەمایی«گەلە گورگ»، کارگەردان: تەیفور.
ـ نەواری ویدیۆیی «ناسیۆنالیزم لە ڕوانگەیەکی دیکەوە»، د. عەبباسی وەلی، سمیناری (کۆمەڵەی کوردستان)ی ئوپسالا ـ سوێد.

### نەواری گۆرانی:

ـ «کامکار»ەکان، ئاگری زیندوو.
ـ «کامکار»ەکان، کۆمەڵە CD ی کوردی.
ـ محەمەد ڕەزا دارابی، شور شیرین.
ـ ناسری ڕەزازی(ناڵەی جودایی، گۆمەشین، دەبارێ، خەمی نان...)
ـ شوان پەروەر، یا ستار(ya star).
ـ عەزیز شاهروخ، ئاوات.

**ئەدرێس:**

Kitab-i Arzan
B. Jarls g 9B, 55 463 Jönköping / Sweden
Tel: +46-36-148031 (تەلەفۆنی پەیغام وەرگر)
MobileTel: 010-6554207
TeleFax: +46-36-710999

دەفتەری کار، هەموو ڕۆژێک لە حەوتوو دا:
( سەعات ٤ تا ٦ی ئێوارە)

## کاری تایپ وچاپەمەنی، بە نرخێکی باش وزووترین کات، لە کتێبی ئەرزان

# GZING

Cultural- Literary Kurdish Magazine
No:12, July, 1996

